تصویر ابو عبد الرحمن الکردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی

**د. کەمال مەعروف**

چاپی یەکەم

سلێمانی 2003

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| ئافرەتو خۆشەویستی ی لەشیعری شاعیرەکانی کرمانجی خوارووداا | ٣ |
| فۆلکلۆرو سۆزی ئافرەت | ١١ |
| لێکۆڵینەوەیەك لەئەدەبی میللی کوردی | ١٤ |
| وێکچواندن لەشیعری کۆنو نوێدا | ٢٦ |
| لاپەڕەیەك لەئەدەبی شاراوەمان | ٣٤ |
| هەڵبەستێکی کەیفی شاعیرو ڕەخنەکەی کاك بێستون | ٣٧ |
| شیعری بەرگری لەوێژەی کوردیدا | ٤١ |
| کێشەی دزی ئەدەبی | ٤٧ |
| چەکی ناموبوون لەئەدەبیاتی ئەورووپیو لەشیعری نوێی کوریدا | ٧٤ |
| بزوتنەوەی وەرگێڕان چۆن پەرەدەستێنێ | ١١٦ |
| گرنگی وەرگێڕانو گیروگرفتەکانی | ١١٩ |
| ئەفسانەی کوری لەنێوان دوو وەرگێڕاندا | ١٢٨ |
| زەکی هەناریو وەرگێڕان | ١٤٨ |
| ماتەمینی سەر منارە | ١٥٣ |
| ڕۆژنامەگەری کوردی لەئەورووپادا | ١٥٥ |
| ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی | ١٥٧ |
| شاعیرانی کورد (نالی) | ١٦٣ |
| میرزا لافاو | ١٧٣ |
| فایقی شاعیر | ١٧٦ |
| دۆزینەوەی دەستنووسی فایەقی شاعیر | ١٨٣ |
| دکتۆر شۆی دڵتەڕو مەعشوقو سەیرانی دەربەندیخان | ١٨٦ |
| لەگەڵ شاعیرانی کۆیەدا | ١٨٨ |

| | |
|---|---|
| نەورۆز لەشیعری شاعیرانی کۆیەدا | ١٩٦ |
| حاجی قادری کۆیی سەرەتای نوێخوازییە لەشیعری کوردیدا | ٢٠٤ |
| دڵدار شاعیری شۆڕگێڕو پێشکەوتنخواز | ٢١٣ |
| دڵدارو شیعری جوتیاران | ٢١٩ |
| دڵداری سیاسی لەبیرەوەری شاعیرو ڕۆشنبیراندا | ٢٢٤ |
| فۆلکلۆرناسی کورد محمد تۆفیق وردی | ٢٣٠ |
| بانگی ئازادی لەشیعرەکانی سامی عەودالْدا | ٢٣٤ |
| شیعرە سیاسییەکانی سامی عەودالْی شاعیر | ٢٣٨ |
| سامی عەودالْ دەنگی چەوساوەکانە | ٢٤٢ |
| ڕۆستەم حەوێزی شاعیرو دووقەسیدەی تەخمیس کراو | ٢٤٨ |
| ڕۆستەم حەوێزی شاعیرو سرودی قوتابیان | ٢٥٣ |
| تاوێك لەگەڵ چوارینەکانی ڕۆستەم حەوێزیدا | ٢٦٢ |
| کارەساتی کۆیە لەشیعری ڕۆستەم حەوێزیدا | ٢٦٦ |
| هەندێ بیرەوەریم لەگەڵ شاعیری شەعبی ناوچەی کۆیە ڕۆستەم حەوێزیدا | ٢٧٤ |
| لەیەکەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی ڕۆستەم حەوێزیدا | ٢٧٧ |
| زەکی هەناری شاعیرو وەرگێڕ | ٢٧٩ |
| لەشیعرە بڵاونەکراوەکانی زەکی ئەحمەد هەناری | ٢٨٤ |
| مەلا عاصی شاعیر دوا دەنگی کلاسیك بوو لە کۆیەدا | ٢٨٧ |
| شیعرەکانی جۆبار گۆرانی کوردین | ٢٩٢ |
| تاوێك لەگەڵ شەپۆلی غەمی ڕێبواردا | ٣٠٦ |

# پێشەکی

ئەم چەند لێکۆڵینەوانەی کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو، بەشێکی کەمی بۆ ساڵانی حەفتاکان‌و بەشە زۆرەکەی تری بۆ دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کە هەر هەموویانم لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا پەرش وبڵاوکردونەتەوە، جا ئەوەی پاڵی پێوەنام بۆ کۆکردنەوەو بەچاپ گەیاندنی، چەند خاڵێ بوون.

١ – ئەم لێکۆڵینەوانە وەکو پێویست نەگەیشتۆتە دەست خوێنەران‌و پێی ئاشنا نەبوون، دیارە لەشێوەی کتێبدا سوودی زۆرتر دەبێت بۆ خوێنەرانی کوردو بەتایبەتی بۆ خوێندکارانی بەشی کوردی زانکۆکانی کوردستان.

٢ – لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەڵەوپەڵەی زۆری تێکەوت، هەموویانم ڕاست کردنەوەو پاك نووسم کردن.

ئەدەبیاتی کوردی بەکۆن‌و نوێوە، جیهانێکی گەلێ بەرین‌و دەریایەکی قووڵی بێبنە، چەند لەسەری بنوسرێ‌و لێتوێژینەوەی لەسەر بکرێ، هێشتا هەر کەمەو پێویستی زیاتری بەشەن‌و کەوکردن‌و لێ دوانە، باسەکەم بەشێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی‌و نوێخوازی شاری کۆیەی بەخۆوە گرتووە، کە پشتم بەدەستنووسەکانیان بەستووە، بەشێکی شیعرەکانیش بۆ یەکەم جار بڵاودەکرێنەوەو شیعرەکانیش لەئەرشیفی خۆم پارێزراون، دوای ڕاپەڕین کە خوێندنی باڵام تەواوکرد بەرەو کوردستان گەڕامەوە، چەند بابەتێکی نوێم بەئەنجام گەیاند کە لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە،

کارەکەشمان بەسەر سێ بەش دابەش کردوون

بەشی یەکەم

ئافرەت و خۆشەویستی لەشیعری شاعیرانی کرمانجی خوارووداو، لێکۆڵینەوەیەك لە ئەدەبی میللی کوردیدا، فۆلکلۆرو سۆزی ئافرەت، وێنە چواندن لە شیعری کۆن و نوێدا، کێشەی دزیی ئەدەبی، چەمکی نامۆبوون لە ئەدەبی ئەوروپی و شیعری نوێی کوردیدا.

بەشی دووەم

وەرگێڕان، گیروگرفتەکانی، ئەفسانەی کوردی لە نێوان دوو وەرگێڕاندا، رۆژنامەگەری کوردی لە ئەوروپادا، ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەری لەووڵات دا.

بەشی سێیەم

شاعیرانی کورد (نالی، جگەر خوێن، لافاو، فایق، ئەحمەد شوکری)، شاعیرانی کۆیە (حاجی، دڵدار، وردی، هەناری، عاصی، رۆستەم، جۆبار، ڕێبوار) ......هتد.

لەکۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی کولتووری نەتەوەکەم کردبێ.

کەمال مەعروف

# ئافرەت و خۆشەویستی لە شیعری شاعیرەکانی کرمانجی خواروودا

ئەگەر سەیری شیعری شاعیرەکانی کرمانجی خواروو بکەین، دەبینین بەگشتی لەسەرەتادا بەشیعری غەرامی دەستیان پێکردووە، کانیاوی ئەدەبیان تەقیوەتەوەو دەرگای شاعیرێتی یان لێکراوەتەوە، بۆتە سەرمەشق و هەوێنی شیعریان. کەوتونەتە سەر ئەوەی بەلەش و لاری ئافرەتدا هەڵ بشاخێن و بەگەلێ شتی سەیرو عەنتیکەی برازێننەوەو بیکەنە کەپرە شینەکەی جوولەکان، ئەندامی ئافرەتیان بەشتی وا وێك چواندووە کە مرۆڤ لەهەندێکیان سڵ بکاتەوە بەوێنە زوڵف بەمار پەرچەم بە ڕەشمارو برۆ بە خەنجەرو شمشێر، برژانگ بە کەوانە، سینگ بە مەڕمەڕ، چاو بەژێر پیاڵە، کۆبکرێنەوە دەعبایەکی ترسناکی لێ دەردەچێ. یاخود دەبێتە باغ.

وباغاتێکی پڕ لە میوەی ڕەنگاو ڕەنگ و جوانی ئەوتۆ کە مرۆڤ حەز بکا لەنێوی دابنیشێ و پشووی خۆشی لێ وەربگرێ و شیرین وشادی بە لەشا بێ، وەکو روومەت بەهەنارو ...مەمك بە سێوو، بالاّ بەچنار و عەرعەر، چاو بەنێرگس، زوڵف و پەرچەم بە سونبول‌و لاولاو، بەم شێوەیە لەشی جوان و نەرمی ئافرەتیان بەم شتانە وێك چواندووە، کەهیچ جوانتر نی‌یە لەدیمەنی جوانی ئافرەت بەڵکو ئافرەت جوانترە لەسروشت، وەجوانی سروشت بەجوانی ئافرەتەوەیە هەروەکو مامۆستا گۆران دەڵێ:-

کــام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئــاڵــە وەك کوڵمی گۆی مەمکی لێوی
کــام ڕەشــی ئــەگــا بــە ڕەشــی چاوی

برژانگی ئەبرۆی ئەگریجەی خاوی (ل ٦١- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی).

لێرەدا دەمەوێ روونی بکەمەوە بزانم ئەم پیاهەڵدانە بۆچ نیازو مەبەستێك بووە، ئایا خۆشەویستەکەیان راستەقینە بووە، یاخود مەجازی بووە، یان بۆ مەبەستی جنس و رابواردن بووە، وە بۆچی هێندە خۆیان بەزل زانیوە کەچی لەئاقار یارەکەیان خۆیان بەنزمتر داناوە؟ وە لەو هۆنراوانەی کەباسی کوڕ دەکەن دەبێ چ رازو نیازێکیان بووبێ؟.

لەبەر رۆشنایی ئەم پرسیارانە چاوێك بە شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی و شێخ رەزاو حاجی و وەفایی و ئەدەب دەگێڕین بزانین خۆشەویستی و ئافرەت لایان چۆن بووە.

(نالی) یەك سەیرکە کەچەند خۆی بەزل و مەزن دەزانێ کەدەڵێ:

نالی ئێستە تاجی شاهی و تەختی خاقانی هەیە

شەوکەت ئاراو موحتەشەم دیوان و فیکرەت صائبە.

(ل٤٤- دیوانی نالی، چاپی هەولێر).

کەچی هەر ئەو نالیە بەرامبەر بە حەبیبەکەی خۆی دەکا بە بەردە بازو سەگ، دەبێ ئەمە سرێکی تێدا هەبێ بۆچی نالیەك خۆی دەکا بە سەگ، لێرەدا خۆشەویستی راستەقینەو سۆزی پاك دەردەکەوێ، کە تاج رادەیەك سۆزی بەرامبەر (حەبیبە) تەڤیوەتەوە، جڵەوی سۆزی لەدەست چووە، کەناچاربێ، نەتوانێ دان بەخۆی بگرێ و بڵێ:-

دوور لەتۆ نالی سەگێکە بێ وەفایە هەرزەگۆ

بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کەنانی نانیە

(ل٦٣- دیوانی نالی چاپی هەولێر).

خۆشەویستی نالی خۆشەویستی یەکی راستەقینە بووە بەجۆرێکی وانەبووە کە نەیگاتێ، واتە ئومێدی پێی هەبووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەزۆر توندو تیژ نەبێ و کاتێ بە حەبیبە شاد دەبێ، شێوەی شیعرەکانی دەگۆڕێ دەبێتە وەسف و ستایش و نیشتمانی و ئاینی.

(کوردی) شاعیرێکی عاشق جەمال بووە، شەیدای دیمەنی جوانی بووە هیچ نیازی پیس و چەپەڵی نەبووە، بەڵکو خۆشەویستی یەکی دڵ و دەروونی بووە، کەچی خەڵکی ڕیسوایان کردووە، کەهەتیو بازی کردووە.

ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسوا کرد
درێغ کوا حال زانێ ڕەبی تووشم بێنی بیمّاری
(ل٧٦- دیوانی کوردی، چاپی هەولێر)

ئەویش لە قەصیدەی (ناصیحی موشفیق وەی واعیزی ئاشوفتە دلان) پێیان دەڵێ بەدەست خۆم نییە، ناتوانم دەستی لێ هەلگرم زۆر جار خۆشم گلەیی لەدڵی خۆم دەکەم، بەلام دڵم لە دەست من نەماوە ، هۆگری (قالە)بووە،

ئەوەی رووی داوە لەمن کاری دڵی بەدبەختە
وا منی کردووە بۆ تیری مەلامەت بە نیشان
تا لەلای من بوو لە مەنعی نەدەبووم قەت غافل
گاە بە لۆمەو هەڕەشە گاە بە دەخیل و ئامان
(ل٤٩ – دیوانی کوردی چاپی هەولێر)

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە عیشقەکەی پاك و بێگەرد بووە. خۆشەویستەکەی (قالە) خاوێن بووە، چونکە دەڵێ:-

جەنەتە جێم چونکە ئەم شۆخە بە ناحەق کوژتمی
هێند شەریف و پاکە هەتتا کوژتنیشی ڕەحمەتە (ل٦٧ - دیوانی کوردی)

کوردی عاشقی جوانی بووە، بۆچی چونکە ڕشت بووە، یەکێك مەبەستێکی کاتی و پیسی هەبێ، کە بەمرادی گەیشت سارد دەبێتەوە، بەلام کوردی بەدوا هەناسەی خۆشەویستی گیانی نەمری سپاردوە، و سەرا پای شیعرەکانی غەمگین و سکالا کردنە لەدەست مەحبوبە بێ مەیلەکەی بۆیە دەڵێت:-

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕوحی شیرینم نەهات
زامی کۆنەم هات ژان و مەرهەمی برینم نەهات
(ل١٩ دیوانی کوردی - چاپی هەولێر)

خۆشەویستی (سالم) تەقلیدی بووە، تەنیا بۆ بەکارهێنانی هەموو بابەتێکی شیعری بووە، هۆی ئەم لاسایی کردنەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە شاعیرانی فارس بەتایبەتی حافزو خاقانی موتەئەسیر بووە، ئەم کار تێکردنەش لەهۆنراوەکانیدا ڕەنگیان داونەتەوە بۆیە دەڵێ:-

شەهیدی دیدەنی مەخموری شۆخێکم منی شەیدا
لەخاکی مەشهدم نەزدیکە دەربێ نێرگسی شەهلا
(ل١٣- دیوانی سالم، چاپی بەغدا)

شێخ رەزا لە قەصیدەیەکی دا دەڵێت:-

خڕو مەخروطو مودەوەر، سپی و نەرم و دونیم
هەر وەکو گۆمەڵە بەفرێ کەشقی کەی بەمشار
(١٦-دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی چاپی بەغدا)

شاعیر بە رووکەش خۆی هەتیو بازی دەکا، کەچی بە کردەوە لەم جۆرە شتانە دوور بووە، بەلاّم بۆچی ئەم قەصیدیەی ووتوە؟

هەروەکو خۆی وەلاّمی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە، لەهەمان کاتدا دەری دەخا کە بۆمەبەستی خراپی نەبووە، بەلکو بۆ پێکەنین و پاداشت و رازاندنەوەی دیوەخانی (ئەحمەد پاشا) بووە، وە زرووف و رۆژگاری ئەو کاتە ئەم جۆرە قۆشمەو گاڵتە بازیەی پێویست کردووە، بۆ ڕق بە ڕقی و شکاندنی یەکتری. سەیرکە لەکۆتایی قەصیدەکەدا چی دەڵێ ڕاستی قسەکانمان دەسەلمێنێ:-

ئەمە سێ رۆژە سەر گەشتەو حەیران دەگەڕێم

کێم هەیە غەیری وەلی نعمەتی فرخندە شعار

یعنی هەم نامی نەبی حەزرەتی (ئەحمەد پاشا)

فەخری دین، کانی حەیا، بەحری کەرەم . کوهی وقار

(ل١٨- دیوانی شێخ رەزا ، چاپی بەغدا)

بۆ شیعرە غەزەلەکانی تریشی لەسنوری تەقلیدی نەچونەتە دەرێ ئەمیش وەکو (سالم) (متاسیر) بووە بە شاعیرانی فارس و لە هۆنراوەکانی دا دەری بڕیوە.

جابا بزانین(حاجی) یش وەکو شێخ رەزا بێ گەردو خاوێن بوود.؟ لە هۆنراوەی (کە هەستا قامەتی بەرزی لە فەرقی تاوەکو ئەرزی) مامۆستا عەلائەدین سوجادی بەم شێوەیە لێکی داوەتەوە دەڵێ:-

( لەدێری یەکەمەوە تاوەکو شەشەم بۆمێینە دانراوە بەلگەشی ئەوەیە کە ئەم جۆرە زوڵفەی حاجی باسی کردووە، خاوەنی دەبێ قەد باریک بێ، کوڕو ئەم جۆرە زوڵفە هیچ زەوقێك نایسەلمێنێ، وە دێری

حەوتەمی باسی کوڕێك دەکا کەکاری خەیاتی یە)(ل٣٤٩مێژووی ئـەدەبی کوردی چاپی بەغدا)

بەڵام پاش هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر بـۆم دەرکـەوت کـەهۆنراوەی (کەهەستا قامەتی بەرزی – هتد)هەمووی بۆ نێرینە ووتراوە.

جا (ئـەمـەش چـۆن بـووە؟ حـاجی قـادر زۆر ئاشـنای (ئەختـەر)ی شاعیر بووە، پێکەوە چوونەتە کەرکوك لەتەکیەی شێخ عەلی برای شێخ رەزا، دەروێشێك زۆر جوان زکری کردووە، (حاجی)یش لەسەر ئـارەزووی ئەختەر وەسفی ئەم دەروێشەی کردووە، رۆستەمی شـاعیر ئـەم قسـەیەی لـە عەبـدوڵلا ئاغـای بـاپیری بیسـتووە، کـە ئـەویش لـەزاری ئەختـەری بیستووە، دەوجا بزانین لەکۆتایی هۆنراوەکەیدا چی دەڵێ:-

مـرادی مـن مـریـدی خـالیـصـە خـەیـاتی یە کاری
مەلائیك صورەتە ئاهو نیگاهە (حاجی) یە تەرزی
(ل٨١ دیوانی حاجی چاپی هەولێر)

یانی نیازی من ئەو دەروێشە پاکەیـە کـە رووی وەکـو مەلائیکەتـە، چاوی وەکو مامزە، بەڵام کە دەڵێ:-

خەیاتی‌یە کاری، مانای ئـەوە نی‌یـە ئـەو کەسـەی باسـی دەکا کـاری خەیاتی یە... بەڵکو دەڵێ کارەکەی من وەکو خـەیات وایـە چـۆن خـەیات زۆر بە ووردی پارچە قوماش لێك ئەداو لەسەر ئارەزووی خـەڵك جـل و بـەرگ دروسـت دەکـا منـیش هـەر بـەو شـێوەیە ئـەم پارچـە غـەزەلم هۆنیوەتەوەو لێکم داوە.

لەبارەی ئافرەتەوە خۆشەویستی‌یەکی یەك لایی و خەیاڵی کـردووە کـاتێ چـاوی بـە (گـوڵێ) کـەتووە هەسـت و سـۆزی غـەڕامی جـووڵاوەو

هۆنراوەی بۆ داناوە، بێ ئەوەی (گوڵێ) بەم خۆشەویستی‌یە بزانێ وەك لەو شیعرەدا بەیانی دەكاو دەڵێ:-

ئەم خەیمە كەشەمسیەیی شاهەنشاهی ئەرزە
تا چادری نیلی سەری سەر تەپلەكی بەرزە
(ل٥٥ دیوانی حاجی چاپی هەولێر)

خۆشەویستی (ئەدەب و نوسرەت) خانم خۆشەویستی‌یەكی دوو قۆڵی بووە، لە ئەنجامدا بەیەك شادبوون، بەلاَم لەبەر ئەوەی خۆشەویستی‌یەكەیان لەسەر بناغەیەكی زانستی ڕێكوپێك نەبووە، زوو زوو لێكتر تۆراون ئەم تۆرانەش كورەی دەروونی گەرمتر كردووە زۆرتر سۆزی شڵەقاندوە، بەجۆرێ هەژاندویەتی كەلەخۆی تووڕە ببێ، كە بۆچی خۆی تووشی ئەم دەردە سەریە كردووە بۆیە دەڵێت:-

بەكاری عاشقی نایێ لە شەیدایی بەدەر عەقڵێك
كە دانا هات و عاشق بوو، دەبێ دانایی دانابێ
(ل١١١ دیوانی ئەدەب چاپی هەولێر)

ئەدەب زۆر نوسرەت خانمی خۆشویستووە، بەلاَم نوسرەت خانم بە پێچەوانەوە زوو زوو دڵی شكاندووەو جیّی هێشتووە ئەم جێهێشتنەشی هاوار و فیغانی تێ بەرداوە و ووتویەتی:-

تا چەندە من خەیاڵی وەفا لەو نیگارەكەم
عومری عەزیز صەرفی ئەو انتظارەكەم
(ل٦٢دیوانی ئەدەب چاپی هەولێر)

خۆشەویستی وەفایی ، توند و تیژ و گەرم بووە، بەوێنەی لەیل و مەجنون و شیرین و فەرهاد، ئەمەندە (شیرینی) یاری خۆشویستووە

خۆشەویستی‌یەکەی لێ بۆتە خۆشەویستی خوایی، بۆتە لاهوت و دەروێشی گوشەی تەکیەو خانقا سەیرکە:-

بایادی طوقی میحرابی برۆی تۆ

وەفایی کەوتە گۆشەی خانەقایێ

(ل١٢٣ دیوانی وەفایی چاپی هەولێر)

لە گۆشەنشینی خانەقاش، شیرن دولبەری فەرامۆش نەکردووە. بەلکو هەر لەهەواو خەیالی ئەودا ژیاوە. بۆیەهاوڕێ یانی تەریقەت گلەیی و لۆمەی دەکەن کە بۆچ ئابڕۆی خۆی بردووە، بەم شێوە وەلامیان دەداتەوەو پێیان دەلێ ئاخر ئێوە (وەفایی)نین بۆیە وا دەلێن:-

زاهیدان مەنعم دەکەن بۆچ وا دەکەی ئابروت دەچێ

هێندە کەرن ناکەن تەماشای سەرووی خۆش ڕەفتارەکەن

ئێوە بۆچ مەنعم دەکەن ئەی زاهیدانی بێ خەبەر

بێن تەماشاکەن ببینن دولبەرەی شیرین کەمەر

(ل ١٢٤ دیوانی وەفایی، چاپی هەولێر).

## فۆلكلۆر و سۆزی ئافرەت

شیعری كلاسیكی كوردی مەودایەكی بەرین و فراوانە بۆ وردبوونەوەو لێكۆڵینەوەی بەتایبەتی لەبارەی ئافرەتەوە، كە شوێنێكی دیاریكراوی لەبەرهەمی زۆربەی هەرە زۆری شاعیران و نووسەرانمان داگیركردووە، بەدەگمەن شاعیرێ بەرچاو ناكەوێ كە بەشان و باهوی ئافرەتی هەڵ نەووتبێ. كەچی بە پێچەوانەوە، گەلێ پرسیار لە ئاستی ئافرەتەوە، خۆی قیت دەكاتەوە كە ئایا ئافرەت بێ سۆزە ؟ گەر هەیەتی بۆچی لە ئاقار پیاو دەرینەبڕیوە؟.

ئەم پرسیارانە پاڵمان پێوە دەنێ بۆ لێكۆڵینەوەو دەرخستنی هۆی سەرەكی لە دەرنەبڕینی هەست و سۆزی و دوورە پەرێز بوونی لەم میانەدا.. جا لە پێودانگی ئەو تیورە زانستی‌یە راستەقینەی كە ئەدەب و هونەر بە ڕەنگدانەوەی ژێرخانی كۆمەڵ دەزانێ، دەگەینە ئەو ئەنجامە كە مولكایەتی تایبەتی و زەبروزەنگی چینی دەرەبەگ و زۆردار و كۆنەپەرستان هۆی بنەڕەتی بوونەو ماوەیان بە ئافرەت نەداوە كە بێتە گۆڕەپانی ژیانەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە ئافرەت بێ سۆز بووە، چونكە چەند شاعیرێك كە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت هەست و سۆزی خۆی لەم بارەیەوە دەرخستووە، بەتایبەتی گەر ئاورێك لە رابردووی ئەدەبەكەمان بدەینەوە، بۆمان دەردەكەوێ كە بەشێكی زۆری فۆلكلۆری نەتەوایەتیمان كە بنچینەی ئەدەبە ڕەنگینەكەمانە لەسەر زاری ئافرەت وتراوە، زڕووف مەوزوعی و بەشداریكردنی لە ژیانی ئابووری و كۆمەلایەتی و رامیارییەوە، وای پێویستكردووە، كە ئافرەت بەوپەڕ سەربەستییەوە ئەوەی لەدڵ و دەروونی دایە بیخاتە ڕوو

ئەمــەش نموونەیەکــە لــە شیعری کلاسـیکی کـە ئـافرەت تێـدا سـۆزی بەرامبەر پیاو دەربڕیوە.

روتــە کــە روتــە یــا شــەبــەکــەی مانگی ئاسمان[1]
قــەدی غــەرامــی تــۆیــە وەیــا ســەرووی بــووستان
ئــەم دیــوە مــانــگ کــلاوی لــەســەرابــێ تــۆ نــەبێ
ســەرویش کــە ڕەوانــە وەکــو تـــۆ نییــە ڕەوان
فــەسڵی بــەهار لــە دەوڵــەتــی تــا سەر عەزیزترە
مــەعشوقــی و جوان و بــادەو ناوباغ و گوڵستان
یــا شێــخ ئــەوەنــدە نــاوی بــەهــەشتــم لــەلا مەبە
مــن دڵــی نیــگاری خــۆم بەسە، وادام بەتۆ جانان
گیــانــە لــەوانــە نیــم کە بــۆگیــانــی لــەلات بــڕۆم
گــەر تیــر ببــارێ حــازرە دڵ ئــەیکــەمــە نــیشان
ڕێــگــەم بــدەی کــە خــاکــی بــەری پێــت ماچ بکەم
پــێی خۆم بە فەخرەوە ئەخەمە فەرقی فرقدان
(مــەستــورە) لــەو رووە دەمــی یار پێم کــەرەم کــە
شەهدی حەیات و ئاوی بــەقــا عــومــری جــاویدان

(١) ئەم هۆنراوە هی (ماهر شەرەف خانم)ە کە لە ساڵی ١٢٢٠ کۆچی هاتۆتە دنیاوە، ناز ناوی شیعری مەستورەیە، نزیکەی دە هــەزار شـیعری کۆکراوەتــەوە بــەناوی (دیــوانی مــاه شــەرەف خــانمی کوردســتان) لــە چاپخانەی مشورەوی لــە تــاران چــاپ کــراوە. فۆلکلۆری کــوردی پــڕە لــە نموونــە بەتایبــەتی لاوك و حــەیران کــە ئــافرەت هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر پیاو دەربڕیوە، ئەمەش وێنەیەکە لە فۆلکلۆری ناوچەی کۆیە:-

مشكييەكەی سەرت حاشیەی دوو گردی
شل شل بیپێچە دەستووری كوردی
ئەوا هاتە خوار مشكییەكەی مۆرە
یان یاری خۆمە یا زمینم كۆرە
دەستە سرپی دەستت ئاڵی پیازی
هیچ عەیبم نییە بۆچی نامخوازی
بەر دەرگەی ماڵتان گەنم بە جۆیە
رانك و چۆغەی سوور قابل بەتۆیە
دەستە سرپی دەستت ئاورشمی ئاڵە
كوڕی بێوەژنان شەرتیان بەتاڵە
وەختە لە داخت لانكێ بە كوڵ كەم
بچمە بیتوێنێ بەرچاوت چۆل كەم
ئەگەر بۆم نەكەی لەم چیتە مۆرە
حاشات لێ دەكەم مشتەریم زۆرە
ئەگەر بۆم نەكەی چیتی گوڵ غازی
لانكێ هەڵدەگرم دەچمە لای قازی

## لێکۆڵینەوەیەك لە ئەدەبی میللی کوردیدا

ئـەدەبی میللـی وەکـو هـەموو قوتابخانـە ئەدەبیـەکانی تـر قوتابخانەیـەکی ئـەدەبی سـەربەخۆیە و ئاسـۆیێکی بـەرین و فراوانـی هەیەو گەلێ لایەنی هەمە چەشنەی ژیان دەگرێتەوە.

دەتـوانین بڵـێین تۆمارگاییێکـە کارەسـات و ڕووداوی کۆمەڵایـەتی و مێـژوویی و سیاسـی تۆمـار دەکـات و بـە شـێوازێکی وا دەری دەبـڕێ، کـە راسـتەوخۆ کـار دەکاتـە سـەر دڵ و دەروونـی مرۆڤـەوە . ئـەو هۆیانـەی پارێزگـاری بلاوبوونـەوەو بـەردەوام بـوونی ئـەدەبی میللـی دەکـەن بـە کورتی ئەمانەن:-

١. بە زمانێکی ساکار و سادەو تەڕو پاراو دەنووسرێ، کە زمانی گشت کۆمەڵەو بە جۆرێ ئەوەی نیمچە خوێندەواری هەبێ لێی تێ دەگا و دەچێتە نێویەوە.
٢. زمانی تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵە، تەعبیر لـە دەروونـی کۆمـەڵ دەکات (١)، ئاوێنەی دیوی ناوەوەی کۆمەڵە، خوو ڕەوشتی کۆمەڵ، ئازایـەتی و قارەمـانێتی کۆمـەڵ، خـۆش و ناخۆشـی کۆمـەڵ، ئـێش و ئـازار و نەهامـەتی و ناسـۆری چینی بەش خـوراو دەخاتـە ڕوو کـە لەلایـەن چینی سەروو دەچەوسێندرێنەوە.
٣. بە دیالێکتی جۆر بەجۆر دەنوسرێ.
٤. خۆی نابەستێتەوە بە هونەری ڕەوانبێژی و دەستوری زمان و یاسای کێشی عـەرووزەوە[٢]. بـەر لـەوەی باسـی هـۆنراوەی میللـی کـوردی بکـەین جـارێ هەنـدێ بـیروڕای جیـاواز دەربـارەی ئـەدەبی میللـی دەخەینە ڕوو.

لە ئەدەبی عەرەبیدا دوو بیرو ڕای جیاواز هەیە لە بارەی ئەدەبی میللی‌یەوە. ئەوانەی بەزمانەوانیەوە خەریکن دان بە ئەدەبی میللی نانێن، دەڵێن ئەدەبی میللی رەسمی نی‌یەو بە ئەدەب ناژمێردرێ، چونکە پەیرەوی دەستوری زمان و هونەری جوان ناکات و هیچ داهێنانی تێدا نی‌یە، تەنیا شتی رۆژانە نەبێ، کە ئەویش پێویست بە نووسینی ناکات، لەوانە مامۆستای زانستگای قاهیرە مامۆستا ئەحمەد شایب[٣].

بەڵام بیروڕای دووەم بەرپەچی مامۆستا شایب دەدەنەوە، بەوەی کە لە گرنگی ئەدەب نەگەیشتووە دەڵێن مەرج نی‌یە ئەدەب باسی ڕووداوێك نەکات چونکە ڕۆژانەیە بەڵکو ئەدەب تەعبیر لە دەروونی کەسیەتی و گشتی دەکات پاشان دەڵێن: مامۆستا شایب ئەم بیروڕایانەی لە ئەوروپیەکانەوە وەرگرتوە بەتایبەتی لە (لاسال ئبرکرومن) کە بە ڕەخنەگرێکی باش و بە ناوبانگی ئینگلیز ناژمێردرێ[٤].

هەر لەم بارەیەوە دکتور ضیف مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە زانستگای قاهیرە دەڵێ ئەدەبی میللی، ئەدەبێکی نەتەوەیی یە، شایانی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە، پاشان ڕەخنە ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێ، کە ئەدەبی میللی بە رەسمی دانانێن دەڵێ:- وا دیارە ئەو ناوەرۆکە بەرزو بەنرخیان لەیاد کردووە، کە ئەدەبی میللی هەیەتی، کە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی گشت گەلان دەکات و پڕێتی لە زانست ورۆشنبیری گەلی، کە بنچینەی پەیدا بوونی مێژووی ئەدەبی عەرەبی‌یە[٥].

ئەوروپیەکانیش بیروڕای جیاوازییان لە بارەی ئەدەبی میللی یەوە هەیە، بەتایبەتی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، ئەوانەی نایانەوێ ئەدەب

بەلای گیروگرفتی کۆمەڵەوە بچێ و پەردە لە ڕووی کارە ناهەموارەکانیان لابدا، دان بە ئەدەبی میللی نانێن و دەڵێن:- ئەدەبی میللی سوودی کەمە مێشکی مرۆڤ مشتومالْ ناکات و ڕێچکەی پەروەردەیی گرتووە، زیاتر لەوەی هونەری بێ، بە کورتی لایان هونەر بۆ هونەرە، بۆ چەند کەسانێکە کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و دەوالْ پێ لەسەر شانی میللەتەوە دەژین. بەلاّم لە کۆمەڵی سۆشیالیستی ئەدەب بە بەشێك لەتەنگو چەڵەمەی کۆمەڵ بەتایبەتی چینی کرێکار و جووتیار و ڕەنجدەر دەزانن و هانی ئەدەبی میللی دەدەن و دانێ پێدا دەنێن.

لەناو وولاّتانی گێتی سێیەم، ئەدەبی میللی جەماوەری گەلێك زۆرە چونکە بە زووترین کات فێری شتی بەکەڵکیان دەکات و پلەی نەخوێندەواریان نزمەو نەخوێندەواریشیان یەکجار زۆرە.

لە ئەدەبی کوردیدا هۆنراوەی میللی و شاعیرانی میللی مان شوێنێکی دیار و بەجێیان داگیرکردووە، لە نێوان هەر دوو قوتابخانە ئەدەبیەکەدا کلاسیکی و میللی هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە، دیارە لەسەرەتادا بە هۆنراوەی کلاسیکی دەستیان پێکردووە، پاشان بوونەتە شاعیری میللی هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو بارو زروفەی کە میللەتەکەمان تێدا ژیاوە، نەخوێندەواری و نەبوونی هۆشیاری کۆمەلاّیەتی پاڵی بەشاعیرانەوە ناوە کە بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازانە و شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی ساکارو سادە بخەنە ڕوو، تا بە زووترین کات و کەمترین ئەرك ووریا ببنەوەو هەوڵی ڕزگار کردنی نەتەوەکەیان بدەن.

بەناوبانگ ترین شاعیرانی میللی مان ئەمانەن:-

عەلی بەردەشاخی، فەقێ تەیران، قانع، جگەر خوێن، هەژار.

بێجگە لەم شاعیرانەی ناومان بردن گەلێ شاعیری تری میللیمان هەن بەلاّم کەمتر ناسراون و ناوبانگیان لەناوچەکەی خۆیاندا بلاّوبۆتەوە لەوانە (مەلا ئاوارە) شاعیری سەردەشت، خەلیل منەوەر شاعیری ناوچەی گەرمیان، محەمەد دارا فەیلی، سامی عەودالّ شاعیری ناوچەی کۆیە و گەلێکی تر... دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول واتەنی:- هەر شیعرێك ساکاری و سادەیی تیایدا بینرا، بەشیعری میللی لەقەلەم نادرێ، چونکە بلاّوبونەوەو چوونە ناو دەروونی میللەتەوە، یەکێکە لەو مەرجانەی کە بەرهەمێك دەکەن بە شیعری میللی[٦].

ئەگەر سەرنجێ لە هۆنراوەکانی عەلی بەردەشانی و فەقێ تەیران بدەین کە دوو شاعیری گەورەی میللی رابردوومانن، دەبینین هۆنراوەکانیان لەزۆر شوێندا لێك نزیك دەبنەوەو شەقلّی فۆلکلۆر دەگرن، بەوێنە عەلی بەردە شانی دەلّێ:-

رۆژەك لە رۆژان سەر لە سبیانێ
یارم راوەستا لەزار هەیوانێ
بە سینگی سپی بە دوو چاوی رەش
دەکا کوتانێ دەکا گریانێ[٧]

یاخود فەقێ تەیران دەلّێ:-

هەی ئاڤ هەی ئاڤو ئاڤو
تۆ وا بێ منەتی
مەوجی و پێلا دەڤ بلاڤ
ناسەکنی و نەرحەتی[٨].

هەر چەندە جیاوازییێکی دیار هەیە لەنێوان ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی دا، ئەدەبی فۆلکلۆر خاوەنی نییە، واتە خاوەنی کۆمەلّە کە ئەو

دەست و ئەو دەستی پێکراوە هەر جارەی شتێکی لێ کەم و زیاد کراوە. پشتاو پشت بۆمان بەجێماوە بۆتە موڵك و سامانی گشت میللەت. بەڵام ئەدەبی میللی خاوەنی دیاری کراوی هەیە واتە لەلایەن تاکە کەسێك وتراوەو نوسراوەتەوە، عەلی بەردەشانی و فەقێ تەیران و شاعیرانی تری میللیمان، لە کۆتایی هۆنراوەکانیاندا ناوی خۆیان بردووە، بە وێنە عەلی بەردەشانی لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:-

ئـەزم عـەلی بـەردەشـانـی
دەبـەنـدم نـەکەی زمـانـی
بـەیتـی دەڵێم بە دیوانی
مەدحی پاشای کوردستانی

ئەمە لەلایێك لەلایێکی تر ئەدەبی فۆلکلۆر مێژوویێکی دیاری نییە نازانین لە چ سەدەیێك وتراوە، ئەوەندە هەیە هونەرێکی کۆنە بەڵام ئەدەبی میللی مێژووی دیاری هەیە، عەلی بەردەشانی شاعیری میرنیشینی بابانەو فەقێ تەیران شاعیر لە ساڵی (١٣٠٧)م لەدایك بووە، ساڵی (١٣٧٥)م کۆچی دوایی کردووە[٩].

قانع و جگەر خوێن دوو شاعیری گەورەی سەدەی بیستەمن... گۆرانی ئیش کردن کە بە کۆنترین ئەدەبی فۆلکلۆر دا دەنرێ، لە زۆر کۆنەوە پەیدابووە، گۆگۆل و بیلنسکی گۆرانیان بە مێژووی گەل ناوبردووە[١٠] کە لەئەدەبی میللیدا شەقڵ و وێنەی زۆرە، بەتایبەتی لەهۆنراوەکانی (قانع) نموونەی لێ دوانی لەگەڵ (کەر).

سامی عەوداڵ کە شاعیرێکی میللی ناوچەی کۆیەیە لە هۆنراوەی (کولکێشان) کەشەقڵ و مۆرکی فۆلکلۆری پێوە دیارە، دیالۆك لەنێوان ئەحمەد و مریەم دروست دەکات و کێشەی کۆمەڵایەتی، ناکۆکی

چینایەتی تێدا دەخاتە ڕوو ئاوێنەی ئارەق ڕشتن و فرمێسك و ئاسۆری و چەرمەسەری مان نیشان دەدا ئەو هەستەی شاعیر دەری بڕیوە لە دەروونی خەڵكی لادێدا وێنەی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێتە وێردی سەرزاری جووتیار و سەپان و گاوانی كوردستان و خۆیاتی تێدا دەبیننەوە، هەست بە ئازار و ناڕەحەتی خۆیان دەكەن و لەكاتی ئیش كردندا بە گۆرانی دەیلێنەوە، چونكە یارمەتی حەسانەوەی لەشیان دەدات، جا بزانین (سامی) چۆن وێنەی كولكێشانمان بۆ دەكێشێ:-

ئەحمەد:

سەپانم خۆش سەپانم
مریەمم تێلە كێشە
درەو دەكەم بە بازوو
مریەم كۆڵێ بكێشە
كە ڕەنجی من و تۆ ئەحمەد
ژیانی شێخو دەروێشە

مریەم:

ئەحمەد كۆڵێ ناكێشم
كۆرپەم لەبەر هەتاوە
هەر لەسەر كۆڵ كێشانێ
سێ جار جەرگم سووتاوە
حەوت خەرمانە كۆڵ كێشم
حەسرەتی من بڕوسێشە
ئەحمەد بۆ دوانزە مانگە
خۆت دەكوژی بۆ ژیانێ

ئـــەم دیـــت قـــاپـووتـێـکـت بـێ

بــۆ بـــــارانـــی زسـتـــــانـــێ

کــەیـنـێ گــوتـت مــریـــەمـــە

کــراســێ لــەبــەر هــەڵ کێشە

ئەحمەد:-

بـەخوا مریەم راست دەکەی

سـامــم لـــە دڵ نـــەمـــاوە

منـیـش لـەو بـڕوایـە دام

حــەق نــەی سێنـی نەدراوە

لـەحەق خۆری ئیش نەکەر

دەڵــێی فــەرخــە گــامێشــە[11].

ئـەدەبی میللی لـە لادێو دێهاتـەکانی کوردستان سـەریان هەڵداوە، بۆیە بە ئەدەبی جووتیاران ناسراوە، چونکە شاعیرانی میللی بەشداری ئـەو ژیانـە تـاڵ و تفتـەیان کـردووە، کەچـینی جووتـیـار و ڕەنجـدەران، لەلایەن چینی خوێن مژو دەرەبەگەوە چەشتویانە جا ئـەم کارەسات و ئـێش و ئـازار و ناخۆشیانە لەهۆنراوەکانیانـدا ڕەنـگ داونەتـەوە، لەبـەر ئەوەی کە ئەم هۆنراوانە تەعبیر لـە دەرونیـان دەکـەن، دەبیـنین زۆر بـە ئاسانی لێی تێ دەگەن و حـەزی لـێ دەکـەن، دەبێتـە وێـردی سـەرزاریان، فـــەقێ تـــەیران کەبـــە دیـــالێکتیکی کرمـــانجی ژووروو هۆنراوەکـــانی هۆنیوەتەوە، لەم دیمەنە نالەبارانەی زۆر کێشاوە، بۆیە دەڵێت:-

ئـــەز نـــاچــم دیـوانـێ مـیـــرا

نابم شـارووڕێ کۆچك و سـەرا

بـــرا مـــن خـــەن کێرو خەنجەر

فەقێ یێ تەیرا تەنگە زارێ دلا
گوشتێ من ڕاکەن ب ماشا
ل من خەن تیرو کە فانا
ناچم دیوانێ میرو حاکما
فەقێ یێ تەیرا ڕەبەنێ دلا
هەبوونە دەنگ بێژو شاعیر
ب رووح و دلڤا پڕ فەقیر
میرو بەگارا سترانە
بێ قیمەت و مەلوول مانە[١٢].

(مەلا ئاوارە) کە شاعیرێکی میللی مانە، سەراپای هۆنراوەکانی باسی چەوساندنەوەی جووتیاری ناوچەی سەر دەشت دەکات کە لەلایەن دەرەبەگ و کۆنەپەرستانەوە دەرو تێنرێنەوەو بەرو بوومی ڕەنجیان بە تالآن دەبرێ و بە برسیەتی و ڕووت و قووتی سەر دەنێنەوە، شاعیر ئەم دیمەنە بە زمانی جووتیاران دەخاتە ڕوو دەڵێ:-

تووتنەوانێکی هەژارم
بێ ئەنوەر بێ زەوی و زارم
بێ پووڵ و باغ و بزن و مەڕ
دوورم لەخێر نزیك لە شەڕ
منداڵم ڕووت و برسییە
ژیانم پڕ مەترسییە
قەرزارم دەردە دارم
شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم[١٣].

لە کوردستانی عیراقدا مامۆستا (قانع) بە شاعیرێکی گەورەی میللی و زەحمەت کێشانی دادەنێین، چونکە قانع لەناو لادێ کانی کوردستان پەروەردەبووە، شانۆی دەرەبەگی و جووتیاری بەچاوی خۆی بینیوە، بۆیە کارێکی ئاشکراو کاریگەری لێ کردووە، ئەم ڕووداوە نالەبارانە وەکو دیاردەیێکی واقعی لەهۆنراوەکانیدا دەردەکەن و هەڵوێستی خۆی لەگەڵ جووتیارانـدا یـەك دەخـاو لەسـەریان دەکاتـەوەو پـەردەی ڕەش لـە ڕووی زۆردار و داگیرکەرو دەرەبەگ و کۆنەپەرستانی نەتەوەکەی لاداوە. هـەر چـــەندە نـــاوەرۆکی هۆنراوەکـــانی (قـــانع) پێشـــکەوتنخوازانەو شۆڕشـــگێڕانەیەو هـــەوڵی دروســـت کردنـــی کۆمـــەڵگایێکی ئـــازاد و سەربەســـتمان بـــۆ دەدات، لەگـەڵ ئەوەشـدا قـووڵ نەچـۆتە نـاو بـیرە فەلسەفیەکە، هۆنراوەکانی ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلێنن.

لە کوردستانی عیراقدا (جگەر خوێن) بە پێشڕەوی شاعیرانی میللی دادەنێین و هۆنراوەکانی لەزۆر شوێندا بڵاوبۆتەوە بەتایبەتی لە تورکیا و سوریا و عیراق و یەکێتی سۆفیەت، دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێ:- هـۆنراوە میللیـیەکانی جگـەر خـوێن باسـی ژیـانی جـەماوەری کوردەواری مان دەکات، زۆر قووڵترو فـراوانترە لـە هۆنراوەکـانی (قـانع)ی شاعیر، سنوری کوردستان دەبڕن و بەرەو خەباتی گەلان و خۆبەستنەوە بە چەوساوەکانی جیهان لەدژی ئیمریالیزم و کۆنەپەرستان(١٤).

جگەر خوێن بە شێوەیەکی زانستیانە تەنگوچەڵەمەی چینایەتی و نەتەوایەتی دەخاتە ڕوو، زۆر زیرەکانە پەنجە بۆ دەردە کوشندەکانی ناو کۆمـەڵی کـوردەواری درێـژ دەکـات، کـە تـا ئێسـتا بەهـەمان دەردەوە دەناڵێنین، لەکۆتایی هۆنراوەی کە بـەنێوی (شام شـەکەرە، وەلات شیرین ترە)، دەڵێ:-

دو دەردین مەهەبوون دژوارو خەدار
خزانی یەك، ئەویێ دی هەر نەزانی
جگەر خوێنە كۆریێ تە هەر د نالی
ژ بەر ژانا نەزانی و خزانی[١٥]

دوكتۆر مارف خەزنەدار هۆنراوەكانی (حاجی) دەكا بە دوو بەشەوە غەزەلەكانی لە پلەیەكی بەرزو شیعرە نیشتیمانی و كۆمەلایەتیەكانی بە میللی دادەنێ[١٦]، بەلام پێویستە ئەوەش ڕوون بكەینەوە كەهۆی ئەم ساكاری و لاوازییە ئایا لە پلەی بیر نزمی حاجی یەوە هاتووە، یا خود لە میللەتەوە بووە، ئاشكرایە غەزەلەكانی پێش شیعرە نیشتمانی و كۆمەلایەتیەكانی ووتوە، ئەمە ج گومانی تێدا نییە، باشە غەزەلەكانی كە سەرەتای هۆنراوە ووتنی بووە، ئەمەندە بەرزو ووردەكاری و وەستایەتی تێدا توانیوە، تا ئێستا لەلایەن زۆربەی شارەزایانەوە هەندێ غەزەلی نەتوانراوە بەچاكی لێك بدرێتەوە، بۆچی پاش چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ كە ئەو كاتە بنكەی ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی بیری سیاسی بووە، گۆڕانێكی گەورەی كردۆتە سەر ژیان و بیری حاجی، كەچی هۆنراوەكانی بەرەو لاوازی و ساكاری ڕۆیشتووە، ئاخۆ دەبێ هۆی ئەمە چی بێ؟ هۆیەكەشی زۆر ڕوونە كە حاجی مەبەستی لەم ساكاری و سادە دەربڕینە تەنیا وشیارگردنەوەو وریا كردنەوەی نەتەوەكەی بووە، بۆیە هاتووە پلەی شاعیرێتی خۆی نزم كردۆتەوە، تاوەكو نەتەوەكەی لە هۆنراوەكانی بگەن، چونكە حاجی زۆر وشیارو زیرەك بووە، زانیویەتی كە میللەتەكەی لە ڕووی زانتی و مەوزوعیەوە هێشتا پێ نەگەیشتوون و لەجیهانی دواكەوتن و نەخوێندەواری و نەزانیدا دەژین بۆیە دەلێ:-

کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگرو نەوتن
کێ دەڵێ کوردەکان بە ئیدراکن
بەسیە ئەم نەفسە گوێ لە من ناکەن[١٧]

شاعیری راستەقینەش ئەو شاعیرەیە کە بچێتە ناو جەماوەرەوە بزانێ لەچ پلەو پایەکدا دەژین، بۆ ئەوەی بتوانێ کاریان تێ بکاو هەست ونەستیان ببزوێنێ، سەرەڕای دواکەوتنی نەتەوەکەی حاجی ورەی بەرز بووە، کەلەدوا رۆژدا نەتەوەکەی وشیار دەبنەوەو پەیڕەوی پەیامەکەی دەکەن و قسەکانی (حاجی)یش جێگای خۆیان دەگرن،بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ:-

ئەم قسەیە ئێستا عەیبی لێ دەگرن
ئەو دەمەش دێ زەمانێ بۆی دەمرن
ئەم بە ئەو ئەو بە ئەم دەڵێ کاکە
سەیری قانوونی حاجی چەند چاکە
هەر چلۆنێ ئیشارەتی فەرموو
وەك کرامەت هەمووی وەها دەرچوو[١٨]

لەبارەی شیعرەکانی (حاجی)یەوە دوکتۆر ئیحسان فوئاد دەڵێ:- ئاسانی شیعرەکانی حاجی ساکاری یێکی هۆشیارانەیە کە لە شاعیرە میللی یەکانی جیادەکاتەوە، واتە ساکاری یێکە کە خۆی مەبەستیەتی، وەك بەشێك لە پەیام نامەکەی[١٩] بەڵێ هۆشیاری لەوە زیاتر چی دەبێ لەسەدەی نۆزدەهەمدا کە زۆربەی شاعیرەکانمان لەهۆنراوەی غەرامی بەولاوە، چی تریان بە خەیاڵدا نەدەهات و لەجیهانی عیشق و دڵداری ڕایان دەبوارد، کەچی حاجی پەیامی نیشتمانپەروەری بەرز دەکاتەوە.

## پەراوێزەکان


١. فنون الادب الشعبى: بقلم على الخاقانى، بغداد، ١٩٦٢ . ص٧.
٢. ديوان الشعر الشعبى: هادى مرزا الحلى، بغداد، ١٩٧١. ص٨.
٣. الادب الشعبى: احمد رشدى صالح، قاهره ، ١٩٧١.ص٣١.
٤. هەمان سەرچاوە. ل٣١.
٥. هەمان سەرچاوە. ل٣٥.
٦. محازرەکانی دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوولٚ لە کۆلێژی ئادابی سلێمانی.
٧. فۆلکلۆری کوردی: محمد توفیق وردی، بەغدا . ل١٨.
٨. گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات:- دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوولٚ، ژمارە(١٥). ل٤١.
٩. مێژووی ئەدەبی کوردی : علاء الدين سجادی، بەغدا، ساڵی ١٩٧١. ل٥٨٢.
١٠. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیو لێکۆلێنەوەی:دوکتۆر عیزەدین مستەفا،١٩٧٠. ل٦٤.
١١. دەسنووسی سامی عەودالٚی شاعیر.
١٢. گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات:- دوکتور عیزەدین مستەفا، ژمارە(١٥). ل٣٥.
١٣. گۆڤاری رزگاری : ژمارە (٣) ساڵی ١٩٦٩. ل٣٩.
١٤. الواقيعه فى الادب الكردى: دوكتور عزالدين مصطفى رسول، ص٥٤.
١٥. گۆڤاری برایەتی: ژمارە (٣)ساڵی ١٩٦٠،ل٣٥. ١٩٧٠،٦١.
١٦. محازرەکانی دوکتور مەعروف خەزنەدار دەربارەی شیعری میللی لە کۆلێژی ئادابی سلێمانی .
١٧. دیوانی حاجی قادری کۆیی:- گردو کۆ گیویی موکریانی، هەولێر، ل١٧.
١٨. هەمان سەرچاوە. ل١٠٢.
١٩. گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیات، ژمارە (١٩) د. ئیحسان فوئاد. ل٦٨.

## وێك چوواندن لەشیعری كۆن و نوێدا

هەرچەندە لەسەر شیعری شاعیرانی پێشوو بنووسرێ و شاكارە بەنرخەكانیان بخرێتە بەر تیشك و روناكی و لێتوێژینەوەی ورد و زانستیانە هێشتا لە تەنكاوی دەریای ئەدەبی كلاسیكی داین و ماف شیاوی خۆیان نەدراوەتێ، چونكە هەر بەشێك لەبەشەكانی ئەدەبی كلاسیكی فرە شیكردنەوەو لێدوانی قوڵ هەڵدەگرێت، بەوێنە ئەگەر هەر بەتەنیا وێكچوواندن وەربگرین، دەبینین بەگەلێ شێوە خۆی دەنوێنێ.

ئەدەبیاتی كلاسیكی كوردی پەیوەندی بە ئەدەبی فارسی و عەرەبی و توركیەوە هەیە، كەلەجەزیرەو بۆتانەوە سەری هەڵداو لەدەوری میرنیشینی بابانەكان لەسەردەستی شاعیران نالی و سالم و كوردی وەكو قوتابخانەیەكی ئەدەبی جێگیربوو، لەهەمان كاتدا میرنیشینی بابان لەناوچەی سلێمانیدا لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمدا رۆڵێكی گەلێ مەزنیان بینی، لەگەشەكردن و پەرەپێدانی ئەدەبیاتی كلاسیكی كوردیدا بەتایبەتی دروستكردنی مزگەوت و خوێندنگا لەلایەن دەسەلاتداریتی میرنیشینی بابانەوە هەلێكی یەكجار باشی رەخساند كە رەوتێكی شیعری كلاسیكی چێ بكەن و بەرەو پێش بچێ.

شیعری كلاسیكی كوردی لەرووی كێشەوە بەكێشی عەرووزی عەرەبی و یەكێتی سەرواوە بەستراوە ئەدەبی حوجرەو مزگەوتە ئەوەی شارەزایی و رۆشنبیرێكی باشی نەبێ بەزەحمەت لەشیعرەكانی نالی و سالم و كوردی و مەحوی تێدەگات، چونكە شاعیرانی كلاسیكی لەژێر كاری یاسادا شیعریان هۆنیوەتەوە بەپێ ئەوداب و دەستوورە كۆنانەی جاران، شاعیر نەدەبوو بە شاعیر ئەگەر لە هەموو رەگەزەكانی زانستی رەوانبێژی وەك (رەگەزدۆزی، دژبەیەك، تێهەڵكێشان، وێكچواندن و

جوانناسی) و لە هەموو کێشەکان وەك (هەزج،رەمەل، سەریع و خەفیف) شیعر نەڵێ، سەرەڕای ئەمەش پێویست بوو لە شیعردا شتێ تازەو نوێ دابهێنێ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووە لە وەسف کردنی یارەکەیاندا، گەلێ شتی سەیرو سەمەرەیان وێکچواندووە، دیاردەکانی سروشتیان لەلەشی ئافرەت بەجوانتر زانیوە بەم جۆرە شاعیرانی پێشوو لە سنوورێکی یەکجار تەسکدا سوڕاونەتەوە، بەتایبەتی هێندێکیان گت و مت لاسایی وێنەو کەرەسەی کۆنەکانیان کردۆتەوە، زۆربەی زۆری شاعیرانی کلاسیکی برۆیان بەبریندارکەرو خوێن ڕێژو غەدار داناوە، واتە بەتیرو شیرو خەنجەر و داس و قیمەکێش و تیغ وێکچواندووە، جالێرەدا پرسیارێ سەرهەڵدات، ئایا بۆچی برۆیان بەم شتانە وێکچواندووە؟

هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەشاعیرانی کلاسیکی کوردی لەلایەك لاسایی وێکچواندنی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکیان کردۆتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو سەردەمە ئەو جۆرە چەکانە باو بوونە و مرۆڤ لەشەڕو خۆپاراستن لەدوژمن بەکاری هێناوە، شاعیریش بۆیە برۆی بەم شتانە وێکچواندووە چونکە لەچاوی حەبیبەکەیدا رەمزی زۆرداریە جەرگی یارەکەی کون کون و زامدار کردووە، کەچی هەندێ شاعیری تر بە ڕەمزی قیبلەو و میحراب و هیلال و هومای داناوە، چونکە شوێنی لەسەرچاوی ئافرەتە چاویشی لەڕووی ڕوخسارەوە جوانترین و قەشەنگترین شوێنی جوانی و ناسکی ئافرەتە، قیبلەو میحرابیش رەمزی پیرۆزی و پاکیە خەڵکی لەکاتی نوێژکرندا روودەکەنە قیبلەو میحراب بۆ ئەوەی بگەنە مەبەست و مەرامی ئاینی خۆیان، شاعیریش روودەکاتە برۆ و بە قیبلەو میحرابی دەزانێ و

کرنوشی بۆ دەبات، تاوەکو بەهۆیەوە بگاتە چاوەجوانەکانی یارەکەی ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی (نالی) لەباسکردنی برۆی مەحبوبەکەیدا گەلێ وردەکاری و یاری بە ووشە کردووە، وەبیری جوانی خستۆتە قالّبی هونەرییەوە برۆی بەمانگی یەك شەوە وێکچواندووە، دیارە مانگی یەك شەوە شێوەیەکی جوانی هەیە لەکاتی دەرکەوتنندا لەم رووەوە دەڵێت:-

ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو[1]

لە شوێنێکی تردا هاتووە برۆی بەتیری هوما داناوە کەشاباڵی حوسنی لەجوانیدا پەرش و بڵاوکردۆتەوەو نەزاکەت و قەشەنگی پۆشیوە

برۆت باڵی هوما سەری سوڵتانی حوسنت بوو

خەطت هات و وتی من ناصیحی طوغرایي خونکارم[2]

نالی شاعیر بەردەوام دەبێ لە نەخشاندنی برۆی یارەکەیدا تا نووکی خامەکەی دەشکێ و بەناچاری دەڵێ نەك من بەڵکو (مانی) هونەرمەندیش ناتوانێ وێنەی یارەکەم لەجوانی دا بکێشێ

مانی نییەتی قووەتی تەصویری برۆی تۆ

ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەفیس نەکێشاوە[3]

بەڵام (سالم) بەپێچەوانەی (نالی) برۆی یارەکەی لەهیلالی یەك شەو بەجوانتر دەزانێ و دەڵێ:-

جیهان ئارایەو ئامانە وەك ڕووت

هیلالی یەك شەوە ناگاتە ئەبرۆت[4]

شاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمیش وەکو حەمدی و حاجی و مەحوی و وەفایی و حەریق و ئەدەب و شێخ رەزا پەیڕەوی هەمان ڕێبازو ڕێچکەی شاعیرانی پێشوویان کردۆتەوە کەرەسەو بابەتی وێکچوواندەکانیان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، بەوێنەی شاعیرێکی وەك (وەفایی) سەراپای شیعرەکانی لەباسی عیشق و ئەوین دەدوێ بەدەگمەن قەصیدەیەك نادۆزیەوە کە ووشەی بڕۆی تێدانەبێ، ئەمیش شێت و شەیدایی وەفایی پیشان دەدات کەچەند بەدەست یارە غەدارەکەی سەرگەردان و سەر لێشواو بووە، ئەوەند یارەکەی زامدارو بریندااری کردووە، زوو زوو وەفایی لەتەنیایی جێ هێشتووە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هاوار و فیغانی لێ هەڵبستێو بڵێ:-

غەمزەدەی خۆتم نیشانەی تیری موژگانم مەکە
عاشقی ڕووتم عەزیزم تیرە بارانم مەکە
بەس دڵم بشکێنەو بەم ئەبرۆیە بۆماچی دەمت
مەمدە بەر تیغ و لەسەر هیچی لەگریانم مەکە(٥)

(مەحوی) شاعیریش بەیارەکەی دەڵێ:-

باکم نییە لەو خەنجەرەی کردوتە بەکەمەردا، چونکە بڕۆکانت لەخەنجەر کاریگەرترن و نەشتەری تیژی خۆیان دەهاوێژن، ئیتر خەنجەر پێویست ناکات.

ئەو کە دڵ دوو لەت دەکا شیرین بڕۆی
ئێکە خەنجەر بۆ بەقەد خۆیا دەکا(٦)

(حاجی)شاعیریش بە شێوەیەکی هونەرمەندانە وبەوێك چواندنی نوێوە وەسفی بڕۆو زوڵف و قامەتی ئافرەت دەکا، وێك چواندنێکی هەتا

رادەیـەك لەلاسایی كردنـەوە لایداوە، جوانكاری و بـەهرەی شـاعیرانەی پێوە دیارە:-

لە بەینی زوڵف و خاڵ و نونی ئەبرۆ
بـە ئـەلفی قامـەتی جانـی جیهانە
لـەهـەردوو لامـــەوە زوڵفی دوو لانـە
ئـەسیری كردووم و بێ ئـاشیـانـە[٧]

(ئەحمەد موختار جاف) لەدێڕە شیعرێكدا برۆی بەچوار دیاردەی ناكۆك وێكچواندووە، لەلایـەك بـە هومـاو میحراب و هـیلال كەنیشانەی پـیرۆزی و شـەنگی‌یە، لەلایـەكی تـرەوە بـە سـەیف و قـەوس كەنیشـانەی خوێن ڕشتنە بەمەش گرەوی هونەری خۆی بردۆتەوە چونكە شـاعیرانی پێشوو كەسیان لەتاكە شیعرێكدا برۆیان بەم شێوەیە نەنەخشاندووە:-

سـەیفە یان قـەوسـەو وەیـا هومـایە پێم بڵێ
یا هیلالی یەكشەوە وەیا تاقی ئەبرۆی دولبەرە[٨]

(حەمدی)شاعیر هاتووە بـە شـێوەیەكی جوانترو لـەبارترو سـەرنج ڕاكـێش تـر وەسـفی بـرۆی كـردووە كـەبیری ورد و لـەف و دەورانـی شـاعیرانەی خستۆتە ڕوو كـە نرخـی زۆری بـەبرۆ داوە كـەم شـاعیر بـەم شـێوەیەی كـردووە مەگـەر ئـەم جوانكاریـە هـەر لەدەسـت (نـالی)مـەزن هاتبێ:-

بـاڵـی كێشـاوە بـــەسـەر حـوسنـا لەدوولاوە برۆ
وەك هوما گەییە مەقامێ پێ‌ی لەسەر چاوە برۆ[٩]

بـەڵام شـاعیرانی سـەدەی بیسـتەم ڕێبـازی شـاعیرانی كلاسـیكیان شـكاندووە، بـە جـۆرێكی تـر وەسـفی برۆیـان كـردووە كەتازەگـەری و

داهێنـــانی پێــوه دیـاره، شــاعیرانی نــوێ لەشــی جــوانی ئافرەتیـــان لەدیاردەکانی سروشت بـه جـوانتر زانیـوه، بەلایانـەوه مـرۆڤ بـەنرخترین سـەرمایەیه جـوانی سروشــت بـەهۆی مرۆڤەوەیــه گـەر مــرۆڤ نـەبێت سروشــت ئــەو جوانیــەی بــەخۆوه نــابینێ، لــەم بارەیــەوه (گــۆران)ی شاعیریش دەڵێ:-

بـەڵام تـەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بـێ رووونــاکییــه بـێ بزەی ئـازیز
کـام ڕەشی ئـەگـات بـەڕەشی چاوی
بـرژانگی بــرۆی ئەگریجەی خاوی[10]

(دلشــاد مـــەریوانی) شــاعیر بــرۆ دەکاتــه دوو چــڵه ڕەیحــانی بۆنخۆش،لەلایەکی تـرەوه بەوێنەیـەکی ناسـکترو جوانـتری وێکدەچوێنێ، که وێکچواندنێکی تازەیه ئەویش به دوو شەپۆڵ[11]

ئەی دوو ئەستێرەی خـــەواڵو
بـۆ کـەوتـوونـەتـه بـــاوەش
جـووتـی برۆی ڕەشی تــاریك
تـــۆ ئـــەی بـــــــرۆ
ئەی دوو چڵ ڕێحانەی بـاریك
یاخود دەڵێ:-
بــرۆکانــت دوو شـەپـۆڵـی تـریـفەی چاو
بەخشیونی بەجێ نیشتەی پەرچەمی خاو( ١٢)

(لەتیف هەڵمەت)ی شاعیریش بەڕاستی داهێنـانێکی داهێنەرانـەو بیر قوڵ و پڕ ماناى شۆڕشگێڕانه له وێکچواندنی برۆدا دادەهێنێ و دەڵێ:-
من کچێکم خۆش دەوێ، بەدەستی خۆی

تـــاڵ، تـــاڵ ، بـــرژانـگـی، بـــرۆی
هـــەڵكێشێت و هـەمـووی بكـــا
بـە پـــەرژینـی ئـــەم شـــــــارە[13]

عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیریش برۆ دەكاتە چەترێك و ڕازو نیازی دڵداری لە ژێریا دەخاتە ڕوو:-

بـــا ڕامـــاڵێ لێشاوی ئـەندێشەی بێ بن
با هەڵم دا بۆ تەك ئەو خواوەندەی خرپن
كـــە دەمێكــە ڕادەبـوریـن بێ گفتوگـۆ
ڕازی دڵمـــان هـەڵئـەڕێـژین لـەژێـر بـرۆ[14]

سەرچاوەکان


١. علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ل٢٥٠.

٢. مەلا عەبدالکریمی مدرس، دیوانی نالی، بەغدا ١٩٧٦، ل٢٧٤.

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٥.

٤. دیوانی سالم، بەغداد، ل٩١.

٥. دیوانی وەفایی، چاپی هەولێر ، ل١٠٢.

٦. مـەلا عەبـدالکریمی مـدرس و محمـد مـەلا کـریم، دیـوانی مـەحوی، بەغداد ١٩٨٤، ل٢٤.

٧. سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، اربیل ١٩٨٦، ل١٢٨.

٨. گیوی موکریاني، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، هەولێر.

٩. جمال محمد امین، دیوانی حەمدی، سلێمانی، ١٩٨٤، ل٤٤٣.

١٠. گۆران، بەهەشتو یادگار و فرمێسك و هونەر، سلێمانی، ١٩٧١، ل١٨.

١١. دلشاد مەریوانی، ببن بە تیشك، سلێمانی، ١٩٧٧، ل١٩.

١٢. دلشاد مەریوانی ببن بە تیشك، سلێمانی، ١٩٧٧، ل١٩

١٣. لەتیف هەڵمەت، گەردە لولی سپی، بەغداد، ١٩٧٨، ل١١.

١٤. احمد رشوانی، فەرهەنگی هەڵبەست، ل٨٥.

## لاپەڕەیەك لە ئەدەبی شاراوەمان

ئاشكرا و ڕوونــە هــەموو نەتەوەیــەك خــاوەنی ســامانی ئــەدەبی خۆیــەتی و شــانازی پێــوە دەكــات، نەتــەوەی كــوردیش وەكــو هــەموو نەتــەوەكانی ســەر ڕووی زەمــین خــاوەنی گەنجینەیــەكی پایــەدارە كــە پڕیــەتی لــە چــەندەها گەوهــەری بــەنرخ كــە هەریەكــەی بەشــێوەیەك ئەدروشێنەوە بیرو سۆزی مـرۆڤ دەبـزوێنن، بـەلام بـەهۆی بـاری ئـالۆز و كلـۆلی كوردســتانەوە زۆربــەی زۆری ســووتاوە و لــەناو چــوون تــەنیا ژمارەیــەكی كــەمی لــەو گەوهەرانــە چــنگ كــەتوون، ئێســتاكە بەردەوامــە لەگەڕانی ناو صندوق و كونە دیواران و كەشكۆلی شـاعیرە كلاسـیكیەكان بەهیوای ئەوەی كەبەرهــەمی ئــەدەبی بلاونــەكراوە بدۆزێتــەوەو بیخاتــە ســـەر خـــەرمانی ئـــەدەبی نەتەوەكـــەمان، ئەمـــەش دوو قەصـــیدەی بلاونــەكراوەی دووشــاعیری كــوردە پێشــكەش بەخوێنــەرانی ڕۆشــنبیری ئازیزی دەكــەم، بــەهیوای ئــەوەی لەفــەوتان و ســووتان ڕزگــاری بــێ كــە هــەردوو قەصــیدە لــەلای شــاعیری كــورد (ڕۆســتەم حــەوێزم) دەســت كەوتوون.

(یەكەم قەسیدە هی مستەفا بەگی كوردیە)

لـــــــە دووری تـــــوتیـــــای خـــــاكـــی قـــــەدەم

لــە دووری تــوتیــای خــاكی قــەدەم تادیدە بێ نوورە

لە هیجری مــەی لــەبــی لە علت دڵی دێوانە مەخموورە

شــاهنشــاهی خیــاڵت مــەجلیسی بــەزمــی لــەتــەنــدانە

دڵــم ڕەقــاصە سینــەم چــەنگــە ناڵەم ساز و سەمتوورە

ئــەگــەر چی كۆچی كرد شادە لە مولكی دڵ وەلێ ئەمما

لە سایەی خێڵی غەم ئیستا لە جاران زێدە مەعموورە
لە ڕۆم و تورك و فارس وێنەی یارت نییە ( کوردی )
لە چاوی بەد خودا حفزی بکا بالآی دەڵێی حوورە.

*           *           *

قەصیدەی دووەم هی (کەیفی) شاعیرە

تورکی چاوم

تورکی چاوم کە لەسەر مەسنەدی ڕۆمە بە غەزەب
چینی زوڵفم وەکو هیندی حەبەشە هەڵقە بەگۆی
قیمەتی ماچە ووتم نەقدی دڵ ئەمساڵ ووتی
پارەکەت بێنە هەتیو بەم قسە حەیرانم ئەکەی
کەی بەدەستم دەکەوێ گۆشەی دامانی کەوا
سەرووی کشمیر وەکوو سەر سەری ناوە بەری پێی
صورەتم دیوە لەلات ئەی زرە دەروێش بخودا
شکلی خۆت دیوە لە ئاوێنە بڵێ هەرچی دەڵێی
لەجەزای قەلبی دراو گرتمە بەر سینەی تەنگ
ووتی (کەیفی) چ دەکەی مل لە جەزاخانە ئەنێی

قەصیدەی دووەمی (کەیفی) کە لەدیوانی نالی شاعیر بڵاوکراوەتەوە، ڕۆستم حەوێزی دەڵێ شیعری کەیفییە گیوی موکریانی بەهەڵە بڵاوی کردۆتەوە سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێدەکا:-

ئەو سیلسیلە وەکو مشکی خەتا ناوی نراوە
پڕپێچ و شکەن خەم بەخەم هەڵقە کراوە
لاولاوە کە لەو لاوە بە ئەولاوە ڕوواوە

یـا یـاسـەمـەنی خـاوە بـەرووی رۆژا رووماوە

یـــا دوکـەڵی جەستەی منە بەم شەمعە سووتاوە

یـــا هــەوری سیـاهتــاوە کـە مــانـع بـەهەتاوە

هەی هــەی خەڵەتەم ووت ئەمە زوڵمت ئەمە ئاوە

بـەم زوڵمـــەتو بـــەم ئــاوە حـەیاتم خەڵەتاوە

ڕێـگـەم بـــەسـەراوە کە دەچم ڕێم بـەسـراوە

دڵ تـێـنــوە سـوتــــاوە بـــێ تــاقـەتو تـــاوە

زنجیـرەی عـــەدالـــەت نـیـیـە ئـەم زاڵمە زوڵفە

هـەرچەنـد بنـی بـەنـدە بەرووی عەرشی خوداوە

ژێـری کـەمـەری بـاسی بـکـەم باری گـونـاهە

(کـەیفـی) لـەبـن ئـەم بـاری گـونـاهـە ملی ناوە

*   * *

## ( هەڵبەستێکی کەیفی شاعیر و ڕەخنەکەی کاک بێستوون )

لە پاشی خوێندنەوەی کورتە وەڵامەکەی کاک بێستوون لە ژمارە (٢٣٤)ی هاوکاری ئازیزدا، لەکاک ڕۆستەمم پرسی ڕات دەربارەی ئەم کورتە وەڵامە چی‌یە؟ ووتی: پێویست بوو بەر لەنووسینی وەڵامەکە لەتۆی پرسیار بکردبایە بۆ لەکاک (ڕۆستەم)ت نەپرسی، بەڵگەت چی‌یە؟ بۆ ئەم هۆنراوەی کەیفی شاعیر، بەڵام بەر لەوەی پرسیارەکە بکرێ هەڵچوونێکی کاریگەر پاڵی پێوە ناوە کە ئەم وەڵامە بەم جۆرە بنووسێ، کە کورد واتەنی (عوزر لە قەباحەت گەورەترە). برای بەڕێزمان نەیزانیوە کەیفی شاعیر خەڵکی کوێیە، پلەی شاعیریەتی تا چ ڕادەیەکە، کاک بێستوون وا گەرم بووە...

١. شاعیر دەبێ بەچاوی کوردەواریی‌یەوە سەیر بکرێ، پلەو پایەی دیار بکرێ، نرخی خۆی بدرێتێ، نەك بەو جۆرە تێڕوانینە لەتەنگەبەری بیرکردنەوەدا گیر بخوات.

٢. جیاوازی شیعری نالی لەگەڵ شیعری شاعیرەکانی تر لەوەدایە کە نالی شیعرەکانی لەسەر زەوقی ئەو کەسانە داناوە کە عەرەبی زان و سەقافەتی حوجرەو ئەدەبی کلاسیکیانەیان هەیە، تەنانەت ئەوانەی ئەمڕۆش عەرەبی دەزانن و شارەزای ئەدەبی عارەبین بەباشی لێی تێ ناگەن. بەم شیعرانە دەڵێن شیعری پیرە ڕۆك.

٣. مەرج نی‌یە ئەم جۆرە مەرجانە لەشیعرەکانی شاعیر سەر هەڵبدات وەکو کاك بێستوون دەڵێ، چونکە شاعیر دەبێ شارەزای زمانەکەی خۆی بێ و قسەکانی لەناو قاڵبی شیعری دا بگونجێ و کێش و قافیە و سۆزی تیا نەمرێ چونکە ئەگەر وانە بو پێی ناوترێ شیعر.

٤. ئەگەر هۆنراوەیەکی نالی و کەیفی بەرامبەر بکەیی بۆمان دەر ئەکەوێ کە خەڵك لە کامیان بە باشی تێ ئەگەن، و تا چ ڕادەیەك سۆزی دەروونی مرۆڤ ئەبزوێنن.

نالی لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:-

مووی سپی کردم بە شوشتن

ئاوی سوری شورە شەط

شورە شەط یەعنی کە تێدا

خود بە خود قەل بوو بەط

بەڵام کەیفی بۆ هەمان مەبەست دەڵێ:-

کەیفی لەبەر گرینی تۆ

کون کونە مەنزڵی دڵی

سینە لەبەر برینی تۆ

کون کونە میسلی پەنجەرە

شێخ رەزا دەڵێ:-

جەنگی جاهی جوکەل و

مەحمود بەگی شێروانەبوو

ئافەرین مەحمود بەگ لەم

جەنگەدا شێروانەبوو

وەختێ قاسید هات و لێم

پرسی خولاسەی ئەم شەڕە

وردە وردە بۆی بەیان کردم

کە چی شێر وانەبوو

بۆیە لەکاتی خۆیا لەبارەی نووسینی ئەم شیعرەوە پرسیارم لێ نەکرد چونکە لەبەر چەند هۆیەك قەناعەتم بە قسەکانی ئەکرد.

١. خۆم ئەو دەفتەرەم دیبو کە شیعری شاعیرە پێشوەکانی تیا نوسرابۆوە، وە ئەو هۆنراوەیە کەدەڵێ:-

ئەم سیلسیلە وەکو مشکی خەتاناوی نراوە لەناو شیعرەگانی کەیفی شاعیردا بوو، کاك رۆستەم ئەم شیعرەی کاتی خۆی لەکەشکۆلێکدا نووسیوەتەوە کەهینی دەوری ئەختەری شاعیر بووە کە شەست ساڵ بەر لەوەی کوردی مەریوانی لەدایك بێ، لەلایەکی تریشەوە کاك رۆستەم خۆی ئەم هۆنراوەی لە زاری باپیری عەبدوڵلآغا بیستووە، کە برازا و زاوای ئەمین ئاغای ئەختەر بووە.

٢. کەریم شارەزا لەلاپەڕە (٣٠)ی کۆیەو شاعیراندا دەڵێ:- هەر چەندە لەگۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ( ٣٩ ) بەیتی سێیەم و حەوتەمی ئەم هەڵبەستە بەهینی نالی دانراون، بەلاّم من لەکتێبێکی دەست خەتدا هەموویانم بەهینی کەیفی وەرگرتووە.

٣. کاك بێستوون دەڵێ:- ئایا کەیفی شاعیری دەشتی کۆیە نەبووە، ئایا شاعیرانی دەشتی کۆیە کامیان بەلەهجەی سلێمانی شیعر و نووسینیان نووسیوە؟ منیش دەڵێم کاکی برا چۆن کەیفی بە شاعیری دەشتی کۆیە دانەنێی؟ کەیفی خەڵکی کوێرە دێیە، شارەزووریيە، وەکو نالی خاوەنی وردەکاری و هونەری شیعری کلاسیکیيە، حاجی نەمر کە هاورێ و نزیکترین کەس و دۆستی بووە لەم بارەیەوە دەڵێ:-

لـه كوێره دێیـه کـه کـەیفی تیـا بێ فیردەوسـه
جەهەنـەمـە کە نـەمـا کـەیفی شاری قوستەنتین
حـەزیـن و دەرهـەمـی ئـەم شـارە زۆری بێگانەن
له حەسرەتی عەجەبا (شارەزووری) چۆن نەگرین.

٤. دەربارەی شاعیریەتی کـەیفیش لـەنالی کـەمتر نـەبووە، وەکـو حـاجی دەڵێ:-

نالی ئوستادێکی گەلێ چابوو

٥. بەڵام مانـای ئـەوە نـی‌یـە کـە شـاعیرانی تـر نـاتوانن وەکـو ئـەو شـیعر دابنێن.

٦. لەدواییدا کاك بێستوون دەڵێ:- ئایا سەرچاوەیەك هەیـە تـوانیبێتی شیعرەکانی کەیفی لەگەڵ شیعرەکانی شێخ رەزا بەراورد کردبێ.

کـاکی بـرا هۆنراوەکـانی شـێخ رەزا کـە بـە بـیری ڕق و کینـەو بـۆ قۆشمـەبازی دانـراون، جیـاوازە نـەك لەگـەڵ هۆنراوەکـانی کـەیفی بـەڵکو لەگـەڵ هۆنراوەکـانی نـالی و حـاجی و هـەموو شـاعیرانی تـری کـورددا جیاوازن .

# شیعری بەرگری لە ویژەی کوردیدا(*).

شـــیعری بـــەرگری رۆڵێکـــی بەرچـــاو وازی دەکـــات لەلایـــەنی دینامیکییـەتی داهێنـان و پەیوەنـدی بـوونی تایبـەتی بـە جـەماوەرەوە، شیعر بۆتە خـەونێکی کـۆن کارێکە لـە تـەرزێکی تایبـەت، بـەلام زاراوەی شیعری بەرگری دواتر دۆزرایەوە لەپێناو ناونانی دیاردەیەکی شیعری کە لەدەرەوەی چوارچێوەی شیعری راستەقینە دەسوڕایەوە.

شیعری تێکۆشان یـاخود بـەرگری ئەوکاتـە لـەناو ئـەدەبی کوردیدا دەرکەوت، لە کوردستان و ئەو ناوچە کوردیانەی کە ڕووبـەڕووی شـالاوی داگیرکردنی هەمیشەیی ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی دەبوونەوە.

ڕەگـی ئـەم جـۆرە شـیعرە بـۆ مێژوویـەکی کـۆن دەگەڕێتـەوە بۆیـە دەتوانرێ هەندێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و حـاجی قـادری کـۆیی بکرێنـە بنـەماو بناغـەی شیعری بـەرگری بـۆ رۆژانـی ئـەمرۆشمان. لـەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین ووشە نوسراو بێ یاخود گـوتراو رۆڵێکـی بـالای گێـــڕاوە لەهـــەموو جەنگـــەکانی رزگـــارکردن و بـــەرگری دژی زوڵـــم وزۆرداریو بوونیشـی کاریگەرییـەکی بەرچـاوی بـووە لـە کۆکردنـەوەی جەماوەرو خرۆشاندنی هەستی نیشتمانپەروەری و بەرزکردنەوەی ورەی تێکۆشەران هەمیشە لە رابـردوو و ئێستاشـدا هۆیـەکی کاریگـەر بـووە لـە جێبـەجێکردنی ئامـــانجێکی ســـەرەکی کـــە ســـەرکەوتن و ئـــازادی بـــە شـێوەیەکی گشـتی دەگرێتـەوە، دەتـوانین بڵـێین شـیعری بـەرگری ئـەو شیعرەیە کە داوای ئازادی و بەگژداچوونەوەی خۆسەپاندن و داگیرکـردن لەلایـەك و دەنگـی پیاهەڵدانـــە بـــە بـــەهای ئازایـــەتی و پاڵـــەوانی و خۆبەختکردن و یەکێتی لەلایەکی تر.

سەردەمی هاوچەرخ بەوە دەستنیشان دەکرێت، کە لە قۆناغێکی سەخت دەپەڕیتەوە کە تیایدا بەرەنگاری تایبەت بە جۆرێك کەس رەخنە لە شیعری ناگرێ لە ڕێی لاوانی شیعری بەرگری و چوونە مەیدانی تێکۆشان لە پێناو ئازادی و ئازادبوون شانبەشانی شۆڕشگێڕان، بەم جۆرە لەگەڵ بەرزبوونەوەی گوڕوتینی شۆرش و بەرگری میللی ئەرکی سەرشانی نووسەر بە شێوەیەکی گشتی شاعیر بەتایبەتی قورس تر دەبێ، هەروەها مەترسیەکانی زیاد دەبن وە لە ڕێهەڵخلیسکانی هەمە جۆر دەبێ بە جۆرێك داوا لەخۆیان دەکرێ ئەوەك لە شیعرەکانیان لە پێناو ئاوێتە بوونی لەش و گیانیان لەمەیدانی تێکۆشان و یەکگرتنیان بە شێوەیەکی پتەو لەگەڵ ئەو جەماوەریەی کە دەبنە سەرچاوەی بڵێسەیەکی رۆشنکەرەوە و گیانێکی درەوشاوە..

شیعری بەرگری کوردی کاریگەرە بە شیعری فەرەنسی و ڕووسی و ڤێتنامی وجەزائیری و...هتد، هەمیشەو ئێستاش شاعیرانی وەك نیرۆدا، لۆرکا، لویس ئاراگۆن بنەمای رۆشنکەرەوەن لە مەیدانی وێژەو شیعری بەرگری دادەنرێن.. شاعیری گەورەو ناوداری فەرەنسی کە ناسراوە بە لویس ئاراگۆن کە پێویستبوونی نیشتمانی و نەتەوەیی لەدەوربەری جەنگی دووەمی جیهانی و ماوەی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیەوە باسی ئەو رۆژانە دەکات، کە لەریزەکانی بەرگری و بەرپەچدانەوەی داگیرکردنی ئەڵمانییەکانەوە بەسەری بردوون دەڵێ:-

(زۆر ئازارمان چەشت بەتایبەتی لەلایەن گیانییەوە، ناتوانین واتای ئەوە بزانین کە هەموو رۆژێك بژیت و نەزانی بەیانی چیت بۆ دێنێ، لەوانەیە لەو رۆژانەدا خۆشەویستان و کەس و کارت بزر ببن یاخود خودی خۆت لێ ون ببێ، یاخود ئەو کاتانەی کە دەزانی هەر شەوێك و

بیرکردنەوەیەك و هەر کارێك لەپێناو نیشتمانەکەتدا و هەر نارەزاییەك لەپێناو ئازادی دەربڕین لەوانەیە ببێتە پاسەپۆرتی مەرگت بۆ کۆتایی ژیان).

نەتەوەی تێکۆشەر پێویستی بەوێژەو شیعری بەرگری هەیە، بەو شێوەیەی کە پێویستی بەخۆراك و خواردنەوە هەیە، ئەویش دەبێ لە خزمەتی کێشە سەرەکیەکان و هیواو ئامانجەکانی لەپێناو جێبەجێبوونیدا خەبات دەکات، لەم بارەیەوە لینینی مەزن دەڵێ:(گرنگ نی‌یە هونەر بۆ چەند کەسێك، یاخود چەند هەزارێك، لەکۆی گشتی دانیشتووان کە بەملیۆنان دەژمێردرێن تەرخان بکرێت، بەڵکو هونەر موڵکی جەماوەرە، پێویستە رەگەکانی خۆی بەقوڵی داکوتێ لەناو گیانی جەماوەری کارگەر فراوان بێتەوە، پێویستە جەماوەریش تێبگات و خۆشیبوێت، هەروەها پێویستە هەستی جەماوەر یەك بخات و هزرو ویستی بەهێز بکات).

بەلام دەتوانین بڵێین شیعری رامیاری بەگشتی و شیعری بەرگری بەتایبەتی لە رووی هونەر و پێکهاتەوە دووچاری هەندێ کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە، بەلام ئەمە گرنگ نییە چونکە ئامانجی سەرەکی شیعری بەرگری لە بنەڕەتدا لەو گوتارو بەها بەرزانە بەرجەستە دەبێت، کە بانگهێشتیان بۆ دەکات، بە جۆرێك هەموو ووشەیەك و هەموو رستەیەك تەقینەوەی مەزن و کێش و قورساییان دەردەکەوێت. لێرەدا هیچ حیسابێك بۆ لایەنە هونەرەییەکانی ناکرێت بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو هەست و هەڵچوونانەن کە ووشەکان لەدڵ و دەروونی گەلدا دروست دەکەن، بۆیە شیعری بەرگری ئامانجی هەر بریتی‌یە نی‌یە، لەگۆڕانکاریکردن لە زەمینەی واقیع بەڵکو لە خودی شیعر و وێژەش بە شێوەیەکی گشتی، بەجۆرێك شیعری شۆڕشگێڕی بە ئەندازەی تەنها بەرپاکردنی شۆڕشێك لەناو

شیعرەکە نابێ بەڵکو بە ئەندازەی ئەو کاریگەرییە شۆڕشگێڕانەیەی لە ڕووناکردنەوەی هەستی هۆشیاری لەنێو بزوتنەوەی شیعریش ئەگەر بەراستی کارێك نەکات لەگەڵ چالاکی و ئەرکەکانی شۆڕش و جەماوەر، شیعر ناتوانێ پەیڕەوی کاریگەری شۆڕشگێڕانە بکات، لەنێو جەماوەر ئەگەر لە بنەڕەتدا هونەرێکی ڕەسەن نەبێ، هونەری ڕەسەنیش هەمیشە بریتییە لە شۆڕش لەناو بزوتنەوەی هونەری خۆی، بەم جۆرە شاعیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی بە ڕاستی و بە کردەوە باوەڕی بەبەهاو بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکان هەبوو، بۆیە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی دروست کردبوو لەنێوان بزوتنەوەی چەکداری ئازادیخواز لەلایەك و هزر وەك ڕێگەیەك بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەی لەژێر چەپۆکی داگیرکەران، شاعیر لەیەکێك لە شیعرەکانی دەڵێت:-

جۆشێك بدەن وەکو هەنگ
تەگبیر بکەن بە بێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیا کەن
تۆپ و تفەنگ و هاوەن

ئینجا شاعیرمان بانگهێشتی ستەملێکراو چینی چەوساوەی سەر زەوی دەکات بۆ یەکگرتن و یەکێتی خەبات بە یەکەوە لەپێناو دەرکردنی داگیرکەرە تورکە عوسمانییەکان لەسەر خاکی کوردستان هەروەك دەڵێ:-

بێ ئەگەر دەستی یەکتری بگرن
وەك ئەسکەندەر جیهان هەموو دەگرن

بەلام (فائق بێکەس) ی شاعیر گرنگییەکی زۆری داوە بە بەرهەڵستی کردنی ئەو ئیمپریالیزمەی سەری هەڵداوە لە بۆشایی نێوان

کورد و عەرەب لە عیراقدا، بەمەبەستی داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو وولاتەو قۆزتنەوەی خێرو بەرهەمەکانی، بۆیە بێکەس جەخت دەکاتە سەر بیروباوەڕی برایەتی کورد و عەرەب و خۆبەخت کردن لە پێناو یەکخستنی ریزەکان و ئازاد کردنی وولات بە هەر نرخێك بێت هەر وەکو دەڵێ:-

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ

بێکەس لەو ئاهەنگەی ساڵی ١٩٤١ بۆ رێزلێنان لە (ئەدمۆنس) راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لە عیراق سازکرابوو، ئەو بۆنەیەی بەهەلزانی و تێیدا رەخنەیەکی توندی ئاراستەی سیاسەتی حکومەتی بەریتانی لە کوردستان کرد، وای لە قەڵەمدا کەوا ئەو سیاسەتە تەنها هەڵخەتاندن و ناپاکییە بەرامبەر بە گەلی کورد، ئەم هاوارەش سەداو هەرایەکی گەورەی لەنێو جەماوەری کورد بەجێهێشت و تێیدا ویست و کۆششی ئەو گەلەی پتەوکرد کەدەڵێ:-

بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بەنان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
پەروەردەم کردی لە ئێران و رۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتاکە دیل و رەنجەڕۆم

بەڵام دڵداری شاعیر شیعرەکانی بەوە ناویان دەرکرد، کەخاوەن هەناسەیەکی خەباتکەرانەی رەسەن و بانگهێشتی گەل دەکات، بۆ سەرهەڵدان و هەڵگرتنی چەك لەپێناو رزگاربوون بەیەکجاری لەخوێنرێژی ئەوانەی زوڵم و ستەمی دەرخوارد دەدەن، ناودارترین

شیعرەکانی دڵدار(ئەی رەقیب)ە کە تیایدا شاعیر باس لەمێژووی دێرین و رەسەنی نەتەوەو رۆڵەکانی دەکات کەدەڵێت:-

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان

نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان

ئێمە رۆڵەی رەنگی سور و شۆرشین

سەیریکە خوێناوییە رابردوومان.

لەدوایدا دەگەینە شاعیری گەورەمان گۆران کە زایەڵەیەکی گەورەی هەبوو، لەمەیدانی شیعری رامیاری و بەرگریدا، بەتایبەتی لەلایەنی سروودی نیشتمانپەروەری، کەتوانی زۆر بابەت لەم جۆرە بەرهەم بێنێ، لێرەدا بەتایبەتی ئاماژە بەو هۆنراوەیە دەگەین، کەناونیشانی (دەمی راپەرینە) بەجۆرێك کە داوا لە رۆڵەکانی گەلەکەی دەکات، بۆ رابوون و رزگاری و برینی رێگەی تێکۆشان و شۆرش کە دەبێژێ:

دەمی راپەرینە دەمی راپەرین

هەتاکی بە سستی و بە پەستی بژین

پەلاماری ئەی کورد ئارەق رشتنێ

لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ

بەیەك بوونە گشت، پتەو بوونی پشت!

<u>سەرچاوە:</u>

کمال معروف ، الحركة التجديدية

في الشعر الكوردي الحديث الجزء الاول ستوكهولم، ١٩٩٢، ص١٥٦

(*) ئەم بابەتە لەلایەن (ابراهیم علی خدر)ەوە بۆ کوردی وەرگێردراوەو لە رۆژنامەی دەنگی میللەت بڵاوکراوەتەوە.

# كێشەی دزیی ئەدەبی

**پێشەکی**

کێشەی دزیی ئەدەبی شوێنێکی فرە مەزنی لە رەخنەی ئەدەبی عەرەبی کۆندا داگیرکردووە، لەراستیدا زاراوەی دزیی زاراوەیەك نییە بۆ لۆمە کردن بەڵکو زاراوەیەکی گشتییە بەجۆرەها وەرگرتن دەگوترێت هەندێجار بۆ مەبەستی شکاندنی شاعیرو کەم کردنەوەی ڕەسەنایەتی بەکاردێت، وەرگرتن لە پێشوونان، وەرگرتن نەك بەڕێگای گواستنەوە، بەڵکو وەرگرتنی کەرەسەی سەرەتایی بۆ پیشەکەی پاشان داهێنان و ئەفراندنی تێدا بکات، کێشەی دزیی ئەدەبی، کێشەی نێوان شیعری کۆن و شیعری نوێیە، کێشەی ڕەسەنایەتییە، کێشەی لاسایی کردنەودو نوێ کردنەوەیە لەشیعردا، کێشەی کارتێکردن و کار لێ کردنە لەشیعردا.

ئەوەی پاڵی پێوەنام کە لەم باسە بکۆڵمەوە، ئەوەیە کەکێشەی دزیی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا شوێنێکی دیاری هەیەو لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، وەلەئەدەبیاتی کوردیشدا وەکو پێویست لەسەری نەنووسراوە. جا بەپێویستم زانی کە تیشك بخەمە سەر ئەم لایەنەو بۆ ئەم مەبەستەش لەباسەکەمدا هەوڵم داوە لەهەموو ڕوویەکەوە لەدزی ئەدەبی بتۆژمەوە وەکو پێناسەی دزیی، کێشەی دزیی کردن، بیروڕای رەخنەگرانی کۆن و نوێ، جۆرەکانی دزیی، دەق ئاوێزان لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا، جۆرەکانی دەق ئاوێزان ...هتد.

## پێناسەی دزیی شیعری:-

ئەوەی دەست بەسەر دارایی خەڵکی تردا بگرێت پێی دەوترێت دز، هەروەها ئەوەی دەست بەسەر بیروبەرهەمی ئەدەبی دا بگرێت دیسانەوە دزە لێرەدا زاراوەی دزیی ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی و زاراوەی دزیی شیعریی بەشێوەیەکی تایبەتی سەری هەڵدا.

جا بزانین لەفەرهەنگەکاندا چۆن لەباسی دزیی دواون، لەفەرهەنگی (المحیط)دا بەم شێوەیە پێناسەی کراوە ((وەرگرتنی ماڵی غەیرە))[1] بەلام پێناسەی دزیی لەزاراوەی ڕەوانبێژان و ڕەخنەگران دا((ئەوەیە کە شاعیر شیعری کەسێکی تر وەربگرێت یاخود هەندێ شیعری تالآن بکات))[2] بەلام لەفەرهەنگی (المعجم المفصل فی الادب)دا بەم جۆرە هاتووە (( ئەدیبێ قسەی کەسێکی تر وەربگرێت و بیکاتە موڵکی خۆی))[3] ڕەخنەگران بەشێوەی جیاواز لەباسی دزی کردن دواون. (ابن قتیبە) واژەی دزیی کردنی بەکاربردووە، (ابو الفرج الاصفهانی) لە الاغانیدا واژەی کاولکردنی بەکارهێناوە))[4] د. محەمەد مندور: واژەی دزیی کردنی بەکار بردووە))[5].

(ابن الشهید) لەچەمکی دزی شیعری گەیشتووە، لەم بارەیەوە تێگەیشتنێکی ئاشکراو ڕوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ووشەی (دزیی) بەکارنەهێناوە، بەڵکو گۆڕیویەتی بە ووشەی وەرگرتن، بیروڕاکانی (ابن شهید) شوێنی ڕێز لێگرتنە ئەمەش بۆئەو رۆشنبیرییە فراوانەی دەگەڕێتەوە کەلەئەنجامی خوێندنەوەیەکی زۆری دیوانی شاعیراندا پەیدای کردووە))[6].

گیل دولوز (Gilles Deleuze) دەڵێ:- ((دزیی کردن، غەش و لاسایی کردنەوەو ڕوونووس و چنینە لەسەر شێوازی کەسانی ترە))[٧].

**کێشەی دزیی کردنی شیعر:-**

کێشەیەکە بەشێکی زۆری کتێبی عەرەبی بەخۆوە گرتووە، تەنانەت کتابێك نادۆزیتەوە کە باسی دزی کردنی تێدا نەبێ، هەریەکەش گفتوگۆی لەسەر بابەتەکانی پێشی خۆی کردووە، شتی بۆ زیادکردووە، ڕەگی زۆر کۆنە بۆ چەرخی جاهلی دەگەڕێتەوە، دیارە گومانی تێدا نی‌یە، کە دزی کردن بەخەوشی شاعیر دادەنرێت، لەپلەو پایەی داهێنانی دێنێتە خوارەوە، چونکە مانای وایە کە قەریحەی شیعری نی‌یە، بێ هێزدو کەم توانایەو شارەزایی داهێنانی لاوازە.

د. محەمەد مندور دەڵێ:- ((کێشەیەکی ترسناکە، نەك لەبەر ئەوەی ڕەخنەگرانی عەرەبی پێوەی خەریك بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی باس لە زانستی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕەسەنایەتی شاعیری یاخود نووسەری پێشوونان یاخود هاوچەرخانی دەکات))(٨). هەر وەکو چۆن کێشەی دزیی ئەدەبی بەندە بەرکەبەری لەنێوان لایەنگرانی شیعری کۆن و لایەنگرانی شیعری نوێدا، شاعیرانی کۆن دەڵێن پێشڕەون بۆ شاعیرانی نوێ، شاعیرانی نوێش دەڵێن تەجاوزی شیعری کۆنیان کردووە، وێنەو مانای نوێی شیعریان داهێناوە.

((ئەگەر کێشەی دزی شیعر وەکو سەرەتاو ئامانج بەرەخنەوە پەیوەست بێ، ئەوا هەندێ لە ڕەوانبێژان باوەڕیان وایە لەڕووی ناوەرۆکەوە بە رەوانبێژیی‌یەوە پەیوەندی دارە))(٩).

**جۆرەکانی دزیی :-**

١. النسخ (لەبەر نووسینەوە):- نەسخ لەزماندا مانای گواستنەوەی دەقێك یاخود نووسینەوەی ووشە بە ووشەی کتێبێکە.

٢. السلخ (کەولکردن):- واتە وەرگرتنی ماناو ئاڵوگۆڕ کردنی واژەکەی.

٣. المسخ: گوێزتنەوەی وێنەیەك بۆ وێنەیەکی ناشیرین تر.

٤. الاصطراف:- شاعیر بە بیتێك سەرسام دەبێت و دەیکا بەهی خۆی.

٥. الانتحال:- مانای وایە شاعیر شیعری شاعیرێکیتر بکا بە موڵکی خۆی.

٦. الادعاء:- دزی کردنی شاعیر لەکەسێکی تر شاعیر نەبێت.

٧. النظر والملاحظة (تێڕوانین و تێبینی):- مانای وایە مانایان یەکسان دەبێ، جگە لەوەرگرتنی واژە بەنهێنی.

٨. الاختلاس (شت بەدزیی شاردنەوە):- ئاڵوگۆڕکردنی مانا لەمەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی تر.

٩. الموازنة(هاوسەنگی کردن):- وەرگرتنی بنیاتی ووشەکان.

١٠. المذمومة:- دوو جۆرە:

أ- دزیی بەئاشکرا کەواژەو مانا دەگرێتەوە لەهەموویان خراپترە.

ب- دزیی بەنهێنی کەپێویستی بە زیرەکی هەیە.

١١. الالتفاط و التلفیق:- دانانی دێرێك لەرێکخستنی چەندان دێری تر(١٠).

**هەڵوێستی ڕەخنەگرانی کۆن:-**

وەرگـرتنی بـاش و وەرگـرتنی خـراپ، لەڕوانگـەی ڕەخنەگرانـەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بەدەردەکەوێ، ڕەخنـەگران بەلایانـەوە شیعر مانـاو واژەو بیرو وێنەیە.

ڕەخنـەگرانی کـۆن لـە دەربـڕینی هەڵوێسـتدا پشتیان بـەم ڕایانـە دەبەست کە وەرگرتنی بیر، فکرەیـەکی ڕووتـە هـیچ خەوشـی تێدانـیـیـە، چونکە بـیر کەلـەپورێکی گشـتیـیەو دەخرێتـە ڕوو، هـی کـەس نـیـیـەو لەکەسیش قەدەغـە نـیـیـە، بـەلاّم وێنـەی تایبـەتی لـە شـیعردا، ئـەمیان لایەنی هونەری دەگرێتەوە، پەیوەندی بەخودی شاعیرەوەیە، کەهەست و بیری تێدا دەردەبڕێ، بۆیە ئەم لایەنە نابێ بگوێزرێتـەوە و وەربگیرێت. زۆربـەی ڕەخنـەگرانی عـارەب وەرگـرتنی بیریـان بـەتاوان نـەزانیوە، لەڕوانگـەی ئـەم ڕەخنەگرانـەوە پیشـەی هونـەری پێوانەکـەی لەبـەها هونەریەکەیەتی کە داهێنان و ئەفراندنی تێدا بـەدەر دەکـەوێ. بەتـەنها بیری ڕووت کەرەسەی خاوی شیعرە، جانەگەر شاعیر بیری پێشوو یاخود هاوچەرخ وەربگرێت هیچ نەنگی تێدا نـیـیە مادام بەشێوەیەکی هونـەری دەیخاتە ڕوو))(١١).

(ابی هلال العسکری) دەڵێ:- ((پێویستە کـە شاعیر بـیری پێشووی خۆی وەربگرێت))(١٢).

(الجاحظ) دەڵێ:- ئەگـەر سـەیری شیعری کـۆن و نوێمـان بکـەین دەبینین یەك لەیەکتری وەردەگرێت، بەلای (جاحظ)ەوە وەرگـرتنی مانـا شـتێکی بـاوە لەشـیعری کـۆن و نوێـدا، ئـەم وەرگرتنـەش هـیچ زیـانی

تێدانی‌یە، چونکە مانا فرێ دراوە، کەلەپورێکی شیاوە بۆ هیچ کەس وەرگرتنی یاساغ نی‌یە))(١٣).

(الامدی) دەڵێ:- ئەوانەی درك بەزانستی شیعر دەکەن دەبینن کەدزی ماناکان هەڵەیەکی گەورە نی‌یە))(١٤). ئەمەش مانای وایە کە بەلای (الامدی)یەوە دزیی کردنی مانا دیاردەیەکی ترسناك نی‌یە، بەڵکو کارێکی باوی هاوچەرخانەیە.

بەلای (ئەبو هلال)ەوە کاتێ شاعیر شیعر دەنووسێ ماناکەی لەئاسمانەوە بۆنایەت، بەڵکو لەئەنجامی بیرکردنەوەو خوێندنەوە دروست دەبێت، بۆیە شتێکی سروشتی‌یە کە مانای کەم‌و زۆر بقۆزێتەوە، مادام بەشێوەیەکی باش وێنەی بکێشێ و بیخاتە بەرچاوان))(١٥).

دیارە (ابو هلال) داهێنانی مانا بەفرمانێکی بێ وێنە دادەنێ، کەم وا هەڵ دەکەوێ کە شاعیر بیرێك بدۆزێتەوە کە پێشتر دەرنەبڕابێت، چونکە داهێنانی مانا شتێکی ئاسان نی‌یە، بەتەنیا لەزروف و ئەزمونی تایبەتی نەبێ بۆ هیچ شاعیرێ مەیسەر نابێ.

مۆلێر دەڵێ:- من مانای باش وەردەگرم هونەری تێدا دەنوێنم، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرك و کەسایەتی مۆلێر دیارە. ڤیکتۆر هۆگۆ و ژمارەیەك لەشاعیرانی تر نوێنەری ڕۆمانتیکن، سەرەڕای ئەمەش کارەکانیان خاسیەتی تایبەتی هەیە، هیچ نەهێنی‌یەك نی‌یە لە ڕەسەنایەتی ئەم شاعیرە گەورانە، سەرپشکن لەوەرگرتنی ئەوەی دەیخوێننەوە، بەجۆرێ دەبێتە بەشێك لەبیروڕاو هەست و سۆزیان))(١٦).

بەلای بەشێکی تر لە ڕەخنەگران وەرگرتنی خەوشدار دزیی کردنی وێنەیە.

القاضی الجرجانی دەڵێ:- وێنەی هونەریی نەك واژەکانی دزی کردنی خەوشدارە، چونکە واژەکان لەنێوان کەسانی هاوزماندا بەکاردێت، دزی کردنی وێنە گەورەترین تاوانە دەخرێتە پاڵ شاعیر لەم چەرخەدا))(١٧) القاضی الجرجانی ڕوونی کردەوە کەدزیی نەخۆشیێکی کۆنە، شاعیرەکان یەك لەیەکتری قەریحەی شیعریان پەرەپێداوە پشتیان بەماناو واژە بەستووە، هەروەها ڕوونی کردەوە کەدزی دیاردەیەکە وەکو (توارد الخواطر) تەنیا جوداخوازی واژەی تێدایە. پاشان شاعیرە نوێخوازەکان بەگواستنەوەو وەرگەڕاندن و گۆڕین و ڕیزکردن بەرنامەیەکەیان شاردۆتەوە. (الامدی) دەڵێ:- ئەوەی سەیری ئەم کتێبە دەکات، پێویستە پەلە نەکات و بڵێ ئەوە لەمە وەرگیراوە تاکو بیر لەمانا دەکات بەبێ واژە، دزراو لەشیعردا گواستنەوەی مانایە نەك واژەکەی))(١٨) دزی واژەکان دیاردەیەکە، بەزۆری شت بەدزی شاردنەوەی پێ دەوترێت، یاخود تالان کردن یان ئابرۆ بردنی پێ دەڵێن))(١٩).

نوێخوازەکان کە لەم کێشەیان کۆڵیوەتەوە بەلایانەوە دزی واژە لەسنوری دەست درێژکردنی بەرهەمی کەسانی ترو وەرگرتنی بیرەکانیان ناوەستێ، بەڵکو تێپەڕاندنی شتی تردەکات، وەکو لاسایی کردنەوە، لێ وەرگرن، ڕەخنەگران پێوانەیەکیان هەبووە لەکێشەی دزیدا ئەویش ئەوەیە کەدانیان بەوەرگرتن کردووە، هەر هەمووش لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەدزی کردنی وێنە ناشیرین ترین دزی کردنە.

جالێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە ئەگەر وەرگرتنی مانا خەوش نەبێ، ئەدی بۆچی ئەم هەموو نووسینانە

لەسەردزی ئەدەبی نوسراون وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە.

١. گێڕانەوەی شیعرو ئەزبەرکردنی هۆیەك بووە، بۆ پارێزگاری کردنی شیعری کۆن و بەتایبەتی شیعری جاهلی عارەبەکان زۆر درەنگ نووسینی شیعریان زانیوە، حیکایەت خوان یەکەم سەرچاوەو دوا سەرچاوە بووە بۆ ناساندنی بەرهەمی پێشوونان، لەکاتی گێڕانەوەی بابەتی ئەدەبی‌دا، شوێنی گواستنەوەو وەرگرتن بەدیار ناکەوێ.

٢. دان پێدانەنانی شاعیر، پاڵی بەڕەخنەگرەکانەوە ناوە کە پەنجە بۆ شوێنی وەرگرتن درێژبکەن، جا ئەو وەرگرتنە وەرگرتنی بیر یاخود وێنە بێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە فرە کتێب لەسەر دزی شیعری بنووسرێت.

٣. شاعیران پڕوپاگەندەی داهێنانیان کردووە، بۆ نموونە (الصاحب بن عباد) دەڵێ:- (المتنبی) بەوە خۆشدار نابێ کە مانا لە (ابی تمام) وەردەگرێت، ئەمە دیاردەیەکی شیعری کۆن و نوێیە، بەڵکو بەوە خەوشدار دەبێ،کەپڕۆپاگەندەی داهێنان دەکات و پاکانەی ئەوە دەکات کەلە وەرگرتن بێ ئاگایە))(٢٠).

## دزیی شیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی نوێوە.

لێرەدا بیروڕای ڕەخنەگرە نوێ خوازەکان دەخەینە ڕوو کەچۆن سەیری دزی شیعرییان کردووە، تا چەند بەبیروڕای ڕەخنەگرە کلاسیکیەکان کاریگەر بوونە.

١. د. تەها حسین:- رایەکی خێراو ناتەواوی هەیە دەربارەی دزی کردن، ڕەتی ئەوەی دەکاتەوە کە شاعیر مانا یاخود واژە لە شاعیرێکی تر

بدزێ دەڵێ: ئەمەی بەم کارە هەڵستێ شاعیر نییە دزی کردن خەوشێکی گەورەیە پێویستە شاعیر خۆی لێ دوورخاتەوە، چونکە مانای خەڵکی تر وەربگرێت و واژەکەی بگۆڕێ، هیچ شتێکی تێدانییە، لەڕاستی دا گواستنەوەیە نەك داهێنانە))(٢١).

٢. د. محەمەد مندور دەڵێ:- نابێ بڕیاری گۆترە بەسەر شاعیرەکان بدرێت، هەر وەکو کۆنەکان پەیڕەویان دەکرد، توندوتیژییان دژ بە شاعیرەکان ئەنجامدەدا، زۆرجار بڕیاری دزی کردنیان، بەسەر دەسەپاندن و هەموو شتێکیان بەدزی کردن، لەقەڵەم دەدا، پێویستە ئەو زاراوانە جیابکرێتەوە کەبەدزییەوە پەیوەندی دارن، وەکو دزی کردن، کارتێکردن، ئیلهام وەرگرتن، لێ وەرگرتن،ئەم هەموو زاراوانەی لەکتێبەکەیدا کەبەناوی (النقد المنهجی عند العرب)دا شیکردۆتەوە کە لەگەڵ بیروڕاو پرۆگرامی پێشینان جوداوازە و ناکۆکە.

بۆیە پێویستە ئەم شتانە لێکتر جودا بکرێنەوە.

١. الاستیحیاء (سروش): (مانای وایە شاعیر یاخود نووسەر لەئەنجامی خوێندنەوەی کتێبی ترمانایەکی نوێ دادەهێنێ.

٢. استعارە الهیاکل (خواستنی پەیکەرەکان): شاعیر یاخود نووسەر بابەتی قەسیدەکە یاخود چیرۆکەکە لەداستانی گەلی یان لەداستانی مێژوویی وەردەگرێت.

٣. التأثر (کارلێکردن): شاعیر یاخود نووسەر ڕێبازی هونەری یاخود شێوازي هونەری وەردەگرێت و لەوانەیە وەرگرتنێکی ناهۆشیارانە بێت.

٤. لەکۆتاییدا دزی کردن دێت، ئەویش مانای وایە کە ڕستەیەك یاخود بیرێکی بنچینەیی بدزێت و پەنجە بۆ سەرچاوەکەی درێژ نەکەیت))(٢٢).

٥. راکەی د. محەمەد زەکی العشماوی نزیکە لە ڕای د.محەمەد مندور ئەویش دەڵێ: نابێ بڕیاری دزی بەسەر هەموو شتێ بدرێت بەتەنیا ئەگەر کەسی دووەم دەستەواژەی یەکەمی بەتەواوی گواستەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکات، بەڵام وێکچوونی هەندێ واژە یاخود نزیکی هەندێ مانا بەدزیدانانرێت)) د. محەمەد زەکی دەڵێ: (ابن الرومی) بەیتێکی شیعری لەدەستەواژەی حافظ وەرگرت، دەگرێ ئەوەی چاوی شیعری هەبێ، تێکەڵاوی چەمکی دزی بکات و جیاوازی تا ڕادەیەك لەنێوان دزی کاریگەری و ئیلهام و لێ وەرگرتن نەکات))(٢٣).

ئەم هەموو بیروڕا جیاوازانەش ڕەخنەی عەرەبی دەوڵەمەندو بیرو بەخششی ئەدەبی فراوان تر کرد کەبووە هۆی لەدایك بوونی چێژی جوداوازەوە))(٢٤).

ئەو بابەتانەی کە دزی کردنی تێدا نییە.

١. مانای هاوبەش وەکو وێکچواندنی جوانی بەڕۆژ و مانگ. بەخشندە بەدەریا، ئازایی بەشێر.

٢. مانای داهێنەر ئەو مانایەی کە خودی شاعیر دەیدۆزێتەوە.

٣. ئەو مانایەی شاعیر وەری دەگرێت و بۆی کەم و زیاد دەکات.

٤. ئەو مانایەی شاعیر وەری دەگرێت و بەشێوەیەکی هونەری جوان دایدەڕێژێتەوە کەلەگەڵ وێنەی یەکەمدا جوداواز دەبێت.

٥. دیسانەوە بەدزی دانانرێت، ئەگەر لەبەر نووسینەوەو ڕوونوس کردن و لەبەرگرتنەوە نەبێت.
٦. واژەی ئاڵوگۆڕکراو و ناسراو ناچێتە خانەی دزییەوە.
٧. مانای جوداواز دیسانەوە ناکرێ بەدزی دابندرێت.

**پێناسەی (التناص) دەق ئاوێزان لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا :-**

دیاری کردنی (التناص) دەق ئاوێزان لەلێکۆڵینەوەی ( Anniek Bouillaguet)ئەنیك بویاگیەدا بەمانای خواستنی ووتاری دانەرێکی تر نەك بەمانا خوازەکەی دێت))(٢٥).

لەلای ژولیا کریستیڤا بڕینی دەستەواژە وەرگیراوەکانی دەقەکانی ترە(٢٦). ژولیا پێناسەیەکی تری دەکات و دەڵێ: ((بڕین و ڕاستکردنەوەو ئاڵوگۆڕی نێوان یەکەی سەر بەدەقە جوداوازەکانە))(٢٧) لێرەدا چەمکی (Intertexte) المتناص هاتەکایەوە کە ڕەخنەگر (جینی) بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێ: زۆر شت لەدەقەکان وەردەگرێت بەڵام مەرکەزیەتی خۆی دەپارێزێ. کەنووسەر باوکی دەقەکەیەو لەئەنجامی گۆڕین و ئاڵوگۆڕدا دەق ئاوێزان چی دەبێ.

لەهەمان کاتدا (میشیل ئۆریفیە) دەڵێ: ئەو دەقەی هاودەقە لەگەڵ کۆی ئەو دەقانەی کەخۆی لەپەیوەندیەکی هاودەقدا دەبینێتەوە.

لەلایەکی تر تزفیتان تۆدرۆف (Tzvetan Todorov) زاراوەی دیالۆگی بەکاربردووە کە باختین بە دیالۆگی زمانەکان و ئاستە جوداوازەکانی ئاخاوتنی ناو دەبات))(٢٨)، التناص) دەق ئاوێزان بەمانای دیاری کراو ئاڵوگۆڕی نێوان دەقەکانی نووسەرانی جیاوازە دەق ئاوێزان وەك ڕفاندنێکی ڕۆشنبیری زۆر لەبیرەوانان لەسەرووی هەموویانەوە (گی

دی بــۆر) ی فەرەنســی دەق ئــامێزان پرۆســەی رفاندنــە، کارکردنــە، مومارەسەکردنە لەسەر دەق و گۆڕینی ڕووەکەیەتی.

بــەم جــۆرە دەق ئــاوێزان هــەر وەکــو رەخنــەگر دەڵــێ ئــامێرێکی بێزارکەرە بنیادی ووشەکانی پێ ئارام دەکاتەوە بەواتاو جوڵانەوە نوێکان دەیشلەقێنێ.

## جۆرەکانی دەق ئاوێزان لە ئەدەبیاتی رۆژ ئاوادا :-

١- التحریــر (Ver-balisation)(نووســینەوەی دەقــی کتــابی کــە لەوەوپێش نەنووسرابێتەوە.

ئەمــەش لەســەر شــێوەی دەقــەکان لــەنێوان جۆرەکــان و ڕەگــەزە جیاوازەکانــدا جــێ بــەجێ دەبێــت بــۆ نموونــە کلــۆد ســیمۆن ( Clud simon) لــە رۆمانەکەیدا (جەنگی فارسال)(Bataille de phasale) وەسفی تابلۆکانی کردووە و لەسەری نووسیوە.

٢- الخطیــة (Linerisation) نووسین دیاردەیەکی نووسراوە پابەنــدە بــە بــەردەوامی ڕێزەکانــەوە، ئاســۆیی‌یە وەکــو ئــەوەی لــە زۆربــەی زمانەکاندا بەرچاو دەکەوێ، وەك لە چینی و یابانی‌دا دەبینرێت.

پلــە بــە پلــە دەق بــۆ نووســەر دێتــە پێشــەوەو پلــە بەپلــە بەچەند شێوەیەك دەنووسرێتەوە، نووسەر بە ئەنقەست بەچەشنی پاکتــاوکردنی ڕەگــەزە بنەڕەتیــەکانی دەق لەگــەڵیا هــاو ئــامێز دەبــن، هاوبــەش دەبــن لەدەق و توخمە نوێکانی لەپەنتایی لاپەڕەداو لەسنووری مادیەکەیدا بــێ ئەوە ســوود لەشــتی تــر وەربگرێت. ریــزی برگــەکان تێــك بــداو، جەخت لەسەر هەنــدێ دێــڕ بکات بــە پیتی جوداواز چاپی بکات، وەکــو جــۆرج

سیمون لەرۆمانەکەیدا کەپێشتر باسمان کرد چەند دێرێ لەمارسیل بروٚست وەردەگرێت.

٣- الترصیح (رازاندنەوە)(Enchassement) نووسەر بە ئەنقەست دەقی خۆی بەهەندێ ڕەگەزی کۆن دەرازێنێتەوە.

٤- التشویش (poranomase) سەر لێشوان نووسەر بە ئەنقەست هەندێ برگە لەدەقی تەرخان کراو دەستی تێوەردەداتو و یاری پێ دەکاو دەیشوێنێ. کلۆد سیمۆن لە رۆمانەکەیدا هەندێ کۆپلەی لە رۆمانی (البحث عن الزمن الضائع) مارسیل بروٚست وەردەگرێت و دەیشوێنێ.

٥- الاضمار او القطع (L'ellipse)بە جێناو کردن و فڕێدان) لێرەدانووسەر وەرگرتنی بڕاو پەیڕەو دەکات، یانی کورت کردنەوەی ئاخاوتن بەجۆرێك لەهەڵگێڕانی دەق لە ڕووە ڕەسەنەکەی و ڕوویەکی تری پێ ببەخشێ، کە خوێنەر چاوەڕێ نەکات (لۆتریامون) لە پاڵەوانی مالدرودا شێوەی باو دەبڕێت.

٦- التضخیم او التوسع (l'amplification) (قەبەکردن یان فراوان کردن) لێرەدا نووسەر بە پێچەوانەی ڕەفتاری لەوەوپێش دەق دەگۆڕێ، هەڵی دەگێڕێ بەوەی کە زیاتر دەوڵەمەندی دەکات. (لۆتریامون) قوڵایی مرۆڤ ودەریای بۆدلێر فراوان دەکات و جەخت لەسەر زیانی مرۆڤ بەرامبەر دەریا دەخاتە ڕوو.

٧- القلب او العکس (L'interversion) ئەم شێوەیە بە زۆری باوە لەدەق ئاوێزاندا، بەتایبەتی لەلاسایی کردنەوەی گاڵتەجاریدا،

لۆتریامون هاودەق بووە لەگەڵ بۆدلێر، بۆنموونە بۆدلێر ڕێڕەوی بەرەو مرۆڤە، لۆتریامون بەرەو دەریای دەبات(٣٠).

٨- تغییر مستوی المعنی: ئەمەش بەگواستنەوەی مانای بۆ ئاستێکی تر، لۆتریامون لە قیامەتەکەیدا وێنەی خوانی خواکان خواردنی گۆشتی مرۆڤە.

٩- التلمیح (تێل نیشان) ئەو تێل نیشانەی کە لەزەینی خوێنەردا هەڵدەقوڵێ زیاتر دەقەکەی روون دەکاتەوە(٣١).

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردە چین؟.

١- دووری ماوەی جوگرافی لەنێوان وڵاتان و کیشوەرەکاندا سەرەڕای پێشکەوتن و پەرەسەندنی هاتوچۆ، لەتوانای خاوەن بەرهەم دا نی‌یە ئەم کارە بە ئاسانی دابین بکات.

٢- بۆ پێشووی کۆمەڵایەتی دژی دەقەکە دەگەڕێتەوە بەتایبەتی لەجیهانی سێیەمدا، چونکە بەرێگای تەنگ پەروەردە بووە.

٣- نەبوونی سانسۆر و پەیڕەو نەکردنی ورد لەلایەن پسپۆرانی رۆشنبیرییەوە لە رۆژنامەو گۆڤار و کتێبدا.

٤- وون بوونی تەشریعاتی یاسایی بەحەقی ئەو کەسانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

٥- بەهۆی پێشکەوتنی رێگای گەیاندنی پرۆگرامی رۆشنبیری لەکەناڵە جیاجیاکانی گێتیدا.

٦- هەست بە پرسیارییەتی نەکردن، بێویژدانی و دەروون لاوازی پاڵ بە نووسەرەوە دەنێت کە ئەم کارە مەیسەر بکات.

٧- وێك چوونی شارستانیتەکان بۆ نموونە دوو شاعیر لەدوو ژینگەی جوداواز دەژین دەبینین لەزۆر ڕووەوە لەشیعرێکدا وێك دەچن و لێکتر نزیکن لە بۆن و بەرام و ڕەونەقی جوانیدا وەك یەکن.

## شێوەکانی ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە:-

١. زۆر دیاردە لە کۆمەڵدا هەیە بە پێشکەوتن و پەرە سەندنی کۆمەڵ بەرەو نەمان دەچێ چونکە لەولاتە پێشکەوتوەکاندا دزی ئەدەبی نییە ئەگەر شتێ هەبێ ئەوا ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەمە کەشایانی باس کردن نییە.
٢. لیژنەیەك پێك بێت کە بەدوای هەموو کارێکی وەرگێڕدراو چاپ کراو بچێت.
٣. ڕۆژنامەنووس بەدوای کاری دزی ئەدەبی بچێت.
٤. دادگا بەتوندی سزای ئەو کەسانە بدات کەبەکاری دزی کردن هەڵدەستن.

## بەراوردی دەقەکان:-

دیاردەی دزی کردن لەزانکۆکاندا یان لەناو ئەدیب و شاعیراندا بەتایبەتی لەجیهانی سێیەمدا بەرچاو دەکەوێت، د. محەمەد مندور لە (نماذج البشرية) لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:- ئەم کتێبە پێشکەشە بە ژنەکەم، وای دەردەخات کە لەدەسکردی مەندوورە، بەلام بەخوێندنەوەی کتێبی (نموونەکانی جیهانی لە ئەدەبی فەرەنسی و بیانی) جان کالفیە کە لەساڵی ١٩٦٣ لە پاریس چاپکراوە، دەردەکەوێ کە د. محەمەد مەندور هەوڵو ماندووبونی (جان کالفیە)ی دزییەوەو بەناوی خۆی بلاوی

کردۆتەوە بە هەندێ دەسکاری بچووکەوە، کاتێ باسکاری خوێندنی بالاّ بووم لەپاریس هاوڕێ (کازم جیهاد)یش پێی ڕاگەیاندم کە خەریکی چاپکردنی کتێبێکە لەسەر دزییەکانی ئەدۆنیس، دوای ئەوەی پێکەوە فەرەنسی و عەرەبیەکانمان بەراورد کرد، بۆم روون بۆوە کەقسەکانی کازم جیهاد راستە، هەندێ شتی لە ئەدەبیاتی فەرەنسی وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی ئەدۆنیس رۆشنبیرێکی قووڵی لەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسی هەیە، بۆیە بە ئاگایی وبێ ئاگایی لەبەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داونەتەوە، بەڵکو بەکاری وەرگرتن و گواستنەوە دادەنرێت.

دەقێکی (الاصمعی) دەخەینە ڕوو کە ئەدۆنیس دەقاو دەق بەدەسکاریەکی کەمەوە وەری گرتووە.

دەقەکەی الاصمعی:-

خرجت حاجا الى بيت الله الحرام عن طريق الشام فبينما نحن سائرون اذ خرج علينا اسد عظيم، هائل المنظر، فقطع على الركب الطريق، فقلت لرجل بجانبي اما في هذا الركب رجل ياخذ ويرد عنا هذا الاسد، فقال اما رجلا فلا اعرف، ولكني اعرف امراة ترده من غير سيف، فقلت واين هي؟ فقام وقمت معه الى هودج قريب، فنادى يا بنية! انزلي وردي عنا هذا الاسد فقالت: يا ابت ايطيب قلبك ان ينظر الى الاسد وهو ذكر وانا انثى؟ ولكن قل له: ابنتي فاطمة تقرئك السلام وتقسم عليك بالذي لاتاخذه سنة ولا نوم لا ماعدلت عن طريق القوم قال الاصمعي: فوالله ما استتمت كلامها حتى رايت الاسد ذاهبا امامنا!(٣٢)

دەقی ئەدۆنیس

كنا حشدا كبيرا ، نساء و رجالا نسير في طريق النساء

فجأة خرج علينا فهد قطع

الطريق قلت لرجل بجانبي:

اليس هنا فارس يرد عنا

هذا الفهد؟

لا اعرف ، ولكن اعرف امراة

ترده.

اين هي؟

سار وسرت معه الى هودج قريب فنادي:

نادا، انزلي وردي عنا هذا

الفهد.

فقالت:

اطيب قلبك ان ينظر اليٰ وهو

ذكر وانا انثى؟

قل له : نادا تحييك و تامرك ان

تفتح الطريق.

فحنى الفهد راسه وغاب)(٣٣).

دەقی البيريس پێناسەی شيعری نوێ:-

اذا كنا نريد تعريفا للشعر خاص بعصرنا، ينبغي الا نبحث عنه في تقلبات الشكل، ولا في الاختفاء التدريجي لضوابط البيت، بل في وظيفة الممارسة الشعرية التي تجعل من نفسها بحثا عن حقيقة خفية ولهذا كان للشعر الحديث الحق في ان يكون غامضا مترددا، لا منطقيا، ولا يستطيع ان يستخلص أي فائدة من المصطلحات الشكلية لحاجته، على العكس الى الحرية المطلقة في التصوف و التبؤ))(٣٤).

دەقى ادونيس:-

ان الشعر الجديد، باعتباره كشف ورؤيا، غامض، متردد، لامنطقي ولهذا، لابد له من العلو على الشروط الشكلية، لانه بحاجة الى مزيد من السر و النبوة، فالشكل يمحي امام القصد و الهدف، مع ذلك فان تحديد شعر جديد خاص نبا نحن في هذا العصر، لايبحث عنه جوهريا في فوضى الشكل، ولا في التخلي المتزايد عن شروط البيت، بل في وظيفة المارسة الشعرية، التي هي طاقة ارتياد وكشف.(٣٥).

شاعيره نوێخوازەکانى لاى خۆشمان، گۆران، شێخ نورى شێخ سالح، دڵدار بە ئەدەبياتى توركى بەتايبەتى بە شاعيرەى گەورەى تورك(تۆفيق فيكرەت) موتەئەسير بوونە، لەم بارەيەوە مامۆستا (ئەحمەد تاقانە) دەڵێ:-

>>وەك دەردەكەوێ تۆفيق فيكرەت، شاعيرێكى گەورەى ئەوتۆ بووە، كەئەو كەڵە شاعيرانە پەيرەويان كردووەو كەوتونەتە ژێر ئەو بارەى كەكارى لەخۆيان و شيعريان كردووە، هەرچى شێخ نورى شێخ سالحە، شيعرى تۆفيق فيكرەت ئەوەندە كارى لێكردووە، تەنانەت هەندێ لە شيعرەكانى بەگۆرينەوەى دەقاودەق كردووە بە كوردى، يان كۆپلەيەكى لەلاى خۆيەوە ناوەتە سەر لەوە بێدەنگ بووە، كەبڵێ ئەو شيعرە گۆرينەوەيە، بەم جۆرە بەهى خۆى لەقەڵەم داوە، هەروەها ئەو شيعرەى (دڵدار)يش كەئامازەمان بۆ كرد هەر دەبێ لەم خانەيەدا پۆلين بكرێ هەرچى مامۆستا (گۆران)يشە، شيعرى فيكرەت وەك خۆشى باسى كردووە، زۆر كارى لێكردووە، بەلام پياو بۆ خوداى بڵێ، بەشێوەيەكى زيرەكانەو هونەرمەندانە و شاعيرانە، هەندێكى لێ وەرگرتووە و لێى

فێربووه دیاره شاعیری بەتواناو لێهاتوو، دەتوانێ سوود لەئەدەبیاتی نەتەوەی دی وەربگرێ و لەبەرهەمی خۆیدا موتربەی بکات و بەرهەمێکی بەپێزی لێ دروست بکات>>(٣٦)، هەندێ لە شاعیرە لاوەکانیشمان بەهۆی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسییەوە، کاریگەری و وەرگرتن بەهەندێ لەشیعرەکانیانەوە دیارن.

فیکرەت و شێخ نوری ساڵح:-

لەنێو شیعرەکانی شێخ نوریدا چوار شیعریان بەرچاو دەکەون کە تۆفیق فیکرەت کاری تێکردوون، بەڵکو دەگاتە رادەی گۆڕینەوەی دەقاو دەقی زۆر لایەنی و لێ وەرگرتنی زەق و دیار ئەم شیعرانەی خوارەوە ئەو سەرنجەی راکێشاوین.

گریە – خسران ناونیشانی شیعرێکی تۆفیق فیکرەتە کە دەقە تورکییەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە:-

گریەی خسران

گریانی نائومێدی

بگری ئەی ئەی شیعری ناتوانا بگری
هیوای دەم بە بزە لەگیانمدا مردن
ئێستا بەهەتییوە کفن لەسەر شانی بێزاری
سەر سەرییانە دەگەڕێ پەریی خەیاڵ
بگری ئەی گیانی خەم پێکاو بگری
هەستە ورشەدارەکانی ناو شیعرم کوژانەوە
ئەو هالاوانە ئەو کۆمەڵ کۆمەڵ پڕیشکانە
ئێستا مشتێك خۆڵەمێشی ساردو سڕن

* * *

بگـــــری ئـــــەی چـــارەی خــــەزان بـگــــری
هەڵچوونەوەم شەختەیان بەگریانەکانی ناو دڵم بەست
ئێستـــاکـــە مـــن بـــەشـیـنـێکەوە گیرۆدەی خەزانم
گـــریـــانـێـکـــی دوانــــەهــــاتـــــووم دەوێ

★ ★ ★

بگری ئـەی شیـعری نـاتـوانـا بگری
بگری ئەی گیانی خەم پێکاو بگری
بگری ئـەی چارەی خــەزان بگـری
بگریـن بـــەڵکو گـریان پەتایەك بێ
جـۆش و کـوڵـی گریانێکم بۆ بهێنێ(٣٧).

ناونیشانی ئەم شیعرە لەلای شێخ نـوری بووەتـە (رەخنـە لـەخۆو سکالا) دەقەکەی ئەمەی خوارەوەیە:-

بگری ئەی شاعری ناتەوان بگری
مرد لە رووحی منا هەموو ئامال
بێ خـودان کفن بـدوشی مەلال
ئـەگەڕێ سەرسەری پەریی خەیاڵ

★ ★ ★

بگـری ئەی رووحی غەمنیشان بگری
کـــە بـــەکوللی نـەما لـەشیعری منا
زەرەیـــە لفظي رێــك و مـــەعـنـــا
وەکـو ئـەفسـوردە ئـاگری سـەرمـا

★ ★ ★

بگری ئەی چیهرەیی خەزان بگری

گریەی دڵ مێشکی بکا هەیەجان

بێت و گەر بکەی بەوەقفی خەزان

گریەیەکی غەریبو بێ سامان

* * *

بگـــری ئــەی نــاڵــەی فیغــان بـگـری

گـریـەیـــەکـی وەهــا بــەجۆش و خرۆش

کە نەمێنێ نەعەقڵ و نـەفەهم و نەهۆش

خەرقـەیـی مـاتـەمی و نـاڵـە بـەدۆش

* * *

بگـری ئـەی تـەبری بێ ئامان بگری

تـۆی کـە چاوانی من بکەی تەمسیل

گریـەیی چاوی تـۆ ئـەکـەم بەدەلیل

وەکو تۆ خوێنی دڵ ئەکەم بـە سـەبیل

* * *

بگری ئـەی شیعـری ناتەوان بگری

بگری ئەی رۆحی غەمنیشان بگری

بگـری ئـەی نـاڵەو فیغـان بگــری

بگـری ئەی ئەبری بێ ئـامان بگری(٣٨)

دەقی شیعرەکەی (تۆفیق فیکرەت) لەبەهار دا

لە فرانسوا فۆپەوە وەرگیراوە

بەناو شەقامی بێ سێبەر و نهێنی پەروەردا

پێکــەوە و تــەبــاو هــاو ئامـانج و هاوسەر

پڕ لە جوانی و رووناك

بێ ڕاو بکەین

من سەرواکان و تۆ پەپوولەی زەرگفت

* * *

لەدەشتەکاندا لەناو ئەو تەنیاییە خەمهێنەدا

ئاوازەکانی کامەرانی بوون وەك بەلرزێنەوە وایە

لووت بەرزی بەجێ بێڵە

بێ....... با ببیستین ..بێ

من زەمزەمەی شیعر و تۆ ئاهەنگی مەلان...

* * *

شتەکان خزمەتکاری بێ منەتی هیواکانمانن

هەموو جێیەك وەك ڕێگاکان هەڵکەوتووی دڵداریمانن

حەسوودی پێ براو و بەشکۆ

بێ ... با کۆبکەینەوە..بێ

من نیوە دێرە شیعری تەندار، تۆ گوڵی نەرموونیان

* * *

پێ زەمزەمە ، بارگەکراو بە دەروونێکی پرشنگدار

رۆژە هەمیشەییەکانمان با بەسەر چن نایاب و گوڵڕەنگ

تۆ شیعری تەنداریت و

من شاعیری سرووش بۆ هاتوو

تۆ جوانی و فسوون من رۆژ بە رۆژ گیرۆدەتری تۆ(٣٩).

دەقەکەی (دڵدار)ی شاعیر

بۆ ئەو کەسەی کە....

لـە بـن سایەی چەمەنزاری بەهاری
با پێکەوە بیـن یـەك دڵ و ڕوخـۆش
دڵ روون و خرۆش باراوێ بکەین سا
هـەڵبەستـە من و تۆ دڵی پڕ جۆش

★ ★ ★

تـەنهـایـی بیـابـانێکـی پـڕ سۆز
جا لەڕێیەوە ئاوازی زەمین سوی سـرور
سا بەسیە غـرور سـاتێ بیبیەیـن سـا
من نەی دمێ دڵداری و تۆ دەنگی طیور

★ ★ ★

خـدمـەتـچـی نیـازمـانە شتومەك لەژیان
تـوحفـەی دەسی دڵـداریە بـا نـرخ و بەها
پـەرێـزو (معلا) کـاتـێ بچێیـن سـا
من بەستەی بەرجوستەو تۆ نێرگزی شەهلا

★ ★ ★

پـڕ زەمـزەمـە بـاغێکە زەمین تۆم هەبێ بەدەم
خۆش نەشووە چە جامێکە ژیان ساغری گۆلگوون
تـۆ شعـری (مجسم) من شـاعیـری (ملهـم)
تۆ (حسن و فسوون)من هـەمـدەمـە مفتوون(٤٠)

**کۆتایی:**

**لە کۆتایی باسەکەماندا دەگەینە ئەم ئانجامانەی لای خوارەوە:-**

١. جیاوازی یەکی ورد هەیە لەنێوان بیروڕای رەخنەگران لەسەر کێشەی دزی ئەدەبی، چ ئەوانەی لایەنگری واژەن، یان ئەوانەی لایەنگری مانان، یاخود ئەوانەی لایەنگری هۆنینەوەن.

٢. بیروڕای وورد لەنێوان رەخنەگرانی کۆن و نوێدا لەبارەی کێشەی دزی ئەدەبییەوە خۆی دەنوێنێ.

٣. مەبەستمان بریندار کردنی شاعیران نەبووە، بەڵکو دەرخستنی ڕەسەنایەتی وەرگرتن بووە، هەرچەندە لەهەندێ ڕەخنەدا شکاندنی شاعیری پێوە دیارە.

٤. رەخنەگران پێوانەیەکیان هەبووە لەکێشەی دزییدا، ئەویش کە دانیان بەوەرگرتن کردووە، بۆ داهێنانی وێنەی هونەریی، هەر هەمووش لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە دزی کردنی وێنە ناشیرین ترین دزی کردنە.

٥. دەق ئاوێزان چارەسەرێکی نوێیە لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا بۆ تێکەڵاوبونی شارستانیەکان و نزیک بوونەوەیان و سوود لەیەکتر وەرگرتنیان و موتربەکردنی ئەدەبی خۆماڵی کە مۆرکی تایبەتی خۆی هەبێ.

٦. رەخنەگرانی نوێ درێژەوە بووی سروشتی بیروڕای رەخنەگرانی کۆنن، پێویستە دیاردەی گەڕانەوە بەرەو کەلەپوور لەبەرچاو بگرین کە هۆیەکی ئەم بووژانەوە نوێیەیە، هۆیەکی بەهێزیشە لە نزیک بوونەوەو پێکەوە گرێدانی بیروڕای رەخنەگرانی کۆن و نوێ لەبارەی دزی ئەدەبییەوە.

سەرچاوەكان:


١. الفيروز ابادي، القاموس المحيط ، مكتبة التراث ، ١٤٠٧هـ.

٢. د. عبدالعزيز عتيق، في النقد الادبي، دار النهضة العربية ١٣٩١ص٣١٠.

٣. د. انعام خوالي عكاوي، المعجم المفصل في الادب، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٩٢،ص٥٢٤.

٤. ابو الفرج الاصفهاني ، كتاب الاغاني ، دار التونسية، ١٩٨٣.

٥. د. محمد مندور، النقد المنهجي عند العرب ، دار النهضة القاهرة، ص٣٠٨.

٦. د. محمد الراية تاريخ النقد الادبي في الاندلس ، ص٤٣٤.

7. Gilles Deleuze, Dialogues, avec claire, Ed, Flammarion, Paris, 1977, P.13.

٨. د. محمد مندور ، النقد المنهجي عند العرب ، دار النهضة ، القاهرة ، ص٣٥٧.

٩. د. بدوي طبانة السرقات الادبية ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٤، ص٦٥.

١٠. د. عبدالطيف محمد السيد الحديدي، السرقات الشعرية بين الامدي و الجرجاني في ضوء النقد الادبي القديم و الحديث، دار السعادة القاهرة، ١٩٩٥.

١١. د. حسن طبل، المعنى الشعري في التراث النقدي، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٨،ص٢٠٣.

١٢. ابي هلال العسكري، حققه وطبعه...د. مفيد قميحة كتاب الصناعتين، دار الكتب العلمية، بيروت ط٢، ١٩٨٤، ص١٤٦.

١٣. الحصري (ابو اسحاق القيرواني). زهرة الاداب و ثمر الالباب، دار احياء الكتب العربية،١٩٥٣،ص٦٦٦.

١٤. الامدى (الحسن بن بشر)، الموازنة بين ابي تمام و البحتري، بدون تاريخ، ص١٣١.

١٥. ابو هلال العسكري، كتاب الصناعتين، ص١٤٦.

١٦. محمد مصطفى هدارة، مشكلة السرقات في النقد الادبي، المكتبة الاسلامي ، بيروت ،١٢٠٩، هـ، ص٤٩.

١٧. القاضي الجرجاني ، تحقيق محمد ابو الفضل ابراهيم على، الوساطة بين المتنبي وخصومه، دار احياء الكتب العربية ، ط٢، ١٩٥١، ص١٨٣.

١٨. يحيى بن حمزة العلوي، الطراز ، دار المقتطف ، مصر ، ص١٨٨.

١٩. محمد مصطفى هدارة، مشكلة السرقات في النقد الادبي، المكتبة الاسلامي ، بيروت ١٣٩٠، ص٣١٠.

٢٠. الصاحب بن عباد، الكشف عن مساوئ المتنبي، مكتبة القدس ، مصر، ١٩٤٩.

٢١. عبدالحى دياب، التراث النقدى قبل مدرسه الجيل الجديد، دار الكاتب العربى، القاهره،١٩٦٨.ص٧٩.

٢٢. د. محمد مندور ، النقد المنهجى عند العرب، ص٣٠٨-٣٠٩.

٢٣. د. محمد زكي العشماوي، قضايا النقد الادبي بين القديم و الحديث، دار النهضة العربية ، بيروت، ١٤٠٤هـ، ص٣٦٤-٣٦٥.

٢٤. د. عبدالفتاح علي عفيفي، الذوق الادبي ، مطبعة الامانة، القاهرة، ١٩٨٧، ص١٢٤-١٢٥.

25. Poetique, Paris, No 8.

26. Julia Kristeva, Recherches pour une semanalyse, Ed, du Seuil, Paris, 1969.

27. Julia Kristeva,Le texte du Roman, Paris, 1976.

٢٨. كاظم جهاد ، ادونيس منتحلا، مكتبة مدبولي١٩٩٣.

٢٩. نفس المصدر السابق.

30. Lautreamont et sade, Ed, minuit, Paris, 1963.

31. Michael Riffaterre, La production du texte, Ed, du seuil, Paris, 1979.

٣٢. الوهايبي، الجسد المرئي و الجسد المتخيل في شعر ادونيس، قراءة تناصية، تونس ،١٩٨٧.

٣٣. ادونيس، الاعمال الكاملة، تحولات العاشق، دار العودة ص٥٣٦.

34. R.M.Alberes, Bilan litteraire du xxsiecle, Ed, albain Michel, Paris, 1957.

٣٥. ادونيس، زمن الشعر ، دار الفكر ، بيروت ، ١٩٨٦.

٣٦. رامان ژماره ٤١، ١٩٩٩.

٣٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٨. مصلح جەلالی، شێخ نوری ، دەنگی ڕەسەنی شیعر ، بەغداد، ١٩٨٤، ل١٣٠.

٣٩. رامان ژماره ٤٢، ١٩٩٩.

٤٠. عبدالخالق علاءالدين، دڵدار شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کورد، دار افاق العربيه، بغداد،١٩٨٥.

## چەمکی نامۆبوون لەئەدەبیاتی ئەوروپی و لە شیعری نوێی کوردیدا

### پێشەکی

لەم دواییەدا بابەتی نامۆبوون لەلایەن نووسەران و رۆناکبیرانەوە بایەخێکی یەکجار زۆری پێدراوە، خۆی لەهەموو سووچێکی چالاکی رۆشنبیری سەپاندووە، شوێنێکی بەرچاوی لەکتێبی رەخنە و شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی نوێدا داگیرکردووە، وەکو ئاستەنگێکی دیار لەکارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا رەنگی داوەتەوە، فرە لێکۆڵینەوەی بەزمانی بیانی لەسەر نووسراوە، کە تێکرا هەوڵی چارەسەرکردنی دیاردەی نامۆبوون و توێژینەوەی چەمکی نامۆبوون و پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە دەخەنە روو. بەڵام بەزمانی کوردی شتێکی ئەوتۆ نەنووسراوە کە شایەنی باس کردن بێت، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی کە تاوتۆی چەمکی نامۆبوون لەئەدەبی ئەوروپی و لە شیعری نوێی کوردیدا لەئەستۆ بگرین، و تیشك بخەینە سەر ئەدەبی ئەوروپی، کە بەهەوێن و سەرمەشق دەدەنرێن لەم بوارەدا، پاشان جەخت کردنە سەر شیعری نوێ لەناوەوەی کوردستان و لە ئاوارەیی و مەنفادا زۆر لە نووسەران و شاعیرانی شۆڕشگێڕ بەناچاری بەرەو تاراوگەو هەندەران سەری خۆیان هەڵگرت.

### پێناسەی چەمکی نامۆبوون

١ – ووشەی نامۆبوون لە زمانی ئینگلیزیدا (Alienation) ئەلیناشین و لە زمانی فەرەنسی‌دا (Alienation) ئەلیناسیۆنی پێ دەڵێن. بنەچەیەکی لاتینی‌یان هەیە کە لە ووشەی (Alienatio) ئەلیناتۆ وەرگیراوە<<[1].

أ – چەمكی نـامۆبوون لـەبواری یاسـاییدا لـەزمانی ئینگلیـزی و فەڕەنسیدا بەمانای گواستنەوەی موڵكداری لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تـر دەگەیەنێ.

ب – لەبواری پزیشكیدا بەمانای تێك چوونی عەقڵیدێت.

ج – لە بـواری پەیوەنـدی نێـوان كەسـەكاندا، لـەزمانی ئینگلیـزی و فەڕەنسیدا بـە تێـك چوونی پەیوەنـدی و دۆسـتایەتی نێـوان دوو كـەس دەوترێت.

۲ – لە زمـانی ئەڵمانیـدا واژەی (Entfremduag) بـەمانای نـامۆبوون دێت كە بەرامبەر واژەی (Alienation)ی ئینگلیزی و فەڕەنسی دەوەستێ، كەمانای گواستنەوەی موڵكایەتی لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر نەك بەڕێگای یاساییەوە بەڵكو لـەڕێگای دەسـت بەسـەرداگرتن و دزی كردندا، بەڵام گواستنەوەی موڵكایەتی لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تـر ووشەی (Veroussenuag)ی پێ دەڵێن>>[۲].

نامۆبوون لەزمانی ئەڵمانیشدا بەمانای تێـك چـوونی عـەقڵی دێـت، مانـای تریشـی بەئـەڵمانی بەنابەڵـدبوونی پەیوەنـدی نێـوان كەسـەكان دەڵێن.

لەفەرهـەنگی نـوێدا بـەمانای نـەمانی پەیوەنـدی مرۆڤایـەتیو پەیوەنـدی مـاددی شـوێنی دەگرێتـەوە، مـرۆڤ وەكـو دەسـەڵاتێكی نـامۆ هەوەسی كەلو پەلی بەسەر زاڵ دەبێ.

## نامۆبوون لەدیدو بۆچوونی جوداوازەوە

### ١ – نامۆبوون لای مارکسیەکان :-

ئەوی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەم دیاردەی کۆڵیوەتەوە مارکس بوو، دەستنووسەکانی ساڵی (١٨٤٤) لەسەر ئابووری سیاسی و فەلسەفی، ساڵی ١٩٣٢ بڵاوی کردوونەتەوە، هەنگاوێکە بۆ ناساندنی چەمکی نامۆبوون، ژمارەیەك لە فەیلەسوفەکان پێش مارکس چەمکی نامۆبوونیان بەکار هێناوە، هەریەکە ناوەرۆکێکی تایبەتی پێ بەخشیوە، مارکس بیری مرۆڤایەتی لێ گۆستونەتەوە، ناوەڕۆکێکی نوێی پێ بەخشیوە، وەکو فەیلەسوفێکی مرۆڤایەتی نارەزایی خۆی بەرامبەر بە نامۆیی مرۆڤ و لەدەست دانی خود دەردەبڕێ، هەموو ئەو نووسینە نوێیانەی تر لەژێر کاریگەری کتابەکانی مارکس لەدایك بوون، ئەو زاراوانەی کە پێش مارکس بەکار هاتوون، زاراوەی نامۆبوونە لە کتێبی گرێبەندی دەروونی (جان جاك رۆسۆ) بەو پێیە تاك نامۆبوونی خۆی بەکۆمەڵ دەبەخشێ. یەك لەبەندەکانی گرێ بەندی کۆمەڵایەتینامۆبوونی تەواوە، لەلایەن هەر ئەندامێك کە بەشدارە لە کۆمەڵ و وازهێنانە لە سەربەستی سروشتی، بەپێی ئەو تیۆرە مافەکانی سروشتی تاك تووشی نامۆبوون دەبێ و بۆ دەوڵەت دەگوێزرێتەوە، مرۆڤ کە پێشتر ئازاد و سەربەخۆ بووە، دەبێتە پاشکۆ و کۆیلەی دەوڵەت، مارکسیەت خەوش لەم تیۆریە دەگرێ و دەڵێ >>شیکردنەوەیەکی میسالیانەیە بۆ پەیدابوونی دەوڵەت، بەو پێیە بنچینەی ئابووری کۆمەڵایەتی و شێوازی چینایەتی سەرخانی سیاسی فەرامۆش دەکات<<[٢].

بەلام هیگل گفتوگۆی لەسەر زاراوەی نامۆبوون لە کتێبەکەیدا (دیاردەکانی عەقڵی تەواو) کردووە و دەڵێ، >>سروشتی مرۆڤ جووتە، تاك و کۆ خۆی دەنوێنێ، مەبەست لەسەرانسەر بنیاتی کۆمەڵایەتی‌یە بە شتێکی عەقڵی دادەنێ، وەکو بابەتی عەقڵی مرۆڤ سەیری دەکات<<[٤]پاشان دەڵێ پەیوەندی مرۆڤ بە بنیاتی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی‌یەکی یەکەی تەواوی خێراو خۆکارە. لەهەمان کاتدا لەوانەیە ناکۆکی دروست بێ لەو کاتەدا مرۆڤ بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، بەو جۆرە تاکی جوداواز چی‌دەبێ تاك سەیری بنیات وەکو شتێکی تر دەکات و لێی نامۆ دەبێ، ئەو دابڕانە لە بنیاتی کۆمەڵایەتی، یەك لە ماناکانی نامۆبوونە لای هیگل. ئەم جۆرە نامۆبوونە، نامۆبوونی تر دروست دەکات، ئەویش نامۆبوونە لەخود، مرۆڤ بە بیروباوەڕی هیگل >>بنەڕەتی عەقڵە، سەرانسەری فەرمانێکی بنەڕەتی‌یە، چونکە شتی عەقڵی لەبنەڕەتەوەیە<<[٥].

مارکس ڕەخنە لە بۆچوونەکانی هیگل دەگرێت و دەڵێ :- >>مرۆڤ دیارە لە خودە، بەلام خود بەتەنیا مرۆڤ نییە<<[٦] پاشان دەڵێ :- >>بیری نامۆبوون لای هیگل نامۆبوونێکی ناڕاستەقینەیە و ئەو ڕێگایەی کە بۆ نامۆبوون پێی گەییوە بیرێکی هەڵەیە<<[٧]. (لودفیج فویرباخ) کە قوتابی (هیگل) ـە لە دەستنووسەکانی مارکس دا، شوێنێکی بالای هەیە، مارکس ڕێزی بیری فیرباخ دەگرێت و دەڵێ :- >>پرۆسەی بۆ ئایین گەڕانەوە شتێکی ڕاست نییە، چونکە چەمکی نامۆبوون جیاکەرەوەی بوونی مرۆڤ نییە بەڵکو پەیوەندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە<<[٨].

ماركس لە دەسنووسەكانیدا جەخت لەسەر سروشتی مرۆڤ و سروشتی كار دەكات و دەڵێ :- >>كاری مرۆڤ ژیانی مرۆڤە، وزەی لەش و گیانی تایبەتی كرێكارە، كە لەچالاكی كاری بەرجەستە دەبێ و لەخودی خۆی شتێكی نامۆدەبێ و بۆ كەسێكی تر دەچێت<<(٩) نامۆبوون لە كەسانی تر جۆرێكی گرنگی نامۆبوونە لای ماركس و باوەڕی وایە كە ئەم جۆرە ئەنجامێكی مسۆگەرە بۆ نامۆبوونی بەرهەم و نامۆبوونی كار لەم ڕووەوە دەڵێ :- >>ئەنجامێكی ڕاستەوخۆی واقیعی ئابوورییە كە مرۆڤ لەبەرهەمی كارەكەی و لە فرمانەكانی نامۆ دەبێ<<(١٠) چونكە لە كۆمەڵگای شارستانێتی سەرمایەداریدا پەیوەندی كۆمەڵایەتی بەجۆرێكە كە مرۆڤ لەگەڵ كەسانی تر نامۆ دەبێ. ماركس دەڵێ نامۆبوون شتێكی سەروەری نییە، بەهاتنە كایەی ڕژێمێكی ئابووری كۆمەڵایەتی باشتر مرۆڤ ئازاد دەبێ، كە مرۆڤیش ئازاد بوو لە نامۆبوون ڕزگاردەبێ بە كورتی>>نەهێشتنی موڵكایەتی تایبەتی یانی نەهێشتنی هەموو نامۆبوونێكە<<(١١).

**٢ – نامۆبوون لای وجودیەكان :-**

لە ڕاستیدا بیری نامۆبوون شوێنێكی گرنگی لەبیری وجودیەكان داگیركردووە، هەموو فەیلەسوف و نووسەرەكانی وجودی لەو باوەڕەدان كە مرۆڤ لەو گەردونە فراوان و بەرینەدا هیچ شتێكی نییە كە پێشكەشی بكات، بەڵكو زیاتر هەست بەیەكەی و نامۆبوونی دەكات. >>چونكە وجودیەكان بایەخ بە ژیان و بوونی واقیعی بەڵگەدار دەدەن و باوەڕیان بەگەوهەرو چیەتی پێشوو نییە لە بوونی مرۆڤدا، لە ڕوانگەی وجودیەكان مرۆڤ كردگاری خودی خۆیەتی، سەرچاوەی

هـەموو فرمانـەکانی لـە خـودی خۆیـەوە هـەڵقوڵاوە، خـۆی خـاوەنی چارەنووسی سەربەخۆیی خۆیەتی<<[١٢].

فەلسەفەی وجودی بەسەر دوو چەشن دابـەش دەبـن، ئیمانـدارەکان وەکو>>فەیلەسوفی دانیمارکی سورین کیرکجورد، فەیلەسوفی فەڕەنسی گابرێـل مارسـیل، بێئیمانـەکانیش فەیلەسـوفی ئـەڵمانی مـارتن هیـدگر، فەڕەنسیەکانیش سیمۆن دی بوفوار و جان پۆل سارتر، نامۆبوون لەلایان سێجۆرە، نـامۆبوون لـەخود نـامۆبوون لـە کەسـانیتر، نـامۆبوون لـە خوداوەند.

(کیرکجـورد) فەلسـەفەکەی بەشـێکە لـە ژیـانی تـەنیایی و دوورە پەرێزی، شوڕشێکی دژبە فەلسەفەی باوی چەرخەکەی ڕاگەیاند، گاڵتـەی بەهەموو فەلسـەفەکانی زانسـتی کـرد، کـە مـرۆڤ لـە تێگەیشتنی مانـای بوون قەدەغەدەکـەن، گـرنـگ ئەوەیە بـۆ بـیری بـوون بگەڕێتـەوە کـە لـە ناخەوە بیرێکی خۆیەتی و تاکە<<[١٣]، بەلای (کیرکجورد) ژیـانی کۆمـەڵ دابەزینە لەبوونی ڕاستی، کاریگەری لەسەر جێ دەهێڵێ >>تاك و تـەنیا بەشـتێکی پیرۆز دەزانـێ چـونکە بەهۆیـەوە دەگەینـە ڕاسـتی خـود، کـە دۆخێکی خوداوەندی هەیە<<[١٤].

(کـارل جاسـیرز) دەڵـێ :>>بـوونی ڕەسـەن تـەنیا بـە نـامۆبوون لەگەسانی تـر جێبـەجێ دەبـێ، لەسـەر مـرۆڤ پێویسـتە بەتـەنیا ڕوو لـە خودا بکات و ژیانێك دوور لەکەسانیتر بژیت، کە پارێزگاری یەکایەتی و سەربەخۆیی لەخۆ بگرێ<<[١٥].

(هیـدگر) دەڵـێ :- >>بـوونی ڕاسـتەقینەی ڕەسـەن، ئـەو جۆرەیـە لـەبوون، کـە بڕیـاری پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ کەسـانی تـر نییـە، بـەڵکو بڕیارەکان، بڕیاری مرۆڤن، هەڵبژاردەکانیش خۆی دیاری دەکات<<[١٦]

(هیدگر) دەڵێ :->>بۆمان نالۆێ درکێکی ڕاست بەمانای بوون بکەین، ئەگەر بە ئەزموونی ڕاڕایی نەڕۆین، ڕاڕایەك کە ڕاستەوخۆ نەبوونمان یاخود شیانی مردنمان بۆ دەدۆزێتەوە، مردنێك کە لە ناخی بوونمانەوەیە، ئەم شیانە جێبەجێبێ یان نەبێ لەدوارۆژێکی نزیك دا لەوانەیە لەیەك کاتدا جێبەجێبێ، ئەوا پێویستە پێی ڕازیبین، ڕازی بوونی خود بۆ بوونمان، کە بوونێکی کۆتاییيە، مەرجێکی پێویستە لە بوونی ڕەسەنمان<<[١٧]، (سارتر) لە هەموو کارەکانیدا هەڵوێستێکی جێگری هەیە، بەرامبەر بەوکەسانەی کە ئازادی و بەپرسیاری تاکیان کپ دەکەن و دەڵێ >>مرۆڤ، نابێ بە مرۆڤێکی تەواو، ئەگەر درك بە توانای کەسایەتی خۆی نەکات<<[١٨]، لەبەرهەمی (بوون و نەبوون)دا دەڵێ :->>گەوهەری پەیوەندی باوی نێوان خەڵکان دووبەرەکی و ناکۆکيیە هەموو خودێك هەوڵ دەدات لە دەسەڵات و بەندایەتی خودی تر دەرباز بێ[١٩]، << وجودیەکان باوەڕێکی بنبڕیان هەیە کە مرۆڤ خەمۆکی قووڵە<<[٢٠]، سارتر دەڵێ :- >>ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە هەست بە ڕاڕایی و خەمۆکی ناکەین یان ئەوانە لە ڕاڕایی خۆیان ڕادەکەن، فێڵ لە خودی خۆیان دەکەن، تیۆروانینی (فرۆید) لەمەڕ نامۆبوونی مرۆڤەکان بۆ چەندین کۆت و پێوەندی کۆمەڵایەتی کە هەر لە منالیەوە دەخرێنە گەردەنی مرۆڤەکان ئەم کۆت و پێوەندانە وا لە مرۆڤ دەکات کە دوورە پەرێز و نامۆ بێ<<[٢١]، (فرۆم) لە ڕوانگەی کەسایەتی خۆیەوە لەنامۆبوون دەڕوانێ، بەلایەوە نامۆبوون جۆرێکە لە تاقیکردنەوەی کەسەکە کە خۆی بە نامۆ و جوداواز لە کەسانی تر دەبینێ<<[٢٢].

### ٣ – نامۆبوون لای موسڵمانەکان :-

ئـەم جـۆرە نامۆبوونــە هاوبەشـە لـە نێـوان هـەموو مرۆڤێـك دا، هەموویان غەریبن لـە دنیـادا، دنیـا تـەنیا دەربەندێکە بـۆ ئـەوەی لـەوێ بـەرەو دنیـای سـەرمەدی بچـن، >>یـاقوم انمـا الحیـاه الـدنیا متـاع، و ان الاخرة هی دار القرار<<[٢٣].

>>نامۆبوون لە ئیسلامدا مانای دوور کەوتنەوەو دابڕانە لە ژیانی کۆمەلایـەتی، هـەموو خۆشـیو چـێژێکی ژیـان فـەرامۆش بکـات، بەتـەنیا پابەنـدی ئـایینی ئیسـلام بـێ<<[٢٤]لـە دوارۆژدا پاداشـتێکی گـەورەی پێدەدرێ. محمد (د.خ) دەفەرموێ :- بدا الإسلام غریباً و سیعود کما بـدا فطوبی للغرباء[٢٥].

### ٤ - نامۆبوون لەئەدەبی ئەوروپیدا :-

ڕەخنــەگرو لێکۆڵــەرەوەکان لەســەدەی بیســتەهەمدا بایــەخێکی زۆریان بەم جۆرە ئەدەب دا و لێتۆژینەوەو هەڵسەنگاندنی زۆریان لەسەر کـردووە، کـوڵن ویلسـۆن ((Colin Wilson)) کتابـە بەناوبانگەکـەی (نامۆ) ساڵی ١٩٥٦ بەچاپی گەیاند، ئەم کتێبە هەرایەکی گەورەی نایـەوە، هەرایەگەشــی بـۆ ئـەو بابەتانــە دەگەڕێتــەوە کــە کتێبــی نــاوبراو خستبوونیەڕوو، وەکو نامۆ مانای چیە؟ ئـەو هۆیانـە چین کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە و چۆنیەتی دەربـازبوون لـەم دیاردەیـە، دیارە نامۆبوون گیرو گرفتێکی کۆنە، بەلام پاش جـەنگی دوومـی جیهان لای لێکراوەتــەوە، ئاشــکرایە نــامۆبوون ڕەگێکــی گــەلێ کــۆنتری هەیــە، نەخۆشیەکە پەیوەندی بەخودەوەیە، داتلیشانی لـە ئـەنجامی نـەگونجانی لەگەڵ کۆمەڵەوەیە کە تێدا دەژیت، نامۆبوون لەئەدەبی واقیعی کۆنیشی

لای (بلزاك و مۆپاسان) دەبینرێن، (بلزاك) لە (کۆمیدیای مرۆڤایەتی)دا نەخۆشــیەکانی کۆمەلایــەتی، لــە رژدی، بەرچــاوتەنگی و نزمــیو دووڕوویی‌و هەروەها وێنـەی کەسایەتی دووره پەرێز و نـامۆی دوور لـە کۆمەڵ دەکێشێ[36]، (دوستویفسکی) لەبەرهەمـەکانی‌دا لایـەنی دەروونـی مرۆڤی دووره پـەرێز و دەروون پەشـۆکاو دەخاتـە ڕوو کـە نارەزامەنـدی دەردەبڕێ بەرامبەر بەو کۆمەڵەی کە تێدا ژیان بەسەر دەبات[37] ئـەدیب و شاعیرانی ڕۆمانسی لەهەموو کـەس زیـاتر نقوومی نـامۆبوونن، کـە لـە بنچینەدا گیروگرفتێکی کۆمەلایەتی‌یـە کـە هەستی تـاك تووشی دابـڕان دەبـێ، ئـەدیبی ڕۆمانســی، ئـەدیبێکی نامۆیـە، کـە لـەجیهانی خـەون و خـەیاڵ دەژیـت، لـە واقیـع ڕای کـردووە، کـەناری گۆشـەگیری و نـامۆیی گرتۆتەبـەر، کـۆڵن ویلسـۆن لـە دیـاردەی نـامۆبوون دەدوێ و سـیماکانی دەست نیشان دەکات و تابلۆیەك لـە پاڵـەوانی ڕۆمـانی (دۆزەخ)ی پیاوێـك گونـدی بـەجێ‌دێڵێ و ڕوودەکاتـە شـار و لـەبانکی پـاریس وەزیفەیـەك وەردەگرێت، لە ژووری هوتێلێك بیر لـە قـووڵایی خـودی خـۆی دەکاتـەوە ئـارەزوی درك کردنـی ڕاسـتیەکانیەتی لـەناکاو ڕاسـتی جیهـانی دەرەوە لەپەنجەرەچکۆڵەکەیەوە ڕوناکی ژوورێکی تەنیشتی دەبینێ، ئـەم مـرۆڤـە نامۆیـە کـاتێ چـاوی بـە ڕاستی دەکـەوێ، وێنـەی بـوون لـە تێڕوانینـی‌دا دەگۆڕێ، دەتلێتە خودی خۆیەوەو جیهان هیچ بەهایەکی نامێنێ>>[38].

<<کەسایەتی (نامۆ) ناونیشانی هەمان چیرۆکی (ئـەلبێر کـامۆ)یـە کە لەساڵی ١٩٤٢ بەچاپی گەیاندووە، پێیش کتابی (نامۆ)ی (ویلسۆن) بـە چواردە ساڵ دەرچووە، ئـەوەی لـە چیرۆکی (نـامۆ)ی ئـەلبێر کـامۆدا هاتووە، تەنیا جەخت کردن و دووبارەکردنەوەی چیرۆکی (هێلنجدان)ی (سـارتر)ە کـە لـە سـاڵی ١٩٣٢ بەدەرکـەوتووە>>[39]پاڵـەوانی چیرۆکی

(هێلنجدان) لە کەناری دەریا بەردێ دەخاتە دەریا کاتێ سەیری بەردەکان دەکات دەبینێ ترسێکی بەهێز چیٚدەکەن پاش ئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە دووبارە دەکاتەوە، بابەتێکی نامۆی لێ پەیدا دەبێ، لەناکاو ڕووی وەکو ماسێکی لێدێت<<[٢٠].

(نامۆ)ی ئەلبێر کامۆ دیمەنێکی ڕۆژی یەك شەممە خەڵکی بە ڕێگاوە بەرەو سینەما دەچوون، ڕێگاکان لەدوای خۆیانەوە چۆڵ و هۆڵ بوون، باوەڕدەکەم فلیمەکە ئەوکات دەستی پێکردبوو، کەس لەشەقام نەمابوو، تەنیا خاوەن کتێب فرۆشەکان و پشیلەیەك لە شۆستەی بەرامبەری جگەرە فرۆشێك لەسەر کورسی دانیشتبوو، کورسیەکەم لەتەنیشت جگەرەفرۆشەکە دانا و دوو جگەرەم بەبادا، پاش کەمێك ئاسمان گۆڕا، هەستم بە گەردەلولێکی هاوینی کرد، زۆری پێ نەچوو وون بوو، بەدوایەوە هەورێکی تاریك بە بروسکە و باران شەقامەکەی داپۆشی<<[٢١].

(فرانزکافکا)ی هونەرمەند هەستی بە نامۆبوونی مرۆڤ کرد لە بەرهەمەکانیدا دادگا و قەڵا ڕوونی دەکاتەوە کە بیروڕاتی ڕەگەزێکی بنبڕە کە مرۆڤ لە کۆمەڵ نامۆ دەکات، خودی مرۆڤ دەبێتە پێچراوێکی مردوو بە ژمارەی پێچراوەکەی دەناسرێتەوە. کاتی مرۆڤ وەکو کەسێك بانگ دەکرێت کەس نییە بەڵکو حاڵەتێکە<<[٢٢] (نیتشە) بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕوون (نەبوونی) دیاری کردووە کە لەئەنجامی توانەوەی کۆمەڵگا چی دەبێ، بەلام دەبوایە ئاگای لە یاساکانی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ بوایە و دەرکی بەوە کردبا کە پەیوەندی سەرمایەداری داڕمیووە، نووسەری (العدمی) نەبوونی دەڵێ جیهانی سەرمایەداری جیهانێکی بەدبەختە، هەر ئەنجامێکی هەبێ کۆتایی دێت، هیچ سنورێك نییە بۆ

درندەیی ئەم جیهانە، ئەوەی پێی وایە کە ئەم دنیایە شایانی ئەوەیە کە لە پێناوی بژی و بایەخی پێبدەی کەسێکی گەمژەیە"[٣٣] (ڕافائیل ئەلبرتی) دەڵێ هەموو شیعرەکانم پەیوەندی بە مەنفاوە هەیە، ئەو شیعرانەی لە ئیتاڵیام نووسی بە تایبەتی (ڕۆماترسناکە بۆگەڕۆکان، نزیکەی سێ کتابم لە ئەرجەنتین نووسی سروشتی ئەرجەنتین کارێکی قوڵی لێ کردم، مەنفا کاریگەریەکی لە نەبڕانی شیعرم جێ هێشتووە>>[٣٤] (غاوکسینغیانغ) لە شۆڕشی ڕۆشەنبیری چینی تووشی گرتووخانە بوو، لە ساڵی ١٩٨٧ بەرەو مەنفای پاریس چوو، ڕۆمانەکانی (پیاوێکی تەنیا) و (چیای گیان) باسی ژیانی ئاوارەیی و وون بوون دەکەن، خەلاتی نۆبڵی پێبەخشرا حکومەتی چین بە ڕیسوا کردنی ئەدەبی چینی لەقەڵەم دا>>[٣٥].

## نامۆیی و نامۆبوون لە شیعری نوێی کوردیدا

نامۆیی لە شیعری کوردیدا ڕەگێکی گەلێ کۆنی هەیە، ڕەهەندێکی جوغرافییە، پەیوەندی بە شوێن و کاتەوە هەیە، مرۆڤ کەلە وولاتەکەی خۆی نامۆبێ کە ئاوارە بوو بۆ شوێنێکی تر زیاتر تووشی نامۆیی دەبێ، سوتانی شاعیر، سۆز و کڵپەی دەرونی وەکو کانیەك دەتەقێتەوە، نامۆبوونیش بارێکی دەروونی دەگرێتەوە، جا شاعیر لە ناوەوەی کوردستان بێ یاخود لە دەرەوەی زێدەکەی بێ تووشی نامۆبوون دەبێ، باسەکەمان گەلێ پرسیار دەوروژێنێ، وەکو کاریگەری تاراوگە بەسەر شاعیرانی کوردەوە، ئەدەبی نامۆبوون لە شیعری کوردیدا وەکو پێویست سەری هەڵداوە، گۆڕینی ژینگە چ پەیوەندی بە داهێنانەوە هەیە، بێشك گۆڕینی ژینگە ئاسۆ وخەیال وبیری شاعیر فراوان دەکات، بەتایبەتی

ڕووکردنە ئەوروپا، کە تا رادەیەکی زۆر ئازادیەکانی مرۆڤ دابین کراوە، خۆ ڕۆشنبیرکردنیش زیاتر گومان و پرسیاری لەلا دروست دەکات و بەدوای زیادکردنی زانست و زانیاری دەکەوێ تاکو داهێنانی باشتر وبەپێزتر بە ئەنجام بگەیەنێ، تاکو داهێنانیش بالاّ تر بێ، قەبارەی پرسیارەکانی بەرەو زیادبوون دەچێ، بەمەش پالەپەستۆی دەروونی زیاتر دەبێ، پێم وایە داهێنانیش پەیوەندی بە چەوساندنەوە نییە، چونکە ئەو بەرهەمەی لەکەش وهەوای توندوتیژی لەدایك دەبێ، مانەوەی بەتوندو تیژی بەوە پەیوەندی دارە، بەلاّم داهینانی ئازاد پێویستی بەکەشێکی ئازادو زروفێکی ئازادەوە هەیە.

هەروەکو شێرکو بێکەس دەڵێت:- بێگومان مرۆڤ لە سەربەستیدا دەتوانیت باشتر شت بدۆزێتەوە، باشتر سەرنج بدات، لەوێوە سەرنجدانە ڕۆژهەلات هوشیارییەکی تازەتری بۆ دروست دەکات لە ڕێگای ئەو هۆشیارییە فیکرییەوە باشتر دەتوانین دەلاقەکان بۆشاییەکان، ئالوگۆڕەکانی نێو ژیانی ڕۆژهەلاّت ببینین و بیاندۆزینەوە<<[٣٦] بەشێك لە شاعیرانی تاراوگە توانیویانە شیعرەکانیان بە کاریگەری بەرهەمی جیهانی موتوربەبکەن و سوود لە ئەزموونی دوورە وولاّتی وەربگرن و هەنگاوێك ئەدەبەکەیان بەرەو پێش بەرن و وەرچەرخانێکی بەخۆوە بێنیوە، شاعیریشمان هەیە لە ئاوارەیی و مەنفا دەژیت بەلاّم هیچ شوێنەوارێکی شارستانی پێوە دیار نییە، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەی توانیوە بچێتە نێو ڕۆشنبیری جیهانییەوە، بۆیە لەدەرەوەی بازنەکە دەخولێتەوە، خۆی دەجوتیەوە و بەرەو خاوبوونەوە دەچێ، ئەزموونەکانی شیعری نوێی کوردی جوداوازن، بەشێکیان لەناو کوردستاندا خۆیان پێگەیاندون، بەشێکی تر لە مەنفا پەرەی بەخوێندن داوە و ئاگاداری بەرهەم و بیری

فراوانـی ئـەوروپین و گیـانێکی نوێیـان بەبەرهەمـەکانیان بەخشـیون، هەشمانە شێوازو تێڕوانینی لەبارەی ژیانەوە جیایە زیـاتر بـەرەو سۆفیزم چووە، خاڵی هاوبەش کە کۆیان دەکاتەوە، گەڕانەوەیانە بۆ شتە دێرینەکان، و یـادەوەری متـداڵی، بەدواداچـوونی ڕووداوو کارەسـاتە تراژیدیـەکانی کوردسـتانە، بـەزۆری شـاعیرانی کـورد بـەهۆی بـاری نالـەباری سیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـەنبیریەوە ڕوویـان کردۆتـە دەرەوە و لـە وڵاتـانی ئـەوروپا گیرسـاونەتەوە، بەشـێکی کـەمی نـەبێ بـۆ مەبەسـتی خوێنـدنی بـاڵا و خـۆ پێگەیانـدن ئـەوروپایان هەڵبـژاردووە، ئـەگینا زۆر لێکردن پاڵی پێوەناون کە بەرەو تاراوگە بچن. دیارە کەش و هـەوای نـوێ، فەرهەنگی نوێ، ژینگەی نوێ، نامۆبوون بەرجەستەدەکەن، جا کـە شـاعیر نەیتوانی خۆی لەگەڵ ئەم بارو دۆخە کە هاتۆتە ئاراوە بگونجێنێ، تووشی دووره پەرێزیو بێزاری و وەڕزبوون دەبێتو هەست دەکات نامۆیـە لەگـەڵ کۆمەڵ، دەوروبەر، سروشت، زمـان، لەبەرهەمەکانیدا ڕەنـگ دەدەنـەوە. بـە قـووڵی ڕوودەچـێتە نـاو ئـەم ژیانـە و مەینەتـەکانی دووری، ئەزمونـەکانی غوربەت دەخاتە ڕوو، شیعری نوێی کوردی لەدەرەوەی وڵات زۆرتـر سـۆزی غەمباری و ماتەمی و سوتانی شاعیری پێوە دیارە، شاعیران لەدەرەوەی وڵات تـاڵ و ناخۆشـی زێدەکـەیان لـەیاد نـەکردووە، لـە زۆربـەی شیعرەکانیاندا، دیارده دزێوەکانی کوردسـتان دەخەنـە ڕوو، ڕەخنـەی لێ دەگـرن، خـەون بـە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەبینن، هەردەم لە بیری گەڕانەوەن.. چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر بەم جۆرە (سینوهە)ی میسری لە بـارەی ئاوارەییـەوە دەنووسـێ:- شـاربەدەری، کـۆچ کـردن، وڵات بەجـێهێشـتن، سـەرهەلگرتن، بارکردن، ئەمانە زۆر لە ئـاوارە بـوونیش کۆنـترن، لەگـەڵ ئەمەشدا بێگانـە زیاتر لەخۆیان کـەم دەکەنـەوە بـۆ ئـاوارە. نـەك هـەوڵ بـدەن تێیـان بگـەن،

دەمـــار تونـــدی و ناوچـــەگەرێتی تەنانـــەت ڕێگـــە لـــەوەش دەگـــرن کـــە لێکۆڵینـــەوەی زانســـتیانە لـــەبارەی ئامۆبوونـــەوە بکـــرێ<<[٣٧]، (شـێرکۆ بێکـەس) لـە هـەموویان زیـاتر چڕتر و قوڵتر چۆتە نـاخی نامۆبوونـەوە، ئەمـــەش هـــەر لـــە (دەربەنـــدی پەپوولـــە) و (خـــاج و مـــار و ڕۆژژمێـــری شاعیری)ەوە کە هەمووی نامۆیی و غوربەت و دووروڵاتیان پێوە دیارە، تـا دەگاتە (بۆننامـە) کـە پانتاییـەکی گـەورەی ژیـانی پڕلـە نـامۆبوونی شـاعیر دەگرێتەوە، >>لەم کارانەمـدا مـن تـەنها بەجەستە لـەدەرەوەی نیشتمانم ئـەگینا وەکیتـر بـەڕوح و ڕوانـین و خـەم خولیـاو و خەیاڵـەوە هـەر لـە ناوەوەی وولاتم<<[٣٨].

(لەدەربەنـدی پەپوولـە)دا، تـەنیاییو ئـاوارەیی و سـوتانی شـاعیر دەبینـرێت، ئەگەرچی شـاعیر نامۆیـە بەلـەش، بـەخاك، بـەزمان بـە هـەموو شتێك، بەلام نامۆیی شاعیر سەرچاوەی داهێنانە و ئیلهامی شیعری جوانـە، شاعیر پەنا دەباتە بەر (با)ی (ستۆکهۆڵم) کە جەستەی لوول بداو بە خاکی کوردستانی ئاشنا بکات.

ئەگەر جار جار "با" هەڵبکات
ڕائەکەم بۆ چەند ساتێ ئەچمە بەری
ئەڵێم بەشکو ئەمجارەیان
ئا ئەم "با"یە
وەك ڕەشەبای سلەیمانی
بەبڕتاو بێو هەڵمبگرێو
تۆزی خۆڵ بکاتە چاوم ![٣٩]

دیاره کەس بە ئارەزووی خۆی بەرەو تاراوگەو مەنفا ناچێ چونکە مەنفا ئەوەندە سەخت و دژوارە ئەوەی نەیبینێ نازانێ چ دۆزەخێکە، تەبۆری (Tabori) دەڵێ :- >>ئاوارە نە لەمێشکما و نە دڵما نەنووسرابوو، بەزۆر خۆم لەوزەوییە کردەوە، کەلەسەری بووم<<[٤٠]، شێرکۆ بێکەسی شاعیر بارودۆخی دژواری کوردستان ناچاری کردووە رێگای مەنفا بگرێتە بەر، هەرچەندە سەفەرەکەی دوورو درێژ نەبوو، بەڵام تەنیایی سوید ئەوەندە ناخۆشە مرۆڤی ئاسایی دەهاڕێ چ جای شاعیرێکی هەست ناسکی وەك شێرکۆ. ناحەقی نییە ئەگەر تووشی نامۆبوون و بێزارێکی بێ وێنە بێتەوە بەجۆرێ کە تەنیایی دڵۆپ دڵۆپ لە ڕوخساری بتکێ.

ڕووبەری بەهاری کۆستێکم زۆر بەرین
هەروەکو ئەستێرەی لێقەوماو لەشەوی باراندا
هەروەکو پەنجەرەی لێقەوماو لەوەختی شکاندا
بەرانبەر TV یەك دانیشتووم
سیمام قەت ئەوەندە ئاڵودەی دڵۆپەی تەنیاییم نەبووە
دەنگم قەت ئەوەندە هۆگری بارژنی ئاسکەکەی هەنسکم نەبووە<<[٤١]

مرۆڤ کە نقومی ئازارو مەینەتە گەورەکان بێ و جەمسەری ژیانی لێ تێك بچێ، مەرگ بەئاوات دەخوازێ، (فرۆید) دەڵێ :>>کاتێ ڕاڕایی و نامۆبوون بەرزبێتەوە پاڵ بە مرۆڤەکانەوە دەنێت بۆ خۆکوشتن<<[٤٢]، شێرکۆ بێکەس لە (بۆننامە)دا وێنەی کۆمەڵە تابلۆیەکی جۆراوجۆری پڕلە کارەسات و جەرگ بڕ دەکێشێ، وەکو شەڕی ناوخۆ، گەڕانەوەی دیکتاتۆر، دوور وولاتی و تەنیایی و بێ هیوایی و بێ

ئارامی ئەم هەموو ڕووداو تراژیدیانە پەنگ دەخۆنەوە لە بۆننامەدا دەتەقێنەوە.

لەشەڕی بەردو بەردەوە
بۆنێکی نوێ بڵاوبۆوە
بۆنی ئاو وەختێ ئەکوژرێ
بۆنی کۆست وەختێ ئەکوترێ
لەماچی دەنگ و ڕەنگەوە
بۆنێکی نوێ بڵاو بۆوە
بۆنی باران ئەو وەختەی ئاڵ هەڵ ئەگەڕێ
بۆنی شەهیدیش ئەو وەختەی کە باڵ ئەگرێ[٤٣]

شاعیر ئەوەندە ناڕەحەت و نامۆیە، نامۆییبوونەکەشی گەیشتۆتە دواپلەی خۆکوشتن

بەڵام من خۆم هەر خۆم بۆ خۆم لەن و دوورگەم
زەریا دەستی چەند درێژکرد
تۆڕی شەپۆلی فڕێدا و ئەوسایش نەگەیشتە نامۆییم
بۆ مردنیش
بەراوردم مەکە لەگەڵ شاخ و داخی نیشتماندا
بەرد قەت نامرێ، خۆڵ قەت نامرێ، ئاو ناکوژرێو
ئەوەی کە ئەمرێ هەر منم[٤٤]

(لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر ناڕەزایی خۆی بەرامبەر شەڕ دەردەبڕێ، کە چ ئەنجامێکی پڕ لە مەرگەسات و ماڵ وێرانی و تێکدەرانی لێ

دەکەوێتەوە، جا ئەم شەڕە نەگریسە ئەم ڕق وکینە و گومان و متمانە بەیەکتر نەکردنە، شاعیر تووشی بێزاری و بێ ئارامی و نامۆبوون دەکات.

کوا ماچە پڕ لە بروسکەی خەندەکانت
ئەی ئاشتی شکۆمەند
کوا بۆ وەکو جاران دەست پڕ لەماچ نییە ؟
دەپردی دڵنیایی لە نێوان برا ناکۆکەکاندا
داڕێژە
ئەی ئاشتی دڵ شکاو[٤٥]

لەکۆتاییدا شاعیر ڕووی دەکاتە بەرپرسیاران و پێیان دەڵێ چیتر لە پێناوی دەسەڵات و داراییدا، مامەڵە بە خوێنی یەکتر مەکەن و ڕێگای ئاشتی و تەبایی و هاریکاری بگرن کە تاکە ڕێگای پێشکەوتن و شارستانیەتە.

ئەی پردی یەکێتی و برایەتی
نەمربە نەمربە نەمر
تۆ دەتوانی تفەنگەکان بکەی بە گوڵ و
فرمێسکەکان بکەی بەخەندە
تۆ دەتوانی لوولە تۆپەکان بکەی بە گاسن و
نان و گوڵە نێرگزی پێ دروست کەیت
نان بۆ هەموومان و
گوڵ بۆ عاشقان[٤٦]

(عەبدوڵلا پەشێو) بروسکە چاندن کەدوا بەرهەمی عەبدوڵلا پەشێوی شاعیرە پەیامێکە بۆ تێگەیاندنی کێشەی کورد بە دنیا و

نارەزایی دەربڕینە بەرامبەر بەبراکوژی، بەبێ دەنگی جیهان، بۆ ئەمەش شاعیر هەنای بردۆتە بەر شاعیری شۆڕشگێڕی کورد حاجی قادری کۆیی، کە بە شیعرە ئاگرینەکانی جارێکیتر هۆشیاریان بکاتەوە لە ناکۆکی دووریان خاتەوەو، تاکو ڕێگای یەکێتیو تەبایی بگرنەبەر.

گوتم گەورەم
من عیسانیم
چۆن زیندووت کەمەوە بێژە ؟
گوتی لێرە دەرم بێنە
دووبەرەکی
لە شوێنەکەی من بنێژە<<(٤٧)

پەشێو بەشەوانە زۆر بیردەکاتەوە، چونکە بەڕۆژ تاقەتی نییە، بۆیە بەشێکی زۆری دیوانە شیعرییەکانی ناونیشانی شەویان بەخۆوە گرتوون، (شەونییە خەوتان پێوە نەبینم)، (شەو نییە لێتان توڕە نەبم)، (شەونامەی شاعیرێکی تینو، زۆر جار شاعیران پەنایان بردۆتە بەر ئەستێرە کە لەشەوی تاریکیدا دەربازیان بکەن، کەچی پەشێوی شاعیر بە ئەستێرەکانیش نامۆیە، چونکە ئەستێرەکانی تاراوگە تۆزێ لەئازارو برینەکانی شاعیر کەم ناکەنەوە، بۆیە بەجوداوازیان دادەنێ :-

چاوم لە ئاسمان بڕیوە
گومانی ئەوسام ئێستا یەقینە
ئەستێرەناسی هەموو جیهانیش بەگژم داچن
ئەستێرەکانی دنیای هەندەران
قەت لە ئەستێرەی کوردستان ناچن(٤٨)

(فەرهاد شاکەلی) کە ڕێبوارێکی ڕێگەی تەسەوفە، لەهەردوو دیوانی ئەم دواییەدا، (نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم)، (هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕازە)دا ڕێبازی سۆفیزمی گرتۆتە بەر تاکو خوداوەندی تاك و تەنیا بەگەورەیی‌خۆی دڵ و دەروونی ڕوناك بکاتەوە و لە کێشەکانی کە تەنیایی و دوورە ولاتی‌یە دەربازی بکات پاك کردنەوەی دەروون گەورەترین کاری سەربازی تەسەوفە، (سەهرەوەردی) دەڵێت :- ئێمە ئەگەر بێتو خۆمان لەلەزەت وەرگرتنی لەش دامالین<<[٤٩] نووری خودا لە دەرونمانا هەڵ دێت بۆیە سۆفی تێ‌دەکۆشێت کە ئەوەندە دڵی پاك بکاتەوە کە جێگای هیچی لێ نەبێتەوە تەنیا ببێتە جێگەی هەست و ویستی چاك و پاك، لە ڕوانگەی مەعنەوی‌یەوە دڵ ناوەندی هەست و سۆز و ویژدانی مرۆڤایەتی و باوەڕە. بۆیە پێغەمبەر (د.خ) ئەفەرموێ "قلب المؤمن عرش الرحمان"[٥٠] واتە دڵی مرۆڤی موسڵمانی ڕاستەقینە مەیدانی خودایە، کەمەبەستی نووری خودایە، جگە لە ڕوناکی خودا دڵی هیچی تیا نەمینێت، تاکو خودا بێتە میوانی و لەدڵی جێگیر بێت، ئەمەش بەڕێگای خوداپەرستی و دەست لەهەموو خۆشیەك هەڵگرتنە، هەست کردن و تام کردن و چەشتنی ئەو خۆشی‌یە بەدڵ و دەرونە واتە چاوپێ‌کەوتن بە چاوی دڵ دەبێ کە ئەوپەڕی نزیك بوونەوەیە لە خواوەند.

بەچاوی دڵ
دەڕوانمە ولاتی ڕۆژ و سەرنجی شەوستان دەدەم،
ناوی تۆیە
لەدرزی نێوان تاریکایی و ڕوناکیدا
ئاوێنە ئاسا
وێنەی شەوو ڕۆژ دەنوێنێ<<[٥١]

زۆربەی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی پەنادەبەنە بەر (مەی) کە بەفریای دەردو مەینەتەکانیان بێت، مەی و مەی گێڕ لای شاعیرانی سۆفیزم وەکو ڕەمزێك بەکاردێت کەمەبەستی خواوەند دەگەیەنێ، هەستی نامۆبوون لەدیوانی (هەموو ڕازی ئاشکرایەو ...) ڕەنگی داوەتەوە، جا فەرهادی شاعیر پەنا دەباتە بەر (ساقی) و (مەی) کە دڵە گڕتوەکەی هێور ئارام بکاتەوە، ئاشکرایە فەرهاد نەك (مەی) بەڵکو چاش ناخواتەوە ئەگەر لەبەر شەکرەکەی نەبێ. لەهۆنراوەی (کەلاوەی دڵ)دا دەڵێ :-

نە پشکۆیەك
نەچرایەك
کەلاوەی دڵ گەرم و ڕۆشن ناکاتەوە
بەم تۆف و بەم زستانە
هەرچی شیعرم هەیە دەیدەمە چۆڕێ‌مەی
گڕێ بەرداتە دڵ و گیان
دەپێم بڵێ
کوانێ ڕێگەی مەیخانە[٥٢]

(ڕەفیق صابر) لە (ژوانی ڕووناك)دا لە بارێکی گومان و گومڕایی و ڕۆحی و ڕاڕایی‌و سەرگەردانی‌و ترس‌و تەنیایی‌و نەهاتی‌دایە، نەسەرەتاو نە کۆتایی دیارنییە، زەمەنێکی وون بوو، کۆمەڵێ پرسیار لەلایەن ڕەفیق صابری شاعیرەوە وروژێندراون، دووبارە کردنەوەی دەیان جار ووشەی تاریکی و ڕوناکی کەدوو ڕەمزی سواوەن سەراپای دیوانەکانی گرتۆتەوە بەلای‌منەوە بۆ دوو هۆ دەگەرێتەوە لەلایەك لەمانفاو تاراوگەدا تووشی

دابڕانی خود بووه، خودێك پێناچێت لەسوید هەست بە بوونی بکات، لەلایەکی تـرەوە ڕەگ و ڕیشـەی لـە وڵات هەڵکەنـدراوە، ناشـتوانێ لەئەوروپا خوێنەر پەیدا بکات یاخود کاریگـەری خـۆی بەسـەریاندا بسـەپێنێ بۆیـە فڕێدراوەتـە دەرەوەی مێـژووی خـودی وەك (عـەتا قـەرەداغی) واتـەنی ناچارە لەهـەموو شـتێ بێزاربـێ بەهـەموو شـتێ نـامۆبێ، لـەم کۆپلەیـەدا بەدەردەگەوێ >>سەرلەنوێ دەگەڕێمەوە بـۆ پەنایەکانی ڕوح، کە پڕن لە گومان و حەسرەت، پڕن لـە پـڕی و بۆشایی و ، مەودای نێوان خـۆم و ئاینـدە بەپرسـیار دەتـەنم، مـن کێم، لـەکوێڕا هاتووم کە سنوورەکانی نێوان بوون و نەبوونم داپۆشیوە، من چیم ؟ کە ئەم بۆشاییەم پڕکردۆتـەوە و سێبەرەکەم ڕواڵەتی بوودمە ! چۆن ڕێم کەوتۆتـە نـاو ئـەم قوڵاییـە ؟ هەڵـەبوو یـان سیستەمی تـەبایی دژەکان، ڕێکەوت بوو یان سزا<<[٥٣]، دوای ئەوەی کۆمەڵێ پرسیاری سەرلێشێواو دەوروژێنێ سەرنجام هیچ شتێکی بۆ بەرجەستە نابێ تووشی وون بوون و نامۆبوون دەبێ، بێ هیوا لەنێو بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە.

هەردەبوو بەو دەمامکە خۆڵەمێشییەوە
خۆم ببینم کە وەك ئاگرێکی تاریك دەسوتام
هەست بەو بۆشـاییـە بــازنـەییە بکـەم
کەلە بێئاگاییمدا
گەمارۆی دابووم[٥٤]

(فوبـاد جـەلیزادە)دیاردەی کـۆچ کـردن کـە ڕۆژبـەڕۆژ ڕوو لـەزیاد بوونایـە خەریکـە دەبێتـە کـۆچ کردنـی هـەموو ماڵێـك دیارە ئـەم کـۆچ کردنە، خەڵکی تووشی نیگەرانیو ناڕەحـەتی کـردووە چ جـای شاعیران،

قوبـادی شـاعیریش هەسـتی بێـزاری خـۆی بەرامبـەر بـەم کارەسـاتە ترسـناكو خەتەرناكـە دەردەبـڕێ کـە هـۆی سەرەکیشـی بـۆ ناتـەبایی و دووبەرەکی نێوان کوردان دەگەڕێتەوە، هەروەها بێکاری و بێ ئـارامی و ترس و دڵەڕاوکێ لەگەڕانەوەی داگیرکەران و نـەبوونی متمانـە بـەدواڕۆژ ئەمانە گەلێ هۆی تر وای کردووە کە خەڵکی بەشالاو ڕوو بکەنە تاراوگە، لەم دووره ولاتیەش تووشی دەیەها گیروگرفتـی کۆمەلایـەتی و دەروونـی دەبنەوە.

هەمووشمان لە نیشتمانی بێ نان و ماچ
بێزارین
ئەم ئێوارەیە دووا تەوقە لەگەڵ یەکدی دەکەین و
ماڵئاوا
کەچی لەسەر سنووره سەرما بردووەکانا
لەناو بەلەمە بێسەرو شوێنەکانا
لەپەککەوتوخانە و مووتاشخانە و مەیخانە و مێخانە سیاحیەکانی
ئەوروپادا
پێکدەگەینەوە(٥٥)

قوباد لەدوا بەرهەمیدا کە بەناوی (هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشـە مەسـت)ە بچـووکترین دیـاردە دزێوەکـانی کۆمـەڵی کـوردەواری تادەگاتـە کارەسـات و ڕووداوە گـەورەکانی بەشـیعرو بەشـێوازی تایبـەتی خـۆی خستویەتیە ڕوو.

پڕاو پڕ لەپۆپیتەی گەنیوی کیژۆڵە سونەتکراوەکان
حورمەکان
وەك درەختەکان بێ هەورو بێ باخەوانن
مەمکەکان(٥٦)

(حەمە سەعید حەسەن) لەدوا بەرهەمی (نووسین بەبێ ووشە)دا تووشی بێزاری و نامۆیی بووە، کە کوخێکی کوردستان بە کۆشك و تەلاری تاراوگە ناگۆڕێتەوە، ناحەقی نییە کورد وتویەتی ئەو شوێنە خۆشە کە دڵی لێ خۆش بێ، چ لە دیمەنی جوان بکەم کە گیانی تێدا مردووبێ، جا کە شاعیر هەستی بەناڕەحەتی دڵ و گیان کرد ئارامی و ئۆقرەی لێ هەڵدەگرێ، هیچ شوێنێك بەخۆیەوە ناگرێ تەنیا زێدەکەی خۆی نەبێت.

کام کۆشکی ڕازاوەی
کام شاری دلگیری تاراوگە
ئەوەندەی کەلاوەی گوندێکی وولاتم
ئارامی دەبەخشێ بەجەستەی ماندووم و
هێمنیی بەگیانی بێ ئۆقرەم(٥٧)

(مەهاباد قەرەداغی) (لە هاژەی ڕۆح)دا کە دوابەرهەمی شاعیرە هەست بەنامۆ بوون دەکات، لەو دۆزەخەی کە تێی کەوتووە، دیارە درەختی ئاوارەیی بێ ڕەگە، چونکە ڕەگەکەی لە ولاتی غەریبیدا شین نابێ نامۆیە بە خاکەکەی، جا شاعیر پەنا دەباتە بەر ئەستێرە کە دڵۆپ

دڵۆپ خوێناوی خۆی بەسەر بپرژێنێ بەڵکو گوڵ و گەڵای داری ئاوارەیی ببوژێنێتەوە.

ئەگەر ئەمجارە هەڵهاتی، ئاوا مەبە
مەچۆرەوە ژێر پەڵەهەور
هەموو دەمێ سەرنجی ساوام بدوێنە
ئاویکی ڕوون بەسەر گوڵ و گەڵای داری ئاوارەییم ببارێنە(٥٨)

(بەختیار عەلی) لە ئەنجامی چۆڵ کردنی گوندەکانی کوردستان، خەڵکێکی زۆر بەزۆرە ملێ بۆ شارەکان گوێزراونەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گوندێکی گەورە دروست بێ نەك شارێکی ئاسایی، سیمایەکی پاشکەوتووی هەبێ، کەلەگەڵ کۆمەلگای شارستانێتی نوێدا نەگونجێ، بەجۆرێ شار نغرۆی بێکاری و پرچەکی بووە، بۆیە شاعیر تووشی نیگەرانی و نارەحەتی و نامۆبوون دەبێ، نەدەتوانێ بۆ ڕابردوو بگەرێتەوە و نە لەگەڵ ئەم ژیانە دواکەوتووەشدا هەڵ بکا، جا تووشی دڵە ڕاوکێ و ڕاڕایی و بێزاری دەبێ، ئەگەر سەیری کۆمەلگای ڕۆژهەلات بکەین، دەبینین خاوەنی سیمایەکی پاشکەوتووە، چونکە سیاسەت بالأدەستە پشت بە ڕای گشت نابەستێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ نامۆبێ بەرامبەر بەم زروفە نالەبارە کە دەبێتە هۆی کۆچ کردنی خەڵك بەرەو هەندەران.

ئاه، ئەی شاری ئاوێنەبەند، بەخوێن و خەڵوزو خیانەت پڕ چەك
بەفرمێسك و عەشق و تەنهایی پڕچەك
من ئەو دەربەدەرە بێ ئیشە بووم

له سێبەری بییە کافرەکانتا ویستم پشوو بدەم
کۆچم کرد تـــا لـــە ئەفسوونی شتەکان بگەم
بەلام لەبەردەم کلپەکـــانــتـــا کـوێـــربــووم[٥٩]

(نـــەوزاد ڕەفعـــەت) لـــەدوا بەرهـــەمی (هـــەژانی بـــەرد)دا شـــاعیر وەسـتانێك لەنێوان یـادەوەری منـدالی‌و ئێسـتادا دەکـات، جـاران چـەند بەختەوەر دەبوو کە تەیارۆکەی دەگـرت و دوای تـۆزێ چێـژ لێوەرگـرتن ئازادی دەکردن کەچی ئێستا هیچ شتێ زەوقـی نـەماوە چـونکە لەلایـەك ویست و ئارەزووەکانی نەهاتۆتەدی و لەلایـەکی تـرەوە بیرەوەریەکانیشـی پێشـێل کـراون بۆیـە شـاعیر هەسـت بـە ناڕەحـەتی دەکـات و تووشـی نامۆبوون دەبێ،

ئێستا دیتنی دیمەنی (تەیارۆکە)ی
ئەم وەختانەی پایزان هیچ چێژ نابەخشن
لەدەروونندا شەوق نین و
لەخەیالدا ناکەنەوە پەنجەرەییکی ئۆخژن
(تەیارۆکە)ی سوورو زەردباوو سەوزو شین
دەتلانەوە و بەدەستمانەوە دەلەرزین
پاش تۆزێ لێ وردبوونەوەش
پاش تاوێ هەوەس و خۆشیش
من بەرەللام دەکردنەوەو ئازارم پێ نەدەبەخشین[٦٠]

پاشـــان شـــاعیر ناســنامەی تێکـــدەران ئاشـــنا دەکـــا، کـــە لەلایـــەن خاپوورانی بەهەشتیـیەوە ئەنجام دەدرێ کە پاشخانێکی پڕلە شەڕانگێزی

و ئەنفالیان بەدیاری بۆ بەجێ هێشتووین، لەپێناوی مەدالیای وون بوو دەجەنگن و هەموو جوانیەکی سروشت دەشێوێنن وەك نەیرۆن کە رۆمای جوانی سوتاند...

ئـــەم قۆزاخە ئارامەشیان لێ شکاندم
ئەم خانووچکە ناوازەشیان گەمارۆدام
جا خاپورکەری بەهەشتی
منداڵیو بیرەوەریی کۆن
دۆزەخی ترن یا... نیرۆن ؟[٦١]

(عەباس عەبدوڵلا یوسف) و پشیلە، دیارە پشیلە لە کۆمەڵگای ئەوروپادا شوێنێکی تایبەتی هەیە و خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی، موڵکایەتی تایبەتی، خەڵکی گیرۆدەی گۆشەگیری و دوورە پەرێزی و بێزاری و تەنیایی و دابران لەکۆمەڵ دەکات، بەشێکی زۆری هەست بەنامۆبوون و نیگەرانی دەکەن، بەناچاری بەدوای هاورێ دەگەرێن کە لەم ژیانە دژوارەو و پڕ مەینەتە دەربازیان بکات، بۆیە پشیلە و سەگ دەکەن بە دۆست و ژیانی لەگەڵ بەسەردەبەن، زۆر لە شاعیر و ئەدیبان شیعر و رۆمانیان لەسەر ئاژەڵ نووسیوە، کەچی لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی دواکەوتوودا نەك ئاژەڵ بەڵکو مرۆڤیش بەهاو رێزی لەدەست داوە، بۆیە شاعیر نامۆیە نامۆییبوونەکەشی لە هوشیارییەوە سەری هەڵداوە لەکۆمەڵگای دواکەوتوودا هەست دەکات وەکو پێویست هیچ بایەخێکی پێ نادرێت.

ئەو نـاندێنەم ناوێ

ئەو خـانووەم ناوێ

ئەو گەراجەم ناوێ

ئــەو شـارەم ناوێ

ئـەو ولاتـەم ناوێ

کەپشیلەی تیا نەبێ[٦٢]

لە پشیلە وسەگ دا فێر فەلسەفە دەبین، فەلسەفەی وەفاو دڵسۆزی و دڵنـەوایی، ئـەوی لەگـەڵ پشـیلە نـەژیت نـازانێ چـەند زانایـە، چـۆن بەشـداری خۆشـی و ناخۆشـیت دەکـات، بـەش بـەحاڵیخۆم لەگـەڵ ئـەو پەندە نیم کە دەڵێ، پشیلە سپڵەیە، ئەوەنـدە هەیـە پشـیلە سـەربۆکەس دانـانوێنێ لەزۆرشـت بەقسـەی خـۆی هـەڵس و کـەوت دەکـات، لـەمانگی ڕەشەمەدا جنسمان وەبیر دەهێنێتەوە.

هەرنەبێ پشیلە لـەجیاتی من مشکان دەکوژێ

هـەرنـەبـێ پشیلە نـاوکە سەموونم دەخوا

هەرنەبێ پشیلـە مانگی ڕەشەمەم وەبیر دێنێ

هـەرنەبێ پشیلـە مردە هەوەس زیندوو دەکات

هـەرنـەبێ پشیلـە فێرە پرسی فەلسەفیم دەکا[٦٣]

(ڕۆسـتەم باجـەلان) لـەدوا بەرهـەمی (غـەریب)دا، کـە هـەمووی قەسـیدەیەکی درێـژە بـەناوی (غـەریب)، لـەنامۆبوون دەدوێ، کۆمەڵـە تابلۆیەکی جۆراوجۆرە لەکارەسـات و تراژیدیانـەی کەبەسـەر گەلەکـەمان هاتووە، وێنەکان دەتەقنەوە، شاعیریش تووشی ڕامان و نـامۆبوون دەبێ،

لەیەکێك لە تابلۆکان بەراوردێك لە نێوان منداڵانی دنیا و منداڵی کورد دەبینرێ، هەست دەکا کە منداڵان لە دنیای دەرەوە هەموو شتێکیان بۆ دابین کراوە، لەوپەڕی خۆشی شادی‌دان، کەچی لای ئێمە لەماڵی خۆی ئاوارەیە، لە کوردستانی خۆی ئاوارەو دەربەدەرەو لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا خەریکی فرۆشتنی جگەرەو کاسبی‌کردنن، ناحەقی نییە کە شاعیر تووشی نامۆیی ببێ، چونکە نەوەی دوا ڕۆژ کەمنداڵە بەوشێوەیە پەروەردەبێ،

کەدەست بۆ خامەکەم دەبەم
ملیۆنەها منداڵی ئاوارەی
ڕەش و
سپی
تێم دەوروکێن
لەبەر چاوما دەڕۆن و دێن
داوام لێدەکەن وێنەی غەریب ناویان بکێشم
ڕوحێکی کۆپی کراو، لەتەنی چارەنووس
دواڕۆژیان هەڵکێشم(٦٤)

نامۆبوون حاڵەتێکی دەروونی‌یە، مرۆڤ تووشی دیاردەی نامۆبوون دەبێ، چ لە کوردستان بێ یاخود لە تاراوگەو مەنفا بێ، نامۆبوونی کوردستانیش پەیوەندی بەو زروفە سیاسی وئابووری و کۆمەلایەتی یەوە هەیە کە بەسەر کوردستاندا تێدەپەڕێ، دواڕۆژی دیار نییە، جەمسەری شتەکان ئاڵۆزن، جا زۆر شتێکی ئاسایی‌یە کە شاعیر هەست بەنامۆبوون بکات.

ئەمرۆ دوێنێ نییە
هەرلێرەشەوە گوێم لە زایەڵەی دەنگێکەوە گرتووە
بەنامۆییەوە ئەم گۆرانییە لەبەرخۆیەوە دەچڕێ
ئەگەر لێرەبم یان لەوێ
ئەوا هەرغەریبم، غەریب
نەسەرەتام دیارە، نەکۆتایی
نەخاکم هەیە، نەئاوایی[٦٥]

(کەریم دەشتی) لەدوا بەرهەمی (پیانۆی رۆژهەلات)دا، چەند قەسیدەیەکی وەکو (هەلاَلتر لەشیری دایك)، (ئەی دژوارترین دۆست)، (شەقامی ئاسمان)، (تائەبەد خاچ)دا، شاعیر تووشی نامۆبوون بووە بەرامبەر بەخاپووکەرانی بەهەشتی کە ئەم هەموو خراپەیان ئەنجام داوە، جوانی منداڵیان شێواندوە، لەسایەی ئەوانەوە ژیان بەدۆزەخ وزیندان دەزانێ،

من هێندە موبتەلات نیم ئەی سەرشار لە جودایی
چونکە هەموو ئەو تەمەنەم لە مەنفای ئەم
جودایییە بەڕێکرد
ئەی خۆشترین زیندان
ئەی زیندانی ترین خۆشی
وەرە شمشێری دەستت فڕێدە
بابچینەوە تەمستانی بخوری کڵێساو ئاوێنەی بەهەشتی[٦٦]

شاعیر بێزاره لەو هەموو ناخۆشیەی تیّی کەوتووە، بۆ ئەمەش پەنای دەباتە بەر مەی کە بەفریادی بێ تۆزێ ئارامی بکاتەوە،

ئەی دژوارترین دۆست وئەی دادرەسترین پەنجەرە
نزانم من ئێستا ئەو دڵەم لە عیشق چکی کرد
جەستەشم تەژی بوو لەگەڵای ڕزیوی بێزاری
فریام کەوە ئەی داد ڕەسترین جامی خودایی(٦٧)

(چنوور نامیق حەسەن) شاعیر بەدەست ئازار وجەنگ وکەرەساتەکانەوە نامۆیە، نازانێ سەری خۆی بۆ کوێ هەڵ بگرێ ڕوو بکاتە کوێ شەڕ هەموو شوێنێکی وولاتی تەنیوە، بەناچاری خەڵکی لە مەنفایەکەوە بەرەو مەنفایەکی تر خەریکی سەفەر کردنن ولە بازنەیەکدا دەخولێنەوە.

کۆچ بەرەو کوێ ترس کوچەری ترین هەستە
لەدامێنی ئەم بارانە بازانەیی بانە
ڕێگاکان هەنگاوی برسی ماچ ئەکەن
کێ لە هەڵقولینی ڕێ ئەکا
ئەی ئێمە بخزێنە بن کام بەردەوە
تا ناوی لێ بنێین وولات(٦٨)

دیارە لەبەر بێ ئارامی ونارەحەتی وولات باڵندەکانیش وولات بەجێ دەهێڵن بەرەو شوێنی نادیار خۆ دەرباز دەکەن حاجی لەق لەق منارەی چۆڵی بەجێهێشت وبڕیاری داوە تاکو ئاشتی لە سەرانسەری وولات سەقامیگر نەبێ نەگەڕێتەوە.

خۆدەرباز كەین
تەنانەت باڵندەكانیش
جارێكی دی بۆ بناری ژانە چیاییەكانی
حەسرەت نایەنەوە(٦٩)

(پشكو نەجمەددین) دوا بەرهەمی (لەتێك غوربەت لەتەمەندا)دا پڕن لە سۆزی غوربەت ونامۆیی، تاراوگە لای شاعیر مەرگەساتە، بێزاریو تەنیایی‌یە، بۆیە جانتای دەپێچێتەوە بەرەو كوردستان دەگەڕێتەوە، لە گەڕانەوەیدا تووشی بێ هیوایی ونامۆیی دەبێت، نامۆ لە هەموو شتو دیاردەكانی كۆمەڵ.

جانتای شانی گەڕانەوەم تەواو خاڵیی
نەرازێكی دەم بەبزە
نەتاڵێك پرچی دایكم ونەمشتێك خاكی نیشتمان
هیچ
هەر هیچی تێدانەبوو
دواتر زانیم
جیهانی من گۆرستانێكی گەورەیە(٧٠)

شاعیر لە هەموو شتەكان نامۆ دەبێ، بە تەنیا تێشكی گۆڕی دایكی كە هیوای جارێكی تر پێ دەبەخشێتەوە وئارامی دەكاتەوە دوو ساڵ پاشتر

له قولآیی چاوەکانتا تیشکێك هەڵبوو
گەرم وەك خۆری شارەزوور
هێمن وەکو تریفەی مانگ
لەنێو مێرگی چاوەکانتا
گوڵجاری گوڵ خەرمانەی دا[٧١]

(کەمال میراودەلی) گەشت یان هێلانەکانی سەر درەختی ڕەشەبا، گەشتێکە بەڕابردوو و ئێستای گەلەکەماندا، ڕابردووی پڕ لە تراژیدیاو مەرگەسات و ئێستای پڕ لەگومان و ترس و نەهامەتیو نادیاریو ڕەش بینی و برسێتی و بەڕەڵڵایی و هیلاکی.

تاریکایی دەباری
تاریکایی هەڵدەقولێ
تاریکایی وەك شەپۆڵ
وەك شالآوی تاعوون ڕادەکشێ
سەوڵ لێدە، سەوڵ لێدە[٧٢]

لە کۆتایی گەشتەکەیدا شاعیر دەگاتە ئەنجامێکی ڕاست و دروست کە دەربازبوون لەم هەموو مەرگەساتانە، تەنیا و تەنیا بە پشت بەخۆبەستنە، بەوازهێنانە لە ناکۆکی خۆماڵیانە، بەمتمانە بەخۆ کردنە، ئینجا دەتوانین هێلانەیەکی بچووك، سادە، هێمن بۆ خۆمان چێبکەین.

دەبێ لەسەر دووپێی خۆم بوەستم

دەبێ بەتەنیا ئەم گەشتە ئەنجام بدەم

دەبێ قۆڵم بکەمە سەوڵ

چاوم بکەمە دووربین

خوێنم بکەمە خوێ

دەبێ گۆشتی ڕانی خۆم بخۆم

هات و نەهاتی خۆم یەکالا بکەمەوە(٧٣)

ئەنوەر مەسیفی لەشیعری (پێڵاو)دا، شاعیر سێرکی بەتاڵی دەکا نامۆبوونی خۆی لەناو بەتاڵیدا پیشان دەدا و هەروەها تێکەڵاوی نامۆبوونی خۆشی دەبێ زۆر هونەرمەندانەش سێرکێکی پڕلە نامۆبوونی درووست کردووە نامۆبوونی ژن، گا، ئاسنبێژ، ئایین، قەبر کە بەنامۆبوونێکی کەونی پێناسەبکرێ کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێکە لەنامۆبوونی مانەوە،

بۆ ئەو پێڵاوەی

کەلەبەتاڵی لەناو ئاوە کافرەکانم نا

ئاسنبێژ لەبەتاڵی

باران دەخۆنەوە

لەبەتاڵی کەونیان

لەسەر قەبری بەتاڵ دا

لەبەتاڵی قەمبوورم(٧٤)

لە کۆتاییدا شاعیر پێشبینی هاتنی (پەرەمووج) دەکا بۆ ئەوەی فەرامۆشییەک بەونامۆبوونەی بدا.

پەرەمووج دێ
کەونەکان پڕدەکا
پەرەمووج دێ
قەبرە بەتاڵەکان پڕدەکا
پەرەمووج دێ
ئاوە کافرەکان پڕدەکا(٧٥)

(هاشم سەراج) لەدوا بەرهەمی (گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس)دا لە شیعری (مەرگ و جوانی)دا شاعیر لەبەرامبەر بوون دا تووشی نامۆبوون دێ، پێیوایە بوون بەخودە جوان و بەدەکانیدا شتێک نییە، هەرئەوەندەت زانی لەپێش چاو بزرو وون دەبێ.

کێ دەڵێ
سەحەرێک لەهێکرا
ئێوارەیەک لەناکاو
خێوەتی وجوودت تێکنانێی
بێ چیە
ماڵئاوا ئەی خودە جوانەکان
ئەی خودە
دژوون و بەدەکان(٧٦)

بەلاّم خودە ژوون و بەدەکان بەرەو مەرگ دەچن و فڕێدەدرێنە دەرەوەی مێژوو، خودە جوانەکانیش بەنەمری دەمێننەوە و پەیکەریان بۆ چێ دەکرێ،

بوەستە بەرامبەر پەیکەرێ
کە هێشتا
ڕوخساری سەردەمی منالّی دەلەرزێ[٧٧]

(سەباح ڕەنجدەر) لەدوا بەرهەمی (ڕووەکانی خوداوەند)دا، لەقەسیدەی (مەرگ و ئاوێنە)دا ناکۆکە لەگەلّ ژیان و بوون پێیوایە کە بوون و لەدایك بوون، زوڵم لەمرۆڤدەکەن ئەمەش لەوە دێت کە شاعیر بەرامبەر بەم ژیانە سەخت و دژوارە هەست بە نامۆبوون دەکات، هەست دەکات ژیان ئیرادەی لەدەست داوە، مرۆڤ خاوەنی خودی خۆی نییە، وەکو ئامێرێکی بێ گیانی لێهاتووە، هەموو خود و بەهاکانی دەدۆڕێنێ بەجۆرێ وەکو لاشەیەکی مردووی لێدێ.

تەرمێك لەشوستە پاکەت دەفرۆشێ[٧٨]

(بەڕۆژ ئاکرەیی) شاعیر لەبەرهەمی (لەودیو شەوی پەیفەکانەوە) هەمووی لە بابەتی نامۆیی شاعیرەوەیە، شاعیر لەترسی تۆقاندن، ڕووی کردۆتە مەنفا، لەتاراوگەش ئەوەندە بێزارە، ئەم بێزاریەش لەوێنەیەکی زۆر جوان بەرجەستە دەکات و دەلّێ،

لێرە ژیان
دەفتەرێکی دڕاوی بەر ڕەشەبایە[٧٩]

**ئەنجام**

لەگەڵ دۆزینەوەی زانستی نوێ و دواکەوتنی درکی کۆمەڵایەتی، زیاتر هەستی نامۆبوون ڕوو لەزیادبوون دەکات، چونکە مرۆڤی ئاسایی لەجیهانی پێشکەوتوودا هەست بە ئارامی گیانی ناکات، بەتایبەتی جیهانێك کە تەنیا زاناکان تێیبگەن و خەڵکی هەست بەنامۆبوون دەکەن، کاریگەری لەئەدەب و هونەری سەدەی بیستەهەم لە ئەوروپادا بەئاشکرا دیارە لەبەرهەمەکانی (کافکا) لەبەرهەمی سوریالیەکان، لە کۆمیدیای (صموئێل بێکت) لە شیعرەکانی (البیتینیکس)ی ئەمریکی. وە لەئەدەبی عەرەبیش دا، ئەدەبی مەهجەر بەنموونە ئەدەبی تاراوگە دادەنرێت، بەڵام لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، هێشتا ئەدەبی تاراوگەی تێدا دروست نەبووە، چونکە شاعیرانی کورد لەدەرەوە نەیان توانیوە وەکو شاعیرانی عەرەبی و ئەوروپی بچنە ناو جیهانە ڕۆشنبیرییەکە، هەندێکیان لەدەرەوەی مێژووەکەن، بەشێکی کەم تۆزی کاریگەری ئەدەبی ئەورووپی پێوە دیارە، بەڵام هێشتا ماوەیەتی بگاتە ئاستی پێویست و شاعیرانی کورد لەتاراوگە زیاتر هەستی و سۆزی نامۆیی و غوربەت لەبەرهەمەکانیان دەبیترێن، شاعیرانی کوردستانیش هەستی نامۆبوون بەسەریاندا زاڵە، ئەمەش زیاتر بۆ بارەی کوردستان دەگەڕێتەوە.

1 – Aalto anneaux, Encuclopedia, Universalis, volume I, Paris, 1970, P.66.

2 – Meyers Universal – Lexikon, Band I, Veb Bibliographisches institut, Leipzing, 1980, P.634.

٣ – سيرغي بوبوف ترجمة نزار عيون السود، الاشتراكية و النزعة الانسانية، دار دمشق، بيروت، ص١٥.

٤ – مجاهد عبدالمنعم مجاهد، الانسان و الاغتراب، سعدالدين للطباعة و النشر و التوزيع، ط١، دمشق، ١٩٨٥، ص١٣٥.

٥ – ريتشارد شاحت، ترجمة كامل يوسف حسين، الاغتراب، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ط١، بيروت، ١٩٨٠، ص١٠١.

٦ – كارل ماركس، ترجمة الياس مرقص، مخطوطات ١٨٤٤، الاقتصاد السياسي و الفلسفة، منشورات وزارة الثقافة دمشق، ١٩٧٠، ص٢٧٥.

٧ – نفس المصدر السابق، ص٩٤.

٨ – نفس المصدر، ص٢٠.

٩ - نفس المصدر، ص١٨.

١٠ – نفس المصدر، ص١٨.

١١ - نفس المصدر، ص٢١٤.

١٢ – سيمون دىبوفوار، ترجمة جورج طرابيشي، الوجودية و حكومة الشعوب، دار الاداب، بيروت، ١٩٦٢، ص٣١.

١٣ – د.زكريا ابراهيم، الفلسفة الوجودية، دار الوثبة، دمشق، ص٣٣.

١٤ – د. فوزية ميخائيل، رسورين كير كجورد ابو الوجودية، دار المعارف، ص٨٠.

١٥ – رمضان لاوند، وجودية ووجوديون، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ص١٠٩.

١٦ – ريتشارد شاحت، ترجمة كامل يوسف حسين، الاغتراب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت، ١٩٨٠، ص٢٦٣.

١٧ - نفس المصدر، ص٢٦٤.

١٨ – ر.م. البريس، ترجمة سهيل ادريس، سارتر والوجودية، دار العلم للملاين،بيروت، ١٩٥٤، ص١١٤.

١٩ – جان پول سارتر، ترجمة عبدالرحمن بدوى، الوجود والعدم، منشورات دار الاداب، بيروت، ١٩٦٦، ص٥٨٨.

٢٠ – جان پول سارتر، الوجودية مذهب انساني، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٨، ص٤٨.

٢١ – عدنان عبدالرحيم، فرويد والطبيعة الانسانية، دار الحقائق، بيروت

٢٢ – محمود رجب، الاغتراب، مطبعة الاطلس، الاسكندرية، ١٩٧٨.

٢٣ – صورة خافز، أية ٣٩.

٢٤ – الدكتورة سميرة سلامي، الاغتراب في الشعر العباسى، دار الينابيع، دمشق، ٢٠٠٠، ص٢٥.

٢٥ – رواد مسلم، جا، ص١٣٠.

٢٦ – د. محمد زكى العشماوى، الادب وقيم الحياة المعاصرة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠، ص٥٢.

٢٧ – نفس المصدر السبق، ص٥٢.

28 – Colin Wilson, The outsides, 1956, P.29.

٢٩ – روبيردى لوبيه، ترجمة د. سهيل ادريس، كامو والتمرد، بيروت، ص١٢ – ١٣.

٣٠ – جان پول سارتر، الغثيان، ترجمة د، سهيل ادريس، بيروت، ١٩٦٢، ص٢٩.
٣١ – روبيردى لوبيه، كامو والتمرد، ص٩٦.
٣٢ – ارنست فيشر، ترجمة اسعد حليم، ضرورة الفن، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١، ص١١٠.
٣٣ – نفس المصدر السابق، ص١١٣.
٣٤ – الحياة اللندنيه، العدد ١٣٥٦٦، ٢٠٠٠.
٣٥ – الحياة اللندنيه، العدد 13786، 2000.
٣٦ – شێركو بێكەس، ئەزموون، سلێمانی، ٢٠٠١ل١٥٣.
37 – Games whitlark and wendell Aycock, The literature of Emigration and Exile, united states of America, 1992, P.1.
٣٨ - شێركو بێكەس، ئەزموون، ص٣٩٩.
٣٩ - شێركو بێكەس، دەربەندى پەپوولە، ئاپێك، ستوكهولم، ١٩٩١، ل١٢٣.
40 – The literature of Emigration and Exile, P.1.
٤١ – شێركۆ بێكەس، خاج و مار و ڕۆژمێرى شاعيرى، چاپەمەنى خاك، چاپى دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣٤٦.
٤٢ – عدنان عبدالرحيم، فرويد و الطبيعة الانسانية، دار الحقائق، بيروت، ص١٠٢.
٤٣ – شێركۆ بێكەس، بۆننامە، لەبلاوكراوەكانى بنكەى ئەدەب و ڕووناكبيرى گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٦٧ – ٦٨.
٤٤ – هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل١٠٦.
٤٥ – پاشكۆى ڕۆژنامەى هەرێمى كوردستان، ژمارە ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣.

٤٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٧ – عەبدوڵلا پەشێو، بروسکە چاندن، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨.
٤٨ – دیوانی عەبدوڵلا پەشێو، هەولێر، ٢٠٠١، ص٢٧٥.
٤٩ – ئەمین شێخ علاء الدین نقشبندی، تەصەوف چ‌یە، دار الحریە للطباعة – بغداد، ص٣٦٥.
٥٠ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.
٥١ – فەرهاد شاکەلی، هەمووڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز، ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل٧٣.
٥٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.
٥٣ – ڕەفیق سابیر، ژوانی ڕوناکی، لەبلاّوکراوەکانی ڕابوون، سوێد، ١٩٩٧، ل٣٣.
٥٤ – ڕفیق سابیر، ڕوونبوونەوە، لە بلاّوکراوەکانی ڕابوون، سوێد، ١٩٩٧، ل٣٣.
٥٥ – قوبادی جەلی زادە، هەمیشە ڕوولە خودا هەمیشە مەست، چاپکراوی بەستە، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥٠.
٥٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.
٥٧ – حەمە سەعید حەسەن، نووسینی بێووشە، ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩، ل١٣.
٥٨ – مەهاباد قەرەد غی، . ازەی ڕۆح، چاپخانەو ئۆفسێتی سەفوەت، کوردستان، ١٩٩٩، ل٣٩ – ٤٠.

٥٩ – بەختیار عەلی، لە کۆمەڵەی (گوناهـ و کەرنـەڤال) بلاوکراوەتـەوە، بۆ شیعرەکە بڕوانە، عەتا قەرەداغی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، سلێمانی ٢٠٠١، ل٢٣٤.

٦٠ – نـەوزاد ڕەفعـەت، هـەژانی بـەرد، چاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل٤٦.

٦١ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

٦٢ – گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٧، هەولێر، ساڵی ١٩٩٧.

٦٣ – هەمان سەرچاوەی پێشوو،

٦٤ – ڕۆستـەم باجـەلان، غـەریب، لـە بلاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، هەولێر ٢٠٠١، ل٧.

٦٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

٦٦ – کەریم دەشتی، پیانۆی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٨١.

٦٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

٦٨ – چنوور نامیق حەسەن، مەرکانە شکاوەکانی جەنگ، هـەولێر، ١٩٩٩، ل٤١.

٦٩ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

٧٠ – پشـکۆ نەجمـەدین، لـەتێك غوربـەت لەتەمەنـدا، کتێبـی گـولان، هەولێر، ٢٠٠٠ ل٢٩.

٧١ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

٧٢ – گەلاوێژی نوێ ژمارە ١٩، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٠٥.

٧٣ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧٤ – گۆڤاری ڕامان ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٦.

٧٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧٦ - هاشم سەراج، گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٣٣.
٧٧ - هەمان سەرچاوەی پێشوو،
٧٨ - سەباح ڕەنجدەر، ڕووەکەکانی خواوەند، لە بڵاوکراوەکانی دەنگی میللەت، هەولێر، ١٩٩٩، ل٨٦.
٧٩ - بەرۆژ ئاکرەیی، لەودیو شەوی پەیفەکانەوە، ستۆکهۆلم، ١٩٩٦، ل٤٥.

## بزوتنەوەی وەرگێڕان چۆن پەرە دەستێنێ

وەرگێڕان هونەرە، هونەرێکی گرانیشە، پێویستی بە بەهرەو توانـاو لێهاتوویی و شارەزایی‌یەوە هەیـە، بەتایبـەتی شارەزایی لـەو زمانـەی کـە وەری دەگێڕێ، هەروەها ئەو زمانەی کەپێی وەردەگێڕێ، وەرگێـڕ دەبـێ خـاوەن ئـەزمونێکی بـاش بـێ لەهـەردوو زمانەکـە، بـەکورتی دەبـێ نەهێنی‌یەکانی هەردوو زمانەکە بزانـێ، چ لـە ڕووی ووشـەوە بـێ یـاخود لەرووی ماناوە بێت. واتە وەرگێڕ دەبێ زەوقی لەهەردوو زمانەکە هەبێ، ئەگینا کارەکەی سەرکەوتوو نابێت، پەندێکی ئینگلیزی هەیە دەڵێ:-

وەرگێڕان کارێکە سوپاس و ستایشی ناوێ، مانای پێویستی بەهەوڵو کۆششێك هەیـە زیـاترە لـەو هـەوڵو کۆششـەی دانـەر، وەرگێـڕ دەبـێ رۆشنبیریەکی بەرفراوانی هەبێت ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە دەبێ وردبـین و پسپۆڕبێت لـەو بابەتـەی کـە وەری دەگێـڕێ، چونکە ئـەرکی وەرگێـڕ هـەر ئـەوە نی‌یـە کـە ووشـەو دەربـڕین لـە زمانێکی بیانی‌یەوە وەرگێڕێتە سەر زمانێکی تر بـەڵکو گرنگی لەوەدایـە کـە وەرگێـڕ گیـانی نووسـەرەکەو کەسـایەتی دانەرەکـە تـێ بگـات، ئێمـە زۆر پێویستمان بـە وەرگێـڕان هەیـە وەك لـەدانان، بەتایبـەتی وەرگێڕانـی شـاکاری جیهـانی لەزمانە زیندووەکانەوە، وەرگێـڕ سنورداره، واتـە نـابێ لـەو شتانە دوور بکەوێتـەوە کـە لەدەقەکـەدا بوونیـان هەیـە، بـەڵکو دەبـێ لـەو ڕادەیـە بجولێتەوە کەدەقەکە بەخۆوەی گرتووە.

وەرگێڕان گواستنەوەی وێنەیەکی راست گۆیی دەقە سـەرەکیەکەیە، بەتایبەتی ئەگەر کارەکە زانستی بێ.

پێویسـتـە وردی تێگەیشـتن پـەیڕەو بکـرێ، ئاسـانی شـێوەکەی، بەکارهێنانی زاراوەو چەمك و واتای گونجاو کەلەگەڵ ئەو زمانە بگونجێ

کە وەری دەگێڕێ بەڵام وەرگێڕی ئەدەبی زەحمەتترە، بۆیە دەبێ وەرگێر نووسەر بێت لەگەڵ گیانی بەرهەمەکەو خەیاڵ و کەسایەتی دانەرەکە بژێ، بەتایبەتی ئەگەر وەرگێڕانەکە شاکارێکی جیهانی بێ.

**ئەو تەگەرانەی دێنە ڕێگای وەرگێڕان زۆرن لەمانە:**

١. بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری، یونسکۆ دەڵێ:- پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ، سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیری نابێت تاکو بەسەر نەخوێندەواری زاڵ نەبین.
٢. ئەزمەی چاپەمەنی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا، هەروەکو ئاشکرایە کتێب خۆراکی مێشکە، فەیلەسوفی ئینگلیزی (تۆماس کارلیل) دەڵێ:- زانکۆی ڕاستی لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا بریتی‌یە لە کۆمەڵە کتێبێك.
٣. نەبوونی ئامۆژگای تایبەتی وەرگێڕان.
٤. بەهۆی جوداوازی سروشتی زمانەکان، لەووشەو دەربڕین و بۆچووندا، بۆیە لەکاتی وەرگێڕاندا لەزمانی دووەم و سێیەمەوە زۆر شت دەگۆڕێ و دوور دەکەوێتەوە لەدەقەکە، بۆ نموونە جبران خەلیل، شەکسپیری لەزمانی فەرەنسی‌یەوە وەرگێڕا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەلێ ووشەی قورس بەکار بهێنێ، ئەگەر بهاتبایە لە زمانی ئینگلیزی وەری گێڕا با، بێ شك باشتر و بە پێزتر دەبوو.

ڕۆشنبیری هەر وولاتێك بە ڕۆشنبیری بیانی‌یەوە پێش دەکەوێ و روو لەزیاد بوون و نەشن و نماکردن دەکات، ئەمەش بێگومان لەڕێگای ناردنە دەرەوەی کادرو فێربوونی زمانی ئەورووپی‌یەوە دەبێت، تاکو بتوانین پەنجەرەیەك لەسەر ڕۆشنبیری ولاتەکەیان والا بکەنەوەو نەهێنی شارستانیەتی نەتەوە پێشکەوتووەکان هەڵ بمژن و

لەووڵاتەکەیاندا موتربەی بکەن، بوارە جیاجیاکانی ئەدەبی و زانستی پێ نوێ بکەنەوە، یاخود لەڕێگای بازرگانی و ئاڵوگۆڕەوە دەبێت، یان بەهۆی داگیرکردنەوە، بۆ نموونە داگیرکردنی سەرووی ئەفەریقا لەلایەن فەڕەنسیەکانەوە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی کولتوورو زمانی فەڕەنسی کە تارادەیەکی باش سوود بەخش بوو، بووە هۆی ئەوەی کەڵە شاعیرو نووسەر لە سەرووی ئەفریقا سەر هەڵبدەن، وەکو (کاتب یاسین)، (عبدللطیف اللعبی) و چەندانی تر، لەلوبنانیشدا (صلاح ستیتیە)، (جۆرج شحادە)و (پول شاول) پەیدا ببن.

لە رووی زانستیشەوە ئەمڕۆ لەجیهاندا لە ئاستی بەرز هاوکاری لەنێوان ئەوروپادا دەکرێ، بۆیە دەڵێن زانست نیشتمانی نیە، بەڵام رۆشنبیری خاوەنی زێدە.

یارمەتی لەنێوان نوسەراندا کاریگەرێکی باشی هەیە، بەپێچەوانەوە دوورە پەرێزی و کاری تاکە کەسی رەگەزێکی ترسناکەو کاری لەسەر بەرهەمی ئەدەبی جێ دەهێڵێ.

گۆتەی شاعیر وهزر دژی ئەو بیروباوەڕە بوو کە دەیووت رۆژهەڵات ، رۆژهەڵاتە، رۆژئاواش رۆژئاوایەو چۆن دەگەنەوە یەك، کەسێك بوو کە رۆژهەڵات و رۆژئاوای کۆکردبۆوە.

*　*　*

# گرنگی وەرگێڕان و گیروگرفتەکانی

وەرگێڕان مانای چییە؟ ئایا وەرگێڕانی شیعرخیانەتە؟ وەرگێڕان سوودی بۆ شیعر و ئەزموونی شاعیر گەلێك زۆرە، بیرو ئاسۆی فراوان دەبێت، زمانەکەی بەتێڕوانین و بیری نوێ موتربە دەکات، فەرهەنگی شاعیر بە ووشەو دەستەواژەی نوێ زەنگین دەکات، هەروەها سوودێکی زۆری بۆ ئەو کەسانە هەیە کەزمانی بیانی نازانن، شاعیری سۆفیەتی (یفتوشنکو) دەڵێت:- وەرگێڕانی شیعر وەکو ئافرەتە ئەگەر وەرگێڕانەکە ئەمین نەبێت، جوان دەبێت ئەگەر جوانیش نەبێت ئەوا وەگێڕانێکی ئەمین دەبێت، ڕووداوی وەرگێڕانی شیعر ڕووداوێکی مەزنە لەبواری ڕۆشنبیریدا کاتێ وەرگێڕ بتوانێ بچێتە ناخی زمان و خەیاڵی شیعرێکی ترەوە، خەڵکی ناتوانن لەزەت لە شیعرێکی وەرگێڕدراو وەربگرن، ئەگەر وەرگێڕانەکە توانایێکی ئەوتۆی نەبێ کە شیعرەکە بە زمانێکی تر دابهێنێت، چونکە شیعرکاری داهێنانە پێش ئەوەی کاری گواستنەوە بێ کەسێ ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەگەر هەست و سۆزێکی ناسکی نەبێت، وەرگێڕان ئاسان نیە جاران عەرەب دەیوت، شیعر وەرناگێڕدرێت، (ڤیکتۆر هۆگۆ) دەڵێت: وەرگێڕان خیانەتە، (بۆریس باسترناك)(١٨٩٠-١٩٦٠)دەڵێت: هەموو شتێ لەسەر جۆری وەرگێڕانەکە دەوەستێت، تەنانەت باشترین وەرگێڕانیش ناتوانێ جەوهەر و سیحری دەقە بنچینەییەکە بەباشی دەربخات، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە بیروڕای هەندێ لە شاعیرانی عارەب دەخەینە ڕوو کە شیعریان وەرگێڕاوە، لەوانە سەعدی یوسفی شاعیر کەدەڵێت: هەندێ جار وەرگێڕانی قەسیدەیەك ڕۆژێکی تەواوی دەوێ، شاعیری فەرەنسی(پییر لیرین)دەڵێت: ئەوەی حەزی لێدەکەم لە وەرگێڕانی شیعردا، ئەوەیە

کەهەموو گیروگرفتەکان شوێنێکی کەم داگیردەکەن، تا ڕادەیێکی زۆر لە مۆسیقا دەچێت، لەپێشەوە تەسویرێکی زەینی دانەری مۆسیقی دێت، پاشان ڕۆڵی جێبەجێ کردنی دێت، بەهرەی هونەری لەدەست خستنی مۆسیقا بەشێوەیەکی تاکی لەقووڵایی شیکردنەوەی بینای تەواوی کارەکەوەدێت، بەبێ وەرگێڕان ناتوانرێت پارێزگاری لە کەلەپورو ڕۆشنبیری جیهانی بکرێت، بەهۆی شەڕو شۆڕو، سروشتی تێکدەرەوە، تووشی لەناوچوون دەبێت، وەرگێڕان دیالۆگێکی بابەتییە لەنێوان هێزەکانی مرۆڤ کە ڕۆشنبیری هەمە چەشنەیان هەیە، ئەگینا وەرگێڕان دەبێتەهۆیەك بۆ چەوساندنەوەی ڕۆشنبیری لەلای هێزی باڵا.

وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی زمانێك نییە بۆ زمانێکی تر، بەڵکو وزەیێکی زیندووە لەتوانایدا هەیە کۆمەڵ بەخێرایی بگۆڕێت. هەروەها گواستنەوەی دەقێکە لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیێکی تر لە دنیایێکەوە بۆ دنیایێکی تر لەتێڕوانینێکەوە بۆ تێروانینێکی تر. وەرگێڕان ئیمرۆ زانستێکی نوێیە لە زانستەکانی مرۆڤایەتی، وەرگێڕ پێویستە کە گرنگی یاساو دەستوورە نوێکانی بزانێت، کە بۆتە زانستێکی  ورد، وەرگێڕ پێویستە هەر دوو زمانەکە بەباشی بزانێ، هەروەها ئاگاداری ئەو بابەتە بێ کەوەری دەگێڕێت لەسەر ئەمەش پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە (وەرگێڕان مانای چییە، چۆن پێویستە وەربگێڕین؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە وەرگێڕ، وەرگێڕێکی ڕاستەقینە بێت، زانیاری وەرگێڕان، مانای زمان، مەرجەکانی وەرگێڕان، ڕێگاکانی وەرگێڕان، زانستی زاراوەکان و زانستی ڕەوانبێژی بزانێ، وەرگێڕان هونەرێکی مرۆڤایەتی پێشکەوتووە، هونەری داهێنان و بەهرەیە، کاری وەرگێڕ ئەوەیە کەبیر دادەڕێژێت و ووشەکان بەرەو ڕووی خوێنەر

دەکات، جیاوازی لەگەڵ ئەدیبدا ئەوەیە کە بیرەکانی بیری خۆی نییە، دیارە گواستنەوەی بیریش گرانترە لەوەی بینوسێ، کاتێ نووسەر بیرێکی تایبەتی خۆی دەربڕێت سەربەستێکی زۆری لەبەکارهێنانی زماندا هەیە، زیاتر هونەرێکی پراکتیکیە کە لە ئەنجامی مەشق کردن و بەهرەوە چێ دەبێت، چونکە لایەنی جوانکاری و لایەنی داهێنانی تێدایە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کەکەسێ زمانی ئینگلیزی یاخودفەرەنسی زانی، دەتوانێت دەقێکی وەرگێڕدراوی باش پێشکەش بکات.

وەرگێڕان دەزویەکە لە کلافەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، ئەگەر وەرگێڕان نەبوایە، گەلان لێکتر جوداو پەیوەندیان لەنێوانیاندا نەدەبوو لە ڕوانگەی ئەو تیورەی کە دەڵێت شارستانیەت قۆناغە، لەهەر قۆناغێکدا گەلێك لەگەلەکان هەڵگری تیشکی شارستانیەتەو هیچ گەلێك ناتوانێت تا سەر ئەم مەشخەڵە هەلگرێت، بەڵکو گەلێکی تر لێی وەردەگرێت و دەیداتە گەلانی دوای خۆی سوود لەتاقیکردنەکە وەردەگیرێت کە پێشتر بینویەتی پەرەی پێ دەداتو لەناو گەلە پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا پیشەیەکی هونەرییە پسپۆری تایبەتی و ڕێکخراوی سەندیکای تایبەتی ناوچەیی و جیهانی هەیە، کەچی لەجیهانی سێیەمدا و لەناو گەلە دواکەوتوەکاندا، بەتەنیا هەوڵ و کۆششی تاکە، کاربەدەستەکان فەرامۆشی دەکەن،ئەمەش وای کردووە کە بەرهەمی وەرگێردراو بە پەنجەی دەست بژمێردرێت.

**گرنگی وەرگێران**

١. هەوێنی داهێنان و لێکۆڵینەوەیە، کە یارمەتی زانست و زانیاری مرۆڤ دەدات، سوود لەوئەنجامانە وەردەگرێ کە مرۆڤایەتی گەیشتویەتیّ نەك لە سفرەوە دەست پیّ بکات.

٢. وەرگێران پردێکە لەنێوان گەلان و شارستانیەتی گەلان، مرۆڤ هەردەم لەهەوڵ و کۆشش دایە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری گەلانی تر، لەبەر ئەوە شارستانیەت لە جیهاندا بنکەی شوعلەو تیشکە کەلە هەموو لایەکەوە بۆی دەچن، ئەو گەلەی رۆشنبیری کەمترە، لاسایی گەلانی رۆشنبیری بالاّ دەکاتەوە. بە وەرگرتنی راستەوخۆی زانست و گواستنەوەی لە رێگای وەرگێرانەوە.

٣. هۆیێکی بنچینەییە بۆ پێناسە کردنی زانست و تەکنەلۆژیا، ئەوەی زاناکان دەیدۆزنەوەو تەکنۆلۆژییەکان دەیگەنیّ بەهۆی وەرگێرانەوە دەگاتە شوێنەکانی تر لە جیهاندا، زانای فەزاو، ئەوەوی، کیمیاو پزیشك و ئەندازیاری ئەلیکترۆنی هەموو ئەنجامەکان لەبوارە جیاجیاکاندا دەنووسرێنەوە و پاشان بۆ زمانەکانی تر دەگوێزرێنەوە.

٤. رەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە، چونکە پرۆگرامی پەروەردە و کتێبی قوتابخانە لەهیچەوە پەیدا نابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی پشت بەوەرگێران دەبەستێت.

٥. ئامرازێکە کە بەهۆیەوە دەتوانین لەگەڵ بزوتنەوەی فیکری و رۆشنبیری جیهانی بڕۆین، لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، وەکو ئیستگەو تەلەفزیۆن کە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ دەبینێت لە گواستنەوەی دەنگ و باسی ڕۆشنبیری و

دەستکەوتەکانی ڕۆشنبیریو فیکریدا، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕان ڕۆڵی پێشڕەوایەتی خۆی دەبینێت بەڵام کتێب برپرەی پشتە بۆ وەدەست خستنی ڕۆشنبیری.

٦. هۆیێکە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمان و پەرەپێدانیو هاوچەرخایەتی کردنی، چونکە وەرگێڕان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، کەبەدوای ووشەو زاراوەی نوێ و بۆچوونی نوێ بگەڕێ، لەبەر ئەوەی زمان بوونەوەرێکی زیندووە، لەدایك دەبێت و دەمرێت، بوونی بەندە بە وەرگرتن و دانەوە، بە مردن و نوێکردنەوە، چەندان زمان لەسەرەتادا مەزن بوون، پاشان لەناو چوون، هەروەها چەندان زمان هیچ بایەخێکیان نەبووە، کەچی دوایی بوونەتە زمانی جیهانی. زمان خاسیەتی بوونەوەری زیندووی هەیە، گەورەو بچووك دەبێت، بەدەردەکەوێت و لەناو دەچێت، ئەو زمانەی کەنەیتوانی پێشکەوێت و نوێ بێتەوە پێویستە بمرێت لە پرۆسەی پەرەسەندن و نوێ بوونەوەدا وەرگێران رۆڵێکی بنچینەیی دەبینێت.

## ئەرکی وەرگێڕان

ئەرکی سەرەکی وەرگێڕان گواستنەوەی داهێنانی گەلانی ترە بۆ سەر زمانەکەمان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانیان بۆ ئەوەی شتەکانی لای خۆمانی پێ نوێ بکەینەوە، بۆیە پێویستە ئەو دەقانە وەرگێرین کە بە گوێرەی خۆمانەوە تازەن و دەبنە هۆی تازەکردنەوەی دەقەکانی لای خۆمان دەبێت بزانین چ وەردەگێڕین، بۆ نموونە عارەبەکان لەساڵی ١٩٨٩دا گیرگرفتی لاوەکانی ئەمریکای ساڵی ١٩٦١ یان وەرگێڕا سەر زمانی عارەبی. جالێرەدا پرسیارێ سەر هەڵدەدا، ئایا ئەم

جۆره كتابانه وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عارەبی سوودی دەبێت؟ وەلامەكەی بەڵێیە، چونكه ئەو گیروگرفتەی ئەمریكیەكان كەلە شەستەكاندا هەیان بوو، عارەبەكان لەنەتەوەكاندا هەمان ئاستەنگیان هاتۆتە ڕێ... جا وەرگێڕان سوود بەخش دەبێت، بۆ نموونە باسی بێ ئیشی، دابەزینی ڕەوشت، دابەزینی پلەی زانستی، كەم بوونی توانا، بێ بڕوایی بەدوا ڕۆژ، لەلای ئێمەی كوردیش هەمان شت ئیمڕۆ سەری هەڵداوە.

## زمانی كوردیو وەرگێڕان

زمانی كوردی بەربەستی هێرشی سەربازی داگیركەرانی كوردستانی كردووە، هەروەها توانیویەتی خۆی ڕاگرێ و پارێزگاری زمانەكەی بكات بەرامبەر زمانانی داگیركەرانی كوردستان، هەر چەندە لەسەدەكانی پێشوودا كاریگەرییان بەسەر زمانەكەمانەوە دیارە، بەلام لەسەدەی بیستەمەمدا هەڵمەتی پاك كردنەوەی زمانی كوردی لە زمانی عارەبی و فارسی و توركی كەوتە ناوەو بەهەموو لایێك توانیان زمانێكی كوردی پەتی بێننە ئاراوە، هەندێك ووشەی عارەبی هاتۆتە ناو زمانەكەوە بەلام كورد توانیویەتی گۆڕانی بەسەردا بكاتو جلێكی كوردی لەبەربكاتو ببێتە ووشەیێكی خۆماڵی وەكو ووشەی (فقط)بوو بە فەتق، ووشەی (عقوبە) بوو بەناوقوبە، گەلێ ووشەی تر.

(برنامج) بوو بە بەرنامە، هەندێك ووشەی ئەوروپایی هەیە، پێویست ناكات لەكاتی وەرگێڕاندا وەریان گێڕین، چونكه لەهەموو زمانە ئەوروپاییەكاندا بەكار دێت، بۆ نموونە (Television)، (assimilation) بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی یەكە هەروەها ڤیدیۆ،

کامیرا، ستریۆ، میکرۆفۆن، ڕادیۆ، برۆتۆن، نیوترۆن، ئەلکترۆن ووشەی جیهانین هیچ سوودێکی نییە بکرێنە کوردی و بەکارهێنانیان وەکو خۆی بەخەوشی زمان دانانرێت، چونکە لەهەموو زمانە ئەوروپاییەکاندا بەکار دەبرێت، جگە لەمەش زمانی کوردی زمانێکی هیندۆ ئەوروپییە ئەگەر بەکاریان بهێنین چاکترە چونکە لەگەڵ خاسیەتی زمانەکەمان دەگونجێت: بۆ نموونە ڤیدیۆ بنچینەکەی لە ووشەی (Vide)ی لاتینی هاتووە، زمانی زیندووش ئەو زمانەیە کەبتوانێ ئەم ووشە نوێیانە بگرێتە باوەشی و لەژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان بهێنێ، دیارە بوونی هەندێك ووشەی بێگانە لە زمانەکەماندا نەنگی نییە چونکە زمان هۆیە نەك ئامانج هۆی گەیاندن و تێگەیاندنە، هەر چەندە هەندێك کەس دەڵێن دەبێت هەموو ووشەیێك وەربگێڕین، دیارە جێبەجێ کردنی ئاواتی هەموومانە، بەلاَم قسەکە زۆر بەگران دەوەستێ و ئیشەکەمان گرانتر دەکات، چونکە زمان یاسای تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە مرۆڤ لەبەکارهێنانیدا پەیڕەوی بکات و لەبەرچاوی بگرێت.

بە کوردی کردنی زانست و زانیاری و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانەکەمان کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو دەبێت حکومەتێکی بەتوانا ئەم کارە بگرێتە ئەستۆی خۆی، کاتێ دەوڵەتی فەرەنسا زانستیان گواستەوە بۆ سەر زمانەکەیان، دەوڵەتێکی بەهێزییان هەبوو ئارامی سیاسی، ئابووری پێشکەوتوو، یەکێتی کۆمەلایەتی مەرجی بناغەین بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە.

ڕەخنەگری ئینگلیزی بەناوبانگ ت.س ئەلیوت دەڵێت: هێزی دەوڵەت کامڵ بوونی تاکی مادیاتە. یابانییەکان ئامرازێکی تەلەفۆنیان دۆزیەوە، کەدەتوانێت یابانی وەربگێرێتە سەر زمانی ئینگلیزی،

فەرەنسی و ئەڵمانی، ئەم ئامرازە تەکلیفی لەسەر دەوڵەت نزیکەی (١٢٨)ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە، کە پێنج ساڵ پێوەی خەریك بوون، هاتنە ناوەوەی هەندێك زاراوەی نوێ وەکو پەرلەمان، سیناریۆ، ریپۆرتاج، لە ئەدەبدا کلاسیك، رۆمانتیك، دادایزم...هتد، لەبواری فەلسەفەو سیاسەتدا وەکو ڕادیکالی، دیماگۆگی، دیموکراسی، دیکتاتۆر، ئایدیۆلۆجی...هتد.

ئەم پرۆسەیەش لەژێر ئالآی بە کوردی کردنی زاراوە جیهانییەکان و نوێ کردنەوەی زمان ئەنجام درا.

## گیرو گرفتی وەرگێڕان

١. نەبوونی پەیوەندی لەنێوان وەرگێڕەکاندا، زۆرجار بەرهەمێك وەردەگێڕدرێت، وەرگێڕ ئاگای لێ نییە، کەکەسێکی تریش وەری گێڕاوە.
٢. نەبوونی هۆیەکانی گەیاندن لەنێوان وەرگێڕەکاندا بەتایبەتی لەنێوان وەرگێڕەکانی ناوەوەو دەرەوەی ووڵاتدا.
٣. نەبوونی دەزگاییێکی تایبەت بەوەرگێڕان لەکوردستاندا.
٤. نەبوونی بەرنامەیێکی رێکوپێکی وەرگێڕان، بەڵکو وەرگێڕ بە سەلیقەو ئارەزووی خۆی بەرهەمەکان وەردەگێڕێت.
٥. نەبوونی بیلۆگرافیایێکی تایبەت بەکارە وەرگێڕدراوەکان.
٦. نەبوونی بەشی وەرگێڕان لە ئامۆژگا و زانکۆکانی کوردستاندا پێویستە بەشی وەرگێڕان لە کوردستاندا، بکرێتەوەو کادری لێهاتوویی بۆ تەرخان بکرێت بۆ وەرگێڕانی کتێبی ئابووری، مێژوویی، یاسایی، فەلسەفی و دەروونناسی ...هتد.ئیمرۆکە کەلێنێکی

گەورە لەم بوارەدا دروست بووە، بەتایبەتی بەشێك لە قوتابیەکان تەنیا زمانی کوردی دەزانن، بۆیە وتنەوەی بابەتەکانیان پێویستە بەزمانی کوردی بێت، بەزمانی عارەبی گیروگرفتی گەورەیان بۆ چێ دەکات.

٧. ئەزمەی چاپەمەنی و گرانی بەهاکانی کتێب.

٨. کەمی وەرگێڕ کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

بەچارەسەر کردنی ئەم خاڵانەی باسمان کرد دەروازەیێکی ڕاستەقینەی پێشکەوتن و گەیشتن بەنەتەوەکانی تر لەسەرمان والاّ دەبێت.

## ئەفسانەی کوردی لەنێوان دوو وەرگێڕاندا

وەرگێـڕان بەرەنگاربوونەوەیـەکی پـڕ لـە هەلاکـەت و زەحمەتـە، چونکە وەرگێڕان هەر ئەوە نـیـیە کەهەردوو زمانەکە بزانی، بەڵکو دەبێ شـارەزاییەکی باشـت لــەجیهانی ڕۆشـنبیرییەکەش هــەبێ، ئــەگینا وەرگێڕانێکی بەپێزو سەرکەوتووی لێ دەرناچێ، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە ئەم دوو وەرگێڕانە، دەبینین وەرگێڕانەکەی مامۆستا حوسامی وەرگێڕانێکـی سـەرپێی و بەپەلـەو خێرایـە، پـڕ لـە کەموکوڕییـە، چ لـەرووی زمانـەوە بـێ یـاخود لـەڕووی دەسـتەواژەو دەربـڕین و دەنگـی پاڵەوانەکانەوە بێ هەڕەمەکی و بازرگانی و بـێ سـەلیقەیی پێـوە دیـارە، جگە لە فرتاندن و فەرامۆش کردنی ووشەو ڕستەی زۆر کە بۆتـە هـۆی ئــەوەی لــە زۆر شــوێندا ماناکــەی ڕوون و ئاشــکرا نــەبێت، ئەمــە لەلایەك،لەلایەکی ترەوە مامۆستا ئاگاداری ئەوە نەبووە کەلە وەرگێڕانـدا دەبـێ زمـانی ئـەدەبی پـەیڕەو بکرێـت، ووشـەی و زاراوەی سـەر زارەکـی بەکارنەیـەت، بۆیـە کۆمـەڵێ ووشـەی سـەر زارەکیـی تـێ ئـاخنیوە وەك: لەکن، چتە، وێستاوە، هەرمەنی، هەر تك...تاد، هەروەها کۆمەڵێ ووشەی بـەکارهێناوە کەلەگـەڵ دابـوو نـەریتی کـوردەواری یـەك ناگرێتـەوە، بۆنموونــە هەنــدێ چــەمك هەیــە، تایبەتــە بــەکوڕ یــاخود بــەکچ کەدەردەبڕێت نـابێ تێکـەڵاو بکرێن. هـەروەها دەبـێ جـوداوازی بکرێـت لەنێوان هاواری مرۆڤ و ئاژەڵدا، بۆ نموونـە کـۆتر گمـەگمێ دەکات نـەك بلغـە بلـغ وەك حوسـامی نووسـیویەتی، بـەلام وەرگێڕانەکـەی مامۆسـتا عــەزیز گــەردی وەرگێڕانێکــی دەقــاو دەقــی نوســخە فارســییەکەیەو بەشـێوەیەکی ئەوەنـدە جـوان وەریگێـڕاوە کەدەیخوێنیتـەوە واهەسـت دەکـەیت خـودی مامۆسـتا نووسـیویەتی، دەتـوانین بلـێن وەرگێڕانێکـی

سـەرکەوتوو و داهێنەرانەیـە، وردبـینی و ئەمانـەتی ئـەدەبی تێـدا بـەکارهاتووە، بەجۆرێکـە کـە گیـانی بەبـەردا کـردووە، ئەمـەش بـەلای منـەوە بـۆ سـێ خـاڵ دەگەڕێتـەوە، یەکـەم خـاوەنی رۆشـنبیرییەکی بەرفراوانـە، بەتایبـەتی لـەبواری زمانـدا، زمـانی عـارەبی و فارسـی و ئینگلیـزی و فەرەنسـی جگـە لـەزمانی زگمـاك زۆربـاش دەزانـێ، دووەم خاوەنی ئەزموونێکی فرە دەوڵەمەندە لەبواری وەرگێڕاندا، خاڵی سێیەم زۆر بە سەلیقە و ووردبینە، بۆیـە وەرگێڕانـەکانی بـێ وێنـەن لەئـەدەبی کوردیدا.

سەگ هاتە دەرو گەروی گورگی گرت (حوسامی، ل١٠)

سـەگ دەرپـەڕی و پـەلاماری داو کەڵبـەی لەبینـە قاقـای گیرکرد(عەزیز گەردی،ل٨)

کەڵبەی لە بینە قاقای گیرکرد، دەستەواژەیەکی کوردیی پەتی‌یە، چونکە گەروو بۆ مرۆڤ بەکاردێت.

گورگ بە بلغە بلّغ (حوسامی ،ل١٠)

گورگ بە لرخە لرخ (گەردی، ل٩)

(بلغە بلّغ) بۆ کوڵینی ئاو بـەکاردێت.(١) لرخەلرخەکەی مامۆستا عەزیز راستترە.

مـامر لـەدەوری عـەمبری کۆبوونـەوەو کەڵەشـێریش بەدەوریانـدا دەگەڕێ(حوسامی،ل١١)

مریشـك لای عـەنباری گـەنم کۆبوونەتـەوە و چـینە دەکـەن، کەڵەشـێریش لـەناویان دێودەچـێ (گـەردی،ل١٠)لـە دەقـە فارسییەکەی

(خشك كنى) كەمامۆستا عزیز بە (چینە دەكەن) وەریگێڕاوە، كەچی حوسامی فەرامۆشی كردووە هەروەها كۆبوونەتەوە لەرووی زمانەوە راستترە.

براگیان بۆ دەترسی؟ دەزانی زوڵم نەماوەو داد دنیای داگرتوەو منیش وا دەچمە حەجێ(حوسامی،ل١١).

براگیان ترسی پێ ناوێ؟ دونیا بۆتە شامی شەریف و زۆرداری نەماوەو منیش تۆبەم كردووەو وا دەچمە حەج (گەردی، ل١٠).

مامۆستا عەزیز (تۆبەم كردووە)ی بەكارهێناوە مامۆستا حوسامیش هیچ شتێكی نەنووسیوە، لەدەقە فارسییەكە (عازم) كەبەمانای بڕیار دێت واتە منیش بڕیارم داوەو دەچمەحەج.

كاكی كەڵەشێر چباسە، تۆو ڕێوی؟(حوسامی، ل١١).

پەككو! كەڵەشێر ئەوە چیم بەچاوی خۆم دی؟(گەردی،ل١٠).

دەقە فارسییەكەی (چەمی بینم)واتە چ دەبینم كەلەگەڵ دەستەواژەكەی گەردی یەك دەگرنەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك مانای (چباسە) ناگەیەنێ.

كۆتریش دەستی كرد بە بڵغە بڵغ(حوسامی،ل١١).

بەیان ئەنگوت و وەختی گمەگمی كۆتر داهات(گەردی، ل١١).

كۆتر (بڵغە بڵغ)ناكات، بەڵكو وەكو مامۆستا عزیز (گمە گمێ)دەكات.

كەڵەشێر خۆی پێ ڕانەگیراو دیسان قوقلیقوی دەست پێكرد(حوسامی،ل١١).

كەڵەشێر دەروەست خۆی نەهات، دەستی بە (قوقڤوقو)كرد، (گەردی، ل١١).

لەدەقە فارسی‌یەکەی (قوقولی قو) نووسراوە، (حوسامی) هەر وشە فارسییەکەی بەکاربردووە، ئەگینا لە کوردیدا (قوقوقوو)بەکار دەبرێ.

ڕێوی گرتی و خواردی، تاو هەڵات (حوسامی،ل١١).

ڕێویش قرقرتۆکی گرت و خنکاندی و خواردی‌و لمووزی لستەوەو ڕاکشایەوەو نووست(گەردی،ل١١).

(گەردی)وەکو دەقە فارسییەکە وەریگێڕاوە، بەڵام (حوسامی) زۆری قرتاندووە و کورتی کردۆتەوە.

کۆتری بەدەمییەوە گرت و هاتەدەرێ(حوسامی،ل١٢).

کۆتر خۆی پێ بەرزەفت نەبوو، دەستی بە گمەگم کرد، ڕێوی چەپۆکی لەکۆتر گیرکردو لە کونەکەی بردیەوە دەرەوە(گەردی،ل١١).

حوسامی زیاتر لە دە ووشەی پچڕاندووە، جوانییەکەی شێواندووە، بەڵام وەرگێڕانەکەی گەردی پابەندی دەقەکەیە.

ژنێك هەبوو بەناوی (فدان) هەموو جارێ کەتووشی وەزیر دەبوو گاڵتەی لەگەڵ دەکردو دەیوست بیخەڵەتێنێ (حوسامی، ل١٤).

ژنێکی جوان و جحێل لەو شارەدا هەبوو، ناوی فدان بوو، هەر جارەی تووشی وەزیر دەهات بەنازو فیزو بەعیشوەو غەمزەخۆی دەنواندو دەیەویست دڵی بۆ خۆی رابکێشێ. (گەردی،ل١٥).

(حوسامی)زۆر کورتی کردۆتەوە بەکەیفی خۆی ووشەی (گاڵتەی لەگەڵ دەکرد)ی بەکارهێناوە کەلەدەقە فارسییەکە بوونی نییە، وەرگێڕانەکەی (گەردی) لەگەڵ دەقە فارسییەکە دەگونجێ و لەفارسییەکەش زیاتر جوانکاریی تێدا کراوە.

لەسەر دارکەوتبووی هەرتك دەستت شکابوون (حوسامی، ل١٥).

لەسەر درەختێك بەربوویتەوە هەردوو دەستی شکا(گەردی،ل١٦).

(حوسامی)ووشەی سەرزارەکی زۆر بەکار دەهێنێ بۆ نموونە (هەرتك)، (هەردوو) راسترە، یاخود دەڵێ (چوە کن مێردەگەی)ل١٥، (چووە لای مێردەکەی)زمانی نووسینە، هەروەها درەختێك لە ووشەی (دار) جوانترەو لە فارسییەکەش (درخت) بەکارهاتووە.

چوونە هەر شوێنێ بەدەستی خاڵی مەگەڕێنەوە ماڵێ، هەرچی لەڕێگا دیتتان لە تەپاڵەوە بگرە تا کۆنەکەوش و ئاسنەوێڵە و پەڕۆشڕەو لەدەرگا کۆی کەنەوە، رۆژێك بەکار دێت،(حوسامی،ل١٩).

چوونە هەر شوێنێ قەت بەدەستی بەتاڵی مەگەڕێنەوە ماڵێ، هەرچی لەڕێگا کەوتە بەرچاوتان، لەتەپاڵەی رەشە ولاغەو بگرە تا کۆنە ناڵ و پارچە ئاسن هەڵیگرنەوەو بیهێننەوە لەبەر دەرگای ماڵێ لەسەر یەك کەڵەکەی بکەن رۆژێ دێ بەکەڵك بێ (گەردی،ل٢٢).

(حوسامی) کۆنەکەوش وئاسنە وێڵەو پەڕۆشڕەی بەکارهێناوە لەدەقە فارسییەکە (نعل کهنە و یا تکە ای اهن) بەکارهاتووە کەمانای ناڵی کۆن و پارچە ئاسن دەگەیەنێ، پەڕۆشڕە لە فارسییەکەدا بوونی نییە، (حوسامی)بۆی زیاد کردووە، وەرگێڕانەکەی (گەردی) وەرگێڕانێکی تەواوی دەقەکەیە.

لەپەنا چۆمێك راوەستا بحەسێتەوە لەسەر ئاوێ ویستی دەست و چاوی بشوات داهاتەوە کلاوەکەی لەسەری کەوتە خوار و ئاو بردی بەسەری پەتی و دەستی خاڵی مایەوە(حوسامی، ل٢٣).

هەر رۆیشت رۆیشت تا گەیشتە رووبارێك لەدەم رووبارەکە راوەستا بۆ ئەوەی پشوویەك بدا، لەسەر لێوی رووبارەکە دانیشت وویستی ئاوێك بەدەم و چاوی بکا، کەداهاتەوە سەر ئاوی رووبارەکە، کلاوەکەی لەسەر

بەربۆوە ناو رووبار و ئاوەکە ڕای پێچاو بردی، ئافۆ بەسەری کۆت و دەستی بەتاڵ مایەوە(گەردی،ل٢٥).

لەدەقە فارسییەکەدا (رود) نوسراوە کە مانای رووبار دەگەیەنێ نەك چۆم، لەدەقە فارسییەکە (کنار رود) نووسراوە کە مانای لێوی رووبارەکە کەچی (حوسامی) نوسیویەتی پەنا چۆمێك ئەو مانایە ناگەیەنێ، حوسامی نووسیویەتی (بەسەری پەتی) لە کوردەواریدا دەڵێن (بەسەری کۆت) بە (پێی پەتی) کەمامۆستا (گەردی-یش سەری کۆت)ی بەکاربردووە.

کابرا ژنەکەی دەرکرد، ژنی تازەی هەم ئاقڵ بوو، هەم کارکەر دەستی بەدروون و چنین و شتی دیکە و شەش مانگی رابرد، خانووی کابرا بوو بە کۆشك (حوسامی،ل٢٦).

کابرای هەژار ژنی یەکەمی لەماڵەوە وەدەرنا، بەڵام ژنە گەنجەی هەم ژیرو ئاقڵ بوو، هەم چاپووك و ئیشکەریش، هەموو ئیشێکی دەزانی دەستی بە دوورمان و چنین کرد، شەش مانگی پێ نەچوو کوخی کابرای هەژار بوو بە کۆشك و باڵەخانە (گەردی،ل٢٨).

لە دەقە فارسییەکەدا (زن جوانیش) کەبەمانای ژنە گەنجەکە دێت وەکو گەردی ئامـاژەی پـێ کـردووە، نـەك ژنـە تازەکـەی، لەدەقـە فارسییەکەدا (همەکار بلدبود)، حوسامی نووسیویەتی شتی دیکە، کە بەمانای هەموو ئیشێکی دەزانی دێت، لەدەقە فارسییەکەدا (کلبە) بەمانای کوخ دێت کە گەردیش هەمان ووشەی بەکاربردووە، کەچی حوسامی نووسیویەتی خانوو.

بابچینە مەزرایە (حوسامی،ل٢٧)

هەستە بچینە ئاقاری (گەردی،ل٣٠)

لەدەقە فارسییەکەدا (بیا بەصحرا برویم)واتە وەرە بابچینە بیابان، مەزرا بە مانای کێڵگە دێت لە مەزرعە وەرگیراوە ئاقار بەمانای ناوچە دێت.

ژنەکەی بردە سەر چاڵاوێك (حوسامی،ل٢٧).

ژنەکەی بردە سەر لێوی بیرێکی قووڵ (گەردی،ل٣٠).

حوسامی دوو ووشەی قرتاندووە (کنار)بەمانای لێوو (عمیق) کە بەمانای قووڵ دێت، ئەم دوو ووشەیەش دەستەواژەکە جوان دەکەن، گەردی زۆر جوان وەریگێڕاوەو گیانی بەبەردا کردووە.

ژن ماسیەکانی، هەلگرت و بردنیەوە ماڵێ و سووری کردنەوە سووسیشی پێداکرد،(حوسامی، ل٢٩).

ژنە ماسییەکانی هەلگرت و بردنیەوە ماڵێ و لێی نان ئینجا ساوارێکی زەریفی لێناو ماسیەکانی خستە بن ساوارەکە(گەردی، ل٣٤).

لەدەقە فارسییەکەدا لەنێوان دوو کەوانە (سوار)نووسراوە کە گەردی بە ساواری وەرگێڕاوە، نازانم حوسامی ووشەی (سووسیشی) لەکوێ هێناوە، وەرگێڕانەکەی گەردی پڕ بەپێستی ووشەکانە، پێ دەچێ (حوسامی)(سوار)ی لێ بۆتە سووس کە بەسەر هەمبەرگەرو کۆرف دادەکرێت.

دەوری سۆسی لەپێش داناو سەری ماسی لەژێر سۆس هاتەدەر(حوسامی،٣٠).

قاپە ساوارەکەی لەپێش داناو سەری ماسی لەبن ساوارەکە دەرهێنا(گەردی،ل٣٥).

لەدەقە فارسییەکەدا (ظرف سوار) نووسراوە کە مانای قاپە ساوار دەگەیەنێ.

ئاقڵی پیاوان هیچ ناهێنێ (حوسامی،ل٣٠).

ئەقڵی پیاوانەی تۆ یەك پووڵی قەڵب ناهێنێ(گەردی،ل٣٥).

لەدەقە فارسییەکەدا (عقل مردانه تویك پول نمی ارزد) حوسامی (عەقڵی پیاوان)ی کردووە بەنەناسراو، بەڵام لە دەقە فارسییەکەو وەرگێڕانەکەی گەردی (ئەقڵی پیاوانەی تۆ)ناسراوە.

دیتی شەڕە ژنە(حوسامی،ل٣٣).

دیتی دوو ژنەکەی دەستیان لەتیتکی یەك ناوەو لێك دەدەن(گەردی،ل٣٩).

لەکوردەواری نالێن شەڕە ژنە، بەڵکو دەستیان لەتیتکی ئێکتر ئاڵاندووە، بەڵام شەڕە کەو و شەڕە سەگم بیستووە.

یەك مەڕەکانی بردە ئاغەڵ و یەك ئاگری کردەوەو یەك خەریکی نان سازکردن بوو(حوسامی، ل٣٦).

یەك مەڕەکانی داکردە هۆرو یەکی تەندوری جۆشداو یەکی هەویری کرد و یەکێ فراوینی لێنا (گەردی،ل٤٤).

تندررا اتش کردیانی تەندوری جۆش دا نەك وەك (حوسامی) ئاگری کردەوەلەدەقە فارسییەکەدا (خمیر گرفت) واتە هەویری چێکرد، ئەم ووشەیە لەوەرگێڕانەکەی حوسامی بوونی نییە.

هەرمەنی و جوو سەری قاپەکەیان لابرد دیتیان نەماوە(حوسامی،ل٥١).

ئەرمەنی و جوو کە تەماشای سینی کەبابیان کرد دیتیان بەتاڵ و حەتاڵە(گەردی،ل٦١).

لە دەقە فارسییەکەدا (ارمنی ویهودی بە ظرف کباب نگاه کردندو دیدند خالی است)وەرگێڕانەکەی گەردی تەواوە، هەروەها حوسامی (جوو)ی کردووە بەنەناسراو، بەلاّم لەوەرگێڕانەکەی گەردی کە لەگەڵ فارسییەکەدا دەگونجێ ناسراوە.

کابرای بێ عەبا خۆی دەچۆمێ هاویشت و گوتی هەر ئەوەم بەسەر دەهات کە دەمبینی (حوسامی،ل٥٣).

کابرای بێ عەبا بەهەموو جلوبەرگییەوە خۆی بە رووبارەکە داداو لەوبەری هاتە دەرەوە، سەراپای گیانی لە ئاو هەڵکشابوو بانگی برادەرە عەبادارەکەی کرد، کووم دەبینی ئاوهام لێهات (گەردی،ل٦٣).

بەبەراوردکردنی ئەم دوو دێڕە دەردەکەوێ کە حوسامی چەند دەستەواژەو ووشەی فرتاندووە و فەرامۆشی کردووە، لەدەقە فارسییەکەدا (رود) نووسراوە کە مانای رووبار دەگەیەنێ، نەك چۆم وەك حوسامی نووسیویەتی، سێ پەند (حوسامی، ل٥٣)

سێ ئامۆژگاری (گەردی،ل٦٥).

لەدەقە فارسییەکەدا (سە اندرز)نووسراوە کەبەمانای سێ رێنمایی و ئامۆژگاری دێت، نەك بەمانای پەند وەك حوسامی نووسیویەتی.

سەر لێوی کەندالێکی گەورە (حوسامی،ل٥٤).

لێواری هەڵدێرێکی بەرز(گەردی،ل٦١).

لەدەقە فارسییەکەدا (بەلب پرتکاە بلندی) وەکو گەردی وەریگێڕاوە بڵند بەمانای بەرز دێت، نەك گەورە.

پیاوی دوو ژنەی بە مەکر (حوسامی، ل٦١).

کابرای دووِ ژنەی فێڵباز (گەردی،ل٧٥).

لەدەقە فارسییەکەدا (مرد دو زنەء حیلەگر). بەمانای فێڵباز دێت، یاخود لە کوردیدا دەڵێن (مەکرباز) هەرچەندە (مەکر) فارسەکانیش بەکاری دەهێنن، لەعەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی و فارسییەوە.

چۆن ئیرادە بکەی ئاوا دەژی (حوسامی،ل٦٠).

چۆنت بوێ وا دەژی (گەردی،ل٦٧).

ئیرادە ووشەیەکی عەرەبییە هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، دەبوایە(حوسامی) ووشەیەکی کوردی لەجیاتی ئیرادە دابنایە، چونکە ئیرادە لە کوردیدا مانای زۆرە، بۆ نموونە بەمانای ویستن ، ئارەزوو، بوێ، ڤیان....تاد.

رۆژێك پاشا و وەزیر لیباسیان گۆڕی (حوسامی،ل٦٠).

رۆژێ پاشا و وەزیر بەرگی دەروێشانیان کردە بەر (گەردی،ل٧٦)

لەدەقە فارسییەکەدا (لباس درویشان بەتن کردە)، دیارە لباس لە (ملابس)ی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، دەبوایە حوسامی ووشەیەکی کوردی لەجێگای بەکار بهێنابایە، کەلە کوردیدا (پۆشاك و بەرگ)مان هەیە. دەبێ ئەو کەسە زۆر سەیر بێ، چەندە بە غیرەتە (حوسامی،ل٦٢).

کابرا زۆر بەرچاوە و زۆر وێراو نەترس و بەجەرگیشە (گەردی،ل٧٨)

دەقە فارسییەکەی (این ادم بایدخیلی تماشایی باشد،چە دل و جرأتی دارد)

(گەردی) دەقاو دەق وەریگێڕاوە، کەچی (حوسامی) ووشەی سەیری بەکارهێناوە کەلەدەقەکەدا بوونی نییە، سێ ووشەشی قرتاندووە، وەك بەرچاو، وێراو نەترس و ئازا.

چونکە خراپەی فیکر و کردەوەیان بۆ ئەوان بەسە (حوسامی،ل٧٦)

چونکە ئەوەی خراپ بێ ویژدانی و بەد نیهادی خۆی بەسە، (گەردی،ل٩٤).

لەدەقە فارسییەکەدا (بدی نهادشان) لەگەڵ وەرگێڕانەکەی گەردی دەگونجێ، بەهیچ شێوەیەك (خراپەی فیکر و کردەوە) ناگەیەنێ، چونکە نهاد پێوەندیی بەناوەوەی مرۆڤەوە هەیە، هەستی دەروون دەگرێتەوە.

چەمەدانێکی پێبوو(حوسامی،ل٧٨)

جانتایەکی پێ بوو (گەردی،ل؟)

چەمەدان لە (چمدان)ی فارسییەوە هاتۆتەناو زمانی کوردەکانی ئێرانەوە، ئەگینا خورجێنی و باوڵ راستترە.

بەرخێك بکوژینەوە(حوسامی،ل٨٤)

جوانەگایەك سەردەبڕین (گەردی،ل١٠١).

لە دەقە فارسییەکەدا (گوسالەء نری را سرمی بریم).

(گوسالەء) بەمانا جوانەگا دێت وەك گەردی نووسیویەتی نەك بەرخ.

نان و گۆشتی سورەوەکراوە بۆ مێوان ئامادە بکە (حوسامی،ل٨١)

کولێرە بە شەکر بکەو هەندێ گۆشت ببرژێنە بۆ مێوانەکەمان (گەردی، ل١٠١).

له دەقە فارسییەکەدا (قطاب بپز) نوسراوە کە دەکاتە گردەنانی بەشەکر، نەك نان وەك حوسامی نووسیویەتی.

لەپێشدا وەڵام پرسیاری من بدنەوە پاشان خوازبێنی بکەن (حوسامی،ل٩٢)

یەکەم جار دەبێ وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە، ئینجا داوام بکەی (گەردی،ل١١٤)

له دەقە فارسییەکەدا (بدهید ، کنید) کە مانای بدەیتەوە، بکەی دێت وەك گەردیش ئاماژەی پێکردووە، کەچی حوسامی کردارەکەی کردۆتە کۆ (بدەنەوە ، بکەن) دیارە لە رووی زمانەوە هەڵەیە.

دیوارێکی لەدەوری خانووەکە کێشا (حوسامی،ل٩٢)

شوورەیەکی بڵندی لەدەوری حەوشەی خانووەکە دروست کرد(گەردی،ل١١٤)

لەدەقە فارسییەکەدا (حیاط خانە) بەمانای حەوشەی خانووەکە دێت وەك گەردی نووسیویەتی، نەك دەوری خانووەکەی وەك حوسامی نووسیویەتی.

پەنا جۆگەلەیەك ڕاوەستان (حوسامی،ل٩٢)

لەدەو رووبارێ وەستان (گەردی،ل١١٥)

لەدەقە فارسییەکەدا (درکنار جویباری توقف کردند) مانای لە لێواری رووبارێ وەستان، نەك پەنا جۆگەیەك وەك حوسامی نووسیویەتی..

سێوێك و فوتوە دەرزییەکی بۆ نارد (حوسامی ، ل٩٥)

سێوێك و جۆرکە شووژنێکی بەکارەکەرەکە بۆ نارد (گەردی،ل١١٨)

لەدەقە فارسییەکەدا _جعبە سوزن) کە بەمانای توورەگەیەك سووژن دێت نەك قوتوە دەرزییەك وەك حوسامی نووسیویەتی.

تۆ پیاوێکی راست و لەخوا ترسی (حوسامی،ل١٠٨)

تۆ مرۆیەکی دەستپاك و ئیماندار و لەخوا ترسی (گەردی،ل١٣٧)

لەدەقە فارسییەکەدا (درستکار)هاتووە کە مانای راستگۆو دەستپاك دەگەیەنێ، نەك راست وەك حوسامی نووسیویەتی (با ایمان)ەکە ئیماندار دەگەیەنێ فرتاندراوە لەلای حوسامی.

گایەکەی جل و لغاوکرد (حوسامی، ل١١١)

جڵەو هەوساری لەسەری گایەك کرد (گەردی،ل١٤٠)

ئەسپ لغاو دەکرێت ئەم بیستووە گا لغاو بکرێت بەڵکو وەکو گەردی، جڵەو هەوسار بەکار دەبرێت.

یوسپ لاوێکی جوان، چالاك، سوار چاك و نەترس(حوسامی،ل١١٥)

یوسپ گەنجێکی بەتاقەت و کۆك، چاپووك و بێ باك بوو، (گەردی،ل١٤٥).

لەدەقە فارسییەکەدا (اصیب جوانی بود، نیرومندو زیباو سواری چابك و بێ باك.

نیرومند)بەمانای بەهێزو بەتاقەت دێت وەك گەردی نووسیویەتی (زیبا) بەمانای قۆز و کۆك دێت، بەمانای جوان دێت، بەلام بۆ کوڕ دەڵێن گەنجێکی قۆز یاخود کۆك، نەك گەنجێکی جوان.

رایکرد بۆلای یوسب (حوسامی، ل١١٧)

رایکرد چووەوە لای ئەسپەکان (گەردی،ل١٤٧)

لەدەقــە فارســـییەکەدا (بــەطــرف اســبان دویــد) وەك گــەردی وەریگێڕاوە، حوسامی پەلەپەلی کردووە، ئەسپ و یووسفی لێك جودا نەکردۆتەوە.

دیتی پیرەمێردێکی ڕزیو، ریش سپی دانیشتووە (حوسامی،ل١٣١)

دیتی پیرەمێـردێ دانیشتووە، داڕزاوە و هـەموو ریشـی سـپی بـووە، (گەردی،ل١٦٦)

لەکوردەواریدا دەڵێن سێوەکە ڕزیوە، پیرەمێردەکە داڕزاوە.

ڕۆژە ڕێـیـەك لێـرەوە دوور، بــرام دەژی، تەمـەنی دووسـەت سـاڵە ڕەنگە ئەو بزانێ (حوسامی،ل١٣١)

برایـەکم هەیـە، تەمـەنی دوو سـەد سـاڵە و ماڵیشـی ڕۆژە ڕێـیـەك لێرەوە دوورە، بڕۆ لای ڕەنگە ئەو بزانێ (گەردی،ل١٦٦)

ڕستەکەی حوسامی لە ڕووی ڕێزمانەوە ناڕێکو پێکە.

پیرێژن بە نەقەنەق هەستاو لبادو باڵنجێکی هێنا (حوسامی،ل١٣١)

پیرێـژن بــە نــا بــەدڵیو بــە بۆڵـەبۆڵ هەسـتا چـوو نیمـدەرێك و بالیفێکی هێنا (گەردی،ل١٦٧)

لەدەقە فارسییەکەدا (پیرزن با نارچایی، نق نق کنـان) بـەنا بـەدڵی و بۆڵەبۆڵ ڕاسترە، نەك بە نەقە نەق.

کە هەر ووشە فارسییەکەیە حوسامی نووسیویەتییەوە.

لەسەر ڕووی خۆی دادەو دەگریا (حوسامی، ل١٣٧)

لەسەر و گوێلاکی خۆی دەداو فوغانی دەکرد(گەردی،ل١٧٤)

سەر ڕووی خۆی دادە بۆ ژن بەکار دەبرێ بۆ پیاو هەروەك گەردی دەڵێ لەسەر وگوێلاکی خۆی دەدا.

پەندەکانی حەکیمانە (حوسامی،ل١٤٥)

ئامۆژگاری ژیرانە(گەردی،ل١٨٢)

لەدەقە فارسیەکەدا ( اندرزهای حکیمانە) کەمانای ئامۆژگاریی ژیرانە دێت، نەك پەند، چونکە پەند وانەی عیبرەتە.

ئەقڵ و ئیقباڵ (حوسامی ، ل١٥٨)

بەخت و ئاوەز (گەردی،ل١٩٨)

لە دەقە فارسییەکەدا (عقل و اقبال) هەردوو ووشە لە عارەبییەوە هاتونەتە ناو زمانی فارسییەوە (حوسامیش) وەکوخۆی بەکاری بردوون دیارە (عقل)بەمانای ژیر، بە ئاوەز دێت اقبال مانای بەخت دێت کە (گەردی)وەك خۆی ڕاستی وەرگێڕاوە.

هەریەك لە گوندێك دەژیان (حوسامی،ل١٧٦)

ڕاستیەکەی هەریەك لە گوندێك دەژیا.

یارمەتیت دەکا (حوسامی،ل١٨٧)

ڕاستیەکەی یارمەتیت دەدا.

لەقەراغ جۆگەلەیەك دانیشتوون (حوسامی،ل١٧٩)

لەدەم ڕووبارێ دانیشتوون (گەردی،ل٢٢٤)

بە فارسییەکەی (برکنار جویباری) جویبار مانای ڕووباری بچووك دێت، نەك جۆگەلە، چونکە جۆگەلە بەفارسی (جوی اب)ی پێ دەڵێن.

دێو هاواری کرد (جوسامی،ل٢٠٠).

دێو نەڕاندی (گەردی،ل٢٥١)

دێو هاوار ناکات وەك حوسامی نووسیویەتی، بەڵکو مرۆڤ هاوار دەکاو دێویش دەنەڕێنێ.

ماڵی پڕ لە مێشوولە بوو (حوسامی،ل٢٠٥)

ماڵی پڕ له كێچ بوو (گەردی،ل٢٥٧)

بە فارسییەكەی (پراز ساسس بود) ساس بەمانای كێچ دێت نەك مێشووله، چونكه جاران كێچ لەناو ماڵ پەیدا بوو، مێشووله لەسەر بان پەیدا دەبێ.

دوو دەسته برا (حوسامی،ل١٧٦)

دوو برای ئاخرەتێ (گەردی،ل٢٢٠)

دەقه فارسییەكه (دوبرادر خوانده) خوانده مانای دوو براكه پێكەوە گەورەبن و له ڕاستی برا نەبن، بەیەزیدی ئاخرەتی دەگەیەنێ وەك گەردی ئاماژەی پێ كردووە.

له باڵەخانه وێستاوە و تەماشای جاده دەكات (حوسامی، ل١٨٢)

له باڵەخانه وەستاوە، چاوی بڕیوەته ڕێگا (گەردی،ل٢٢٨)

وەستاوە لەچاوگی (وەستان)ەوە هاتووە، وێستان زمانی سەرزارەكییە، جاده بە فارسی مانای ڕێگا دێت، دەبوایە حوسامی وەكو خۆی بەكاری نەهێنێ، چونكه لای ئێمە جاده بەشوێنی قیرتاوكراو دەڵێین.

ئیمڕۆ بەدوای گاكێویەكدا ئەسپم غاردەدا (حوسامی،ل١٨٦)

ئەمڕۆ بزنه كێویەكم هەستاندو، ڕكێفم لەئەسپەكەمداو كەوتمه دووی، (گەردی،ل٢٣٢)

لەدەقه فارسییەكەدا (گوزن) نوسراوە، كەمانای بزنه كێوی دەگەیەنێت وەك گەردی نووسیویەتی، نەك گاكێوی وەك حوسامی وەریگێڕاوە و دەستەواژەكەشی ناڕێكه.

ئەی بەد ذات (حوسامی،ل١٨٨)

هەی بەد مەزەبی ناکەس بەچە (گەردی،ل٢٣٥)

لەدەقە فارسییەکەدا (بدذات) کەماناکەی بەد جنس دەگەیەنێ وەك گەردی نووسیویەتی، حوسامی هەر فارسییەکەی گۆستۆتەوە.

کە نانتان خواردو تێر بوون، دەورییەکان بۆ خۆتان هەلگرن پێشکێشتان دەکەین، (حوسامی،ل١٩٣)

کەلە خواردن بوونەوە، هەر کەسە سینییەکە بۆخۆی ببا پێشکەشتان بێ، (گەردی،ل٢٤١)

دەوری بەمانای قاپی پەل دێت کە بەفارسی (دوری)ی پێ دەڵێن. لەدەقە فارسییەکەدا (سینیهارا باخود ببرید) واتە سینییەکان لەگەڵ خۆتان ببەن، نەك دەورییەکان وەك حوسامی نووسیویەتی.

دیتیان دێو لە کۆڵان کوژراوە(حوسامی ،ل٢٠٦)

دیتیان دێوێك تۆپاندراوە(گەردی،ل٢٥٧)

کوژران بۆ مرۆڤ بەکاردێت، بۆ ئاژەڵ وەك گەردی نووسیویەتی تۆپاندراوە راسترە.

کچێکی دەس لێ نەدراوە (حوسامی،ل٢٠٧)

کچێکی عازەب (گەردی،ل٢٥٩)

بەفارسییەکەی (دختری باکر) کە کچێنیدار دەگرێتەوە، هەر چۆنێ بێ عازەب کەمانای تازە لاوی بالغ کوڕ بێ یاخود کچ کە مێردی نەکردبێ لەدەس لێ نەدراوە باشترە.

لەگەنێکی مسی پڕ لە پلاونان و گۆشت (حوسامی،ل٢١٥)

سینیەکی زیوی گەورەی هێنا پڕ سەری گۆشت و پلاو (گەردی،ل٢٦١)

دەقە فارسییەکە (سینی بزرگ مس) حوسامی جیاوازی بەینی لەگەن و سینی نەکردووە، بزرگ کە گەورە دەگەیەنێ فرامۆشی کردووە، وەرگێڕانەکەی گەردی زۆر رێك و تەواوە.

لەهەموو لاوە شار وێران بکات، (حوسامی،ل٢٣٧)

بکات هەڵەیە، دەبێ کردارەکە بکرێ بەکۆ (بکەن).

گەیشتە دەریا(حوسامی،ل٢٥٩)

گەیشتە قەراغی دەریاچەکە(گەردی،ل٣٢٤)

لەدەقە فارسییەکەدا (کنار دریامە)نووسراوە کەتەواو لەگەڵ وەرگێڕانەکەی گەردی دەگونجێ.

چونکە (دیارمە) مانای دەریاچە دەگەیەنێ دیارە لە دەریا بچووکترە، بەلام حوسامی هەستی بەم جیاوازییە نەکردووە،

لەناکاو دەنگی لوور: لووری جانەوەرێکیان بیست (حوسامی،ل٢٦٢)

لەناکاو گوێیان لەدەنگی زیرەی جانەوەرێك بوو (گەردی،ل٣٢٨)

لووره لوورەکەی (حوسامی) ڕاسترە، چونکە بە فارسییەکەی (زوزه)کە مانای لووره لوور دەگەیەنێ، زیرە بۆ مرۆڤ بەکاردێت.

داری کۆ دەکردنەوە(حوسامی،ل٢٧٨)

چیلکەی کۆ دەکردەوە(گەردی،ل٣٤٨)

بەفارسییەکەی (خرده هیزم و سرشاخه جمع می کرد)

خرده هیزم تەواو مانای چیلکە دەگەیەنێ نەك دار وەك حوسامی نووسیویەتی. لەڕووی زمانەوە کۆدەکردنەوە هەڵەیە دەبێ کردارەکە تاك بێ، چونکە یەك کەس کارەکەی کردووە.

دایە گیان کارت چییە(حوسامی، ل٢٧٨)

نانە گیان چیت دەوێ(گەردی ، ل٣٥٢)

بەفارسییەکەی (ننەجان چەمی خواهی؟) تەواو لەگەڵ وەرگێڕانەکەی گەردی دەگونجێ، کارت چی‌یە مانای چ ئیشێك دەکەی جیاوازە لەگەڵ (چەمی خواهی)کە مانای چیت دەوێ.

رایگەیاند کە پاشا مرد (حوسامی،ل٢٨٢)

بڵاوی کردەوە کە وەزیر مردووە(گەردی،ل٣٥٣)

بەفارسییەکەی (وەزیر مرد)ە، وەکو گەردی نووسیویەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە حوسامی لەکارەکەیدا وورد نی‌یە.

لەوێ ئاگریان کردەوە، (حوسامی،ل٢٨٤)

ئەشکەوتەکە ئاگری لێ کرابووەو (گەردی، ل٣٥٦)

بەفارسییەکەی (درغار اتش روشن بود)مانای لە ئەشکەوتەکە ئاگری لێ کرابووەوە وەك گەردی نەك ئاگریان لێ کردەوە.

لای رۆژئاوا (حوسامی،ل٢٨٤)

بەرەبەری رۆژئاوا (گەردی،ل٣٥٦)

بەفارسییەکەی (هنگام غروب) بەرەبەری رۆژئاوا کە دەکاتە کاتی رۆژئاوا دەگونجێ، بەڵام لای رۆژئاوا مانایەکی تر دەگەیەنێ.

ئاو لەسەر خیزەو سوپاس بۆ خودا خیزیش نابزوێ (حوسامی،ل٢٨٩)

ئاوەکەش لەسەر بەردەو بەردەکەش سوپاس بۆ خودا لەجێی خۆی نابزوێ(گەردی،ل٣٦٢)

دەقە فارسییەکەی (روی ریگ) بەمانای وردەبەرد دێت، بەڵام خیز بەمانای زیخ دێت.

کیژەکەی لەخەو هات (حوسامی،ل٢٩٠)

کچەکەی لەخەوا دی (گەردی، ل٣٦٣)

دەقە فارسییەکەی (دخترك را بە خواب دید) کیژەکەی لەخەودا بینی کەلەگەڵ وەرگێڕانەکەی گەردی دەگونجێ، بەلاَم وەك حوسامی کیژەکەی لەخەوهات هیچ مانایەکی نییە و دەستەواژەیەکی ناڕێکە.

سەرچاوەکان


١. هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، تهران ، ١٩٨٨.

٢. و. گەردی ، ئەفسانەی کوردی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی - ٢٠٠٠.

٣. و . کەریمی حوسامی ، ئەفسانە کوردییەکان، چاپخانەی دەزگای گولان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩.

گردآوردەءم ب ڕودنكو، ترجمەء كريم كشاورز، افسانەهای کردی، انتشارات اگاه، تهران، ١٣٥٢.

## زەکی هەناریو وەرگێران

کە دەڵێین وەرگێڕان واتە وەرگێڕانی بەرهەمێك لە زمانێك بۆ زمانێکی تر بەشێوەیەکی پوخت وڕازاوە بەمەرجێ تامو چێژی بەرهەمەکە لەکاتی وەرگێڕاندا نەفەوتێ.

ئەگەر لەم سوچەوە سەیری ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بکەین کەمامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و تورکی یەوە وەریگێڕاون بۆ سەر زمانی کوردی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مامۆستا زەکی لەهونەری وەرگێڕاندا دەستێکی باڵای بووەو گۆی خۆی لەهونەری وەرگێڕاندا بردۆتەوەو سەرکەوتنی بنچینەیی وەدەست هێناوە.

هۆی ئەم سەرکەوتنانەشی ئەوەبووە شارەزایی ولێ هاتوویی باشی لەهەر چوار زمانەکەدا هەبووە، چ لەڕووی گفتوگۆ کردنەوە بوویێ یان لەرووی نووسینەوەدا.

بەردەوام بەهەر چوار زمانەکە شاکاری ئەدەبی خوێندۆتەوە، وەئەو بەرهەمانەی کاری تێکردووە لەگەڵ تاسەو ئارەزووی گونجاوە و هەست و نەستی بزواندوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی زگماك.

بە پەخشان گەلێ بەرهەمی ئەدەبی وەرگێڕاوە لەوانە گوڵستانی سەعدی شیرازی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی، ساڵی ١٩٦٨ لەبەغدا چاپی کردووە سەرگوزشتەی ژیانی محەممەد (د.خ) ڕێکخستەی ئیدن هۆلاند لەئینگلیزی یەوە گۆڕیوە بۆ کوردی هێشتا چاپ نەکراوە.

هەروەها گرامەری زمانی کوردی لە ئینگلیزیەوە کردووە بەکوردی کەنووسەرێکی ئەمریکی نووسیوێتی.

جگە لە چیرۆکەی منداڵان کەلە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی هێشتا چاپ نەکراوە.

وەبە شیعر گەلێ شاکاری جیهانی وەرگێڕاوە، لەزمانی فارسی شاکارەکانی سەعدی شیرازی و حافزی وەرگێڕاوە.

لە ئینگلیزی شاکارەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ و ولیەم شکسپیری وەرگێڕاوە.

جا لێرەدا یەك دوو نموونە لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی دەخەینە بەرچاو خوێنەرانی ئازیز، کورد واتەنی (مشتێ نموونەی خروارێکە).

بەهیوای لەدەرفەتێکی تردا بەدرێژی بڵاوییان بکەینەوە رازو نیازی گوڵ هۆنراوەی ڤیکتۆر هۆگۆیە لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات.

رازو نیازی گوڵ

گوڵێکی تازە پشکفتوی قەشەنگ
بەم پەروانەی وت لەسەرخۆ بێ دەنگ
کەسوك لەگەری نسێ دا ئەفڕی
باڵی ڕەنگینی نەسیمی ئەدڕی
دڵدار ! هاوەدەمی شەوی تاریکم
دۆستی ئەمەکدار بۆ جوانی ڕێکم
وەرە پێش وەرە، خۆت دوور مەخەلێم
لەم جیهانەدا تۆی کە بچی پێم
لەمیانەی بون و نەبون سەرگەردان
پەنجەی بە تێنی چارەنووس لێمان

نــاگـەڕێ ، زیـنـهـار، مــەبــە دڵ نـیـا
بـەزوویـی ئـەی وێ لـێکمـان کـا جیـا
ئــەو کــاتــە هــەتــا هــەتــایــێ ئـەمن
ئــەڕۆم ، نــامێـنــم لێــتــان ئــەبــم ون
بــە ئــاگــاوەرە ! ژیــانــی مــە تــەنیا
کــورتــرە لــە ژیـانــی گــش شتــی دنـیــا
پــاش چــاو قــووچێـنـێـك چاوەدەی بڕاوە
ریــشــەی ژیــانــم، گــەڵام پــچــڕاوە
گــۆڕی دڵـداری چــەن تــەنگە گیـانـە!
ژەی خــۆشــەویستــی کـورتــەو لـەبڕانـە
خــۆزیـا بــۆ ئــەمـەی لـەدڵــداریـێـك
خــۆشیـمــان دیبـا لــە یــەکتــر کەمێك
تــۆلــە دەمـــــاری بـــاریـــکــی تــەنــم
جێـت ئـەگرت ئـەم ووت لـەم شادیە منم ؟
لـەم بـاڵـە گچکـەی ڕەنـگینــانـەی خۆت
ئـەتـدامـێ دیــاریــەك تـا مـن مـاوم بۆت
ئەمــەش نموونــەیێکی تــرە لــە شــیعری ولیــەم شکســبیر لــە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی.

ئەمە خۆ دوور نـیـە رۆژێ ئەستێرەکان
بـەیـێك بـکـەون، پـڕ بـڵێسەکەن جیهان
نـبـتۆن و ئـۆرانـۆس لێك دەن و لـەنـاکاو
لــە چــەرخــەوە بۆ زەمین تاویدا کیوان (۱)
رۆژ ســاردو بـکـوژێـتـەوە، لـە جێی ئەوا

(٢)سهـا لوبـدا، سهيـل(٣) بێتـه تـابـان
ئـەمـانـه دوور نين ببن بەڵام ئەبته دوور
دڵـداری تـۆم لـەسـەرا دەرچـی هـەی گیان!
له ئەدەبیاتی سەعدی شیرزای (دووانی مۆم و پەروانه)ی وەرگێڕاوە.
دووانــــــی مــــــۆم و پـــــــەروانــــــه
لــه یـادمـه شـەوێ چـاوم نـــەچـــووه خـــەو
بیـیستـــم پـــەروانـه بـه مـۆمـی ی ووت شەو
منێـكـی دڵـــدار بســـووتێـــم حــــەقـــه
گــریــــان، ســووتــانـــت چـــیـــیـه بـێ نـقـه؟
وتـــی دڵـدارەی ! بـێ تـــەنـــەكــــەی مـــن
شیـرینـی رۆیـی یـار شیـــرینـــەكـەی مـن
كــەشیـــریـن رۆیـــی لـــەمـــن ســـەر لــەبـــەر
وەك فـەرهـاد ئـاوی دائــــەڕژێ لـــــەســــەر
ئـەی گـۆت و هـــەر كات فرمێسكـی پـڕ دەرد
ئـەهـاتـــه خـــواری بـــەســـــەر ڕوی‍ـــی زەرد
ڕەوای یـەكـێـكــــه دڵــــــــداری كــــــــردن
خـــۆی بـگــرێ بـــێ دەنــگ هــەتـاكـو مردن
تـــۆ هـــەڵـدێـی لـەپـێش گـرێكـا هـەی خـاو
وەستـــاوم تـــــا ئـــەســـوتـــێـــم تـــــەواو
بـــه ئـــاگـــری دڵـــداری گـــەر بســوتێ پەڕ

١. زحل
٢. بنات النفس
٣. كاروان كوژ

مـن بينه سوتاوم لەپێ هەتا سـەر
ئەدواو ئـەسوتـا دوو کەڵی لـەسـەر
دووایـی دڵـداری وایـە بـێ خــەبــەر
فیدایـی لە ئامانج هەڵناگرێ چەنگ
ئەگەر بۆ سـەری تیر باری یا سەنگ
پـێت ئەڵێـم نـەکەی بچیە ناو دەریا
کـە چـووی خـۆت بـدە دەس لافاویـا
ئەمەش نموونەیێکی ترە لە شیعری فارسی وەرگێڕاوە بەناوی
(گفتوگۆی بولبول و پەروانە)
بیـستـم پـەروانـە لـەم کاتـەی بـولبول
ئـەی نـالاَنـد لـەتـاو دەردی عشقی گوڵ
پـێی ووت ئـەم بـانگ و هـاوارمت چیـیە؟
لـەدەسـت معشـوقـەت ئەم کارمت چیـیە؟
پێـویستـە عـاشقـی لـەمنەوە فێر بن
کـە هیـچ نـانـاڵـم لـەکـاتـی سوتـن
ئـەمـەی بیست بـولبول گریاا پڕ بەزار
کـەمـن بـەخـت ڕەشم ئـەتۆی بەختیار
بـەخـتـت یـاوەرەو خـۆشی و خـەنـدەی
کە گیان لەژێر پێی مەعشوقەت ئەدەی
هیـچ کـەس بـەحـاڵی من نەبێ خودا
یـارم لـە پێش چـاو ئـەدرێتـە بەربا
پێـویستـە لـەسـەر ئـەم ژینـەم گریان
کـەبـێ یـار ئـەبـێ بـەرێ کـەم ژیـان

ماتەمینی سەر منارە

شیعری : موسی الخافور ((١))

وەرگێرانی لە عەرەبیەوە کەمال مەعروف

لەهەولێر...

لەنێوان ئاژاوەی چەکدا

کەلەپوورو...

ووشە رەنگاو رەنگەکان نسکۆیان دا

(١)

سەرەرای نالینی خۆم

ئازارەکانی عیراقم هەڵبژارد

ئای چەند ماندوو بوویت و

ئای چ ئازایەتییەکت هەیە.

(٢)

رۆژێك لە هەولێرا

لە دەست گوشینی باڵندەکانا

کازیوە مانگی گرت

چۆلەکەکانی رووبار....گریان

خەم... فرمێسکەکانی مانگە شەوی رێکخست

ئەو رۆژە ...

منارەکان و ...

بێچووە لەق لەقە بێ دایکەکان و

هەولێر بوونە ماتەمینی.

(٣)

لەو رۆژەدا...

منارەکان..

ئازارێکیان نۆشی

خەمێکیان هەڵگرت... کە لێی نووسرابوو:

لە پێناوی عیراقدا لەق لەق دێت و

تێیدا دەمرێت

کاتێ باڵەکانی لەق لەقەکەم لەبن هەنگڵم نا....

ویستم بڕۆم

هەستم کرد.... کە کوللەی زەوی ژمارەیان زۆرە(٢)

١: موسى الخافور : شاعیر و بەرهەڵستکاری عیراقییە، ئێستا لە دیمەشق نشتەجێ یە.

٢.موسى الخافور: ترانیم زهرة الهیاسنث، دار الینابیع - دمشق، ١٩٩٥.

## رۆژنامەگەری کوردی لە ئەوروپادا

رۆژنامەگەری کوردی لە دەرەوەی وولاتدا لە کەشو هەوایەکی ئازاد پەخش و بلاو دەکرێنەوە، نووسەرانی کوردیش بەوپەڕی سەربەستییەوە بێ هیچ سانسۆرێك بیروباوەڕی خۆیان دەخەنە ڕوو، لە رووی ناوەرۆکەوە گەلێ بابەتی بڤەو دیاردەی دزێوی ناو کۆمەڵ کە لەوولاتدا نووسەران خۆی لێ لاتەریك دەکەن، لەبەر گەلێ هۆی ئایینی و سیاسییەوە، ئەوا لە دەرەوەی وولاتدا بێ هیچ پەروایەك کارە ناڕەواکان تیشك و رووناکییان دەخرێنە سەر بۆ خەڵکی روون دەکرێنەوە، بەلام لە رووی رووخسارەوە تەکنیکی هونەرییان لەئاستی گۆڤارەکانی وولاتانی ئەوروپادا نین، لەهەر ولاتێك لە ولاتەکانی ئەوروپا چەند گۆڤار و بلاوکراوەیەکی کوردی هەن، بزوتنەوەی رۆشنبیری بەهۆی رۆژنامەگەرییەوە لەدەرەوەی ولاتدا هەنگاوی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەی جێگەی داخە کە گۆڤارەکانی دەرەوەی ولات لەهەڵچوون و داچوون دان، هەندێکیان دوای ئەوەی کەیەك دوو ژمارەی لێدەردەچێ وون دەبێ، گۆڤارێکی تر سەر هەڵدەداتەوە، ئەم تەمەن کورتییەی گۆڤارەکانیش بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە:-

١. نەبوونی کادیری کوردی وەکو پێویست لەبوارە جیاجیاکاندا.
٢. نەبوونی گیانی هاوکاری و دۆستایەتی لەنێوان رۆشنبیرانی کوردیدا.
٣. سەرقاڵی خەڵك بەنیش و کاری رۆژانەوە، ئەمەش وایکردووە کەهەندێك لە رۆشنبیران نەپرژێنە سەر ئەوەی کە بە نووسینەوە خەریك بن.
٤. مەسەلەی ئابووریش خاڵێکی گرنگە بۆ بەردەوامبوونی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە دەرەوەی ولاتدا، هەروەکو ئاشکرایە بلاوکراوەکانی

کوردی یان بە پاڵپشتی حزبەکانەوە دەردەچن، یاخود بە یارمەتی وڵاتە ئەوروپییەکانەوە پەخش دەکرێن، بەشێکی کەمیشی بەهاریکاری کوردەکانی دەرەوە دەردەچێت.

٥. زۆر جار کەمی خوێنەر گیروگرفت لەبەردەم دەرچوونی گۆڤاری کوردیدا چێدەکات، چونکە رۆژنامەگەری کوردی بە خوێنەرەوە بەرەو پێشەوە دەچێ، کە خوێنەری نەبێ ناتوانێ بەردەوام بێ.

٦. دوو بەرەکیو ناکۆکی ناوەوەی وڵات، لە دەرەوەی وڵاتدا رەنگی داوەتەوەو زۆر جار چەند رۆشنبیرێك لەوڵاتێکی ئەوروپیدا دەژین بەڵام ناتوانن پێکەوە کاربکەن، ناچار دەبن بەتەنیا گۆڤارەك دەربکەن، بەتەنیاش هەر دوو سێ ژمارەیان پێ دەردەچێ و پاشان گۆڤارەکە وون دەبێ، بۆ نموونە گۆڤاری (وان، مامۆستای کورد، رۆناکبیری، خەرمانە) لەوڵاتی سوید دەردەچوون لەبەر ئەم خاڵەی سەرەوە ئێستا دەرناچن.

٧. لەوڵاتێکی وەکو سوید ئەگەر چوار ژمارە لە گۆڤارێك دەربکەی و گۆڤارەکەش لەئاستێکی باش بێ ئەوا لەلایەن حکومەتی سویدییەوە هاریکاری ئابووری دەکرێت، زۆر جار هاریکارییەکە وەردەگرن پاش دەرکردنی چوار ژمارەکە ئیتر لفی لێدەدەن و بێ دەنگ دەبن.

٨. نەبوونی پەیوەندی لەنێوان رۆشنبیرانی دەرەوەو ناوەوەی ووڵات، ئاستەنگێکی گەورەی دروستکردووە، چونکە بڵاوکراوەکانی دەرەوەی وڵات ناگەنە کوردستان و بڵاوکراوەکانی کوردستانیش وەکو پێویست ناگەنە دەست خوێنەرانی کورد لە دەرەوە.

## ئاستەنگەکانی رۆژنامەگەری کوردی

لـەپاش ڕاپــەڕین رۆژنامەگــەری کـورىی گـۆڕانێکی هەمەلایەنــەی بەخۆوە بینی، هاتنەکایەی رۆژنامەی رۆژانەو دەرچوونی جۆرەها گۆڤار و بلاّوکراوە، بە وەرچـەرخانێکی مـەزنی بـواری رۆژنامەگـەری دادەنـرێ، شۆڕشی زانیاری، گەشەکردنی ئامرازەکانی وەرگرتن و ناردن و پەیوەندی کردن و گواستنەوە، ئەم ئـامرازە تازانـە ڕۆڵێکی باشیان لـە پێشکەوتنی رۆژنامەگەریـدا بینیـوە، بەکـەمترین ئـیش و زۆرتـرین بەرهـەم دەسـت دەکەوێت، جاران دەنگوباس لەڕێگای رادیۆ و پەیامنێرەوە دەگوێزرایەوە، بەلاّم ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو ئەنتـەرنێت و سـەتەلایتەوە فـــراوانترین هـــەواڵ کـــۆ دەکرێنـــەوە، گەشـــەکردن و پەرەســـەندنی رۆژنامەگەری لەرۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە.

پێشکەوتنی بـاری ئـابووری نەلایـەك، لەلایـەکی دیکـەوە زیـادبوونی رێـــژەی خوێنـــدەواری، ئـــەوش وایکـــردووە کەخـــەڵکێکی زۆر رۆژنامـــە بخوێننـــەوە، بۆیـــە پێویســـتە ئارەزووەکـــانی، بیروڕاکـــانی، پێشـــنیارەکانی لەبەرچاو بگیرێ، لەگەڵ ئـەوەی رۆژنامەگـەری کـوردی هـەنگاوی مـەزنی بەخۆوە بینوە، دیـارە لەکـەموکورتیش بێبـەش نـیـە، جالێرەدا هەنـدێ لەگیروگرفتەکان دەخەینە ڕوو بەو هیوایەی لەدوا ڕۆژێکی نزیکدا چارە سەر بکرێن...

١. نەبوونی لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانـە وەکو پێویسـت کـەبتوانێ بـاری سیاسـی و کۆمەلاّیـەتی دواکـەوتووی نەتەوەکـەمان بـە شـێلگیرانە هەڵسەنگێنێ.

٢. گیروگرفتەکانی نـاو کۆمـەڵی کوردەواری ناخەنـە ڕوو، زۆر ڕووداو و کـارە سـاتی کۆمەلاّیـەتی و سیاسـی هەنـە رۆژنامـەکان خۆیـانی لـێ

لاتـەريك دەكـەن، پـەردە پـۆش كردنـى هەنـدێ ديـاردەى دزێـوى كۆمەڵايەتى و شاردنەوەى لـە ميللـەت كارێكى باش نىيـە پێويستـە خەڵكى ئاگاى لەهەموو ڕوداوێكى بچووك و گەورەى وڵات بێت، تاكو بتوانێ خۆى بپارێزێ و هۆشيار بێتەوە.

٣. ڕۆژنامـــەكانى كوردســـتان، ڕۆژنامــەى حزبــە دەســـتەڵاتدارەكانى كوردسـتانن، ئـەوەش ئـەوە دەگەيـەنێ كـە ڕۆژنامـەى سـەربەخۆ و ئازادمان ئيمرۆ لەكوردستاندا نىيە.

٤. سەربەستى ڕۆژنامە پەيوەندى بـە سەربەستى گشتىيەوە هەيـە، تـا وڵات ئازاد و ياسا بەرقـەرار نـەبێت، ڕۆژنامـەى ئازاد نايەتـە ئـاراوە، چونكە ڕۆژنامەى ئازاد،ماناى دەربڕينى ئازاد دەگەيەنێ، ڕۆژنامـەى ئـازاد دەرمـانى گشـت دەردەكانـە، بـەبێ بـوونى ڕۆژنامـەى ئـازاد ڕاستيەكان لە ميللەت دەشاردرێنەوە، ڕووداوەكان كپ دەكرێن، وەكو پێويست ناخرێنە ڕوو.

٥. لێكۆڵينـەوەى بابـەتى سياسـى وەكـو پێويسـت نىيـە، ڕووداوەكـانى جيهانى شيكردنەوەيان لەسەر ناكرێت، تەنيا دەنگوباسەكانە بەهۆى سەتەلايتەوە وەردەگێڕدرێن.

٦. دووبارە بوونەوەى هەواڵەكان، هەنـدێ لەهەواڵەكان مـردوون، يـەك دوو هەفتــە بەســەريدا تێپــەڕيوە، بەتايبــەتى ئـەو هەواڵانــەى كـە لەلايەن بڵاوكراوەى ڕێكخراوەكانەوە پـەخش دەكـرێن، هـەواڵ دەبـێ تـازە بـێ و درێـژدادڕ نـەبێ، لەهـەمان كاتـدا بزوێنـەر و سـەرنج ڕاكێشەربێت، گۆن بـوونى هـەواڵ هـيچ نرخێكـى نـامێنێ، پێويسـتە هەواڵـەكان وەكـو خـۆى بەئەمانەتـەوە بڵاوبكرێنــەوە، بەداخــەوە

هەندێ لەهەواڵەکان دەسکاری دەکرێن، کەلە سیما هەرە گرنگەکانی ڕۆژنامە ئەوەیە ڕاستگۆیی پەیڕەو بکات.

٧. ئەو کادیرانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا کاردەکەن، زۆربەی زۆری خاوەن قەڵەمن، واتە ئەدیب و شاعیرن، کادیری هونەریمان ئێکجار کەمن لەبواری ڕۆژنامەگەریدا، نەبوونی کادری پسپۆر کەلێنێکی دیارە. کردنەوەی ئامۆژگای ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا، دەبێ سەرەتایەك بێت بۆ چێکردنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان.

٨. زمانی ڕۆژنامە دەبێ ساکار و سادە بێ زمانی هەموو خەڵك بێ بەتایبەتی بابەتە سیاسیەکان، شێوازی نووسینی بەجۆرە پیتێك بێ کەهەموو کەس بتوانێ بیخوێنێتەوە، پیتەکانی چاپ نابێ زۆر وورد بن، بەداخەوە ڕۆژنامە هەیە، ئەگەر تەلسکۆب لەچاو نەکەی، ناتوانی بیخوێنیتەوە.

٩. بوونی هەڵەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بە ئاستەنگێکی گەورەی دادەنێم، بەلای منەوە بوونی ئەم جۆرە هەلآنەش لەبەر نەزانی و بێ بایەخی و کەمتەرخەمی ڕوودەدەن، ئەم هەموو هەلآنە لەنرخی بەرهەمەکان کەم دەکەنەوە، پێویستە بەرلە چاپکردنی، چەند کەسێکی زمانزان و شارەزا پێدا بچێتەوە، پەلە نەکرێ لەدەرکردنی، کادری هەڵەچنی لەهەموو کادرەکانی دیکەی بواری ڕۆژنامەگەری گرنگترە، لە ئەورویا کاتێ بەرهەمێك لە گۆڤارێ چاپ دەکرێت، نوسخەیەکی بۆ نوسەرەکە دەنێرێتەوە، تاکو بەسەری دابچێتەوەو هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە، خودی خۆشیان چەند جارێك پێدادەچنەوە پاش ئەوەی پاکنووس دەبێت ئینجا بلآودەکرێتەوە.

١٠. دابەش نەکردنی مادەکان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشەر بۆ نموونە ناونیشانەکان، وێنەکان..هتد، هونەری نەخشەسازی پەیڕەو ناکرێت.

١١. نەبوونی هونەری کاریکاتێری، هەر وەکو ئاشکرایە هونەری کاریکاتێر جەماوەرێکی گەلێ بەرفراوانی هەیە، هونەرێکە بەخێرایی و بە ئاسانی دەگاتە خوێنەر.

١٢. وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ چاکتر پاڵ بەخەڵکەوە دەنێ کە بایەخ بە بابەتەکان بدەن، بەداخەوە ئەم لایەنەش لەلای ئێمە لەبەر هۆی تەکنیکی تا ڕادەیەك پشتگوێ خراوە، لەهەمان کاتدا نابێ ژمارەیەکی زۆر لەوێنە بخرێنە روو، پێویستە وێنەکان بەوردی لەشوێنی خۆی و بۆ مەبەستی تایبەتی بەرچاو بخرێ.

١٣. بەشێك لە ڕۆژنامەکان بایەخ بە وێنە نادەن دیارە وێنە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕۆژنامەدا، لەلایەك ڕۆڵی ڕوونکردنەوە دەبینێ، لەلایەکی دیکەوە بابەتەکە بەپێزترو سەرنج ڕاکێشتر دەکات.

١٤. ڕۆژنامەکان بایەخ بە ئەرشیف وەکو پێویست نادەن، بۆ پارێزگاری کردنی ئەو وێنانەی کەلەلایەن خەڵکەوە بۆیان دەنێرن، زۆر جار لەگەڵ نووسیندا وێنەم هەناردووە، وێنەکەیان بڵاونەکردۆتەوە، کاتێ داوای وێنەکەم کردۆتەوە گووتویانە نەماوە.

١٥. ڕۆژنامەنووس دەبێ سەرچاوەی هەواڵە نهێنیەکان بڵاونەکاتەوە، هەروەها ئەو نووسەرانەی کەبەناوی خۆیان بڵاوناکەنەوە نابێت لەلایەن خوێنەرەوە ئاشکرا بکرێن.

١٦. زۆر بەرهەمی فەلسەفی و دەروونناسی بڵاودەکرێنەوە، نوسەرەکە پەنجە بۆ سەرچاوەکەی ڕاناکێشێ، بابەتەکان دیارن کە وەرگێڕدراون و ئامادەکراون، خۆ ئەگەر نووسەری کورد بتوانێ بیست لاپەرە

لەبابەتی فەلسەفی بنووسێ، ئەوا لەماوەیەکی کەمدا دەبینە خاوەن فەیلەسوفی خۆمان، پێویستە ئەم جۆرە بابەتانە بەبێ سەرچاوە بڵاونەکرێنەوە، خودی سەرنووسەران لێی بەرپرسیارن.

١٧. پاشکۆی هەفتەنامەکان، هەر بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەن، چونکە بابەتی زۆر لاواز و بێ پێز بڵاودەکرێنەوە، بۆ نموونە وەرگێڕان نازانرێت لە چ زمانێکەوەیە تەنیا پیتی (و) دەنووسرێت.

شیعری زۆر ساکار و سادەو بێ مانا پەخش دەکرێن، گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی نەناسراو ئامادە دەکرێت، بێ ئەوەی هیچ بەهایەکی ئەدەبی هەبێت، بە ئاشکرا دیارە دۆستایەتی و برادەرایەتی لەبەرچاو گیراوە، ئەم جۆرە کارانەش نە هاندانە، نە خزمەتکردنە بە ئەدەبی کوردی.

١٨. نەبوونی شێوازی گاڵتەجاری و قۆشمەبازی کە بوونی لە ڕۆژنامەدا زۆر پێویست و گرنگە بۆ زاخاوی مێشك و کاتی پشوودان.

١٩. ناڕێکی بارستایی ڕۆژنامەکان، نووسخەیەك کورتە، نوسخەیەکی تر درێژە، ئەمەش لە کاتی بەرگکردنی دا گیروگرفت چێ دەکات.

## شاعیرانی کورد

## نالی شۆڕەسواری مەیدانی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی

وا دەزانم هەر چەندە لەسەر نالی بنوسرێت ناتوانرێ بگاتە ئاستی هۆنراوەکانی چونکە لەگەڵ ناوەکەیدا هێلی کلاسیکیەت وەك بروسکەیەك تاریکی ئەو کاتە ڕۆشن دەکاتەوە ودەبێتە نیشانەی ڕوونی ئەو سەردەمە. ئەو پارچە هۆنراوەی کە ئێستا لەبەردەستمانایەو لێی دەدوێن، ئەگەر تۆزی شەن وکەوی واتا گوزراەکانی بکەین، لەوانەیە بتوانین تۆزە سەرنجێ هەڵێنجین لەو دەریایە بێ بنە فراوانە، نالی وەکو (ابو تمامی) عەرەب زۆر خۆی خەریك دەکا بە وردەکاری وئەم جۆرە هونەرەوە لەگەڵ جیاوازی یەکا، کە نالی تەبعێکی ساف وڕەوانو ڕۆشنی هەیە و زۆر لەم وردە کاریانەشی بێ خۆ خەریك کردنێکی قوول بۆی بەدەست دێت کە ئەمەش وا ئەزانم لەبەر چەند هۆیەکی بنەرەتی بووە

١ – ئەو جۆرە هونەرە مۆدەی سەر دەم بووە وشاعیر پایەی پتر پێ بەرز بۆتەوە.

٢ – زۆر زانین وڕۆشن بیری لەزمانی عارەبی وفارسیدا.

٣ – خۆ دەرخستن وشانازی پتر بەخۆوە.

٤ - شاعیریەتێکی قووڵی زگماك.

ئەوەی کە لێرەدا پیتۆڵی نالی وەدەرنەخا ئەوەیە کە نەی ویستووە ستایشی (ئەحمەد پاشا) بکا، چونکە پاشای تازەیە وفەرمانڕەوایی نوێیە لەسەر حسابی (سلیمان پاشا) کە ئەو کاتە مردووە وهیچ هیوای پێی نەماوە، واتە ستایشی هەردووکیان دەکات بە شێوەیەکی گشتی، بەلاّم لە هەندێك شوێنا تۆزە بەرزی ونزمیەك لەمیانی ئەم دوو پاشایەدا پێشان دەدا ئەمەش بەلای منەوە (نالی) بەدەستی ئەنقەست خۆی دروستی

کردووه، چونکه ئەگەر زیاتر بە سلێمان پاشادا هەڵدات شانازیيە بۆ ئەحمەد پاشا چونکە ئەمیش هەر لەو وەچەیەوە دەچێتەوە سەر سلێمان پاشا. لە دێڕی یەکەمدا سلیمان پاشامان بۆ دەخاتە پلەی ئەستێرەیەك لە شەوێکی مەنگی تاریکی لێلاً وئەم ئەستێرەیەش نایەوێ ئاوابێ وهەرگیز مل نادا هەتا فەلەك لێی هەڵ نەپێچێ ونوغرۆیی نەکا، بەڵام لەگەڵ ئاوا بوونیشیا ئەو شەوە بە تارێکی نامینێتەوە ئەستێرەیەکی تر هەیە کە جێگای بگرێتەوەو شەو تاریکەکەمان بۆ دەکاتەوە بە مەشخەڵان، سروشت وکردگار هەموو خەریکن بە مردنی (سلیمان) ەوە، ئاسمان دەگری وقوڕ دەپیوێ، تەم ومژو تاریکی هەر چوار لای وڵاتی گرتۆتەوە، شاعیر ئەم هەموو ناخۆشیەی کردووە بەهۆیەك بۆ ئەنجامێك، ئەنجامەکەشی گەشی وجوانی ئەو باخەیەو پێکەنینی و شکۆفەی گوڵەکانیەتی، سلیمان پاشای بۆ کردووین بەو درەختە پیرەی کە بنەڕەتی هەموو نەمام ولق وپۆپێکی تازە وناسکە ئەم درەختە پیر بووە وسەری سپییە، بەڵام چەمەنی جوان و پاراو سەرهەڵ دەداو ئەو درەختە پیرە دەشارێتەوە ونەپرووێ. ئەمەیە دیالکتیکی گۆڕانی ژیان زۆرانبازی لەمیانی کۆن ونوێ دا کۆن ئەپرووێو تازە جێی دەگرێتەوە، بەڵام چ تازەیەك کە وەك ئەمامەگەی نالی لەسەر بنجی کۆتەرەدارەکەی دایکی هەڵ بداو بەری جوان وسێبەری گەش ترمان بۆ دروست بکات. ووشەی (سلیمانان) بەڕای من تەوریەیە چونکە مەبەستی دووریی حەزرەتی سلیمانە کە خاوەنی گەورەترین تەخت بووە، کە سلیمان پاشای خستۆتە پایەی حەزرەتی (سلیمان) لە دەستەڵات وهێزدا، بەڵام دوایی سلیمان پاشا تەختەکە هەر چۆڵ نەبووەو یەکێکی بە دەستەڵاتر جێگای گرتۆتەوەو (تەخت ارا) بووە، لەدێڕی (قصەیی ... هتد) شاعیر

خۆی پێمان دەڵێ کەوا دەبەوێت پەنابەرێتە بەر کینایەت بەڵام وا دیارە کینایەتە، بۆیە خۆی لەیەك جار پێمان ڕادەگەیەنێ یان هەر دەیەوێت یەکەم جار بەناوی داوا کردنەوە خۆی بپەرێنێتەوە چونکە دەڵێت دادپەروەرێکی وایە کەکەس نیە (عەدیلی) بێت واتا (یعدل عنە) جێی بگرێتەوە ئەم مانایە گونجاوترە.

بێگومان کە یەکێك ئەوەند لای شاعیر پایە بڵندو بەدەستەڵات بێت دەبێت (مورغی روحی) واتە باڵندەی گیانی لە بۆ بەهەشت (جنە الماوی) زیاتر ڕوو بۆ هیچ شوێنێك نەکات. (دێڕی وەك قیاسێکی...) پەنجە درێژ کردنێکی شارەزایانەیە بۆ زانیاری (مەنطق) کەمەبەستەکەی ئەوەیە لەجێی هەموو ڕووداوێك ڕووداوێکی تر دێت، کە ئەو ڕووداوەی تر ئەنجامی ئەوەی پێشووە. شاعیر سوپاسی خودا دەکا کە چۆن ئەو ئەنجامە وەك پێوانەیەك بەموو لای ئەداوەو هاتۆتە دی.

(شاکە عالی جابوو)، جا مەبەستی جێگەیە یەعنی سلیمان پاشا جێگەو پایەی بەرز بوو سوپاس بۆ خوا کە (خالی جا) واتە جێگەکەی خالی نەبوو.

لەکۆتاییدا شاعیر مێژوویی مردنی سلیمان پاشا ئەنووسێ بە رستەی (تاریخی جەم) کە مانای جوانی دێڕەکە لە نیوەکەی تریدا سەرهەڵ دەدا کە وێك چوواندنی (سایمان)مان بۆ دەکا بە ئەسکەندەری زولقرنین یان مەکدۆنی لە دەستەڵات وتوانادا وە دەڵێت هەتا ناوی نەبەن بە ئەسکندەر جێگای لە هیچ شوێنێك نابێتەوە.

## مرۆڤایەتی لە شیعری شاعیری میللیمان جگەر خوێنی نەمردا

لە پەنجاکاندا بابەتی مرۆڤایەتی لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا، ئەم بیرە تازەیەش کە لە پشتگیری کردن و هەست دەربڕینی شاعیران و نووسەرانەوە خۆی دەنوێنێ بەمەبەست و ئامانجی یەکگرتنی هەموو گەلانی چەوساوەی جیهانە دژ بە ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی کە دوژمنی سەرەکی مرۆڤن. لە دوای جەنگی دووەمی جیهان بە ڕووخانی ئەڵمانیای هیتلەری.

بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین گورزی کوشندەی وەشاند لە ئیمپریالیزم و نۆکەرانی کە خۆی لە پەیوەندی دەرەبەگایەتی و رژێمە کۆنەپەرست و برجوای کۆمپرادۆر و بیرۆکراتەکاندا دەنوێنێ و دەست کەوتی مەزنی بەدەست هێناوە بۆ جەماوەری گەل.

سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە ١٩٤٩داو سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا لە ١٩٥٣ و سەرکەوتنی گەلی میسر لە شەڕی کەنداوی سوێس لە ١٩٥٦ و رزگار بوونی گەلی جەزائیر لە ١٩٦٢ و سەرکەوتنی گەلانی ڤێتنام و کەمبۆدیا و لاووس دژی داگیرکەری ئەمریکای لە ١٩٧٥دا. ئەم سەرکەوتنانە بوونە هەوێن و سەر مەشق بۆ گەلانی ترو لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا ڕەنگیان دایەوە، شاعیر و نووسەرانی کوردیش کە هەڵگری بیری پێشکەوتنخواز بوون و ئاگاداری ئەم ڕاپەڕین و جموجۆڵە سیاسی‌یانەی گێتی بوون لە شیعرەکانیاندا رەنگی داوەتەوە. کامەران موکری نەمر لە هۆنراوەی جەمیلەدا هەستی گەلی کورد بەرامبەر خەباتکەرانی جەزائیر پێشان دەدات، دڵزار باسی سەرکەوتنە مەزنەکەی

چین دەکات، گۆران لاوکی سووری بۆ کۆریای ئازاد دەڵێ، موحەمەد حوسێن بەرزنجی گۆرانی بۆ سەرکەوتنی ڤێتنام دەڵێ:-

جگەر خوێنی نەمرمان لە ڕوانگەی تەسکی نەتەوەیییەوە کێشەی گەلەکەی نەخستۆتە ڕوو بەڵکو بەستوویەتیەوە بە کێشەی مرۆڤایەتی لە جیهاندا لە پێناوی نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.

هەر زوو درکی بەوە کردوە کە کێشەی چینایەتی. کێشەیەکی گرنگە و بزوێنەری مێژووە، لەم پێودانگەوە هەنگاوی ناوەو شیعرەکانی بوونەتە پارچەیەك لە ژان و ژواری چەوساوەکان. بە زمانێکی ساکار وسادە کە زمانی پاڵەو جووتکار و کرێکارانی کوردستانە، دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە و پشتگیری کاروانی خەبات و تێکۆشانی هەموو گەلانی ئازادیخوازی دەکات، هەستی کوردی بەرامبەر بەگەلی فەلەستین و ڤێتنام پیشان داوە، گۆرانی بۆ هەڤاڵ ڕۆبنسن و ئافرەتانی جیهان و میهرەجانی بەرلین ووتوە، شینی بۆ ستالین و یادی لینینی مەزنی بەشیعر هۆنیوەتەوە، شاعیر بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جیهان بە تایبەتی گەلی فەلەستین دژی ئیمپریالزم، زایۆنیزم و پیلانە چەپەڵەکانیان گرێداوە، گومانی نییە کە پەیوەندی ئاینی و شارستانیەتی هاوبەش لەنێوان هەر دوو گەلدا هەیە، هەر دوو گەلی برا تێدەکۆشن لەپێناوی ئازادی و سەربەستیدا، لەپێناوی ڕزگاری لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیدا، دەربەدەری گەلی فەلەستینی کارێکی گەورەی کردۆتە سەر شاعیر، شاعیر هەستی برایەتی و یەکێتیی بەرامبەر بەگەلی فەلەستینی داگیرکراو دەردەبڕێ، داوا ی

پتـەوكردنى خـەباتى دوو قـۆڵى دەكـات دژى ئيمپريـاليزم و زايـۆنيزم، لەهۆنراوەى كورد و فەلەستين دا دەڵێ:-

کـا عيزەديـن کـا سـەلاحـەديـن
قارەمان عەرەب، ڤايێ خوەشى رابوو
هێـرشە هێـرش ل سـەر فـەلەستين
سـەهيـۆنـێ خـوێنخوار ژ بۆ کۆلەدار
ئەڤ ولاّت خـوەش کر کۆزك‌و هێلين
ميلـونـەك عـەرەب ژ جێ دەرخستن[1].

شاعيرمان ، لەبەر زوڵم و زۆردارى كاربەدەستانى سوريا سـاڵى ۱۹۷۳ ولاّت بـەجێ دەهێڵـێ و ڕوو دەكاتـە لوبنـانى ئـاگر و شـۆڕش بەشـدارى كارەسـات و ڕووداوە خوێناويـەكانى دەكـات. بەچـاوى خـۆى دەبـينێ كـە چۆن ئيمپرياليزمى ئەمريكى و زايۆنيزمى ڕەگـەز پەرسـت وەكـو سـەگى هاريان لێ هاتووە هەرچى هێز و توانايان هەيـە خسـتوويەتيانە گـەڕ بۆ لەناوبردنى بزوتنەوەى نيشتمانى لوبنان و پێشمەرگە قارەمانـەكانى زۆر نا مرۆڤانە بۆمبارانى دانيشتوانى شارو گوندەكانى دەكـەن، ڕزگـاريخوازى ناوچەكەش زۆر ئازايانە ڕاپەڕيون بـەگيان و خـوێن وەلاّميـان دەدەنـەوە، ئەومتا جگەر خوێنى شاعير هەستى شانازى خـۆى بەرامبـەر جەنگەكـەى (تەل زەعتەر) دەردەبڕێ ئاوات دەخوازێ كە گەلى كوردى قارەمـان بێتـە هانايان و پشتيوانى خەباتە ڕەواكەيان بكات، لەم ڕووەوە دەڵێ:-

خـوەزى هـەبوونا مـەژى هەزار مێر
کوردێن قارەمان تەڤ ب چەك و زێڕ
بهـاتـا هـانـاتـە تـەڤ وەگى شێر
بـژى سـەر بلّـند ئـەى گرێ - زاتەر[2]

شاعیر زۆر هۆشیار و زیرەکانە دۆست و دوژمنی گەلی کوردی دەست نیشان کردووە، دەری خستووە کە گەلی کورد و عەرەب و تورك و فارس بران و ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی دوژمنی گەلانن، بەهاوکاری و پشتیوانی کورد و عەرەب و تورك و فارس دەتوانین ئازادی و سەربەستی بەدەست بهێنین ئەمەش زۆر راستە گەلی کورد لەلایەن گەلانی عارەب و تورك فارس ناچەوسێتەوە بەڵکو لەلایەن حکومەتە داگیرکەرەکانی ئەو گەلانەوە دەچەوسێتەوە، دیارە ئەم بۆچوونە پێشکەوتووانە خزمەتی گەورە بەکێشەی رەوای گەلەکەمان دەگەیێنێ پێچەوانەوەی ئەم بیرەش کە بیری تەسکی نەتەوەیی‌یە چەند رۆناکبیرێکی هۆش بچووکی سەر لێشێواو هەڵیان گرتووە ئەمەش خۆی لەخۆیدا خزمەتی کۆنەپەرست و داگیرکەرانی کوردستانی پێ دەکەن و دووبەرەکی و ناکۆکی دەخەنە نێوگەلانەوە، شاعیر لەم رووەوە دەڵێ:-

کوردو عەجەم بران دوژمن تەنێ کۆلەدار

ترك و عەرەب هەڤاڵن دژمن سەعید و بایار(٢)

پتر لە بیست ساڵ گەلی ڤێتنام خەبات و تێکۆشانی کرد لە دژی ئەو هێزە ئیمپریالیستی‌یانە کە لەچەند سوچێکی گێتی یەوە هێرشی ناڕەوایان هێنابووە سەری بەمەبەستی تاڵان کردن و دابەش کردنی خێر و بێری وولاتەکەی، لە ئەنجامی خەباتی سەختی گەلی ڤێتنام سەرکەوتنی وەدەست هێناو توانی گەورەترین هێزی ئیمپریالیزمی جیهانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تێك و پێك بشکێنێ و ئەو ئەمریکا زەبەللاحە چۆکی دادا بەرامبەر بە گەلی ڤێتنام لێرەدا قسە بە نرخەکەی لینین مان دێنێتەوە یاد کە دەڵێ:- ((هەموو کۆنەپەرستەکان پڵنگن لە مقەبا دروست کراون بە دیمەن سامدارن، لە راستیا هێزیان زۆر

گەورە نىيە، ئەگەر بە ووردى سەرنج بدرێ ئەزانرێ، کەهێز و توانای گەورە لە میللەتایە نە لە کۆنەپەرستەکانا)).

سەلماندی کە هیچ هێزێك نییە لەجیهان دا بتوانێ سەربە گەلێك دابنەوێنێ کەلەپێناوی رزگاری و ئاشتیدا بجەنگێ ئیمڕۆکە لە کوردستانی گەورەماندا داگیرکەران شەڕی لەناوبردنی گەلی کوردیان بەرپا کردووە، بەلام رۆژ بە رۆژ ئاگری شۆڕش بە جۆش تر دەبێ و ورەی خەلکی کوردستانیش تا دێت بەهێز و پتەوتر دەبێت بەسەرکەوتن و نەمانی داگیرکەرانی لەم رووەوە بیری پێشکەوتوو فێرمان دەکات کەهەموو کۆنەپەرستەکان خەریکی ئەوەن کە شۆڕشەکان بە کوشتنی بەکۆمەڵ لەناو بەرن، بڕوایان وایە کەهەر چەندە خەلکێکی زۆرتریان سەربڕی باشتر جەزرەبە لە شۆڕش دەدەن، بەلام راستی پێچەوانەی ئەم جۆرە بیر و بڕوایەیە کە کۆنەپەرستی حەزی لێ دەکات راستی دەڵێ:-

هەر چەندە کۆنەپەرستەکان خەلکێکی زۆر تر سەربڕن هێزی شۆڕش گەورەتر دەبێ، کۆنەپەرستەکان باشتر لەمردن نزیك دەبنەوە، ئەمە یاسایەکی ئەوتۆیە بەربەرەکانی ناکرێت، جەنگە مەردانەکەی ((دیان بیان فوو)) کە لەهەموو دونیا دەنگی دایەوە، جگەر خوێنی شاعیرمان شانازی پێوە دەکات و بە سەنگەری سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئازادیخوازی دەزانێ و بۆیە جۆش و خرۆشی تێدەکەوێ و گۆرانی شادی بۆ دیان بیان فوو و سەرۆکە مەزنەکەی ((هۆشی منە)) دەڵێ:-

دیـان بیــان فــوو ، دیــان بیــان فــوو
هــەوریٚ کـۆلـەدار ژ هــەڤ بــەلاٚ بــوو
ئــەوی هــەوریٚ کریٚت ئەڤ رەش و تاری
زۆرو بــرچـی بــوون تــم ژیٚ دیــاری
بــایــیٚ ئــازادی ســەورا ئــۆکتــۆبــەر
دەنـگی هـۆشـی مـین، پڕخورت و هینەر[٤]

پۆل رۆبنسن (١٨٩٨ - ١٩٧٦) گۆرانی بیـژێکی قولەرەشی ئـەمریکایی بوو، گۆرانی بۆ ئازادی و سەربەستی مرۆڤ دەوت گۆرانیەکانی دژی رەگەز پەرستی و چەوساندنەوەی مرۆڤ بوو لە لایـەن مرۆڤـەوە، ئیمپریـالیزمی ئەمریکی خستیە ناو قەفەسەوە تاکو لە دەنگی دلێری رزگـاری ببیٚ، لـە هـەموو لایـەکی دونیـاوە دەنگـی نـاڕەزایی بـەرز بـۆوە بـۆ ئـازادکردنی، ئیمپریالیزمی ئەمریکایان ناچار کرد کە ڕێگای پیٚ بدا بخوێنیٚ.

جگەر خوێنی شاعیرش لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە دەنگی پشتگیری خۆی دەگەیەنێتە پۆلٚ رۆبنسن و دەڵێت:-

ئــەی هــەڤالٚ رۆبنسن، دەنگ بێژی جیهان
پــاشمێــری ســـەلام، زانــا و ئــینــســان
گـــەڕ نـــاس و ڕێنـــاس، دژمنـــیٚ دالاس
دســــەر ئـــافـــادا، دســــەر چیـــارا
دەنگیٚ تەیە خوەش ، خۆش تیٚ گوهیٚ مە[٥]

ســالّی ١٩٥١ لەشــاری بــەرلین دا میهرەجــانی ســیٚیەمی لاوان و قوتابیـانی جیهـان بەسـترا، لـەپێناوی وەدی هێنـانی ئـازادی و ئاشـتی و یـەکێتی و هاوکـاری لاوان لـە سەرانسـەری جیهانـدا، شـاعیر شـادی خـۆی

بەرامبــەر بــەم ڕووداوە گرنگــە دەردەبــڕیّ و بــەناوی((مــەهرەجانا بەرلینی)) دەلّیّ:-

هەڕن مەهرەجان ، مەهرەجـانـا خـوەش
دەستـیّ هـەڤ بگـرن، جـوان و کـەلـەش
هیـنـدیـی و چیـنـی ، عـەرەب و حەبەش
هــەمــیّ ببـن یـەك ، چ گـەورو چ رەش
هـەی کەچیّن جوان، وەی خورتیّن جـوان
خیّـرخـوازیّن جیهان، هـەڕن مەهرەجـان[٦]

هەموو سالّیّك لە هەشتی ئازاردا ئافرەتانی جیهان بـەبیّ جیـاوازی ڕەگەز و جنس و نەتەوە یادی ئـەم جەژنـە پیرۆزە دەکەنـەوە، لـە ولاّتـە ئیشتراکیەکاندا شیّوەیەکی ڕەسمی وەرگرتووە. میری بەشداری ئاهـەنگ و کۆبوونــەوەکانی دەکـات، لەولاّتــە سـەرمایەدارەکاندا، هــەر چــەندە بــە ڕوالّـەت ڕیّگـای بـە یەکسـانی ئـافرەت دراوە، لەگـەلّ ئەویشدا مولّکایـەتی تایبـەتی گـەلیّ تەنگوچـەلّەمە دەیەنیّتـە ڕیّگـای ژیـانی، وەك نــەبوونی یەکسـانی لەکارکردنــدا، لەلایــەکی تــرەوە بــیّ ئیشــی کــەپالّی بــەزۆر ئافرەتـەوە نـاوە کـە خۆیـان بفرۆشـن لـە گیّتـی سیّیەم ئافرەتـان لـەدوو ســەرەوە دەچەوســیّندریّنەوە لەلایــەك لەلایــەن ڕژیّمــی کۆنەپەرســتەوە لەلایــەکی تــرەوە لەلایــەن ڕژیّمــی کۆمەلاّیەتیـیـەوە. جگــەر خــویّنی شاعیریش بەناو نیشانی ((هەشتی ئاداریّ)) هەستی خۆی دەربڕیوە:-

هــەشتــیّ ئـاداریّ رۆژا مـەهلات
جــەژنــا ژنـایـە ژینیّن دیموکـرات
ڤیّ رۆژا پـر خـوەش رۆژا دلشادی
رۆژا ســەربـەستـی گـەردن ئـازادی [٧]

سەرچاوەکان


١. دیوانی کێمه ئەز، جگەر خوێن ١٩٧٣ ، ل١١٢.

٢. دیوانا شەفاق ، ستوکهوڵم ، ل٣٣.

٣. دیوانا سەورا ئازادی ، ستوکهوڵم ، ل٦٤.

٤. دیوانا سەورا ئازادی ، ستوکهوڵم ، ل٨٨.

٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٢.

٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.


* * *

## میرزا لافاو ۱۸۸۷ – ۱۹۵۲

هەروەکو ئاشکرایە لەبەر چەندین هۆ تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بە تەواوەتی لەسەر هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد بنوسرێ و بەرهەمەکانیان بە ڕێکوپێکی چاپ بکرێ و لەمەترسی فەوتان ولەبیر چوونەوە رزگاریان بکرێت، جامن لە ئاستی هەست کردن بەبەر پرسیاری وبەپێی توانای خۆم وئەو شتانەی دەستم کەوتووە وا باسی شاعیرێکی کورد دەکەم کە وا بزانم تاوەکو ئێستا شتێکی وای لەسەر نەنووسراوە.

ئەو شاعیرەی باس دەکەین، نازناوی شیعری (لافاوە) ولە شاری قەڵادزێ دا بە میرزا ئەحمەد موختار ناوبانگی دەرکردووە. لافاو لە ساڵی ۱۸۸۷ی زانینی لە دێی ئەشکان لە ناوچەی ئالانی کوردستان رۆژهەڵات (ئێران) لە دایك بووە، باوکی ناوی محەمەد بووە، هەر لە منداڵیەوە لافاو نراوەتە بەر خوێندن وبەپێی ئەو سەردەمە خوێندن بە زمانی فارس بووە، ئەویش لە شاری سەردەشت وچەند ناوچەیەکی تردا خوێندویەتی. لافاو هەر لە گەنجایەتیەوە حەزی لە شیعردانان کردووە وتواناو بەهرەیەکی باشی هەبووە، پاش ماوەیەك کوردستانی رۆژهەڵاتیان بەجێهێشتووە ماڵیان باری کردووە بۆ کوردستانی باشوور (عێراق) لەشاری قەڵادزێ دا بەیەکجاری جێگیربوون وە لەوێ لەبەرزیرەکی وبلیمەتی یەکسەر کردویانە بە موختاری شاری قەڵادزێ، لافاو زۆر دژی نەخوێندەواری بووە، چەندەها جار داوای یارمەتی لە خەڵکی قەڵادزێ کردوە کە یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی قوتابخانەیەك بکاتەوەو خەڵکی تیادا فێری خوێندەواری بکات، بەڵام یارمەتی یان نەداوە هاوکارییان نەکردووە، جا ناچار بووە کە خانوەکەی خۆی چۆڵ

بكات وبيكات به قوتابخانه وخۆی له خانوی كرێدا دابنيشێ، لافاو له قوتابخانهكهيدا دهرسی به گهوره ومناڵ وتومو فێری خوێندن ونوسينی كردوون بهزمانی فارسی وعهرهبی، سهرهڕای ئهوهش خۆی لهسهرتاپای ژيانيدا هيچ مامۆستايهك دهرسی ئينگليزی پێ نهوتوه بهلام به زيرهكیو بليمهتی خۆی، توانيويهتی ئهو زمانه فێر ببێ وقوتابيهكانيش فێركات، ميرزا لافاو جگه له شيعر شتی تريشی نوسيوه، بهلام لهبهر ئهوهی هۆنراوهكانی دژی ژێر دهستی بوون وهانی چينی چهوساوهی داوه بۆ راپهرين پاش نهمانی خۆی ههمووی لهناو براون، ئهم ئهستێره پرشنگداره لهساڵی ١٩٥٢ی زانينی دا ههر لهشاری قهڵادزی كۆچی دوايی كردووه له گورستانی ئهوێدا نێژراوه.

ئهمهش چهند نموونهيهكه لههۆنراوهكانی:-

گوانی نۆبهی كورد هێشتا زۆر له مێژه بێ دهسه
دهسته پاچهی ڕێی ژيانه تازه ئێش ونهوڕهسه
دا نهبينێ داو نهبينێ داو پسێنیتان وپۆ
لێك نهناسی دۆست ودوژمن چاو لهقاپی نيعمهته
تۆپ وتهياره ودهبابه وسنعهتی ئۆتۆمی كورد
بۆته ههوڵی توتنهوانی وچاو له قاپی محنهته

*        *        *

بێ ئێشی نێشی مێشی ههنگوينی ئيتيحادی
ههنگوين بهشانه زهحمهته بيرێ لهسهر مرادی
بێ وهعده بای پهلهك ڕهش بهفری وجودی بهدخود
ڕهش بوونهوهی موشكيله سنوری دهشت ووادی
بههار نهيكاته گرمه باران بهخوڕ نهباری

ڕیـواس وکـارگـی کـوێستـان ببـڕێ لـه سـه‌رمـرادی

★ ★ ★

له کۆ کۆ کوو وه‌کو کۆ کۆ که واکب که‌وکه‌بی که‌ونه
لـه‌کـانـی کـانـی مـاکـانـی مـه‌کـانـی کـانی ئه‌نواره

★ ★ ★

لافـاوی میلله‌ت بـه‌گـوڕ هـه‌ڵستێ
له که‌ندو کۆسپه هه‌رگیز نـاوه‌ستێ
نـاگـه‌ڕێتـه‌وه بـه‌ده‌ست ومستێ
کێ بێ بتـوانێ ڕێ ی پێ ببه‌ستێ

## فایقی شاعیر

کۆیە یەکێکە لەشارە کۆنەکانی کوردستان پێش هاتنی ئیسلام ئەم شارە بوونی هەبووە، پێ دەچێ خەڵکەکەشی ئاینی زەردەشتیان پەرستووە، چونکە کە لەشکری ئیسلام گەیشتۆتە کۆیە شەڕو پێکدادان لەنێوانیاندا ڕووی داوە، (سەلکی کافران و ئەصحابانیش)(١) باشترین بەڵگەن.

بەڵام لە دوایدا وازیان لەئاینی خۆیان هێناوەو چوونەتە سەر ئاینی ئیسلام و دەستیان کردووە بەدروست کردنی مزگەوت و تەکیەو خانەقا. کۆنترین مزگەوت لەم شارەدا مێژووەکەی بۆسەدەی هەقدەهەم دەگەڕێتەوە هەروەکو ئاشکرایە لای هەمووان کەزیاتر لەدوو سەدە شاری کۆیە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووە، تیشك و ڕۆناکی بۆ شارەکانی تری کوردستان هاویشتووە، گەلێ زانا و ئەدیب و هونەرمەندو سیاسەتمەداری بەناوبانگی پەروەردە کردووە، لەشارەکانی تری کوردستانەوە بەدەیان شاعیر و مەلا ڕوویان کردۆتە شاری کۆیە بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن و دیدەنی و گۆڕینەوەی زانستو زانیاری وەکو نالی، شێخ ڕەزا، کەیفی، عاصی، فایەق، کانی، جاهید، صافی...هتد.

لەسەدەی بیستەمەوە بەهۆی باری نالەباری ئابووری و سیاسییەوە، ڕۆشنبیرانی ناچار کردووە، کەکۆیە بەجێبهێڵن و بەرەو شارەکانی تری کوردستان بچن. لەگەڵ ئەوەشدا لەکاروانی ڕۆشنبیریدا دوانەکەوتوون بەڵکو هەردەم لەڕیزی پێشەوەن چ لەبواری شیعرەوە بێ یاخود لەبواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بێ، یان لەبواری پەروەردەو هزرو سیاسەتەوەبێ.

یەکێکە لەو شاعیرانەی کەهاتووتە شاری حاجی قادری کۆیی، نازناوی فایقە، هەروەها بەنازناوی (حەزین)یش ناسراوە، مامۆستا

عەلائەدین سوجادی دەڵێ:- حەزین ساڵی ١٨٠٥ لەدایك بووە و لە ساڵی ١٨٨٩ کۆچی دوایی کردووە، ((ناوی مەلا وەسمان و کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا فازڵی مەلا حوسێنی مەلا میرەیە. بنچەکەیان لە ولاّتی هەمەدانەوە هاتووە، مەلا وەسمان خۆی لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سولەیمانی هاتۆتە دونیاوە، هەر لەوێش مردووەو لەو خانەقایەش کەبە خانەقای حاجی مەلا عەلی بەناوبانگە نێژراوە، حاجی مەلا عەلیش کوڕی مەلا وەسمانە حاجی وەسمان خەلیفەی شێخی سراج الدین بووە))(٢). د. مارف خەزنەداریش لەبارەی شاعیرەوە دەڵێ:-

((مەلا عوسمان عیمادەدین کوڕی حاجی سمایلە خەڵکی سلێمانی‌یەو تەخەڵوسی (فایەق)ەو لە ساڵی ١٨٢٤ لەدایك بووە و لە ساڵی ١٨٨٩ کۆچی دوایی کردووە))(٣).

د. ئەمین موتابچی بەشێك لەشیعرەکانی فایقی کۆکردۆتەوە و دەڵێ: ((وەسمان ساڵی ١٢١١ك لەسلێمانی لەدایك بووە و ساڵی ١٣٠٧ی کۆچیش هەر لەسلێمانی مردووە))(٤).

کارەکەی د. موتابچی بریتی‌یە لە (٤٣) غەزەل و یەك قەسیدەو دوو تەخمیس و دوو چوارین و چوار تاك و مەتەڵێك، د. موتابچی شیعرەکانی لە ڕووی لێکدانەوەی ووشەوە ڕاڤەکردووە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ زمانی عەرەبی‌و فارسی خستۆتە ڕوو، دیارە بەپێی ئەو ساڵەی کەموتابچی دەستنیشانی کردووە کە ١٢١١کۆچی بۆ ساڵی لەدایك بوونی شاعیری داناوە کەدەکاتە ساڵی ١٧٩٧ی زایینی‌و لەگەڵ ڕاکەی د. مارف خەزنەدار و عەلائەدین سوجادی ناگونجێ دیارە بۆ ساڵی کۆچی دوایی شاعیر د. ئەمین ساڵی ١٣٠٧ داناوە کە دەکاتە (١٨٨٩) لەگەڵ ڕاکەی د. مارف و سجادی دەگونجێ.

بەهەرحاڵ لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە ژیاوە، شاعیر خوێندنی لەحوجرەی مزگەوت تەواو کردووە، بۆ خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە، بۆ ئەمەش سەری لەکۆیە داوە، چوەتە دیوەخانی ئەمین ئاغای (ئەختەر)ی شاعیر و هاودەمی نالی و کەیفی و حاجی شاعیر بووە هەر ئەم سەردانەشی بۆتە هۆی ئەوەی کەبەشێکی شیعرەکانی لەشاری کۆیە بەجێ بهێڵێ.

شیعرەکانی فایەق بەگشتی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دڵدارین وەکو شاعیرە کلاسیکیەکان کۆمەڵێ غەزەل و قەسیدەی ئەوین و عیشقی پڕ سۆزاوی هۆنیوەتەوە، کەپەیڕەوی قوتابخانەی شیعری نالی و سالم و کوردی کردووە، شاعیر لە غەزەل و قەسیدەکانی‌دا ووشەیەکی زۆری عەرەبی و فارسی بەکاربردووە، کەبۆ کاتی خۆی شتێکی ئاسایی بووە، چونکە ڕۆشنبیریەکەیان ڕۆشنبیری مزگەوت بووە، لە مزگەوتیش بوستان و گوڵستان و کتێبی تر بەزمانی فارسی خوێندراوە، جگە لە قورئان و ووتەکانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ بەزمانی عەرەبی بوونە، بۆیە کاریگەری زمانی فارسی و عارەبی بە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکیەوە بەزەقی بەدەردەکەوێ ، لە ڕووی رووخسارەوە شیعرەکان بەزۆری سەر بەکێشی یانزە برگەیی و پانزە برگەین، یەکێتی سەروایان بە خۆوە گرتووە، لە کۆتایی هەر شیعرێکدا. نازناوی (فایق) دووبارە بۆتەوە، ئەوەی لەهەمووان زیاتر سەرنج ڕادەکێشێ، شاعیر لە شیعرەکانیدا لەجیاتی (ئە)، (دە)ی بەکارهێناوە کە بەپێچەوانەی شاعیرانی سلێمانی مامەڵەی کردووە، وەکو بەدەردەکەوێ کاریگەری شاعیرانی کۆیەی بەسەرەوەیە.

جا لێرەدا بەچاکی دەزانین کەهەندێ لەشیعرەکانی شاعیر بخەینە بەر دیدی خوێنەران بۆ زیاتر ناسینی شاعیر، نابێ ئەوەشی لەیاد بکەین

کەکاتی خۆی کورتەیەکی ژیانی شاعیر و غەزەلێك و قەسیدەیەکی بەناوی (بەخاتر خاڵی زوڵفت ریشەیی دڵ)و (زەردەی شمشێری ئەبرۆتن)م، بڵاوکردونەتەوە، لەپێشەوە بەقەسیدەکانی دەست پێ دەکەین.

بۆ شەمعی جەماڵت دڵی پەروانە میسالم
سەربازە بە میقرازی غەمت خێڵی خەیالم
موسا رەوشم بۆ تەلەبی دیدەنی دڵدار
بەختم سیاهو طوری سیفەت کۆی زوخالم
بۆ کەشفی حیجاب شەوی زوڵفت لەمحەی رووت
هەم رازی صەباو هەم نەفس و بادی شەمالم
تا قامەتی سەرووت هەوەسی طرق چەمەن کا
سونبول قەددم لالەو دڵ خرافە غەراڵم
عەیب و هونەری مەی لەمنی مەست دەپرسی
زاهید بەدزی موحتەسەبو شەحنەیە زالم
یەك جورعە لەصەهبایی موحبەت نەچەشتی تا
حالی نییە یەك زەرە بەصەد جەولە حالم
نازیرەکە مورغی دڵی عاشق لەخەتی دۆست
سەودا زەدەی زوڵف و روخ و دانەی خالم
شۆڕو شەڕەری عەشقە لە شیشەی مەیە فلفل
وەك کەبکی دەری دێ لەدەرێ مەی کەدەنالم
خالی نییە (فایق) لە شەکر رێزی کەلامی
توتی حەرەم و ماهو روخ و میهری جەمالم

* * *

شـەهیدی شـەهـدی لێـوی ئـاڵـی تـۆ بـووم
ئـەسیـری داوی زوڵـف و خـاڵـی تـۆ بـووم
لـە قـەنـدابـی دەهـانـت بـوو حـەیـاتـم
قـەتلی چـاوی مـەسـت و کـاڵـی تـۆ بووم
وەکـو یـوسـف لـەجـاهـی غـەبغـەبـت دا
زولیـخـای کـانـی درو لاڵـی تـۆ بـووم
سـەراسـەر خـوێن بـوو مـەغزو گۆشت و پێستم
حـەنـایـی پـەنجـەیـی شـەمشـاڵـی تـۆ بووم
وەکـو نێـرگـس نـەبینـا بـووم لـە رووت دا
وەکـو گـوڵ فـەرشـی پـێ و خـرخاری تۆ بووم
زەمـانـی تـەزرە بـارانـی هـەم غـەم
خـەواڵـوی خێـوەتـی شـابـاڵـی تـۆ بـووم
وەکـو خـاك بـووم لـە رێی مـەیخانە ساکین
شـەو رۆژ دایـمـە پـامـاڵـی تـۆ بـووم
رەقیـب وەك بـادی صـەرصـەر هـاتـوودای لێم
پـەرێشـان غـافیـلی ئـەحـواڵـی تـۆ بـووم
شـوکـر (فـایـق) بـە طـوری سیـنـا
لـە سـۆزی سیـنـە کـۆی زوخـاڵـی تـۆ بووم

* * *

ئێستاش چەند غەزەلێکی دەخەینە روو:

دەروون غـەرقـایـی خـون و لەلا رەنگم
بەشێوەی چەشەی تۆ مەست و دەبەنگم
شـەرابـی نـابـی عـەشقی تۆیە روحم
بـە ئـەفسوردەی هەوای تریاکو بەندم

ئـەرێ کـافر بەچەی تەرسە تەبیعەت
بـەسیـە ئەزیەت ئی دی بۆ من فەڕمنگم
عـەروزی قـافیـە و تـەقطیعی سەجعم
کـەوا لـەنگـە لـە حیـرمت دا دەلـەنگم
گـوتـم سـۆفی پـەرێشـانـم لە طاعەت
گـوتـی وەڵـلاً لـەو شـوکر سەربەسەنگم
شـەکـەر رێزن قسەم وەك شەهدی فایق
خصـوصـی بـۆ مـحبـوبـەی چـەلـەنگم

★ ★ ★

بـەداخـی لالـە روویـان دڵ گـرفتـار
بـەقـەیـدی زوڵـفی جـاویـدان گوفتار
شـەهـدی نێـرگسی فەتتانی سەرمەست
بـەعیشـوەو غـەمزە و شـەنگی قەدی یار
نـیـازی مـن لـەدونـیـا و قیامەت دا
کـەلامـی بـولبـول لـەعلی شەکەر بار
بـەحـەمـەدوڵـلاً بـە مقصـودم گەیشتم
نـەجـاتـم بـوو لە حوزن و غەم بەیەکبار
مـەتـاع ئـەز جانی من بێ مشتری عەشق
بـەسێ درهـەم وەکـو یـوسـف لـە بـازاڕ
گـەر رووخسـارەکـەت جـارجـار ببینـم
غـولامـی کـودام قـاپی دەزانم شاهو خونکار
زەمـانـە هـەڵقـە گـۆشـی نـەزمی فـایق
دیـارە گـۆشـەداره دەردی شـاسـوار

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١. خەڵکی شاری کۆیە لەگەڵ عەرەبە موسڵمانەکان بەشەڕ هاتوون و بەرگریان لە ئاینی خۆیان کردووە، پاش ئەوەی بوونەتە موسڵمان، بە بەرهەڵستکارەکانیان ووتوە کافر، سەلکی کافریش، دیارە لاشەی یەك لەو بەرهەڵستکارە کوردانەی خەڵکی شاری کۆیە بووە.

ئەصحابەکانیش عەرەبە موسڵمانەکان بوونە کە لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری کۆیە بە شەڕ هاتوون لە ئەنجامدا کوژراون، جا خەڵکی بە عەرەبە موسڵمانەکانیان ووتوە ئەصحابەو لاشەکانیشیان لەلای ئەصحابان نێژراون.

٢. عەلائەدین سوجادی:- مێژووی ئەدەبی کوردی. چاپخانەی معارف، بغداد ، ١٩٧١،ل٦٠٢.

٣. گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٧، ساڵی ١٩٧٣.

٤. د. ئەمین موتابچی دیوانی مەلا وەسمان، بەغدا، ١٩٧٣.

٥. پاشکۆی رۆژنامەی عیراق بە زمانی کوردی، ژمارە، ٣. بەغداد، ١٩٧٧.

٦. شیعرەکان لە ئەرشیفی بەندە وەرگیراون.

* * *

## ( دۆزینەوەی دەسنووسی ( فایق )ی شاعیر )

ئەگـەر ئێمـە بـەدوای کۆکردنـەوەو بوژاندنـەوەی کەلـەپووری نەتەوایەتیمان وێـڵ نـەبین و شـاعیر و نووسـەر و هونەرمەنـدانمان بـە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشنا نەکەین و وەکو پێویستیش نـرخ و پلەوپایـەیان بـۆ خـەڵکی روون نەکەینـەوەو بەچاوێکی پـڕ لـەڕێزەوە نەڕوانینە شیعرو شاعیرانی پێشوو بەرهەمە بەنرخەکانیان نەخەینە سـەر لاپـەڕەی گۆڤـار و رۆژنامـەکانمان بـێ گومـان رۆژگـاری چـەپەڵ و نالەبار بێ نازو وبێ قەدریان دەکات و دەکەونە گۆشەی لـەیاد کـردن و تـەپوتۆزی زەمانـەش بـزرو گومیـان دەکات و وەکو ئـاڵتوونی نێـو لیتـە دەمێننـەوە، ئەمـەش لـە ئـەنجامی هەڵوێسـتی ناراسـت و دروسـتەوە سەرهەڵ دەدا، ئەگینا پارێزگاری کردنی سامانی نەتەوایەتی‌مان و زیندو کردنەوەی بەرهـەمی کلاسیکی کوردی‌مـان لـەنرخی ئەدەبەکـەمان کـەم ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردێ دەخاتە سەر بناغەی ئەدەبەکەمان و بڵندترو بەپێزتری دەکات و دەبێتە مولکی گەل ومایـەی شانازی پێوە کـردن، لەڕوانگـەی ئـەم تـێ ڕوانینـەوە دەمـەوێ بەخوێنـەرانی ئـازیز ڕابگەیەنم کە دەسنووسێکی (فایق)ی شاعیرم لەلای بنەماڵەی ئەختـەری شاعیر دۆزیوەتـەوە کـە پشتاوپشت بـۆ رۆسـتەمی شـاعیر بـەجێماوە، جا منیش بەئەرکی سەرشانم زانـی کـە هـیچ نـەبێ جارێ ئەم شـاعیرە وون بـووە، بەخـەڵکی بناسێنم و هەنـدێ نموونـەی هۆنـراوەکانی بخەمـە ڕوو بەئاواتی ئەوەی بتوانم بیکەم بە نامیلکەیەکی، بچووک و لاپەڕەی جـوان و زێڕینی ئەدەبەکەمانی پێ بڕازێنمەوە.

دەسنووسەکە لە پەنجا قەسیدەی هەمەڕەنگی دڵداری پێـك دێ، کـە بەشێوەی کلاسـیکی نووسـراوەتەوە زیـاتر لـەدوای هـەموو قەسـیدەیەکدا

نازناوی (فایق)ی بەکارهێناوە. شاعیر (ناوی مەلا عوسمان عیمادەددین کوڕی حاجی سمایلە خەڵکی سلێمانییەو تەخەڵوسی (فایق)ە، لەساڵی ١٨٢٤ لەدایك بووەو لە ساڵی ١٨٨٩دا کۆچی دوایی کردووە <<١

شاعیر خوێندنی لە حوجرەی مزگەوت تەواو کردووە، زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە، بۆ خوێندن سەری لەکۆیە داوە، چووەتە دیوەخانی (ئەختەری) شاعیر و هاودەمی نالی و حاجی و کەیفی بووە، هەر ئەم سەر لێدانەشی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم دەستنووسە شیعرەی خۆی بەجێ بهێڵێو ئەمەش قەسیدەیەکی شاعیرە:-

زەدەی شمشێری ئەبرۆتن صەفی ڕۆم و عەجەم جانا
غولامی خاڵی هێنند ووتن گیوو دارا و جەم جانا
بە قامەت سەروی ڕەعنایی بە قیمەت دوڕی یەك تایی
خەجاڵەت یاری ڕووخسارت گوڵ و باغی ئیرەم جانا
ئەسیری زوڵفی چین چینت غولامی خاڵی موشکینت
حەبەش تا چین و بەنگاڵە هەموو خێڵ و عەشەم جانا
بەچاوم سوێند دەدەی هەی هەی نەکەی نۆشی پیاڵەی مەی
شەراب نۆشم بەچاوی تۆ لە ئەوقاتی قەسەم جانا
ئەگەر یەك دەم عیبادەت کەی دڵی بێ چاری غەمخوارم
دەکەم ئیحیای صەد عیسا لە ئانێك نیمە دەم جانا
نەسیم زوڵفت دەکا شانە لە شەمعی ڕووتە پەروانە
دەڵێی هەر شێتە فەرزانە لە وەختی سوبحدەم جانا
بە شوعلەی ئاتەشی هیجران چراغی بەزمی عوششاقم
خەیاڵت دێت و دەرِ فێنێ سوپاهی خێڵی غەم جانا
پیاڵەی بادەیی وەصڵی سواری مەرکەبەی هیجران

مەسافەت طەی دەکەم دایم لە قوربت کەم دەکەم جانا
بەیادی قەددی دڵ جووتە لەسەر خاڵی سەری گۆنە
ویصالی رووتە بۆ (فایق) خەیاڵی پێشووکەم جانا
ئەمەش هۆنراوەیەکی ترە:

بەخاتر خاڵی زولفت ریشەیی دل
دەسا مەشکێنە توخوا شیشەیی دل
سەفەر کردن بەرێی هات و نەهات دا
چ خۆشە گەر غەمت بێ نۆشەیی دل
نەفەرهاد و نەشاپوور و نەخوسرەو
غەنیمی بێ ستوون بۆ شوشەیی دل
ئەگەر خونچەی ئەجەل زووم لێ دەپشکوێ
دەکەم جەمعی یەکا یەك خۆشەیی دل
لە قافی عەشقی دا عەنقا میسالم
بەگەردابی موحیبەت پیشەیی دل
گورفتارم بە زوڵفەینت پەرێشان
دەهانت واهیمە و ئەندێشەیی دل
مەدەن طەعنە کە (فایق) مەستە دائم
مەیە میراوی باغی پیشەیی دل

١) لە نووسەری کورد، ژمارە (٧)، ساڵی ١٩٧٤، دکتۆر مارف خەزنەدار ئەم کەرتە ژیانەو قەسیدەیەکی بەناوی غەزەل بڵاوکردۆتەوە کە هەمان قەسیدە لە دەسنووسە دۆزراوەکەی لای خۆمان هەیە.

## دکتۆر شۆی دڵتەڕو مەعشوق[1] وسەیرانی دەربەندیخان

کات بەهار بوو، سروشت بەرگی سەوزو قەشەنگی پۆشی بوو، کۆلێجی ئادابی سلێمانی سەیرانێکی بۆ هەوارگەی چنارەو تووناێلی دەربەندیخان ساز کرد، دکتۆر شۆی خوشەویستیش سەرقافڵەی ئەو گەشتەی پێ سپێردرا بۆ ئەوەی سەیرانەکەمان بەرگێکی شاعیری بەتام وجۆش وبەلەزەت بپۆشێ، بەم جۆرە بەرەو خاك وخۆڵی نالی شای شاعیرانی کورد کەوتینە ڕێ، شنەی شەماڵی سەر لوتکەی چیا سەرکەشەکانی زمناکۆ وهەورامان، کزە بای فێنکی دەشتە ڕەنگینەکەی شارەزوور، تێکەڵ بە سۆزو ئاوازە بەجۆش وخرۆشەکانی قەد پاڵ ودۆڵ وشیوو نزار وچیا هەزار بەهەزارەکانی ئەو ناوچەیە دەبوون، وە لەنجەو شنە شنی هەڵپەرکێی بەکراسی شۆخ وشەنگەکان دەکرد، هاژەی تووناێلی دەربەندەکە، دیمەنی ڕازاوەی ئافرەت وسرۆشت سەرچاوەی لەبن نەهاتووی کامەرانی وبەختەوەری بوون، مووچرك وتەزوویان بە لەشی مرۆڤ دادەهێنا سروش وئیلهامیان بە دل ودەروونی مرۆڤ دەدا، ئەم سیفۆنیە ڕەنگینە، ئەم دیمەن دڵ ڕفێنە خۆشەویستی دەخستە دڵی مرۆڤی ئاساییەوە چ جای شاعیرێکی ناسراوی وەك دکتۆر شۆی خۆش مەشرەب و(طبع ڕوان) و(سریع والشعر .... بەڵی ئەم دیمەنە جوانە دکتۆر شۆی خستە جیهانێکی تایبەتی یەوە، جیهانێك کەلە هەموو قۆڵەکانیەوە دکتۆر شۆیان، وروژاندبوو، شیعر، چیرۆك لەهەست وسینگ

---

(١) کەوتومانە مەعشوق، لەناونیشانی ئەم نووسینەدا، مەبەستمان تیۆرییە نوێ کەی دکتۆر شۆیە کە لەبەرگێکی تری چاپ نەکراوی دیوانێکی دا دەڵێ، ئەبێ لەمەولا بنچینەی دلداری بگۆڕدرێ و ڕۆڵی دەوری مەعشوق بگێڕێ دەبێ کچ زیاتر ماندو بێ لەم مەسەلەیەدا.

ودەمی یەوە ئەپژان، جا بۆیە لەم بۆنەیەوا بەخامە ڕەنگینەکەی ئەم شیعرە تەڕو سوێر خویٚ یەی تۆمار کرد.

بۆسەیرانەکەی لای دەربەندیخان
قوتابی ئاداب دادە ڕوناك خان
بۆ ئەو سەیرانە هاتبوو ڕوناك
ناسك وشیرین ڕوو بیٚ گەرد و پاك
روناکی ڕوناك دای لەدەشت وهەرد
کیژۆڵەی جوان بێچوە کوردی مەرد
جوانیەکەی ڕوناك ناگریٚ باسی
دەك بەختەوەر بی کچی عەباسی
ڕوناك روناکیت بیٚ وێنە دیارە
ناسك ونازداریت لەگشت لا دیارە
لە یەزدانمە وێت بگەیت بە ئاوات
خزمەت گوزار بی بۆ گەل وولاٚت
دنیا ڕووناکە بە ڕوناکەوە
گەر ڕوناك نەبیٚ تاریکەشەوە

بەم شێوەیە ئەدە سەیرانە خۆشە بە (کولك وتوك وپێستەوە چووە ناو لاپەڕەکانی مێژوویی ئەدەبی کوردەوە، ئەو ئەدەبەی سەد هەزار قەسیدەکەی دکتۆر شۆی تێدایە کە وەکو هێشوە تریٚ ڕەش باغی ئەدەبەکەمانی ڕازاندۆتەوە).

## لەگەڵ شاعیرانی کۆیەدا

لـە سـیەکان و چـلەکاندا شـاری کۆیـە، جموجـوڵێکی سیاسـی و ئەدەبی بەهێزو بەتینی بەخۆوە بینی، بەتایبەتی کە جەنگی دووەمی جیهان، بەلەناوچوونی فاشیەت کۆتایی هات و زۆرلێکراوەکانیش لە ژێر زوڵم و زۆرداری سەریان دەرهێناو کەوتنە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی مافە ڕەواکانیان لە دیموکراتیو ئازادیدا، خوێنـدکاران، ژنـان، کرێکاران و کاسـبکاران، جووتیـاران هاتنـە کـۆڕی خەباتـەوە کەوتنـە ڕاپـەڕین و خۆپیشـاندان بـۆ ڕوخانـدنی پـیلان و پەیمانـەکانی ئیمپریـالیزم و دارو دەسـتە بـەکرێگیراوەکانیان، لــە ئەنجامــدا گــەلێ ڕێکخــراو حیزبـی نیشـتمانپەروەر و چـەپ دروسـت بـوون، شـاعیرو نووسـەرانی کۆیـەش بـەبیرو کـردەوە بەشـداری خـەڵکی ڕەش و ڕووتیـان کـردووە لـە ڕیـزی پێشــەوە وەســتان و بوونــە مەشــخەڵ و چــرای چەوســاوەکان و لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دایەوە (خالید دلێر)ی شـاعیر، وێـژە دەکاتـە چەمکی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك و لەم ڕووەوە دەڵێ:

>>ئەدەب کەلەسەر ڕێبازی زانستیيانە هاتبێتـە کایـەوە پێویستە لەپێش هەموو شتێك دا ناوەرۆکێکی بەپێزو هـەتا ئـەو رادەیـە کـەبواری دەدا مەبەستی روون و ئاشکرای هـەبێت، ئـەوجا گـوێ بدرێتـە جوانی و نەخشاندنی چوار چێوەکەی و ئـەم نەخشـاندن و ڕزاندنەوەیـەش، دەبـێ هەر بۆ ئەوە بێت تا ناوەرۆکەکە باش بنوێنێت<<[١] شـاعیر هـانی لاوان دەدات کەلە خەوی بێ هۆشی هۆشیار ببنـەوەو میللـەت لـەژێر دەسـتی و کەساسی رزگار بکەن و قەڵای ئیستیعمار بروخێنن:_

کورد ئیمڕۆ زۆر هەژارە
دیلی دەستی زۆردارە
مادام لاوی بەکارە
دوژمن دەڕوا ناچارە
حەپس و کۆت و لەداردان
پاش ناخا لاوی کوردان
بەهۆی کۆشش لە مەیدان
دوژمن دەبێ دڵ پارە
هەڵسە کوردە لەخەوێ
ژینی دیلیت قەت نەوێ
بڕمێنە وەك دو دەوێ
قەلای دوژمن لەو شارە
میللەتمان زۆر کەساسە
هەژار و بێ کراسە
لە ژێر بێ گارە کاسە
خەتا لە ئیستیعمارە

شاعیر داوایان لێ دەکات کەیکبگرن و خۆیان بەچەکی زانست چەکدار بکەن بەتایبەتی بەبیری مارکسی - لینینی کە تاکە ڕێگایە بۆسەر فرازیان لە دەرەبەگو داگیرکەراندا، لەم بارەیەوە دەڵێ:-

کوردە ئیستیعمار گەڵێ زۆردار و هەم بەدفەڕە
چەشنی گورگی هارە ئیمڕۆ نۆبەچی بزن و مەڕە
بۆ ئەوەی حەق وەرگری چەشنی پڵینگ هەڵمەت بەرە
چونکە ئیستیعمار خەریکی تەفرەقەو زوڵم شەڕە

زدی هەم یەکگرتنە و هەم دەوڵەتی شۆڕشکەرە
کوردە تاکو تێ نەکۆشی بێ شکە ناتبێ نەجات
تێ بکۆشە هەر بزانە دوژمنت ڕای کرد هەڵات
بیری دیموکراتی‌یە دەرمانی دەردی تۆ دەکات
هەر بەعیلم و بیری مارکسی لاوەکانت کەی خەڵات
هەر گەلێکی بێ عیلم بێ بێشکە ئاخر شەڕە
مەیەلە فەرقی بەینی میللەت دەوڵەمەند یا خود هەژار
چینی ڕەنجبەر ڕەنج بدات و کاکی ئەقطاعی لەشار
رادیۆی لێ بکاتەوە و ئارەق بکاتە ژەهرە مار
ڕۆژێ رابوێرێ لە باغ و یان لەناو کۆشك تەلار
خواردنی گۆشت و برنجەو نان و دۆشی هەر بۆ نۆکەرە
ڕۆژی تەنگانە هەژاران دینە مەیدانی هونەر
تێ دەکۆشن بۆ نەجاتیت دەبنە شێر بۆ جەنگ و شەڕ
زوڵم و زۆردار و خائین گشتی دەبنە قوڕبەسەر
لای دلێر وایە کە هۆی ئازادی گەل هەر ڕەنجبەرە

(ئەحمەد دڵزار)ی شاعیریش لە پەنجاکاندا کۆمەڵە شیعرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نووسیون کەلە دیوانە چاپکراوەکانیدا بلاّونەکراونەتەوە، خودی خۆشی لە بیرەوەریەکانی ئاماژە بەوە دەکات کە چەند شیعرێکی وون بوونە، لەم ڕووەوە دەڵێ: ((لە ساڵانی ١٩٤٦-١٩٤٩واتا دوای دەرچوونم لە عەسکەری تا ڕۆژی بەند کردنم لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٩دا پتر لە سەدوبیست هەڵبەستی کورت و درێژ و بڕە شیعریم داناوە لە دەفتەری بەرگ مەرمەریدا، جۆرە دەفتەرێك بوو،

کۆم کردنەوە بەلأم دوای گەڕانەوەم لە بەندیخانە لەکۆتایی حوزەیرانی ۱۹۵۲ یەکێك لە دەفتەرەکانم چنگ نەکەوتەوەو وون بوو هەر وون))[٢].

لە هۆنراوەی (ژن زانە) دەڵێ: پێویستە ژن هاوسەری خەبات و ژیان بێت، شان بەشانی پیاو بجەنگی لەپێناوی سەربەستی‌دا، جوانی ژن رەوشتە و دەبێ نەوەکانیان ژیرانەو چالاکانە پەروەردە بکەن تاکو لە دوا رۆژدا ئازاو چاونەترس بن.

ژن زانـــــە ژەنــگــی ژیـــانـــە
کـە خـۆی لـێـدەی مـاڵـت وێـرانـە
بـرای شیـریـنـم جوانـی خوڵق و خوو
بەکـاری تـۆدێ نـەك هی رەنگ و ڕوو
ژنـێ پـەسند کـەر ڕەوشتـی چـابـێ
چـالاك و خێـــرا ژیـــرو زانـــا بـێ
هـاوڕێی ژیـان و هـاوڕێی بیـرت بێ
لـە بـەنـدیخانە هـاو زنجیـرت بێ
لـە کـۆبـوونـەوە و هـەلأو هـەڵچوونـا
لە ڕێی ئازادی و بۆ سەربەستی و نان
هـەر دەم ئـامـادە و شان بە شانت بێ
لـە تـەنگـانـەدا پشـتـیـوانـت بـێ
هـەر وەکـو تـانـیـا و ژانـژکو خانزاد
لـە رۆژی شـۆڕشـا دوژمـن کـا بەرباد
چـاوی نـەتـرسـێ لـە زەبـر و زلـە
قـەت گـوێ نـەداتـە لـێدان و گولە
مـنـداڵی بچـووك زۆر بـاش بـەخێوکا
نـەك بیـتـرسێـنێ و هـاواری دێوکـا

سـەری شـەتـەك داو دەسـتـی ببەستێ
هـەر گـریـاو مـەمکی لەدەم بپەستێ
بـەشـەو لـە بان و عـایشێ گوێ درێژ
زراوی بـەرێ بیکـا گـێـژ و وێـژ

لە هۆنراوەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا، بەناوی (سەرخۆشان) رەخنەی توند لەمەی نۆشین و کاری ناپەسند دەگرێت کە هەندێ لە لاوەکان پێوەی خەریکن و لە نیشتمانپەوەری دووری خستونەتەوە.

سـەیری سەرخۆشان کەن کە ئێواران بەرەو ماڵ دێنەوە
وەکـو سـەگـی گـەڕ لـەنـاو قورِو چڵپاو دەخولێنەوە
کـۆمـەڵـی بـەنـاو وەتـەن پـەروەرن
چـوسـت و چـالاك و شـێـرانـەو شـەڕن
بـۆ رۆژی نـەبـەرد زوبـان سـوپـەرن
خـاوەن ئـیـدراك و هـۆش و هـونـەرن
کـەچـی ئێـربـازو مـەسـت و مـەی نـۆشـن
بـڵـح و تـەمـەڵ و بـێ هـۆش و گـۆشـن
وەتـەن پـەروەریـان وەك دار عـەسـایـە
گـرتـۆتـە دەسـت بـۆ دەعیـەو هـەوایـە
ئـەگـیـنـا بـەزەیـی یـان بـەکـەس دانـایـە
خـۆ گـەر هـەزارێ بـۆ ئـانـەیـێ نـان
دەم پـەل کـاتـەوە لـەبـەر یـەك لـەوان
دەڵـێ چـەنـد فلـسـت هـەیـە لـە گـیـرفـان
بیـنـە بـەشـی کـەیـن لـە بـەیـنـی خـۆمـان
جـا گـەر میـلـلـەتێ گـەنـجـی ئـەوابـێ

مەزروعی هۆشی هێندە ساوابێ

خوایە بەشی ئەو هەر نەمانی بێ

لە پەنجاکاندا شاعیرانی کۆیە، تۆفیق وردی و سەید ئەنوەرو ڕۆستەم حەوێزیو دڵزار لە کتێبخانەی کۆیسنجق کۆدەبوونەوە و باسی ئەدەب و سیاسەتیان دەکرد، لەم ڕووەوە ئەحمەد دڵزار دەڵێ((ڕۆژێکی پایزی ١٩٤٧ کاتی چێشتەنگاو بوو لە کتێبخانەکەماندا، کتێبخانەی کۆیسنجق چەند برادەرێك دانیشتبووین کاك ئەنوەریشمان لەگەڵ بوو (ئەوسا کاك ئەنوەر شیوعی بوو) باسی باری ئەوسای وڵاتمان دەکرد)[٢]

کەوتوونەتە دەمەتەقێی شیعرەوە:-

ووردی ووتی

یەکەم شاعیرمان ئەحمەد دڵزارە

ڕاستی حەقیقەت لای وی دیارە

دڵزار ووتی:-

دووەم شاعیرمان وردی تۆ وردی

بۆ ئازادی بوونمان بەدەست و بردی

لەژێر قاچی گەل بەمیسلی پردی

هەر تۆ شاعیری دوا ڕۆژی کوردی

وردی ووتی:-

سێیەم شاعیرمان ڕۆستەم مەشهورە

شیعری بەوێنەی چەشنی چنورە

ڕۆستەم رووی لە سەید ئەنوەر کرد ووتی:

چارەم شاعیرمان سەید ئەنوەرە

شیعری بەمیسل وێنەی گەوهەرە

سەید ئەنوەر بەرزنجی لە کۆپلەیەکی تردا، بانگی حەقیقەت رادەگەیەنێ و دەڵێ:-

مژدە بێ دەنگی حەقیقەت میللەتان هۆشیار ئەکا
رۆژی ئازادی بەدەرکەوت هێزی دوژمن بار ئەکا
میللەتی مەزلوم و برسی پڕ بەدەم هاوار ئەکا
رۆژ و شەو نەعلەت لە روحی پیسی ئیستیعمار ئەکا

لە شەستەکاندا (ئەحمەد لاکین) کە موختاری گەڕەکی هەواوان بوو، نامەیەك بۆ (عەزیز سەربەست) دەنێرێ کەلە خەلەکان دەست بەسەر بوو (سەربەست)یش بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

هەڤاڵ ئەحمەد بوێژی دڵسۆز
هەڵگری ئاڵای رزگاری بۆ هۆز
برای خەباتکەر زێڕی ناو بۆتە
بیرت نرخدار زێڕ و زومڕوتە
سوپاس بۆ هەستی بەرزی برایت
بۆ نامەو سڵاو بۆ دڵ نەوایت
وەك رۆژلات ڕوونە هەتاکو مردن
بەندو بالورە و درۆ و دەلەسە
سپی ڕەش کردن کاری ناکەسە
زێڕی خۆلاسە نابتە تەنەکە
ناکرێ بە پاقر حەکەم مەحەکە
من و هەڤالان گەل دەیان ناسن
بڕوابێ هێزن یا پۆلا و ئاسن
هەر ئەو پیلانەی ئێستام نەدیوە
گەلێ درك و داڵ لە ڕێم چەقیوە
کاروانی ڕاستی ئەڕوا لەڕێ

ڕێگر لە پێشی سەگ پێی دەوەڕێ
بێ گومان هەرگیز دەگا بە قۆناغ
دڕکی کوردستان دەگۆڕین بە باغ

سەرچاوەکان

١. خالد دلێر، بەرەو لوتکەی ئاوات، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩،ل١٣.
٢. ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ژیانم، ستوکهۆڵم، ١٩٩١،ل٤٤.
٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.
٤. هەردوو شیعرەکەی ئەحمەد دڵزارو خالید دلێرم لەلای خزمانی نزیکم قادر رەشید و عەزیز سەربەست چنگ کەوتوون.

## نەورۆز لە شیعری شاعیرانی کۆیەدا

لەشانامەدا نەورۆز بەمانای رۆژی نوێ و تازە دێت، واتە رۆژێك کە ساڵی نوێ لەوەوە دەست پێ دەکات هەموو گەلە ئارییەکان جەژنی نەورۆز بە جەژنی خۆیان دەزانن و هەر نەتەوە بە شێوەی تایبەتی خۆی یادی ئەم رۆژە پیرۆزە دەکاتەوە. گەلە ئاری نەژادەکانی هندستان و پاکستان و بلوجستان و ئازربایجان و ئەفغانستان و کوردستان نەورۆز بە جەژنی تایبەتمەندی خۆیانی دادەنێن زۆر بەکەیف و شادیەوە ئاهەنگ دەگێرن و بیرەوەری دەکەنەوە، لای ئێمەی کوردیش ئەفسانەی کاوە و زوحاك سیمایەکی تایبەتی وەرگرتووە لەو رۆژەدا کاوەی ئاسنگەر توانیویەتی هەموو چەوساوەکان لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوەو راپەرینێك بەرپا بکات و تەخت و تاراجی زوحاکی زۆردار تێك وپێك بدات. فەرەیدوون نەوەی جەمشید لەجێگای زوحاك خراوەتە سەرتەخت و فەرمانڕەوایی وولاتی گرتۆتە ئەستۆ لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە نەورۆز بۆ فەرمانڕەوایی جەمشید دەگەرێتەوە و لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی پێشدادیدا دامەزراوە، بۆیە گەلی کورد لەهەموو گەلەکانی تر خاوەنی راستەقینەی ئەم جەژنەیە (مامۆستا زەبیحی لای وایە کەماد درێژەی پێشدادین وەکو کوردیش درێژەی مادن بەو پێیە جەمشید بەکورد دادەنێت)[1] پاشان مامۆستا زەبیحی لەسەر ووتارەکەی دەڕوات و لەسەر قسەی فیردەوسی جەمشید بە پاشای چوارەمی بنەماڵەی پێشدادی دادەنێ و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارەکان وای نیشان دەدا کە یەکەم بنەماڵەی پاشایی مادبوون وە بەم جۆرە پێشدادی و میدیا هەردووکیان دەبنە یەکەم بنەماڵە کە لە قەلاتی ئێرانا پاشایەتیان کردووە. نەورۆز ئاگر پەرستی نیە بەڵکو ئاگر وەکو نیشانەیەك

بەکارهێنراوە تاکو خەڵکی هۆشیار بکەنەوە و هانیان بدەن بۆ ڕاپەڕین، ئاگر ڕەمزی سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەرە، ڕەمزی سەرفیرازی پێشکەوتن و پەرەسەندنە، لە نەورۆزدا سروشت بەرگی جوان و سەوزایی دەپۆشێ، بەگوڵ و ڕێحان و نێرگز بەهار دەڕازێتەوە، لاو و پیر پۆل پۆل بەجل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگەوە بەرەو شاخ و دۆڵی پڕ مێرگ و مێرخوزاری کوردستان دەڕۆن، دەیکەن بە ئاهەنگ و گۆرانی و هەڵپەڕکێ، نەورۆز شاهیدە کە کورد لەهیچ کات و زەمانێکدا سەری بۆ دوژمنان دانەنواندووە، هەردەم لەسەر وەرگرتنی مافی خۆی سوور بووە، پیرەمێردی شاعیر هەموو ساڵێك لەگردی مامە یارە یادی جەژنی نەورۆزی کردۆتەوە دیارە کەسانێ هەبوونە ئێستاش هەن کەنەورۆز بە ئاگرپەرستی و مەجووسی دادەنێن، پیرەمێرد بەم جۆرە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ:- خوێندەوار دەزانێ ئاگرێ کە خۆی بیکاتەوە و خۆی بتوانێ بیکوژێنێتەوە چۆن ئەیپەرستێ... هەروەکو ئاشکرایە لە پێش ئیسلامیشدا نەورۆز یادی کراوەتەوە.((بەلام نەورۆز لەسەردەمی خولەفاکانی ڕاشدین دا قەدەغە کرا، چونکە دابونەریتی پێش ئیسلام بوو، هەرکەس باسی بکردایە سزا دەدرا، بەم جۆرە رۆیشت هەتا ئیمامی عەلی لە مزگەوتی کوفەدا ڕێگای داوە بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە شیرینی بەسەر نوێژکەراندا دابەش بکرێت))[٢]

لەسەردەمی ئەمەویەکاندا نەورۆز زیندووکرایەوە پاش ئەوەی مەعاویە بۆی دەرکەوت کە کردنەوەی نەورۆز هیچ مەترسیکی نییە و لەهەمان کاتیشدا سوودێکی ئابووری باشی هەیە بۆیە بڕیاریدا کەلە نەورۆز ومیهرەجاندا باج کۆبکرێتەوە. ئا بەم جۆرە یادی نەورۆزی ژیاندەوە.

لەسـەردەمی عەباسـیەکاندا - دوای نـەمانی حـوکمی ئەمـەوی و هاتنی عەباسیەکان- جەژنی نـەورۆز پـتر بایـەخی پێـدرا وەك سـەردەمی پێش ئیسلامی لێهاتەوە شاعیران و ئـەدیبان کەوتنە نووسـین خەلیفـەی حەوتەم خۆی لەهەموو کەس زیـاتر ئاگاداری بـنج و بنەچـەی مێـژووی پەیدابوونی نەورۆز بوو.[٢]

لەسـەردەمی عوسمانیەکانیشـدا زۆر بایـەخیان بەجـەژنی نـەورۆز داوە بە پیرۆزیان زانیوە... کەواتە جـەژنی ڕەسـەنی کوردەو دەبـێ یـادی بکرێتـەوە و بـەڕێزەوە سـەیری بکرێـت و ڕووی ڕاسـتەقینەی چەواشـە نـەکرێت. پێویسـتە لەنـەورۆزدا لـە هـەموو لایـەکی کوردسـتان دەسـت بەچـاندنی نـەمام بکـەن پـێش مادەکـانیش ئـەم ڕەوشـتەیان پـەیڕەو کـردووە. بـا لـە نـەورۆزی ئەمسـاڵدا کێشـەکان یـەکلا بکرێنـەوەو هەڵبـژاردنێکی سەرانسـەری دروسـت بکرێـت،، جـا شـاعیرانی کۆیـەش شیعریان لەسـەر نـەورۆز هۆنیوەتـەوەو گرنگـی و ڕۆڵـی نـەورۆزیان بـۆ خەڵکی کوردستان ڕوونکردۆتـەوە لێـرەدا بەشـێك لـە شـیعری شـاعیرانی کۆیە دەخەینە پێش چاوان،،،

حاجی قادری کۆیی لە هۆنراوەی (سەد وەکو رۆستەم):

سـەد وەکـو رۆسـتـەم بـەدڵ قـەمچی لەرەخشی دا بەزی
وەك گـەیشتـە خـەنـدەکـی پـایـانـی عـومـری دابەزی
رۆژتـە ئـەی بـادی نـەورۆزی لـەبـن بـەفـری گـران
کانی پـێی سـڕ بـوو. چناریش دەستی چوو. پەنجەی تەزی
سـونبـوڵـی زوڵـف و گـوڵـی روخسارو سەرووی قامەتی
مـانگـی نیسـان و گـوڵان نـەیـدی لـەنێـو بـاغ و رەزی

دولبەرم تەنها کەبوو لەو بەینە خۆی رووت کردەوە
من دڵم خۆش بوو کەچی دووبارە دایپۆشی کەزی...[٤]
(دڵدار) لە هۆنراوەی (گوڵی سوور)دا:
گوڵی سوور. ئەی کچی نەورۆز. ئەرێ کام دەس لەباغی ژین
لەبۆ یەك دەفعە بۆن کردن بە ناکامی ئەتۆی هێنا
ئەوێستاکەش بەژاکاوی
وەها بێ قەدرو تۆزاوی
لەسەر رێگا فڕێ ی داوی [٥]
(خادیم) لە هۆنراوەی (نەورۆز)دا.
نەورۆزە ئیمڕۆ وەعدەی شادییە
جەژنی سەربەستی و هەم ئازادییە
نەورۆزی پیرۆز رێکەوتەی شەمە
ئەم نەوعە جەژنە شازە زۆر کەمە
سروەی نەسیمی سەحەر هاتەوە
تا پشکۆی غونچە گەش بکاتەوە
موژدەی نەو بەهار بدە بە بولبول
تاوەکو شادبێ بە روخساری گوڵ [٦]
(خالید دلێر) لە هۆنراوەی (س)دا
تۆ بەهار بووی تۆ نەورۆز بووی
هەروەك ئەوانیش پیرۆزبووی
وەك مانگی یەك شەوە وابووی
هەر پاش هەڵاتن ئاوابووی
پێنج. شەش ساڵ . ناسك منداڵ بووی
هەروەك جەژنی سەری ساڵ بووی [٧]

(محەمەد تۆفیق ووردی) لەهۆنراوەی (نەورۆزی ١٩٦٠)دا

نـەورۆز بـە ڕەنگـی سـوورت
بـە ئـاگـر و گـوڵ و نـورت
بـە وێنـەی دووسەد جوورت
بـەو کــاوە قــارەمــانــە
یـاد بکـەیـن هـەموو ساڵ
ژینمان خۆش بێ وە یان تاڵ
دانێـیـن گیـان و سـەر و ماڵ
لـەڕێی ئـەو نیشـتمانـە
ئــازادی خــاکی ڕەنگیـن
بـەخوێنـە نـەك بەئەسرین [٨]

(دلزار) لە هۆنراوەی (جەژنی نەورۆزی ١٩٤٩)دا

زەمیـن گـولـزارە
تــازە بــەهــارە
جـەژنـی نەورۆزە
هـەوا عــەتـرینـە
مێـرغـوزار شینـە
چەشنــی پیــرۆزە
بەهۆی بای بـەیان
شۆڕایـەی بیبـان
پــەرت و ئـاڵـۆزە [٩].

(عەونی) لە هۆنراوەی (نەورۆزی ساڵی تازە)دا

نەورۆزی ساڵی تازە جەژنی بەهاری ئیمڕۆ
دەنگی بلوێر لەدێیە یان نەی لەشارە ئیمڕۆ
خونچە لە باخی شادی لێوی بە پێکەنینە
بۆیە لەسەر چلانی شینی هۆزارە ئیمڕۆ [10]

(سامی عەودالّ) لەهۆنراوەی (بانگ)دا

کوردە ئیمڕۆ رۆژی شادیت مـوژدەبێ رۆژی نەوە
هەستە ئالای شێر نیشانی زەرد و سوورت هەڵکەوە
ئەو زوحاکەی کاوە کوشتی تێپەڕی ئێستا بە خۆت
کۆت و زنجیرێ لەبیرو هۆش و دەست وپێ کەوە
ئەو چرایەی کەیقوبادی زابولیت پێی کردبوو
جەیشی یۆنانی کوژاندی هەستە زووبە پێی‌کەوە [11]

رۆستەم لەهۆنراوەی (نەورۆزی ١٩٧٢)دا

لەدەست بێگانە هەستانی هەموو خوێشێکی نەورۆزە
بەدەست کەوتی گەلی ژێر دەست لەگشت کێشێکی نەورۆزە
کلیلی دەرك و هەوێنی هەموو شۆڕشێکی نەورۆزە
دوای رۆژی رووخانی هەموو عەرشێکی نەورۆزە
نیشانەی دووری ئاواتی هەموو کوردێکی نەورۆزە
کەرەستەی ژیان و دەرمانی هەموو دەردێکی نەورۆزە
کوشندەی گیانی زۆردارو دوا بەندێکی نەورۆزە
قڕانی چینی پوڵدارو هەموو پەندێکی نەورۆزە [12]

عوسمان (ئاگر) لەهۆنراوەی (نەورۆز)دا:

جەژنی نەتەوەی کوردانە نەورۆزە
نیشانەی مێژووی سەر بەرزی هۆزە
چواردەی گەلاوێژ یادی پیرۆزە
بەیادی رۆژی جەمشید و کاوە
کۆماری عیراق دانی پێ ناوە
ئیمڕۆ یەکەمین رۆژی بەهارە
جەژنی سەری ساڵ یادی دیارە
زستان بڕایەوە و نۆبەتی کارە [١٣]

(ئازاد دڵزار) لە هۆنراوەی (شانۆی بەهار)دا:

وا ئەمساڵیش بەهار نەورۆزی کردە پێشەنگ
تا بە ئاگر دەست پێ بکا . سەردتای ئاهەنگ
لەسەر شانۆی ساڵی تازە گلکۆی جوان جوان
هەڵیانداوە پەردەی ڕەشی وەیشومەی زستان
دەرکەوت دنیای مەییوی ناو ڕەنگ و ڕووناکی
پێچرایەوە شەوی تاری پڕ لە سامناکی [١٤]

**سەرچاوەکان**

١. عبدالرحمن زەبیحی <<با تەپوتۆزی سالآن لەنەورۆز بتەکێنین>> رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٥٩، ١٩٧٣.

٢. حسن محمود حمە کریم . کاوە و نەورۆز، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٧.

٣. شـوکر مسـتەفا ، <<نـەورۆز لـە ئـەدەبی گەلانـدا>> دەفتـەری کوردەواری. ١٩٧٠.

٤. سەردار میران ، شارەزا ، دیوانی حاجی قادری کۆیی. ئەمینـدارێتی گشتی رۆشنبیری لاوانی ناوچەی کوردستان. ١٩٨٦، ل١٦٤.

٥. عبدالخالق علاوالدین. دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بغداد، ١٩٨٥، ل١٩٧٠.

٦. جەمال محمدامین، دیوانی خادیم، بغداد، ١٩٨١،ل٣٦٦.

٧. خالد دلێر، بەرەو لوتکەی ئاوات، سلێمانی، ١٩٧٩،ل٥١.

٨. محەمەد تۆفیق ووردی. بانگی کوردستان، بغداد، ١٩٧٠ل٣٢.

٩. ئەحمـەد زەردەشـت. کـاوە و نـەورۆز ئەفسـانە و بـیری نـوێ، بغداد١٩٩٩ل٢٤٧.

١٠. دیوانی عەونی ، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٦٦.

١١. لە ئەرشیفی نووسەر وەرگیراوە.

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣. عوسمان (ئاگر)، پرشنگی چل چیا، بغداد، ١٩٧٢ل٤٣.

١٤. ئازاد دڵزار ، خونچەی سەهۆڵ، بغداد، ١٩٧٥،ل٢٦.

**حاجی قادری کۆیی سەرەتای نوێخوازییە لە شیعری کوردیدا.**

نوێخوازی دیاردەیەکی مێژووییە پەیوەندی بە هیچ کات و سەردەمێکەوە نییە، ئەوەی ئیمڕۆ تازەیە، بەیانی کۆن دەبێت تازەتر شوێنی دەگرێتەوە. نوێخوازی لای حاجی قادری کۆیی داهێنان و تێپەڕاندن و مغامرە کردنە، شاعیری راستەقینە ئەوەیە کە ڕەچەشکێن بێت و شتی نوێ ڕاو بکات، حاجی لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە ئاڵوگۆڕی لەشیعری کوردیدا کردووە، دیارە ئاسانی و گرانی پێوانەیەك نییە بۆ شیعر، هەر چەندە حاجی لە هەردوو بابەتەتدا شیعری هەیە، لە ڕووی زمانەوەش ڕەچەشکێن بووە، ئەگەر چی لە شیعرە کلاسیکیەکانی دا کاریگەری زمانی تورکی و عارەبی و فارسی بەسەرەوەیە، بەلام حاجی وەرچەرخانێکی لە فەرهەنگی شیعری کلاسیکی بەرپاکرد و زمانی شیعری لە قاڵبە ئامادەکراوەکاندا ڕزگار کرد و بنیادی شیعری کلاسیکی تێکو پێکداو فەرهەنگێکی زمانی شیعری ساکار و ئاسانی هێنایە ئاراوە کە نزیك بێت لە زمانی خەلکی و بەئاسانی لێی تێ بگەن و بچنە ناویەوە.

بەشێکی زۆری شیعرە سیاسیەکانی حاجی لەسەر کێشی دە بڕگەیی جووت سەروا دانراون، کە کێشێکی خۆماڵیە و لەگەڵ خاسیەتی زمانەکەمان دەگونجێ، ئەو شیعرانەی کە بەرکێشی خۆماڵی و سەروای هەمە ڕەنگ کەوتوون، وەکو ئودەبا چاکە یا ئیلاهی، ئەو ڕۆژە، تارێك نەکەون، شێخ بزەینی، حاکم و میرەکانی کوردستان، خۆ دەزانی سولالەیی ئەکرد، خوسرەو کەیقوباد، شەهسواری بەلاغەتی کوردان، کوردەگی کۆیی،..تد،

حاجی پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتۆتەوە، بیرەوانێکی بە توانا و سیاسەتمدارێکی دبلۆماسی بووە، لێ زانانە هەنگاوی ناوە، بەمەش توانیویەتی کە تەقینەوەیەکی فیکری و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری بەرپا بکات، ئەمەش پابەندە لەلایەك بە بزافی رزگاری خوازی کوردستان و لەناوچوونی ئیمارتە کوردییەکانەوە، لەلایەکی ترەوە بە بزافی کوردی و جیهانییەوە، داستان و چیرۆکە ئەفسوناوییەوەکانی سەدەی هەڤدەهەم کە ناومرۆکێکی سیاسی و شۆڕشگێڕیان هەبوو، وەکو قەلأی دمدم، مەم و زین ئەمانە بوونە هەوێن و سەرمەشق لە شیعرە سیاسیەکانیدا ڕەنگیان داونەتەوە.

بزوتنەوەی رۆشنبیری جیهانی رۆڵێکی مەزنی بینی لە پەرپێدانی ژیانی کۆمەلأیەتی لەناو زۆربەی ولأتانی ئەوروپادا، بزافی رۆشنبیری بە شێوەیەکی بەرفراوان بریتی بوو لە خەباتێکی فیکری کە چینی ناوەندی پێی هەڵسا دژ بە دەرەبەگ و پاشماوەکانی، بنچینەی ئەم بزوتنەوەیەش لەسەرەتادا لە ئینگلترا سەری هەڵدا، پەرسەندنی پەیوەندی برجوازیلە ئینگلترا زروفێکی لەباری خولقاند بۆ پێشکەوتنی فەلسەفەو زانست و هونەری برجوازی کە بەدرێژایی سەدەی هەژدەهەم ئینگلتەرە بە رۆناکبیری مایەوە، بەم جۆرە فەلسەفەو ئەدەب و زانستی ئینگلترە بەخۆشحاڵیەوە لەهەموو ئەوروپادا پێشوازی لێکرا.

زانیارییەکانی (لۆك) کارێکی زۆریان کردە سەر ئەدەبیاتی ئینگلیزی، بابەتی پەروەردەکردنی مرۆڤ سنوری خوێندنی قوتابخانەیان بەزاند ئەمەش بەشێوەیەکی دیار لە رۆمانەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بەدەرکەوتن.

لە فەرەنسادا گرنگی مێژوویی بزوتنەوەی ڕۆناکبیری، ئامادەکردن بوو بۆ شۆڕشێکی سیاسی کە بابەتی نیشتمانپەروەری بەخۆوە بینی. هەوڵیاندا بۆ ڕۆناکبیری کردنی عەقڵ لە پێناوی شۆڕشی داهاتوودا، بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەوە، هەڵسوکەوتیان دەکرد، ڕەخنەیان لەهەموو بیروباوەڕو بۆ چوون و یاسایەکی کۆن دەگرت و هەموو شتێکیان دەخستە بەر. دەوری عەقڵەوە زۆربەی زۆری فەیلەسوفەکانی ڕۆناکبیری میسالی بوون لەتێگەیشتنی یاساکانی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیدا هەموو هیوایەکیان خستە کارەوە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ و ڕۆناک کردنی هۆشی ئەم بزوتنەوە فیکری و ڕۆناکبیرییەی جیهانی، لەڕێگای زمان و ئەدەبیاتی تورکییەوە، کاریان کردە سەر فیکر و بۆچوونی (حاجی)یەوە) لە ساڵی (١٨٠٦-١٨٩٥)دا بزوتنەوەیەك لەئەدەبی تورکیدا ڕوویدا کە پێیان دەوت (بزوتنەوەی تەنزیمات) لە ئاکارەکانی ئەم بزوتنەوەیە وازهێنان لەئەدەبی کلاسیکی و لاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی ئەوروپی بوو، هەروەها بایەخی زۆریان بەناوەڕۆك دەدا نەك شێوە جەختیان لەسەر ئامانجی کۆمەڵایەتی ئەدەب دەکرد، دوورکەوتنەوە لە بۆچوونی تاکە کەسی و ڕێبازی سپی بینیان گرتە بەر ئەم بزوتنەوەیە بە سەرۆکایەتی ئەدیبی ناسراو(ئیبراهیم شوناسی)بوو، کە دامەزرێنەری ڕۆژنامەیەك بوو بەناوی (تەرجومانی ئەحوال)ەوە کەبایەخی زۆری بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی ئەوروپاییەوە دەدا، لەنووسەرانی ئەم ڕێبازە (ئەحمەد وەفیق) و نامیق کەمال بوون، ڕۆژی لێسکۆت دەڵێت: ((ئەو دەنگە نەتەوەییەی لە شیعرەکانی (خانی)یەوە بیستمان لەلای حاجی شێوەیەکی نوێخوازی تری بە خۆوە بینی، ئەم شاعیرە ڕۆڵێکی باشی

بینی لەهۆشیاری نەتەواییدا، شیعرەکانی کە لەدوای خۆیەوە بۆی بەجێ هێشتووین بوونەتە مایەی شانازی پێوە کردن))١.

حاجی شاعیری خەبات و تێکۆشانە، هەڵوێستی شۆرش گێرییە، نارەزایی دەربڕینە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان، شیعرە سیاسیەکانی بەردەوام بوون، خۆڕاگرتن، بەرەنگار بوونەوە، داکۆکی کردن، کۆڵنەدان، بەرگری کردن دەگەیەنێ، پەیوەندیەکی بەهێزو لەبن نەهاتوویان بەخاك و زێدی کوردستانەوە هەیە، شاعیر بۆ رزگاریو سەرفیرازی کوردستان و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی شیرو قەڵەم و یەکگرتن بەسەر پشك دەزانێ:-

بەشییر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە
نەبەیداغی هەیە نەتەبڵو کووسی
ئەمەندەی پێ کرا بێ چارە نووسی
وە ظیفە ی خۆم بەجێ هێنا تەمامی
بە شییرو دەوڵەتە میللەت نیظامی(٢).

حاجی چەك و تیۆری پێشکەوتنخواز بەهەوێنی سەرکەوتن دادەنێ، بۆ ئەوەی مافی چارەنووسی خۆی دەستە بەردار بکات و دەوڵەتی کوردی دامەزرێنێ، دیارە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی تاکە رێگای سەرکەوتنە، بەلام مافی ئەتۆنۆمی و فیدرالی و مافی کەلتوری چارەسەری کاتین و هەردەم داگیرکەرانی کوردستان وەکو تاکتیك و لەکاتی پێویست دا لەگەڵ کوردا پەیرەوی دەکەن. هەر هەڵیان بۆ هەڵ کەوێ بە ئاگر و

ئاسن دەکەونەوە گیانی کوردان بۆیە پێویستە هەموو لایەك بۆ مافی سەربەخۆیی، یەك بگرن و هەوڵی بۆ بدەن:-

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵك و میللەت، صاحیبی جەیش و عیرفان
جۆشێك بدەن وەکو هەنگ تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا بکەن تۆپ و تفەنگ و هاوان(٣).

بەڵام بەداخەوە دووبەرەکی و ناڕێکی نێوان کوردان بۆتە کارەساتێك ئەوە دوای ئەوە دووبارە دەبێتەوە هیچ سوودێك لە ئەزموونی تاڵی کوردان وەرناگرن، هەردەم ئاسنی سارد دەکوتنەوە، سیاسەتمەداران بەرژەوەندی تایبەتی فەرامۆش ناکەن و بۆ بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی تێناکۆشن، بۆیە بەژێر دەستی دەمێنیتەوە و پلانی ئەم و ئەو جێبەجێ ددکەن کە بەزدرەروو زیانی کوردان تەواو دەبێت.

لەبەر حیزبە بخۆیی و ناتەبایی
لەژێرحیزی حیزان بووینە دۆشەك
هەتا وەکو ئاگری بن کا بن لەگەڵ یەك
ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەك
لە گوێی گا نووستن بۆ ییکە ڕێوی
لەسەر ئێوە وەها شێرگێڕە وەك سەگ(٤).

ئەرکی شیعر لای حاجی لە قۆناغی رزگاری نەتەوایەتیدا هۆشیار کردنەوەو هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر واقعی نالەبار و یاخی بوونە لەپێناوی دوا رۆژێکی رۆناکدا ترسناکی داگیرکەر لەوەدایە، کە هەردەم دەیەوێ شارستانێتی و رۆشنبیری نەتەوە بن بڕ بکات، بۆیە حاجی

جۆش و خرۆشی تێ دەکەوێ و ئالآی زانست و رۆشنبیری بۆ گەلەکەی بەرزدەکاتەوە:_

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی
ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی
یەکسەر عەولەما درشت و ووردی
ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی(٥).

(محمود دروێش) دەڵێت ((شیعرەکانمان بێ رەنگن بێ تامن، بێ دەنگن، ئەگەر نەبنە چراو لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر و کەسانی ساکار و سادە لێی تێ نەگەن))(٦)

حاجی شاعیری بەرهەڵستکار شیعرەکانی جەماوەرین تەعبیر لە هەست و نەستیان دەکات، گۆرانی بۆ سەرکەوتنیان دەڵێت زۆر وودبینانە دبلۆماسیانە رێرەوی کێشەی گەلەکەی دیاری دەکا جا دەفەرمووێت بۆ تەکتیکیش بێت پێویستە سەربە دەوڵەتێك بین، چونکە چاك زانیویەتی بێ پشتیوانی زلهێزەکان مەیسەر بوونی دەوڵەت ئاسان نابێت، بەتایبەتی بۆ گەلێکی پێنج پارچەکراو، هەر چەندە متمانە بەخۆ کردنیشی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە،

لەم بەینە ئیتتیفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی
فەرقی نەبێ شوان و جوتیار و میرو گاوان
گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن
بێگانە چاکە دوشمن نەك دوشمنی خۆتان(٧).

له کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییە کە حاجی شۆڕشێکی فیکری و هونەری لە شیعری کوردیدا بەرپاکردووە، شیعرەکانی بیرە وردەکانی بنیادی نوێخوازیان لەئەدەبی کوردیدا چەسپاندووە و بوونەتە سەر مەشق و ئەوین بۆ شیعری نوێی کوردی و تاجی سەروەری لەسەر ناوە خودی خۆشی لەم بارەیەوە دەڵێت:-

(حاجی )یە شیعرەکانی وەك کاوە

ڕۆژێ دەبینین درەفشی هەڵداوە(٨)

**سەرچاوەکان**

1- Roger Lescot. In Encyclopedie dela pleiade p,801-802.

٢- سەردار میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئەمیندارێتی رۆشنبیری هەولێر ١٩٦٨، ل٨٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٨٦-٨٧.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٣.

٦- یاسین احمد فاعور، الثورة في الشعر محمود درویش، دار المعارف للطباعة و النشر ، تونس ١٩٨٩.

٧- دیوانی حاجی قادر، هەمان سەرچاوە، ل٨٦.

٨- هەمان سەرچاوە، ل١٩٤.

* * *

## دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز

لە گرمەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەو کاتەدا کە شەڕێکی تەماح کاری بەهۆی دامودەزگا ئیمپریالیستەکانەوە هەموو گێتی گرتبووە، ئەو شەڕەی کە سوود و قازانجی وولاتە ئیمپریالیستەکانی ئەورووپای تێدابوو، ئەویش بە مەبەستی دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی بوو لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا، تا بەم جۆرە جەنگ کۆتایی هات و وولاتە سەرمایەدارەکان کەوتنە خۆ بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بەگوێرەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، کوردستانی خۆشەویستمان بەسەر چوار وولات دابەشکراو، زۆرداران کەوتنە فڕان فڕانێ هەر مەپرسە چ رۆژێ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەیەها بانگەوازی دیموکراتی و مافی گەلانی ژێر دەست دەدرا بە گوێی خەڵکیدا بۆ هەڵ خەڵەتاندن و تەفرەدانیان تاوەکو بگەنە مەرامی خۆیان تا لەو کاتەدا (دڵدار) پێی نایە جیهانەوە لە ٢٠شوباتی ١٩١٨، کاتێک فامی کردەوە و خۆی بینی هەستی کرد مرۆڤی نەتەوەیێکە کەناوی نەتەوەی کوردە ئەو کوردەی کە لەزۆر کۆنەوە خاوەنی شارستانێتی بووە و جڵەوی فەرمان ڕەوایی بەدەست خۆیەوە بووە، لەگەڵ ئەوەی کە نەتەوەیێکە لەو نەتەوانەی هێشتا چارەنووسی خۆیان نەکەوتۆتە دەست خۆیان، (دڵدار)ی شاعیر لەناو نەتەوەیێکی وادا دەکەوێتە شیعر ووتن و خەیاڵ کردنەوە.

دڵدار، ناوی یونس)ە کوڕی مەلا رەئوف کوڕی مەلا مەحمود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادیمولسەججادەیە.

دایکی ناوی (زەهوە)یە، کچی خورشید ئەفەندییە، لە مەلا زادەکانی ناوچەی زەهاون.

((دڵدار))لەناو بنەماڵەیێکی مووچە خۆری بچووك پەروەردە بووە، هەر لەتەمەنی مناڵیەوە ئەم شارو ئەو شاری پێکراوە، هێشتا تەمەنی یەك ساڵان بووە، کەباوکی هێناویەتی‌یە هەولێر لەبەر کاری میری باوکی گوێزراوەتەوە بۆ رانیە، پۆلی یەك و دووی سەرەتایی لە رانیە خوێندووە، پاشان لەگەڵ باوکی پێکەوە گەڕاونەتەوە شاری کۆیە، خوێندنی سەرەتایی لێ تەواو کردووە، هەر لەتەمەنی لاویدا خولیای شیعر و ئاشنای شاعیرە کلاسیکیەکانی کورد بووە، لەم ڕووەوە خۆی دەڵێ:-

هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم کەدیوانی حاجی قادری کۆییم زۆر تری لەبەر کردبوو، هەمیشە بە وردی سەرنجم لە هەڵبەستەکانی عەونی و راجی و عاصی و حوسێنی و هیرانی دەداو لەبەریشمدکرن، بەوانەش د بین نەبروم هەڵبەستی هەرکەسێکم دەسکەوتبایە دەمنووسیەوە و لەبەریشم دەکردن، بەتایبەتی هەڵبەستی وەفایی، کوردی، بێکەس، زێوەر ، پیرەمێردم، زۆر لەبەر کردن و لەو ساڵەدا هەستم بەوە کرد کە چێژ لە هەڵبەست وەرگرم زۆر گیرۆدەی بووبووم[٢]، ئەوەی شایانی باسە (دڵدار)ی شاعیر رۆژ بە رۆژ لە گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەسەندنا بووە، گەلێ شەونخوونی و هەوڵ و تەقەلای بێ وچانی‌داوە بۆ پەروەردە کردن و پێگەیاندنی خۆی و فراوان کردنی ئاسۆی بیری بە خوێندنەوەی کتێبی هەمە چەشنە لەبارەی مێژووی کورد و شۆڕشەکانی جیهان و ئەدەبیاتی ئەوروپی‌یەوە، لەکۆتایی بیستەکان لە بەغدا بڕیار درا کە کۆمەڵێکی سیاسی و نهێنی

---

(٢) گیوی موکریانی، دیوانی دڵدار، چاپی دووەم ، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧١، ل٨.

دابمـــەزرێنت، ئـــەم کۆمەڵـــە لـــە ۱۰-۷-۱۹۲۷دامـــەزرا بـــەناوی (کۆمەڵـــەی پشتیوان)، لقی پشتیوان بەهەموو شارەکانی کوردستاندا بڵاو بووەوە، لە ئەندامە وریا و کارامەکانی شاری هەولێر ئاسەف رەئوف بوو[٣]، کە برا گەورەی (دڵدار)ی شاعیرە. ئەحمەد خواجە دەڵێ:-

- لەگەڵ ئاسەف رەئووف کۆیی تێ ئەکۆشاین زۆر نامەی نەهێنیمان ئەنووسی بۆ متصرف و وەزیرەکان و داوای نووسین و خوێندن بە کوردی ئەکرا[٤].

جا کۆمەڵی پشتیوان دەوری باشی هەبوو لەوریا کردنەوەی مرۆڤی تێکۆشەر بەتایبەتی ئاسەف رەئووف دەورێکی باشی هەبوو، لە پەروەردەکردن و بەهێز کردنی گیانی نیشتمان پەروەری لای شاعیر.

لە ساڵی ۱۹۳۵دا (دڵدار ) ڕوو دەکاتە هەولێر بۆ خوێندنی قوتابخانەی ناوەندیی، نیوەی یەکەمی سییەکان سەرەتای چالاکی بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتە ناو لاوان و قوتابیانی کوردستانەوە، (دڵدار)ی ئەمریش وەکو قوتابییەکی تێکۆشەر دەوری دیار دەبینێ لەڕێزی قوتابیانی کوردستانی هەولێردا، ئەم چالاکیەش بە روونی لە یاداشتەکەی شاعیردا دەبینرێ.

((شاعیر لاپەڕەییەکی گەش لە خەباتی قوتابیان لەپێناوی کوردایەتی لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێر لە ساڵانی ۱۹۳۵-۱۹۳٦ ڕوون دەکاتەوە))[٥].

---

(٣) ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێ یەم،چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی، ل٢٥.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

(٥) د مارف خەزنەدار، ((شاعیری ماوەی تاقی کردنەوە و گواستنەوە))، کۆلێجی ئەدەبیات چاپخانەی دار الجاحظ، ژمارەی ( ٢٠-٢١ )، بەغدا ١٩٧٧، ل٢٧.

دەرچوونی گۆڤاری رووناکی لە ساڵی ١٩٣٥ لەهەمان شاردا، دەوری باشی بینی لەپێشخستنی ئەدەب و فراوان کردنی بیری نەتەوایەتی، (دڵدار)ی شاعیریش یەکەم شیعری لە گۆڤاری ناوبراودا بلاوکردۆتەوە. ساڵی ١٩٣٨ بۆ تەواو کردنی قوتابخانەی ئامادەیی روو دەکاتە شاری کەرکوك)) لە شاری کەرکوکدا شاعیر دەبێتە ئەندامی (کۆمەڵی دارکەر) ئەم کۆمەڵەیە لاسایی کردنەوەی کۆمەڵەی کاریۆناری ئیتاڵیا بووە، دەستەی دامەزرێنەرانی یەکەمین کۆبوونەومیان لە باغی (ام الربیعین) لەکرکوك کردووە، ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوون زۆر بوون لەمانە موکەڕەم تاڵەبانی، شێخ حوسێنی بەرزنجی، شێخ مارف بەرزنجی، یوونس رەئووف دڵدار))[٦].

ساڵی ١٩٣٨ پارتی هیوا لە بەغدا دامەزرا، هیوا رۆڵێکی باشی بینی لە بلاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و بنکەیەکی باشی لە ناو زۆربەی زۆری چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا دامەزراند،

ئەم حیزبە بە گەورەتر و بە هێزتر تەنانەت حیزبە ئاشکراکانی عیراقیش دادەنرا، خوێندەوەرانی کورد، ئەفسەران، سەرۆکانی عەشایر، کاربەدەستان لەناو جغزی ئەم حیزبەدا بەشیان هەبوو، مەرکەزی حیزب لە بەغدا بوو، پەلی بۆ هەموو وولاتانی کوردەواری هاویشت بوو، تەنانەت بۆ (ئیران و سوریا)ش دەتوانرێ ئەم حیزبە تا ئەو تەئریخە لە گەورەتر حیزبێکی کورد بووە[٧].

لەساڵی ١٩٤٠دا، شاعیر بۆ خوێندنی کۆلێجی حقوق بۆ بەغدا چووە، لەوێدا دەبێتە ئەندامی حیزبی هیوا، هەر ئەو ئەندامییەش (دڵدار)ی

---

(٦) ئەم زانیاریەم لەنامەی تایبەتی مامۆستای هێژا مارف خەزنەدارەوە، لە ١٩٨٢/٩/١٩دا پێگەیشت.

(٧) علاءالدین سجادی، شۆرشەکانی کورد و کۆماری عیراق، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا ، ١٩٥٩، ل١٧٥.

لـه مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی نزیـك کردبـۆوە، چـونکە وەکـو ئاشـکرایە مامۆستا رەفیق حیلمی سەرۆکی حیزبی هیوا بوو.

لـە چـلەکاندا دام و دەزگـای هیتلـەری فاشیسـت لەبـەردەم خـەباتی ڕەوای گەلان تێکشکێنرا، بەرپابوونی بزوتنـەوەی رزگاری خـوازی لـەزۆر شوێنی گێتی‌دا، شۆڕشی مەزنی گەلی چین دەروازێکی فراوانیان لەبەردەم گەلانی ئاشتی خواز ئاوەلاّ کردو بوون بەسەر مەشق و هەوێن بۆ گـەلانی تر. گەلی عیراقیش بـە عـارەب و کـورد و کەمـە نەتەوایـەتی یەکانیـەوە، کەوتنـە جموجـۆڵی سیاسـی‌یەوە، کۆمـەڵی ڕێکخـراو پـارتی پێشـکەوتوو هاتنـە کایـەوە، بـۆ هێنانـەدی دیموکراسـی و سەربەسـتی لـە سەرانسـەری عێراق دا.

"جا پارتی کۆمۆنیستی عیراقی چـاك دەیزانـی کـەمیری بـە ئاشـکرا ئیجازەی کارکردنی پێ نادا، بۆیە چەند ئەندامێکی خۆیان تـەرخان کـرد بـۆ دامەزرانـدنی (حـزب التحـرر الوطني)، داواکاریێك لەلایـەن حوسـێن محەمەد الشبیبی، محەمەد حوسێن ئـەبو لعیسـی المحامی، محەمـەد سـالح سەعید المحامی پێشکەش وەزارەتی ناو خۆ کرا"[٨].

ئەم حیزبە کەوتە چالاکی نواندن، هەر چەندە بە ڕەسمی ڕێگـەی ئیش کردنی پێ نەدرا، لە چالاکیەکانی ئەم حیزبە هەڵسان بـە ئاهـەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ و ١٩٤٧. لقی حیزب لەهەموو پارێزگاکان پێـك هـات، گەلێ رۆشنبیر و پێشکەوتنخواز چوونە ریزی حیزبەوە لەمانە (دڵدار)ی شاعیر بووە. ئەحمەددڵزار دەڵێ:-

---

(٨) سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق، الجزء الاول مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ص١٢٤ — ١٢٨.

ساڵی ١٩٤٦دوای تەواو کردنی خزمەتی سەربازی گەڕامەوە بۆ کۆیە، چەند هاوڕێیێك داوایان لێکردم، کە لەڕیزی (حزب التحرر الوطني)دا کاربکەم، کەهەوڵ نەدرا بۆ وەرگرتنی ئیجازەی کار بەشێوەیەکی ئاشکرا، لەمانە شاعیری پێشکەوتوو (یوونس رەئووف)بوو، لەسەرەتادا تۆزێ گومانم کرد، بەڵام کە کەریم ئەحمەدم بینی کە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بەماموٚستا دامەزرابوو، دەستم کرد، بەکارکردن لەڕیزی (حزب التحرر الوطني) لەلایەن حیزبەوە راسپێردرام کە چاودێری کتابخانەی حیزب بکەم، کە تەرخان کرابوو بۆ فرۆشتنی نامیلکەی حیزب و رۆژنامەو گۆڤاری پێشکەوتوو لەمانە گۆڤاری رێگەی لوبنان بوو[٩].

گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ - ١٩٤٩) رۆڵی کارگەری بینی لە بڵاوکردنەوەی بیری پێشکەوتنخوازو پەرە پێدانی ئەدەبی کوردی توانی کۆمەڵێ شاعیر و رۆشنبیری لاو لەدەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە، (دڵدار) شاعیر و ئەدیب کە قوتابی حقوق بوو لە بەغدا ئاشنایی لەگەڵدا پەیدا دەکاو پەیتا پەیتا ووتاری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی تێدا بڵاو دەکاتەوە.

دوای تەواو کردنی خوێندنی زانستگا واتە ساڵی ١٩٤٥ دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر و دەبێتە پارێزەر بۆ ماوەی سێ ساڵ تا لە ئێوارەی رۆژی ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨دا، زۆر بە ناوەخت دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و ماڵ ئاوایی یەکجاری مان لێ دەکات و کەلێنێکی دیار دەخاتە ناو ئەدەبی کرێکار و جووتیارانی کوردستانەوە بەم جۆرە چینە

(٩)الثقافة الجديدة ، السنة ٣١ العدد ٥ ، ١٩٨٤ ص ٩٨-٩٩.

چەساوەکان پارێزەرێکی زۆر بیر وردو خەیاڵ تیژیان لەکیس دەچێ کە لەتەنگانەدا بەرگری لێ دەکردن.

بەبۆنەی کۆچ کردنی شاعیرەوە (ئەحمەد دڵزار)ی شاعیر هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێ بەناوی (شین بۆ دڵدار)ەوە دەڵێ:-

هەی ڕۆ کاکە ڕۆ دڵدارم ڕۆ — هاوڕێی بە نرخ و بەها دارم ڕۆ
شاعیری گەنج و پڕ شعورم ڕۆ — ئەدیبی گەورەو بێ قسورم ڕۆ
محامی گەلی هەژارانم ڕۆ — ڕێ نیشاندەری بێ یارانم ڕۆ
(دڵدار)ی زاناو زۆر فەننام ڕۆ — خاوەنی بیری بەرزو جوانم ڕۆ[10].

* * *

## ( دڵدار و شیعری جوتیاران )

دڵدار لە سییەکاندا وەکو هەڵبەستەوانێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ هەوڵی هۆشیار کردنەوەی لاوان و خەڵکی کوردستانی داوە، پاڵی پێوە ناون بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی هێنانەکایەی ڕژێمێکی دیموکراسی گەلی، بەڵام لەشیعری توتنەوان و لالە باسدا بەرەو خەباتی چینایەتی هەنگاو دەنێ‌و وەکو شاعیرەکی تر خۆی نیشان دەدا شاعیری جوتیاران شاعیری زۆربەی زۆری گەل مەسەلەی نەتەوایەتی بە

(١٠) ئەحمەد دڵزار شین بۆ دڵدار گۆواری گەلاوێژ چاپخانەی مەعاریف ژمارە ١٢، بەغدا ، ١٩٤٨، ل٤٠.

مەسەلەی جوتیاران دەبەستێ. (ستالین) واتەنی بزوتنەوەی نیشتمانی لەناوەرۆکدا بزوتنەوەی جوتیارانە.

هۆی ئەم ئاسۆ ڕونیەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر دەچێتە ڕیزی پارتێکی کۆمۆنیستەوە، دەبێتە خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو، لە بۆچوونەکانی، کە ئایدۆلۆجیایی جوتیار و کرێکارانە لەو ڕوانگەوە دەڕوانێتە مەسەلەکەو دەڵێ:-

هیچ بزوتنەوەیێ سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی پێکەوە ئاوێتە نەکات و لەو پێودانگەوە هەنگاو نەنێ.

شاعیر زۆر سەرکەوتوانە لەچینەکانی ناو کۆمەڵ گەیشتووە، بۆیە هاتووە باسی چینێك دەکات کەلەسەدا هەشتای کۆمەڵی کوردەواری لێ پێك دێ، هەوڵی دەرخستنی چەوساندنەوەی چینێکی سەرەکی کۆمەڵەی داوە، بۆ بەرگری کردن لە ماڧ ڕەوای خۆیان، کە (ماوتسیتۆنگ) بەهێزی شۆڕشی دەزانێ، هەر وەکو مارکسی -لینینی دەریخستووە کە ئەم چینە دەبێ پشتی پێ ببەسترێ لەکاتی خەباتدا، چونکە زۆربەی هەرە زۆری گەل لەوان پێك دێت و خاوەنی هیچی خۆیانن و ڕەنج دەدەن و بەرهەمی ڕەنج و ئارەقیان لەلایەن دەرەبەگەوە دەمژرێ، لەشیعرەکانی شاعیر ئەم ڕاستی‌یە بە ڕوونی خراوەتە ڕوو کەچۆن لادێی کوردستان هەوڵ و کۆششی دەدەن، دەرەبەگ و ئاغاو کێخوا و دارو دەستەکەیان بەنووکی تفەنگ لێیان زەوت دەکەن ولە ماڧ ڕەوای خۆیان بێ بەشیان دەکەن، لەئەنجامی ئەم کارەش چ جۆرە ژیانەکی ناخۆش و پڕ لە کولەمەرگی و ناهەمواری ژیان دەبنە سەرو چ جۆرە تالاوێك دەچێژن. بۆیە لە شیعری لالەباسدا دەڵێ:-

ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵم

فەللاحی ئەکەم هەتاکو ئیمڕۆ
نرخی عارەقەی ڕوونی ماندوییم
تیکە نانێکە، چەنان ؟ نانە جۆ
ئەویش بەبێ دۆ[1].

شاعیر دونیای دواکەوتووی لادێی کوردستان و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەخاتە ڕوو کەچۆن جووتکار لەڕووی شارستانێتییەوە دواکەوتوون کەچی ئاغا و دەرەبەگ لە کۆشک و خانووی پڕ لە کەرەسەی پێویست ژیان بەڕێ دەکەن، بۆ نموونە لەتوتنەواندا دەڵێ:-

ناو ماڵی ئاودێر هەرزاڵەیێ چووك
دوو پارچە بەڕی شڕ و هەڵزڕاو
جەڕکەیێکی کۆن، سێ گۆزەی کەرخیو
چەند هامانی ڕەش، جامێکی قوپاو[2].

شاعیر دەست نیشانی شتێکی گرنگی کردووە لەژیانی لادێدا، ئەویش نەخۆشی و دەردەدارییە، کە چۆن تەنگی پێ هەلگرتوون، لەتوتنەواندا دەڵێ:-

ئافرەتێك لەولا، لاڵ و پاڵ کەوتو
بێ هۆش لەبەرتا، لە برسا ژاکاو
منداڵێکی لەڕ عومری شەش ساڵان
لەپێ ڕووکەوتوو، بێ مل پەشۆکاو[3].

ڕوویەکی تری چەوساندنەوەی جووتیاران بێ گاری و سوخرە پێ کردنە لەلایەن دەرەبەگەوە، لەشیعری (لالەباس)دا، ئەم ڕاستییە

دەبینرێ کە ئاغا چۆن لەگەڵ جووتیاران مامەڵە دەکات، چ ڕاستەوخۆ چ لەلایەن چڵکاو خۆرەکانیەوە بێ،

ووتی لەهاوین کێخوا کاکە سوور
هاتە ماڵەوە پیَی ووتم لالۆ
شایەدی بدە زەوی زێرین دۆڵ
کەوا هینی منە قورئانیش بخۆ[٤].

لەوولاتی دواکەوتووی نیمچە دەرەبەگیدا، میری پشتگیری ئاغا و خاوەن موڵکدارەکان دەکات دژبەچینی چەوساوە،لەم ڕووەوە (لینین) دەڵێ:-

دامو دەزگاکانی دەوڵەت هەر لەسەرەتای دروست بووینەوە لەگێتیدا امودەزگایەك بووە، بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدار و هاوپەیمانەکانی هاتۆتە کایەوە، دڵدار لە (لەلاباس)دا:-

لە کۆیە چوومە لای زابت ووتم
ئەفەندی عومرم گەییە حەفتاو نۆ
بێجگە لەم کوڕە و وجاغم کوێرە
بەمنی ببەخشە مەمکە رەنجەڕۆ
زابت تووڕە بوو هەڵسایە سەر پێ
فڕیَی دامە دەر بەپالە پەستۆ[٥]

بەشێکی تر لەهاوپەیمانەکانی دەرەبەگ لە کوردستاندا مەلا کۆنەپەرستەکان بوون کە پشتیگیرییان لەئاغاکان دەکرد، ڕاستی‌یان بە درۆ دەخوارد بۆ ئەوەی ئاغا پاداشتیان بداتێ و لەئاغا نزیك ببنەوە، لەتوتنەواندا ئەم ڕاستی‌یە بەدەر دەکەوێ،

مەلا دەفتەری سەرەو ژێر دەکرد
عەولا مونتەزیر مل کەچ و داماو

کێخـوا سمێـڵـی مشت و ماڵ دەکرد

منیش بیر لە سەر عەولای ماڵ ڕماو[٦]

لەم دوو شیعرەدا واتـە لـە شـیعری (توتنـەوان و لالـەباس)دا شـاعیر بـەرەو ریـالیزمی رەخنەگرانـە هـەنگاوی نـاوە وێنـەی ڕیـالیزمی ڕەخنەگرانەی تێدا دەبینرێ، جابا بـزانین ریـالیزمی رەخنەگرانـە، چی دەگەیەنێ؟ ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ئەوەیە کە شاعیر واقیعە نالەبارەکە دەخاتـە ڕوو، لەگـەڵ رەخنـە لـێ گـرتنی بـەهیوای چارەسـەر کردنـی، (دڵدار)ی شاعیریش ئەم شتانەی لەتوتنەوان و لالەباسدا پەیڕەو کردووە، چەند خاڵی سەرەکی لەم دوو شیعرەدا بەرچاو دەکەون،

١. دەمەتـەقێکی رەخنەگرانەیـە لـەنێوان دوو چـینی کۆمـەڵ، چـینی دەرەبەگ و چینی جوتیار.

٢. شاعیر بەشێوەیەکی راستگۆ ئەم راستییەی وەکو خۆی خستۆتە روو.

٣. هۆشیارییان دەکاتەوە لەکەم و کوڕییەکانیان ئەمەش خۆی لەخۆیـدا چارەسەرێکە بۆ مەسەلەکە.

٤. زمـانی ئـەم دوو شـیعرە، زمـانێکی سـاکار و سـادەیە، زمـانی زۆربـەی زۆری گەلە، شاعیری گەلیش ئەو شاعیرەیە کە زۆربەی خوێندەواران بەلای خۆی رادەکێشێ و هەستو نەستیان تێدا دیار دەکات و خۆیانی تێدا دەبیننەوە لەم ڕووەوە (نازم حیکمەت)ی شاعیر دەڵێ:-

هونەرمەندی گەل دەبێ پێش هەموو شتێ گەل تێی بگا و بەڕاستی هونەرمەندی ڕاستەقینەی گەلەکەی بێ.

**سەرچاوەکانی ئەم باسە :**

١. گیویی موکریانی، دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ، ١٩٧١،ل٥٨.

٢. هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

٣. هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

٤. هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

٥. هەمان سەرچاوە، ل٥٨.

٦. هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

## ( دڵداری )ی سیاسی لە بیرەوەری شاعیر و رۆشنبیراندا

(دڵدار) شاعیر و تێکۆشەرێکی، خاوەن هەڵوێست بوو، سەراپای ژیانی پڕ لەخەبات و رەنجدان بووە، لەپێناو گەلە ستەمدیدەکەیدا، دڵدار بیری ئەوەی کردۆتەوە کە بیرەوەریەکانی خۆیمان بۆتۆمار بکات، چ تۆمارکردنێك کە بەشێوەیەکی هونەری زۆر جوان و لێهاتووانە بەنموونەیەکی بەپێزو دانسقە دادەنرێت لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

دڵدار لەوتەمەن کورتەیدا، چالاکی و جموجوڵی پڕ بەهای خستۆتە ڕوو، چ وەك شاعیر چ وەك خەباتکەرێکی مەیدانی سیاسەت ڕۆڵی دیارە.

شیعرەکانی ئەی ڕەقیب، گوڵی سوور، خەندەکەی بایی‌و چەندانی تر بەرهەمی سەرکەوتووی دڵدارن، ئێمەی کورد قەرزاری دڵداری شاعیرین بۆیە پێویستە ئاوڕی لێبدرێتەوەو پەیکەرێکی نازداری لەشارەکەی کۆیە بۆ بکرێت،

(دڵداری)ی شاعیر و سیاسی لەناو خێزانێکی کورد پەروەر و تێکۆشەر چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، هەر لە منداڵیەوە برا گەورەکەی (ئاسەف) بەگیانی نیشتمان پەروەری و کوردایەتی پەروەردەی کردووە، جا با بزانین خودی دڵدار چۆن ئەم بیرەوەرییەی خۆییمان بۆ دەگێڕێتەوە (پاش نیوەڕۆ بوو کە لەهەیوان دانیشتبووین چایمان دەخواردەوە کە ئاسەف لێی پرسیم، تۆ چیت؟ جوابم دایەوە من یونسم چ بم، ئینسانم ووتی مرازم ئەمە نییە یەعنی خۆت بە کورد یان تورك یان ئینگلیز دائەنێیت، پاش گفتوگۆیەکی زۆر کە هیچی لێ تێنەگەیشتم بەڵام یەك شتی لە عەقیدە و ئیدیعا گۆڕیم کەئەویش لێیان پرسیم تۆ چیت بڵێم کوردم)[1] لە کۆتایی بیستەکاندا لە بەغدا بڕیار درا کە کۆمەڵێکی نهێنی سیاسی دابمەزرێت ئەم کۆمەڵە لە ١٩٢٧/٧/١٠دامەزرا، بەناوی (کۆمەڵەی پشتیوان) لقی پشتیوان لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بڵاو بۆوە، ((لەئەندامە وریاو کارامەکانی شاری هەولێر ئاسەف ڕەئووف بوو)) ئەحمەد خواجە دەڵێ:-

(لەگەڵ ئاسەف ڕەئوف کۆیی تێئەکۆشاین زۆر نامەی نەهێنیمان ئەنووسی بۆ متەسەریف و وەزیرەکان و داوای نووسین و خوێندن بە کوردی ئەکرا) ڕۆژێکیان ئەحمەد خواجە لەلای ئاسەڤ برام بوو پێی

ووتم(یونس کوا شاهیدت که تۆ کوردیت؟ ووتم ئاسەف شاهیدمە، ووتی ئاسەف بەشاهید ناشێ، ئیتر نەم ئەزانی چۆن جوابی بدەمەوە، لەپاشان ووتی من شتێکت ئەدەمێ کە ووتیان بەچی بزانین تۆ کوردیت ئەم شتەیان نیشاندە))[٢] منیش ڕەسمەکەم وەرگرت و زۆر کەیفیشم پێ خۆش بوو، کە ڕەسمی مەلیکی کوردستانم لەلابێ، بەڵام کوردستان لە کوێندەرە؟ ئەمەم نەئەزانی و لە کەسیشم سوئال نەدەکرد، پاش دوو ڕۆژ موجەلەیەکی میسریم شەق و پەق کرد رەسمەکانیم دەرهێنا وەك شریت بە سمغ بەیەکترمەوە نووساندن رەسمی مەلیکی کوردستانیشم لەگەڵ وان تێکم بەست ئەو سەری شریتەکەم لەدارێك خست و سەرەکەی تریشم لەدارێکی تر خست و دارەکانم لە سەندوقێکی موقەوا چەسپاند بەم چەشنە ئەستەنبولە باقانێکم دروست کرد لە محەلەکە سەیری منداڵانم ئەدا، کە دەگەیشتمە سەر رەسمی شێخ محمود ئەمووت، ئەوە شێری شێرانە مەلیکی کوردستانە) ئاسەف رەئووف کە خەریکی کاری سیاسی بوو، بۆیە برادەرەکانی بۆلای دەهاتن و پێکەوە بەنهێنی کاری سیاسی یان ئەنجام دەدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئاسەف(دڵدار)ی هێناوەتە مەیدانی خەباتەوەو کاری سیاسی پێ کردووە، لەم ڕووەوە دڵدار دەڵێ:- ((شەوێکیان کاکە ئاسەفم منی بانگ کردە ژوورەکەی خۆی پیاوێکی تری لابوو، کەوابێکی شۆڕیان لەبەر کردم جامانەیەکیان لەسەرنام، ئاسەف ووتی لەگەڵ کاك ڕەشید برۆ چیت پێ بڵێ وابکە، منیش ووتم باشە بارانی زۆر بەتاو ئەباری بایەکی بەهێزی ئەهات، چاوچاوی نەئەدیت، من و کاك رەشید ڕۆیشتین تا چووینە دەرەوەی شار لەوێندەر پیاوێکی تر ئینتیزاری دەکردین، هەر سێکمان ئەچین بۆ ماڵی زاست ئیستخبارات شتێکت ئەدەمێ، تۆ ئەچی لەدەرگا ئەدەیت

خزمـەتكارێكی هینـدی دێتـەدەرەوە، شـتەكەی بـدەرێ و بڵـێ ئەمـە بـۆ فەخامەتی مەندوبی سامی‌یە، گەر پەلاماری دایت بڵێ ئاگرە ئـاگر) دوای ئەوە كارەكەم بەجێ گەیاندو بۆ ماڵەوە گەڕامەوە ئاسـەف ووتـی مانـدوو نەبی ئیتر هەنارێكی دامێ و ووتی ئەمەی ئیمشەو بەكەس نەڵێیت و ووتم باشە.

(دڵـدار)ی شـاعیر سـاڵی ١٩٣٨ لەشـاری كـەركوك دەبێتـە ئەنـدامی (كۆمەڵـەی داركـەر) ئـەم كۆمەڵەیـە لاسایی كردنـەوەی كۆمەڵـەی كـاریۆ ناری ئیتاڵیا بووە، نوری شاوەیس دەڵێ (لـە پـایزی ١٩٣٨دا لەبـەر ئـەوەی قوتابخانەی ئامادەیی لەشاری سلێمانی نـەبوو، لەگـەڵ عەبـدوڵلا تۆفیـق جەوهەر چووینە كەركوك من چوومە پۆلی چوارەمی ئـەدەبی، لەوێـدا یـەكترمان ناسـی لەوانـە قوتـابی تـرمـان ناسـی كەلـە كۆیـەو هـەولێرەوە هاتبوون لەوانە جەلال ئەحمەد بەگ و (دڵدار)ی شاعیر (دڵدار) لە ئێمـە گەورەتر بوو لە قسەكردندا زمانی دەگیرا، خۆیان پێ ڕانەئەگیرا دەمانـدا قاقـای پێكـەنین، تـوڕە نـەدەبوو، لێمـان بێـزار نـەدەبوو، پـاش ماوەیـەك پەیوەنـدیمان بـەهێز بـوو بڕیارمانـدا كۆمـەڵێكی سیاسـی دامـەزرێنین بـەناوی (كۆمەڵـەی داركـەر)، كۆمەڵـەی دار لقـی لـە هـەولێر و بەغـدا و خانەقین پەیدا كرد، پاش ئەوەی ژمارەیـان زیـادی كـرد، بیرمـان كـردەوە كەناوی كۆمەڵە بگۆڕین لەمانگی نیسانی ١٩٣٩ كۆبوونەوەیەكی فراوانمان بەست ئەنـدامانی بەغـداو كـەركوك و كۆیـەو سلێمانی بەشداربوون، لـە كـەركووك لـە هـوتێلی كۆبووینـەوە، ڕێككـەوتین كـەناوی داركـەر بـە كۆمەڵەی هیوا بگۆڕین، ئەوانەی لـەم كۆبوونەوەیـە بەشـدار بـوون مـن و یونس دڵدار و كاكە حەمەد فازڵ تاڵەبانی و نورالدین بەهائـەدین بـوون

ئامانجی دوورمان یەکگرتنی پارچەکانی کوردستان بوو بەلاّم ئامانجی نزیکمان ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان بوو>> [٢]

(دڵدار) لە چلەکاندا لە کۆلێژی یاسا لە بەغدا لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد دەبنە هاورێ، مامۆستا مەسعود لە گەشتی ژیانمدا بەم جۆرە باسی چلەکانی دڵدار دەکات و دەڵێ:-

((ئەو ساڵانەی ١٩٤١-١٩٤٥ کەمن تێیاندا قوتابی حقوق بووم، هەنگاوی چالاکی حیزبی هیوا بوو بە سەرۆکایەتی ئەوسای مامۆستا رەفیق حیلمی، چەند ساڵێکیان بەر لەوەی لێی بکەونە تەقە بەسەرۆکی باڵا ناویان دەبرد، مامۆستا حیلمی بەهرەیەکی گەش و ناسراوی سلێمانی و کوردایەتی و سەقافەت بوو، خۆزیا دوو چاری سیاسەت نەبوایە، دڵدار و کاکە حەمەی خانەقای زۆر خۆش دەویست، لەگەڵ منیش لوتفێکی بێ ئەندازەی نیشان دەدا، گەلێك جار ئەو سێ کەسەمان لەجێگەی وەکو(شەریف حەداد)ی ئەوسای بەغدا لەگەڵی دادنیشتین و بۆ ماوەی دوورو درێژ خەریکی دەمەتەقەی هەمە چەشنەی دۆستانە دەبووین کاکە حەمە لەگەڵ دڵدار دۆستێکی بێ فێڵ بوو هەلی وەردەگرت بۆ دابین کردنی مەیلە یەکجار بەهێزەکەی بۆ نوکتەو گەپ کەدڵدار بەدەست زمانەکەیەوە گیری دەخوارد تەنگە تاوی دەکرد، جارێکیان لە (شەریف حەداد) هەڵساین بەرەو (باب المعظم) رۆیشتین، کە بامان دایەوە بەدەستە چەپدا بۆ (شارع الرشید) دڵدار ویستی پرسیارێك لەمامۆستا رەفیق حیلمی بکات، زمانەکەی گرتی ماوەیێکی لەحەد بەدەر دڵدار قسەی بۆ نەهات کاکە حەمەش لەپێکەنینی زیاد کرد، ناوەناوە مامۆستا حیلمی بێ ئەوەی هیچی پێوە دیاربێت رووی لەکاکە حەمە

دەكـرد بەنەرمـە قسـە پـێی دەگـرت حەمـە چـیتەوە؟ ڕوو پـەڕەی سـەرۆكایەتی مامۆسـتا حیلمـی و هەڵگەڕانـەوەی ئەندامـەكانی لێی تـا ئەوەی بەو پەڕی دڵ شكستەیی یەوە وازی لە حیزبكـەی هێنـا، ئەوەنـدە شـایەدی (دڵـدارم) لایـە دەیگـوت پێوەنـدیی حیزبایـەتی وەهـای كـرد بێدەنگ بم لەشتی هەڵبەستراو دژی مامۆستا رەفیق حلمی)>> [٤]

لەسـالآنی ١٩٤٦-١٩٤٧دا (دڵـداری) شـاعیر دەبێتـە ئەنـدامی حیزبـی تحرری الوطني (حیزبی رزگاری نیشتمانی ڕووكارێكی حیزبـی شـیوعی عیراق بوو حیزبێكی شۆڕشخوازی جەماوەری فراوان بوو هاوڕێ (حسینی محەمـەد شـەبیبە) ئەنـدامی مەكتـەبی سیاسـی حیزبـی شـیوعی عـیراق ڕێكخـەر و سـەركردەی بـوو جموجـۆڵ و مەیـدانی خـەباتی لەمەیـدانی هەموو حیزبەكانی دی پترو فراوانتر بوو).

(دڵـزار) لەسـەر داوای (دڵـدار)ی شـاعیر دەبێتـە ئەنـدامی پـارتی رزگـاری نیشـتمانی، لـەم ڕووەوە دڵـزار دەڵـێ:- هێشـتا مانگێـك بەسـەر گەڕانەوەم تێنەپەڕی بوو كەلەسـەر داوایـی یونس رەئـووف دڵـدار پـاش نیوەڕۆیەك عوسمـان مستەفا خۆشناو بردمیـە مـاڵی دڵدار، دڵـدار پـاش چاك و چۆنیەكی گەرم بەكاك ئاسەفی براگەورەی ناساندم و پێی گووت ئەمە دڵزارە، كاتێكی خۆشمـان لەگـەڵ دڵـدار و كاك ئاسـەف بەسـەر بـرد لەو رۆژەدا لەگەڵ دڵدار بووینە هاوڕێ و دوو هاوبیر، زۆر هانی دەدام، كە شیعرەكانم لـە گۆڤـاری گەلاوێـژ بلآوبكەمـەوە، لەشـاری كۆیـە كۆمـەڵی كاروبـاری سیاسـیم لەگـەڵ دڵـداری شـاعیر بـە ئـەنجام گەیانـدووە، لـەم بارەیـەوە دڵـزار دەڵـێ:- (لـە رۆژی ١٩٤٨دا گـەورەترین ئاهـەنگمان گێـڕا، یونس رەئووف (دڵدار) و من بەیەكەوە بەڕەسمی ئیجازەی نەورۆزمان لە

قائیمقـامی گۆیـه وەرگـرت کـه ئەوسا (صـبحی علـی)بـوو، لەبـەفری قەندییان شوێنمان خۆش کـردو شانۆیەکی زۆر ڕێك و پێکمـان پێکهێنـا زۆربەی زۆری جەماوەری گۆیه بـەپیاو و ژنـەوە بـه قائیمقـام و پیـاوانی میریو ئاینیشەوە بەشدارییان تێدا کرد>>[5]

سەرچاوەکان


١. عبدالخالق علاءالدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد چاپخانەی دار افاق عربیه، بەغداد ١٩٨٥، ل٣٤ - ٣٥.
٢. ئەحمەد خواجە، چیم دی، چاپخانەی راپەڕین سلێمانی ، ل٢٨ - ٣٠.
٣. نوری شاوەیس، مـذکراتي، مـن منشورات حـزب الشعب الـدیمقراطي الکردستاني ، ١٩٨٥، ل٢١.
٤. مەسعود محەمەد گەشتی ژیانم، چاپی ستوکهۆڵم، ١٩٩٢، ل٢٣٧.
٥. ئەحمـەد دڵـزار ، بیرەوەری ڕۆژانـی ژیـانم چـاپخانەی بنکـەی سـارا، ستوکهۆڵم، ١٩٩١، ل٧١-٧٤.


## فۆلکلۆرناسی کورد محەمەد تۆفیق وردی

مامۆسـتا محەمـەد تۆفیـق وردی لـەژیانی ڕۆژانەیـدا بـەردەوام لەخـەبات و کۆشـش کردنـا درێغـی نـەکردووە، لـەبواری کوردایـەتیو نیشـتمانپەروەریدا وەك مرۆڤێکـی ماندوونـەناس و جەسـور ڕۆڵێکـی بەرچاوی نەخشاندووە، بەتایبەتی هـەڵگری بیروبـاوەڕی زەحمەتکێشان

بووە و لەپێناویاندا تووشی گرتن و بێ کاری و ناوخۆشیەکی یەکجار زۆر بۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەداوە بێوچان لەتێکۆشاندا لەریزی پێشەوە دەبینرێت لەتێزی دکتۆراکەمدا کە بەزمانی فەرەنسییە بەم شێوەیە باسی محەمەد تۆفیق وردی)م کردووەسالی ١٩٢٢-١٩٧٥ لەشاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی لەئامۆگای مامۆستایانی بەغدا تەواو کردووە، سالی ١٩٤٤ لەکۆیە بۆتە مامۆستا، چالاکی لەگەڵ رێکخراوی هیوا نواندوە پاشان چۆتە پاڵ کۆمەڵەی (ژ.ك)لە کوردستانی ئیران، بەشداری کۆماری مهابادی کردووە، بەرپرسیاری دەزگای چاپ و بلاوکردنەوە بووە، پاش کودەتای ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بەغداو لەبواری خوێندن و پەروەردەکاری کردووە، کۆمەڵێ نوسراوی بەنرخی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە لەبواری جیاجیادا شوێن پەنجەی دیارە، کتێبی لەبارەی شیعرو کورد و فۆلکلۆری کوردی نووسیوە، بەتایبەتی لەوەرگێڕاندا شوێنێکی گرنگی هەیە، بەرهەمی لەزمانی عەرەبی و فارسییەوە بۆ سەرزمانی کوردی وەرگێڕاوە، هەروەها بەرهەمی کوردی و فارسی بەعەرەب ناساندووە[1].

ئەحمەد دڵزار لە بیرەوەری ژیانیدا دەڵێ:- لە پایزی ١٩٤٤دا لە عەسکەرییەوە بەسەردان چووبوومەوە کۆیە هاوڕێ و دۆستی نەمرم محەمەد تۆفیق وردی داوای دەفتەرەکەی لێکردم کەماوەیەك لەلای بێو لەگەڵ چەند هەڵبەستێکی شاعیرە هاوچەرخەکاندا چاپیان بکات جا لەپایزی ١٩٤٥دا (وردی)فەرمانی میری بەجێ دێڵێ کەمامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییەکەی تەق تەق دەبێ، خۆی دەگەیەنێنە مهاباد، کەدوایی بوو بە پایتەختی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دەفتەرەکەشی لەگەڵ کەلوپەلی خۆیا دەبا و دوای کەوتنی کۆمارەکە

کۆرپەکەی مهاباد[٢]، دەفتەکەرەی منیش بەهەموو شیعرەکانمەوە لەناوچوو.

ئەحمەد دلزار لەبارەی پەیوەندی خۆی بە(وردی) شاعیر و نووسەرەوە بەردەوام دەبێ و دەڵێ:- لەنەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ گەورەترین ئاهەنگمان گێڕا، زۆربەی جەماوەری کۆیە بەپیاو و ژنەوە بە قایمقام و پیاوانی میری و ئایینەوە بەشداریان تێداکرد، سێ شانۆگەری تێدا پێشاندرا پەیمانی پۆرتسمۆس و دەمەتەقێکی کرێکار و جووتیارێک کەمن بە شیعر نووسیبووم لەگەڵ هاوڕێی نەمرمحەمەد تۆفیق وردی پێشکەشمان کرد من دەوری کرێکار و ئەو هی جووتیاری دەگێڕا.[٣]

نەورۆز کە رەمزی سەرکەوتن و مانەوەی کورد پیشان دەدات، لەهەمان کاتدا جەژنی نەتەوەیی کوردەو مۆرکی کوردی پێوە دیارەو شاعیرانی کوردیش لەیادی ئەم جەژنە پیرۆزەدا گەلێ هۆنراوەی جوانیان بۆ هۆنیوەتەوە لەم بارەیەوە محەمەد تۆفیق وردی شاعیر دەڵێت:-

ئەو خاکە کوردستانە
بۆیە واشەنگ و جوانە
جێی فریشتەی جەناتە
بۆن خۆش گوڵ و رەیحانە
نەورۆز بەرەنگی سورت
بەئاگر و گوڵ ونوورت
بەوێنەی دوو سەد جۆرت
بەو کاوە قارەمانە
یادت بکەین هەموو ساڵێ
ژینمان خۆش بێ وەیا تاڵ

دانێین گیان و سەرو ماڵ
لەڕێی ئەو نیشتمانە
ئازادی خاکی ڕەنگین
بەخوێنە، نەك بە ئەسرین
تا نەمری نابینی ژین
ئەوە پەندی زەمانە
جا لە خاکی کوردستان
مەڵبەندی شێر و مەردان
ئەبێتە جەژنی جەژنان
زۆر نەما بەم زووانە(٤)

محەمەد تۆفیق وردی زیاتر وەك کەلەپوورناسێك ناسراوە، ڕۆڵێکی دیاری بینوە لەپەرەپێدان و پێشخستنی سامانی ئەدەبی فۆلکلۆریمان لەم بوارەدا شوێنی لەڕیزی پێشەوەی خزمەت گوزارانی فۆلکلۆر و سامانی نەتەوایەتی مان دێت، وردی گەلێ دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری لەفەوتان و لەناوچوون رزگار کرد، بەتایبەتی ئەو ماوەیەی کە لە کوردستانی ئێران بوو، توانی بە هەندێ لە کوردەکانی سۆڤیەت و باکۆ بگات و بەرهەمە فۆلکلۆریەکانیان لەگەڵ خۆیدا بهێنێتەوە کوردستانی باشوورو دوای ساغ کردنەوەیان بەچاپیان بگەیەنێ.

بەدەیان بەرهەمی فۆلکلۆری کۆکردەوەو بەچاپی گەیاندون وەکو (حەسەن و مریەم) و (خانزاند و لەشکر)(ناسر و مارمار)، (مامە یارە قارەمانێکی بەناوبانگی کورد)(قەڵای دمدم)(فۆلکلۆری بەشی یەکەم و دووەم و سێ یەم)(بەیتەکانی عەلی بەردەشانی) بەزمانی عەرەبیش هەر لەم مەیدانەدا ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردونەتەوە(اقاصیص شعبیة

کردیـــه)(دراســـه في الفلکلـــور الکـــردی). (نمـــاذج مـــن الـــتراث الشـــعبي الکردي)،(نوروز و ثورة کاوه الحداد)(قصص شعرية کردية فلکلورية)بـه‌م جۆره که‌رسته‌یه‌کی به‌پێزی له‌شیعر و چیرۆکی فۆلکلۆری خستۆته به‌رچاوی خوێنه‌وارو سوودێکی به‌که‌ڵك به‌و که‌سانه‌ی ده‌گه‌یه‌نێ که‌له‌ده‌قی فۆلکلۆری ده‌کۆڵنه‌وه‌، به‌ده‌یان به‌رهه‌می تری خۆماڵیو وه‌رگێڕانی چاپ کردوون که‌ژماره‌ی به‌رهه‌مه‌کانی نزیکه‌ی (٤٦)به‌رهه‌می هه‌مه‌ره‌نگه‌، به‌مه‌ش خزمه‌تێکی گه‌وره‌ی بێ پایانی بزوتنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی رۆشنبیری کوردیو کتێبخانه‌ی کوردی زه‌نگین و ره‌نگین کردووه‌.

سه‌رچاوه‌کانی ئه‌م باسه


١. که‌مال مه‌عروف ، بزوتنه‌وه‌ی نوێخوازی له‌ شیعری نوێی کوردیدا، به‌زمانی فه‌ره‌نسی، زانکۆی پاریس ١٩٩٠.
٢. ئه‌حمه‌د دڵزار بیره‌وه‌ری رۆژانی ژیانم ، ستوکهۆڵم ١٩٩١، ل٤٤.
٣. هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٧٤.
٤. محمد توفیق وردی، بانگی کوردستان، به‌غدا، ١٩٧٠،ل٣١.


* * *

## بانگی ئازادی له‌شیعره‌کانی سامی عه‌وداڵدا

سامی عه‌وداڵی شاعیر وه‌ك شاعیرێکی پێشکه‌وتنخوازو شۆڕشگێڕ پێی وایه‌ که‌ هیچ میلله‌تێك ئازادو سه‌ربه‌خۆ نابێ، ئه‌گه‌ر لاوه‌کانی نه‌بنه‌ قۆچی قوربانی شۆڕش، بۆیه‌ له‌به‌شێکی شیعره‌کانیدا جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌کات که‌ ده‌بێ پشت به‌ لاوه‌کانی کوردستان ببه‌سترێو ئاماده‌بکرێن بۆ خه‌باتو تێکۆشان، دیاره‌ له‌هه‌موو شۆڕشه‌کانی

کوردستانیشدا، هەردەم لاوان سوتەمەنی شۆڕش بوون، لەڕیزی پێشەوە جەنگاون، جا پێویستە ئەم هێزە گەورەیە، کە سەربەچینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ نین بەگیانی فیداکاری گۆش بکرێن و سوود لەوزەو توانایان وەربگیرێ بەتایبەتی لەقۆناغی ڕزگاری نەتەوەییدا. (ماوتسی تۆنگ) لەشۆڕشی ڕۆشنبیریدا بایەخێکی بێ پایانی بەلاوان و خوێندکاران، بەجۆرێ ڕۆڵ و سروشتی لاوانی شیکردەوە، هەروەها شێوازو پێداویستییەکانی بۆ دابین کردن تاکو لەبنیادی ئیشتراکیەتدا سوودمەندبن. هەروەکو ئاشکرایە داگیرکەرانی کوردستان وەك دڕندەن بەشێوازی ئاشتی سەر بۆ داخوازییەکانی کورد دانانوێنن، بۆیە تاکە ڕێگای سەرفرازی هەر بەخوێن ڕشتنە، کە دوژمنان ناچار دەکات کە پێیان خۆشبێ و پێیان ناخۆش بێ دەبێ دان بە بوونی گەلی کورد دابنێن و ئەمەش ڕاستییەکە کە بیری پێشکەوتنخواز سەلماندویەتی.

سامی عەودالی شاعیریش لەم ڕووەوە دەڵێ:

لاوی کورد قوربانی دەربێ سەیرەکی بەرپێدەکا
کاتی تاریك بوون لەڕێی گەل وەك چرا خۆی پێدەکا
ڕۆڵە ڕێی ئازادی میللەت خوێن دێ پرسی پێدەکا
پێی دەڵێ من ئاوی داری حورو ئازادیمە هەر
شین بکەم لەو نیشتمانەی بۆ هەژاران بێتە بەر
دارێ ئاوبدرێ بەخوێنی بێشکە هەر بەردەدا
هەر بەخوێنە دوژمنی گەل دەست لەخاکت بەردەدا
فاشی دێ گەر خوێن نەڕێژێ ئاگرت تێبەردەدا
خوێن و تێکۆشان نەبێ لات دەبیە ڕوت و دەربەدەر

فــەرقــی گــانــێ نێــرومــێ شێــر لــەلانــی بێتــەدەر
خــوێنــی سوورت گەر نەڕێژی یالە بەندو هەندەران
دەبیــە عــەبدی خوێن مژان‌و دیلی دەستی نۆکەران
جـا بـەهێـزو خوێنی سورت هەروە شاخ‌و سەنگەران
ببیـە لاوێـکی بـەسام بـۆ کـوردی مـەردی پڕ هونەر
بـۆ هـەژاران خـوێن بـڕێـژە تـاجـی ژیـنـت بێتـەسـەر

جارێکی تر ڕۆڵی لاوان‌و کۆششی بێ وچانیان لەپێناوی هێنانەدی ئازادی‌و سەربەخۆیی دەخاتە ڕوو، دەری دەخا کە هەر بەخوێنە ئازادی بەردەگرێ‌و سەربەستی دێتە دی.

مـن خـۆشـی ژیـنـم نـاوێ یـا سێدارەو گۆڕستان
یـان سـەربـەخۆیی بۆ گەل‌و کۆمارێکی کوردستان
نیشتمانێکـی حـوڕو میللـەتێکـی سـەربـەخـۆ
بـەخوێنی ئەو لاوانەی بەخوێن ڕژاندن هەستان
بـەگیـانـی ئـەو لاوانـەی لـەسێـدارە دراون
لـەنـاو کـۆت‌و زنجیـرو بـەنـدی بێگانان ماون
مێـژوو نـاویـان دەنـوسێ لـەهـاتـی پاشەڕۆژێ
گـاز دەکا ئەی شەهیدان ئێستـا زیندونەو ماون
بـەخوێنی ئـەو لاوانـەی خـوێنی سوریان ڕژاوە
بـۆ مـافـی میللـەتـی کـورد لـەسێـدارە دراوە
گیـانـی وا پـاسـەوانـەو خوێن بۆ داری ئازادی
داری ئـازادی ڕوانـد لـەبـنـچـی خـۆی ژیـاوە
سەت شوکر باس دەکرێ لەناو ئێزگەی هەندەران

دڵی دوژمن دەژێنێ بەکرێگیراوو نۆکەران
لەترسی پێشمەرگەی کورد وەکو مامز ڕادەکەن
دنیای لێکردن بەپەند سامی خاوەن هونەران

شاعیر خەڵکی کوردستان هۆشیار دەکاتەوە کە لەخاوو سستیو تەمبەڵیو ناکۆکیو ناتەبایی دوورکەونەوە چونکە داگیرکەران بەزەبری گوتەك نەبێ سەر بۆ مافی ڕەوای گەلی کورد شۆڕناکەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ شێلگیرانەو شۆڕشگێڕانە ڕێگای خوێناوی بگرنەبەر تاکو ئالای ئازادی هەڵدەکەن.

سەر بەرزکەن چاو هەڵێنن بەخوا مافمان نادەنێ
وابەسستیو دەم دەمانێ ڕێگە دوورەو نایگەنێ
ئەوکەسە ڕاستە دەڵێ حەق مەردە بێ ترسو نەبەز
وەك لەڕێگای نیشتماندا گیانی شیرن دادەنێ
ڕۆژو شەو دایم خەریکی ڕێزو چینی میللەتە
کفنی خوێنین کاتە بەرخۆ بەرگی دیلی داکەنێ
وەك پڵنگی شاخی کوردان دوژمنی کورد ڕاودەنێ
چەنگی پۆلایی لەجەرگی خوێن مژو پاشا دەنێ
هەروەکو کاوەی دلێرو ڕۆستەمی مازەندەران
تاجی زێری خوێن مژانو تەختی زوڵمی ڕاقەنێ
سامی وەك سامی نەریمان شاودلێری سەرزەمین
خوێن دەڕێژێ سەربەخۆیی خوێن نەبێ گوێنادەنێ

تێبینی: شیعرەکان لەئەرشیفی بەندە وەرگیراون و بۆ یەکەم جار بڵاودەکرێنەوە

## شیعرە سیاسیەکانی سامی عەودالی شاعیر (١٩١٠ – ١٩٨٥)

ساڵی ١٩٨٣ ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چەپکێك لە شیعرەکانی سامی عەودالی بەچاپ گەیاند کەهەندێ شیعری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و دڵداری بەخۆوە گرتوون، بەڵام شیعرە سیاسی‌یەکانی تێدا بڵاونەکراونەتەوە، جا منیش وەك یاد کردنەوەیەکی شاعیر بەشێك لە شیعرە سیاسیەکانی دەخەمە بەردیدی خوێنەرانی (هاموون) بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا تیشکی زیاتر بخەینە سەر شیعرەکان.

سامی عەودالّ بە هۆنراوەی (قەلبی من)، (ناوبانگی دەرکردووە، هەر چەندە کاتی خۆی مامۆستا کەمال غەمبار، ئاماژەی بەوە کردبوو، کە ئەم هۆنراوەی لەژێر کاریگەری شیعرێکی نازم حیکمەت هۆنیوەتەوە، منیش هەمان باوەڕم هەبوو، بەلاّم کە لەگەلّ سامی عەودالّی شاعیر قسەم کرد، سامی عەودالّ نکوّلّی لیّ دەکرد و دەیووت بەهیچ شێوەیەك شیعرەکانی نازم حیکمەتی شاعیرم نەدیووەو نەبیستووە، بەهەر حالّ شیعرەکە یەکێکە لە شیعرە هەرە ناسك و جوانەکانی شاعیر، چ لە ڕووی ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازییەوە بیّ یاخود لە ڕووی تەکنیك و هونەری شیعرییەوە بێت.

بەشاکارێکی شیعری داهێنەر دادەنرێت کە لەلایەن هونەرمەند (تاهیر تۆفیق)ەوە کراوە بە گۆرانی:-

شیعرەکەش بەم جۆرە دەست پیّ دەکات:-

قەلبی من گەر چەشنی لالە بێتوو نەوتی تیّ بکەن
ئاگری دوژمن بێتە گیانم وەك چرا من پیّ بکەن
شەق شەقی کەن گۆشت و ئێسقان یەك بەیەك خوێی تیّ بکەن
بیّ ترس من دێمە مەیدان حوکمە ئازادیم دەویّ
گەر نەسووتێم و نەخنکێم چۆن هەزارم سەرکەویّ
نەچمە ناو جەرگی هەزاران شان بە شانی وەك برا
ڕۆح و لاشەم ئیش نەکەن بۆ میللەتێکی حەق خورا
بەو شەوی پڕ ترس و تاریك من نەسووتێم وەك چرا
کۆمەلّی زانای هەزاران چۆن دەبینین بچنە پێش؟
لێم گەڕێن من بابسووتێم ببمە خاك و خۆلّەمێش

ببمە خاكو خۆڵەمێش تاكو هەژارم پێبگا
بابسووتێم بەلكە گەنج و لاوەكانم تێبگا
بێتە مەیدان خوێن بڕێژێ تا هەقی خۆیی پێبگا
تابزانێ غەرقی خوێنە كێ هەقی وی خواردووە؟
با لەبۆ هەق خوێن بڕێژێ دەرچێ دوژمن تا زووە
با لەناو میللەت نەمێنێ فیكری ئینسانی دەنی
نەك لەناو مێشك بمێنێ ببتە ماددەی بۆگەنی
شەعبی چاكی پێ نەخۆش بێ بێتە حاڵی مردەنی
خۆشە مردن بۆبەلای وا هیچ و پووچ و پڕ خەتەر
نەك بژی ئاقل بەبرسی و ڕووت و قووت و دەردیسەر
سامی قوربانی گەلت بەقەت مەژی بەو زیللەتە
هەركەسێ بمرێ لەڕێگای نیشتمان و میللەتا
نامرێ هەرگیز دەمێنێ چونكە خاوەن غیرەتە
خۆت بەقوربانی گەلت كەفەرزە قوربانی لەتۆ
نیشتمانی حورو سەربەست ئوممەتێكی سەربەخۆ

شیعرێكی تری بەناوی (گلەیی نیشتمان) هەیە كە شاعیر مەسەلەی نەتەوایەتی و چینایەتی پێكەوە ئاوێتە دەكات، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی ئەگەر چەوساوەكان ڕانەپەڕن و تێ نەكۆشن، نیشتمان هەر چەندە پڕ بەهاو بەنرخ بێت، هەر بەغەمباری و ژێر دەستی دەمێنێتەوە.

ئەی وەتەن تۆچی لە بۆمن خۆشو شادی چیت هەیە
باغی پڕ گوڵ دەنگی بولبول سازی فردەوسیت هەیە

هـەنـدێ ئـەرزی نێـرگزیـن و سونبول و هەم یاسەمین
بـاســی نــاکـرێ گـوڵ لەکێوان خاوو نەسرینت هەیە
سێـومرەو وێنجـەی شلێـر و حـاجیلە و ڕەیحانی دەشت
مـەنـدیـلانـەو نـەوعـی هێـرۆ بـۆنی بەیبونت هەیە
ڕۆنـی سپیـان گەنمی یەك تۆ برنجی عەنبەر زۆرە خۆ
مێـوژو دۆشــاوت بـە زۆری ڕاوی هـەنگـوینـت هـەیـە
خۆخ و هەنار و ناسکە هەرمێ هەم هەڵوژە هـەم گەلاز
بــاغـی پـڕ میـوەو تـەعـامو سێوی نەخشینت هەیە
سێبـەری گـوێـز و چنـار و ئــاوی کانی وشەنگەبیت
جــا بــەمـن چی تــۆ پـەنیـر و ئاوی بەفرینت هەیە
ئــاوی گــەڕاوی کـۆرەکـانیت توکی سەرمی هەڵوەراند
هێشتـا نـاڵێم ئـەی وەتــەن تـۆ سوچو تاوانت هەیە
تیپـی کـارگـەر ئـاشـی ئـازادی نـەگێرێ گەر بەخوێن
بـێ سـەرو پـا هـەر دەنــاڵـی خـاکی غەمگینت هەیە
ســام و هێـزی کــارگـەرانـە بـویتە کۆمۆنەی فەڕەنگ
قـاڕەکان هەر پێنج دەڵێن تۆ نەجمەی خوێنینت هەیە

شاعیر لەبەر نەهامـەتی و نـەبوونی، نـازانێ سـەری خـۆی بـۆ کـوێ هەڵ گرێ و ڕوو لە کوێ بکات.

نەخۆشخانەی هەژاری پێم بڵێن لە کێندەرە
لــە واشنتـۆن و پـاریـس یـا بچمە ئینگلترە
لــە پـەکیـن و مـۆسکۆیە یا لە ڕۆماو ئەسینا
یـان لـەبیری ڕۆناك و مێشك و هۆدەی سەرە

بەم جۆرە خاڵە سامی سەردەنێتەوە، بەچاوی خۆی کوردستانی ئازاد نابینێ بۆیە دەڵێت:-

هەتا دەبمەوە خۆڵەکەی جاران
لەلاشەم دەردێ گوڵی بەهاران
دێن لە بۆ سەرم لە بۆ گوڵ چنین
هەر دەڵێم ماف و مافی هەژاران.

*   * *

## سامی عەودال دەنگی چەوساوەکانە

سامی عەودال وەکو شاعیرێکی گەلی و عاشقی ئازادی و سەرفرازی لەبناری هەیبەت سوڵتان و کە کۆندا، چاوی بەدونیادا رۆشن کردەوە. شیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادری نەمر و دڵداری تێکۆشەر هەوێن و سەرمەشقی بوونە، هەرکە چاوی هەڵهێناوە، شانۆی ناکۆکیەکانی دەرەبەگ و جووتیاری ناوچەی کۆیەی بینیوە، کە چۆن ئاغاکان و دارو دەستەکانیان، غەدر و زۆرداری لە جووتیارە هەژارەکان دەکەن و دەیان چەوسێننەوەو

بێکاریان پێ دەکەن، سەرەڕای ئەو هەموو ماندوبوون و ئارەق ڕەشتنە، کەچی لە بچووکترین مافی مرۆڤایەتی بێ بەشیان دەکەن، بەجۆرێ کەنانە ڕەقەیەکیان پێڕەوا نابینن، شاعیر دەنگی نارەزایی بەرەو ڕوویان بەرز دەکاتەوە، دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی جووتیاران و هانیان دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان لەدژی چەوسێنەران دا.

جا بزانین لەدەمە تەقەی نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا چیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

کارکەر: فەقیر

کارکەر دەڵێ دەوڵەمەند منم دەست بەخەنجەرم
ڕۆژ و شەو لە چۆلان و لەچوار فەسلان ڕەنجبەرم
بۆچی ئەمن هەژار و تۆ خاوەنی قەلاتی
کەچی تۆ ترسنۆکی و منیش خاوەن هونەرم

دەوڵەمەند:-

ئەی هەژاری هیچ نەزان من هەڵبژاردەی خوامە
هەرچی من گوتم بڵێ بەسەرچاو و سەرسەرم
خوا بۆی دابەشکردینە بۆ تۆ کەم و بۆ من زۆر
بەشی تۆ بەرهەتاوە من لەسایەی سێبەرم

فەقیر:-

تۆ دوژمنی یەزدانی، خوێن مژی چینی هەژار
هەر من پیادەمە بۆ گەل بۆم هێناوە و دەیبەرم
پێویستی نامەی مێژووی خوری و ئاوریشمی خاوی
هەر چەند بێ کەلاش و بێ ڕانکو بێ چۆغەرم

دەوڵەمەند:-

من خاوەنی دۆلارم لەناو کۆشك و تەلارم
تۆ ئاوم لە دەستی کە ببە کۆیلەو نۆکەرم
خوا ئێمەی هەڵبژاردو وازیشمان لێ ناهێنێ
خۆشەویستی یەزدان و پەیڕەوی پێغەمبەرم
فەقیر:-
دەمت ببەستە ئەتۆ دۆلار پەرستی نەزان
مافت هەر لێ دەستێنم کارگەری جەنگاوەرم
چاوی کۆرت لەمن بێ غەرقی ناو خاکت دەکەم
منم نیشانەی شەستیر سار ئەکەم گوللەی گەرم
لەڕێی ژیانی هاوبەشی و نەمانی داگیرکەران
خوێن دەڕێژم بەبێ سام وا لە شاخ و سەنگەرم
لەهۆنراوەی (درۆناکەم) شاعیر ئاماژە بە نرخ و بەهای سروشت و دیاردەکانی دەکات و خۆشەویستی و وەفایی خۆی بۆ نیشتمان و گەلەکەی دەخاتە ڕوو:-

لاشەکەی من گەر لە ڕێی تۆ لەت لەت و سەتپارەکەن
گەردنم لێدەن بە شەستیر یا پەتی سێدارەکەن
ئاگریش بەردەن لەلاشەم چۆن دەتانن چارەکەن
من لەتۆ زوێر و وەڕس کەن دوژمنانی نابەکار
بۆ دزینی ئاوی شاخ و گەوهەری ناو بەرد و دار
گەوهەری ناو بەردودارت حەسرەتی بێگانەیە

بـەڵکـە سـەت سـاڵـە لـە داخی ئاوی ئەو شاخانەیە
چـونـکـە بـرسـی نـەوتی خام و سەروەت و سامانەیە
وا سـەدان ساڵە لـەخـاکـی کـوردی خـڕ کـردیتـەوە
هـەر دەڵێـی کتـکـە کـە ئێستـاش چاوی بزکردیتەوە
لـەو خـاکە پاکەی گەوهەرین و پڕ درەختی میوەکان
خـۆشـەویستـی دیـن و دنـیـا گـیانی گشتی چینەکان
هـەر کـە فیـردۆسـی جیهـانە خاکی کورد و نیشتمان
گـەوهـەر مـوژدەو خەڵاتـی ولـە هەلگۆش دێتە خوار
حـۆریـەکـانـی خـاکـی شـادی جوانی ناگۆترێ بەزار
خـاکـی کـوردی پـڕ لـە زێـڕو ئـاوەدانـی پـڕ لەدان
وادەچـێ بـۆ دوژمنـی کـورد خـوێـن ڤرانی هەندەران
غیـرەتـە ئـەی ڵاوی کـوردان بـۆ کـەنی بوون بیرەکان
هـەستـە بۆیـەك بوونی خاکت سەربەخۆیی میللەتت
هـەر خـەبـاتی خـوێـن ڕژانـە ببتە قەدر و قیمەتت
هەستە ئەی کورد خوێن بڕێژە ڕۆژ لەخۆت ئاوامەکە
ئـادرێ مـاف خوێن نەڕێژی خوێن نەددی داوا مەکە
وەختـی ئـازادیـت نـەدۆڕێ کـاری خـۆت ساوامەکە
هەر چی ئیمرۆی دا بە دوێنێ ڕووت و برسی مایتەوە
ڕووی ڕەشـە وەك پشتی قـاز و خیـرەتی تـاوایتەوە
کـەنـد و شـاخـی خـاو گیـابـەند دامەنی ئاوو هەوای
فێـنـك و تـەڕ نـاو قـەدیشـی باغی نەمردو سەبای
دێـمـەکـاری جـەنـەتولخولد بوو جەزای ڕۆژی خودای
خـاکـی کـوردە جـوانی یەزدان پڕ لە ژین و ژینەوەی

مـافی مێژووی سەربەخۆیی حورو سەربەستی نەوەی
میـدیـاوکـەی سـەلام شێـخ سـەعید و میـروشـای
بـابـروخـێ دوژمنـانـی نـاحـەزانـی بـێ وەفـای
کەوتنە لەرزەو سامی هێزی توند و تیژ و پڕ جەفـای
کـوردی مـەردی سـەر بڵنـد و لاوی ژیـری مێژووزان
بـا لـە گـوپیدا رەقیـب و دوژمنـانـی هیچ نـەزان

شاعیر پاش ئەوەی ژیانی تاڵ و تفتی جووتیارانی کوردستان پیشان دەدات بیر لە هەڵبژاردنی رێگایەکی راستەقینە دەکاتەوە کە بەهۆیەوە جووتیاران هۆشیار بکاتەوە لە زوڵم و زۆرداری دەرەبەگ و توجاری چاوچنۆك، ئـەو رێگایەش رێگـای سۆشیالتییە. کەتاکـە رێگایـە چەوساوەکان لـە زەبـر و زەنـگ رزگـار بکـات و پەنجـە بخاتـە سـەر زامـەکانیان و تیمـاری دەردەکانیـان بکـات، مـژدەی سـەرکەوتنیان پـێ ببەخشـێ و روونـی بکاتـەوە کـە زۆردار و چەوسـێنەر رۆژی رەشـیان نزیکەو تا سەر ناتوانن لە زۆرداری بـەردەوام بن، جا شاعیر بە زمانی جوتیاران هەست و سۆزی خۆی دەربڕیوە شاعیر بە زمـانێکی ساکار و سادە کێشـەکان دەخاتـە ڕوو، دەری دەخـات کـە مەسـەلەی جووتیـارن لـە بناغـەدا مەسـەلەی نەتەوایەتییـە، بۆیـە بەشـێکی زۆری شیعرەکانی بـۆ ڕەش و ڕووتی میللەتەکەی داناوە، لەهۆنراوەی (ئەمن)دا دەڵێ:-

بـەچکـە کـوردێکـم لـە کـوردی عیراق
وەك مار پێچ دەخۆم کوشتومی مەراق
لـەنـاو وەتـەن و قـەومیـەتـی خـۆم
حیـلفـی پـۆتسـدام بـە خوێنی دەشۆم
بـاخچـەو بـەراوی وەك گـوڵزارەکەی

جووتیار و رەنجبەر زەوی و زارەکەی
کە رۆژ لێی دەدا لەو ئەرزی رەنگین
لەمیوەی تەڕی و گوڵی یاسەمین
مەدحی پێ ناوێ خۆڵاسەی کەلام
بڵێین جەنەتە وەك دلو و سەلاّم
کە هاتیتە بەر بەرِەنجی هەژار
زەوتیان کرد بەخوێن مژ و زۆردار
ئەو خائینانەی دڵ پیس و غەدار
دەیکەن بە یار و لوقمەی ئیستعمار
ئازادی دەکەین هەر بەخوێنی گەش
سەری خائینان دەنێینە ناو هەش
ئەوا ئازادی خوا غەمی دەنۆشن
بۆتۆ ئەی وەتەن گەلێ بە جۆشن
ترسیان نییە لە گوللە باران
لەسەر ئەساسە رێگای هەزاران
ئێمە کە کوردین لەگەڵ براکان
هەژاری هیندیو ئەنگلۆ ئەمریکان
غایەمان یەکەو خەباتیش بەپێ
بەیەك عائیلە ئەدیترێن بەپێ
شك و گومانتان وەهابێ وەهان
ڕەوڕەوەی مێژوو دەڕوا بێ وچان
هەتا قۆناغی بێ تەبەقاتە
لەوێ حەل دەبێ جێگای وەفاتە

قـۆنـاغـی پـیـنـجـه غـایـەی سامـیـیـه
لـــەگـشـت ئـەرزی پـــڕ ئـارامـــیـیـــه
له کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر بەتەنگ چەوساوەکانەوە هاتووە، هەوڵی داوە کە وریایان بکاتەوە تاکو لە زۆرداری رزگاریان بێ لەهەمان کاتدا بەبیری پێشکەوتنخواز خۆیان چەکدار بکەن.
چونکە تاکە ڕێگایە کە چارەسەری برینەکانیان بکات و ئاشتی و ئازادی بهێنێتە دی.
تێبینی : شیعرەکان لە ئەرشیفی بەندە وەرگیراون.

* * *

## رۆستەم حەوێزی شاعیر و دوو قەسیدەی تەخمیس کراو

شیعرەکانی رۆستەم سەر بە قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی نوێیە، کەبەبزوتنەوەی تەنویری دادەنرێت، ئەم شەپۆڵە ئەدەبییە، رووخساری هونەری بە قوربانی بیری سیاسی دەکات ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، تەنیا خستنە ڕووی دوو قەسیدەی تەخمیس کراوی شاعیرە، یەکێکیان شیعری تاهیر بەگی جافە بەناوی ( تا بەکەی قوربان)، ئەویدیکەیان هی

مستەفا بەگی کوردیە، بەناوی (ئەمان مردم)، کە شاعیر هەردوو شیعری بەدڵ بووەو هاتووە، کردونیەتی بە پێنج خشتەکی.

پێنج خشتەکی: هونەرێکە لەشیعری کلاسیکیدا پەیڕەوکراوە، بەشێکی زۆر لەشاعیرانی کلاسیکی لەم جۆرە شیعرانەیان نووسیون، کاتێ شاعیرێك بەشیعری شاعیرێکی دی سەرسام بووە، دوو دێڕی شیعرەکەی وەرگرتووە، سێ دێڕی خۆی خستۆتە سەری، لە رووی کێشەوە هەموو کۆپلەکان لەسەر یەك کێش دەبن، بەگوێرەی سەرواوە، کۆپلەی یەکەمی قەسیدەکە هەموو یەك سەرواى دەبێ، کۆپلەکانی دی تەنیا دێڕی پێنجەم لەهەر کۆپلەیەکدا لەگەڵ سەرواى کۆپلەی یەکەم یەکدەگرنەوە، کە بەم شێوە دەبێت ا ا ا ا ا ، ب ب ب ب ا، پ پ پ پ ا، ت ت ت ت ا...هتد.

شیعری (تابەکەی قوربان) سەر بەکێشی (ڕەمەل)ە، فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلن

- ب - - ، - ب - - ، - ب - - ، - ب -

شیعری (ئەمان مردم) سەر بەکێشی (هەزەج)ە، مفاعیلن چوار جار دووبارە دەبێتەوە.

ب - - -

(( تابەکەی قوربان بنالم))

شیعری طاهیر (تاهیر) بەگی جافە

رۆستەم تەخمیسی کردووە

شۆی بڕی قەوسی موژانت سینە فەرمووی وەردەوە

مەیلی وەسڵە گوڵ بە فەصلە گوڵ و جۆی لێ هەردەوە

شەڕ بوو کردت دڵ بوو بردت تۆ لەژێری پەردەوە

تـابـەکـەی قـوربـان بنـالّم من بە ئێش و دەردەوە
دەستـە ئـەژنـۆ قـوڕ بـەسـەر دائـم بـە ئاهی سەردەوە
ئافەرین رووت غارەتی کرد عەقڵ و هۆش و جان و دین
خـەوف دارەم ئـەز رەقیـبـان بچمـە مـاڵی تـاج الـدین
چـەشنی مـەم تاکو نەمردووم من لە حەسرەت خاتوزین
هەروەکو قـەوس و قـەزەح بـا دەست لە گەردەن دانیشین
تـۆ بـە سـوخمەی ئاڵ و سەوز و من بە رەنگی زەردەوە
لـول و پێچـی زوڵفـی تـۆ ئـاڵۆز و ئـاڵاوە گـوڵـم
موو بە موو تەوقە لەگەردەن بەند بە بەند بەستی منم
تـاجـی سـورمـە تـۆزی بـەرپێت کەم لە کلدان بێ کلم
مـەرحـەمـەت کـە زوو بـڕۆ قـاصد بلّێ شەرحی دڵم
نـازی پـاپـوجت ئـەکێشـم مـن بـە تـۆزو گەردەوە
حـوکـم و تـەقـدیـراتـی ڕەبـی ئایەتی نون و قەلەم
دڵ رەقـی تـۆ دەرحـەقی من شۆخەکەی قامەت عەلەم
جەوهەری عەرضە خەلاصە شەرحی صەدری پڕ ئەلەم
یـەك نـەفـەس چـاکی نەهێنا کەعبەتینی بەختەکەم
شـەش دەرم گیـراوە مـەشغـولـم بـەدەستـی نەردەوە
شقـڵـی بـاری عـەشقـی تـۆ شـانی وەها کردومە کۆم
بـێ خـەو و خـۆراك و گـریـەو دامـەنـی کردومە گۆم
سـا بفـەرمـوو دەستـی وەصڵت دامـرێنـی سفتـوسۆم
چـونکە مـن پـەشیمانی بالاو بۆسە چینی کوڵمی تۆم
چـی دەکـەم ئیتـر لـەسـەیری بـاغ و بێنـی وەردەوە

یــا ســەنــەم تــاکەی ئەسیری بەندی ئەم ریشوانە بم
یـا گــرفتـــار و لــە سیحــری چـاوەکەی فەتتانە بم
دەردەدار و غــەم کــەســارو بــولبــول مــەستــانە بـم
رۆژێ ئــەوەل بــوو کــە زانیــم مـن ئـەبێ دێوانـە بـم
عـــاشقـی تــۆ نـەوعی مەجنوون وا بە کێو و هـەردەوە
گــوڵ ئیلتیمـاسی کرد لەگەڵ چەهرەت پەراشودینی یە
مــەجلیسی پرشەوق و نەشئەت صەد حەیف بـودی نی‌یە
حـەق بەلای (رۆستەم) کە قوربان گەر بلێ جودی نی‌یە
ئینتیمــاســی (طـاهیری) بێ چـارە هیچ سودی نی یە
تــۆ کـە هــەردەم شـەڕ فرۆشی بەو دڵەی وەك بــەردەوە

((ئەمان مردم))

شیعری کوردی

رۆستەم تەخمیسی کردووە.

کــەمــەنـــدی عــەشقــی شـۆخێکـم لــەدڵ ئـالاوە وەك مـارێ
قــوتـار نــابــم لــە دەستــی چــی بکــەم یـاران بەهیچ بارێ
لــەبــەر چـــاوم دەچـــێ و دێ نـــازەنیـن لێـم نـاکا پسیارێ

ئـەمـــان مـــردم عیلاجــێ ســا لـەڕێـی پێغـەمبەرا چارێ
ویصـــال یـــا قـــاتـلــــە یـا تـەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ
تــەمـــاشـــای مـــن مـەکـەن بەو چاوە دەمبینی لەسەر جادەی
بــەدەستـــی خـــۆم نـــی‌یـــە هـاتوومە سەر ڕێی ئەو پەری زادەی
بــەهــەستـی خـۆشـەویستـی ئـەوگـوڵـەی دڵ هاتە ئەو ڕادەی
وەهـــا ســوتـــاوم ئـەصـلاً تـابـی فـریـــادم نــەمـــا سا دەی
رەفیـقـــان نـیـوەسـوتـەن ئێــوە نـــامـــەرد عـەرزە هـــاوارێ
جـەفـا نـــەدرابـــو وەك مــن مـەم لـەدەست هیجرانی خاتونی
سـەری فــەرهـــادی مــەست نەبــووە وەکو من بسمێ بێستونی
دەڵێـی بـــۆ مــن جێمـــاوە ـەمیـــرات زاری مــەجنــونـــی
لــە کــونجـی سینــە دەنگــی ئـایــو ئـۆی دڵ دێ بە مـەحزونی
وێــران بــێ ئـەمـدی ســاتــێ لێـی نــەیــە نــالــەی بریندارێ
نــەدیتــراوە کــەســێ وەك مـــن بـــە جـوانــی خـۆی ببێ باغر
حـــەزی پێبــێ ببینـی خـۆشـەویستـی خـۆی لـەنـاو ئـاگر
لــەســەر ئــەو حـــالـــەتــەش هێشتـــا دەڵـێ کوانێ لەمن چاتر
لــە نــەزعـــا پێـی دەڵێـم قـوربـان جەفا بەس بێ دەڵێ کافر
ئـەمـە چیت دیگە تـۆ سەگ مەرگی (کارم) مەکە پێت جارێ
شـــەوانـــی عــومـــری بــێ ڕۆژم لـەگـەڵ ڕۆژێکی ئـاوا کرد
درێغـــم لێ نـەکـــرد دولبـــەر لـــە مـــن دڵمـی کـە داوا کـــرد
تــەمـــاحـــی مـــاچـەکـی دامــێ منی واشێت و شـەیـدا کرد
ئەلای هـەر کـەس دەچـم مـەنعـم دەکا خۆت بۆچی ڕیسوا کرد
درێـــغ کـــوا حـــاڵ زانـــێ ڕەبـی تـوشـم بێنـی بێمـــارێ
دەڵێی‌مانگە لەژێرهەوری مەنعم لەسەر رووی چارۆگەی جورجێت

ئەوەی زردەخەنەی دی لێی دەگۆڕێ بێ گومان وەك شێت
هەتا وا تێ نەگەن تۆراوە دڵ بڕوا لەدەست دەرچێت
سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت
بڵێ کێشاویە مەیخانە دوو چاوی بێچوە عەییارێ
گرێیێکم لەدڵ دایە دەڵێن سەودایە زۆر چاکە
کە دختۆر هات تەماشای کرد ووتی دەردێکی زگماکە
سەرم وا لێ پەشۆکاوە ئەوەی ئەم مابێ ئیدراکە
لەژێر باری خەما واشانی صەبرم رژشە ئێستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕی لێم بوو بەسەر باری
نەبوونی چاکە رووی رەش بێ بەسەر پیاودێنی روو زەردی
لەژێر دەستێ دەبێ تووشی هەزار چەشنە بەڵاو دەردی
کەسێ وەك ( رۆستەمی) بتوانێ ببینی لەبەر وردی
دوڕو یاقوت دەبارێ لەم کەلامە شیرینەت (کوردی)
خوا وا سا کوا لە دونیادا قەدر زانێ خەریداری

تێبینی:-

هەر دوو شیعرم لە دەستنووسی شاعیر وەرگرتوون.

*　*　*

## رۆستەم حوێزی شاعیر و سرودی قوتابیان

رۆستەم حەوێزی کە شاعیرێکی میللی ناوچەی کۆیەیە، بەشێکی گەورەی شیعرەکانی بابەتی سیاسین و بەشێوەیەکی ساکارو سادە دەری بڕیون، لەبواری شیعری منداڵانیشدا ئەم لایەنە گرنگەی لەشیعرەکانیدا فەرامۆش نەکردووە، لای لە منداڵانی کوردستان کردۆتەوەو ئەرکی سەرشانی بەجێ گەیاندووەو چەند شیعرێکی جوانی پڕماناو بەنرخی

بۆ نووسیون، شاعیر بەچاوێکی پڕ ڕێزەوە دەڕوانێتە منداڵان چونکە دەزانێ کە لەدوارۆژدا پێ دەگەن و ئەرکی میللەتەکەیان دەگرنە ئەستۆ، بۆیە چەند بایەخیان زیاتر پێ بدرێت ئەوەندە دوا ڕۆژی نەتەوەکەیان گەش و روونا‌کتر دەبێت.

دیارە شیعر نووسین بۆ منداڵان سیما و خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، تا ڕادەیەك شاعیر ئەم خاڵانەی پەیڕەو کردوون و توانیویەتی لەجیهانی منداڵان نزیك ببێتەوەو شیعرێك بنووسێ کە لەهەست سۆز و خەیاڵی منداڵان دوور نەبێت و لەگەڵ دەرونیاندا بگونجێ، هەروەها لەشیعرەکانیدا، دوولایەنی گرنگی پەیڕەو کردوون، لایەنێك کە سۆزیان دەبزوێنێ و شادی و خۆشییان پێ دەبەخشێ، ئەمەو لایەنی پەروەردەیشی بەخۆوە گرتووە.

شاعیر منداڵان فێر دەکات، کە یارمەتی یەکتر بدەن و ڕێزی یەکتر بگرن، نیشتمان و کوردیان خۆش بوێ‌و ڕقیان لەزۆردار و ناحەزان ببێتەوە، خەریکی خوێندن و خوێندەواری بن ولە نەزانین و تاریکی دوور بکەونەوە، ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان خۆیاندا نەهێڵن کە نیشانەن بۆ بەختیاری و رزگاری و سەرکەوتن.

شاعیر ووشەکانی ساکار و سادەن، رستەکانی زۆر رەوانن، کێش و برگەی شیعرەکان زۆر سووك و ئاسانن، بە جۆرێکن کە منداڵان حەزی لێ دەکەن، شاعیر بەشێکی زۆری بەسروود داناون بۆ ئەوەی لە قوتابخانەدا ئەزبەریان بکەن و بەشێوەی سروودو گۆرانی بیانڵێنەوە، بەتایبەتی لەشیعری:-

سبەینان سەر لەزوو، وەرە مەکتەب، ئێمە قوتابین، ئەزمنداڵێکی ساوام، بۆ قوتابیانی شەو، لێ دەرکردن، قوتابی ژیر، بۆ قوتابیانی مەعهەدی فەننی..تاد.

(ئەز منداڵێکی ساوام)

ئەز منداڵێکی ساوام
لە قوتابخانەی هیوادام
هەر لەدەرسی یەکەمدا
وای فێرکردم مامۆستام
نیشتمانم خۆش بوێ
کورد خۆشەویست بێ لام
رێزی گەوران رابگرم
لە زاڵمان نەکەم سەلام
بێز لە پیس و پۆخڵی کەم
نەبمە نۆکەر و غولام
بانگم بکەن بە بەڵێ
ئەز ئەدەمەوە وەڵام
گوێ لەدەرسێ رابگرن
لە قوتابیان وایە تکام

★ ★ ★

(وەرە مەکتەب)

وەرە مەکتەب بەیانی
هەتا تێبگەی بزانی
ژیان رۆژ بەرێ کردنە

چـــاوەنـــواڕی مـــردنـــە
یـــان چـــۆنیـەتی ڕابواردنە
خـــۆش گـــوزەرانـــی کـــردنـە
لـــەژێـــر سـایـەی سەربەستی
ڕزگـــاربـیـــن لـەژێـــر دەستی
ســـەر و مـــاڵـمـــان پـارێزرێ
ئیش کار زۆر بێ و دامەزرێ
بـــەدیـتـنـی یـەك گوشاد بین
بـــەخـــۆشـــی و بـەمراد بین
★ ★ ★

(لێ دەرکردن)

قـــوتـــابـی ژیـــری وریـــــا
لێی پـــرســـن دەڵـێ خێـــرا
یـــەك لـــەیـــەکـی گـەر بڕوا
تـــەمـــاشـــەکـــەی هیـچ نـەما
یـــەك لـــــەدوان بێنـــــە دەر
یـــەك دەمێنـــێ بـــەرامبـــەر
یـــەك لـــە سێیـــان دەربێنی
دەبینـــی دوو دەمێنـــــــێ
یـــــەك لـــە چواران بستێنی
سێـــت بـــۆ دێتـــە سـەر سینی
یـــەك لـــە پێنجان ماوە چوار
بـــێ دوژمـــن نـابـێ هـۆشیار

یەك لە شەشان پێنج ماوە
خرنووك ڕەگی لە ئاوە
یەك لە حەفتان ماوە شەش
پاكی زۆر باشە بۆ لەش
یەك لەهەشتان ماوە حەوت
كوردستان پڕە لەنەوت
یەك لەنۆیان ماوە هەشت
گەورەكی كورد بوو زەردەشت
یەك لەدەیان ماوە نۆ
دەڵێن دەبارێ گەزۆ
یەك لە یازدان ماوە دە
قەومی بەشخوراو كوردە

*  * *

(سبەینان سەر لە زوو)

سبەینان سەر لەزوو
هەندی بڵێین یەك دوو
دەموچاومان دەشۆین
جل ئەگۆڕین نان دەخۆین
موچانەمان وەردەگرین
سیپارەمان هەڵدەگرین
بەبێ هەست دێینە مەكتەب
ناكەین تۆز و تەپە تەپ
فیتە لێدرا ڕیز دەبین

لــــه پـۆلــیٚ دادەنـیشیـــــن
مـامـۆستـا هـات هـەڵدەستین
گـویٚ لــەدەرســیٚ رادەگــریـن
کــه لـــه دەرســـان بــووینەوە
بــــەرەو مــــاڵ دەبیـنـــەوە

★ ★ ★

(ئێمە قوتابی شەوین)

ئێـمــه قـوتـابی شەویـن
تێـدەکـۆشیـن بە هیمەت
بـۆ ئـەوەی تـاکو بگرین
بـەری هـەوری جەهالەت
ئـەو هـەورەیە تـا ئێستـا
ئـێـمـەی خستۆتە زیللەت
داخۆ لە جووش کەمترین
ئێمـە نـەبـیـنە دەوڵـەت

★ ★ ★

(ئێمە قوتابی)

ئێمـــە قوتـابی کۆی سەرەتایین
لەژێر سێبـەری فەرمانڕەوایین
چرای رووناکی ناو کوردەوارین
دژی نەزانی و لێکدی جودایین

کاربەدەستانی رۆژی دوایین
بەدڵ و بەگیان لەگەڵ تەبایین
شاعیر سوودی لەکەلەپوری میللیمان کە فۆلکلۆرە وەرگرتووە، تا بەهۆیەوە منداڵان سوودی لێ وەربگرن:

(هەیاران و مەیاران)

هەیاران و مەیاران
یاخوا نەبارێ باران
هەتا وەکو کاکە ماد
بۆم دێتەوە لە شاران
لەگەڵ پلە گەزەنگی
مادو دەچێتە ماران
لەگەڵ دایە شیلانی
ماد و دچێتە شاران
لەگەڵ خاڵە ئارازی
ماد و دەچێتە داران
لەگەڵ مامە پێشەنگی
ماد و دەچێتە تاران
ماد و کورێکی چاکە
ناچێتە ناو منداڵان
بەیانییان دەچێتە مەکتەب
بۆم دێتەوە ئێواران (١).

* * *

(بسکو بسکو)

بسكو بسكو بنووه دەنگی بلووری شوان دێ
دەنگی شایی و دەهۆڵان لە گردی جوان دێ
ڤیژەو گارەی کیژۆڵان لە ئۆمەر خوچان دێ
دیدە دیدی ترومبێلان لە هەیبە سوڵتان دێ
حەمامی جمهووری لە هەیبەت خان دێ
★ ★ ★

(هەممە شکێ)

هەممەشکێ کوڕە هەممەشکێ
پڕ لە دۆدانی کەشکێ
شەبەق دەستی دا گەسکێ
حەوش و ژوورو هەیوانی ماڵی هەتا بەردەرکێ(٢)
هەر چی لەشەبەقی دا خوا بکا دەستی بشکێ

منداڵ حەز لەجیهانی ئاژەڵ دەکات، بۆیە شاعیر چەند شیعرێکی لەسەر زاری ئاژەڵ هۆنیوەتەوە چونکە منداڵ حەز لە پاڵەوانێتی ئاژەڵ و باڵندە دەکەن و لایان زۆر خۆشەویستن.

(پیشلە)

پشیلە دەڵێ میاو میاو
نەنانم هەیە نە ئاو
تیکە نانێکم دەنێ
خوا زووبتان کا بە پیاو

کەریش دەڵێ زەرە زەڕ
حەیوانێکم لاڵ و کەڕ
ئیشی زۆرتان بۆ دەکەم
بەستەزمانم وەك مەڕ

گورگ دەڵێ لووزە لوور
سەرم سپییە و لاقم سوور
فەرخەی هێندە نازام هەیە
یەك لەیەکەی چەند جەسوور

سەگیش دەڵێ حەوە حەو
نانمان بدەن بژین بەو
ئێمە پاستان ئەکەین شەو
کاتێ چاوتان چوو لە خەو

پەراوێزەکان:

١. گزنگ و پێشەنگ کوڕی مامۆستا رۆستەم حەوێزی شاعیرن، ماد کوڕی چەلەنگە کە ئەویش کوڕی مامۆستا رۆستەم حەوێزییە.
٢. شەبەق کچیەتی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرەو ئێستا مامۆستایە لەکۆلێژی کشتوکاڵ.

٣. شیعرەکان بەشێکیان لەدەستنووسی شاعیرو بەشەکەی تریان لە ئەرشیفی خۆمەوە وەرگیراون.

((تاوێک لەگەڵ چوارینەکانی ڕۆستەم حەوێزیدا))

چوارین بەو پارچە شیعرە دەوترێ کەلە چوار لەتە دێڕ پێک دێت و لەسەرەیەک کێش دەڕوا، بەگشتی سەرواکانی (أ أب أ)، هەشە کە سەرواکانی بەجۆری ترە وەکو (أ أ أ أ) چوارین شێوازێکە لەشێوازەکانی هونەری شیعریی لە بابە تاهیری هەمەدانی یەوە کەسەرەتای شیعری

کوردییە بۆمان ماوەتەوە، پاشان شاعیرانی کورد بە رووخسارو ناوەرۆکی نوێو جوداوازەوە، بەکاریان هێناون، بەتایبەتی لای کامەران و شێرکۆ بێکەس ناوەرۆکی شۆڕشگێڕیان پێ بەخشیوە، ماناو بیرێکی سەربەخۆی هەیە کەبە کورترین ڕێگا دەخرێتە ڕوو تاوەکو بەزوویی کاریگەری خۆی لەخوێنەر بکات.

هەر بۆیە زۆر بەشیعری بروسکە ناودەبرێت چونکە بروسکە ئاسا خێرا پەرش و بڵاودەبێتەوە ڕۆڵی خۆی دەبینێ لەهۆشیار کردن و ڕاپەڕاندنی جەماوەردا. لەبارەی چوارینەوە د. محەممەد نورەدین عبدالمنعم دەڵێ((وەك ئەوە وایە کە شاعیر دەریایەك لەناو دەفرێکی بچووك بکا))[1].

هەندێ توێژەرەوەی کوردو عارەب کێش دەکەن بە پێوانەی جیاکردنەوەی چوارینە لەدوو بەیتیدا، بۆ نموونە د. کامل بەسیر کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدیبانی عارەب لە پێشەکی گەنجینەدا دەڵێ ((چوار خشتەکی دوو دێرە لە هەڵبەستدا مەرجی چوار خشتەکی ئەوەیە کە کێشرابێ لەسەر کێشێکی دەرهێنراو لە هەزەجداو هەروەها مەرجی ئەوەیە کە ئەو دوو دێرە مەبەستێکی تەواو بگەیەنێ))[2].

جا بزانین د. عەزیز گەردی کە پسپۆری ئەم مەیدانەیە لەم ڕووەوە چی دەڵێ:(لە ڕاستیدا چوارینی کوردی بەکێشی ڕوباعی فارسی و کێشی دوو بەیتی و زۆر کێشی تری عەرووزیی و کێشی خۆماڵیش هاتووە))[3].

بەش بەحاڵی خۆم لە ڕەحمەتی ڕۆستەمی شاعیرم پرسی کە ئایا کێش پێوانەیەکە بۆ چوارین لە وەڵامدا ووتی من چوارینەکانم لەسەر بنەمای کێشی فارسی و عارەبی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو چوارینەکانم بەکێشی خۆماڵی داناون. چوارینەکانی ڕۆستەم بەزۆری بەر کێشی دە

بڕگەیی و چوارده بڕگەیی کەوتون، لەڕووی سەرواشەوه هەر چوار دێڕ سەروای هاوبەشیان بەخۆوه گرتون، له ڕووی ناوەرۆکەوه کێشەی سیاسی و گیروگرفتی کۆمەلایەتیو نەتەوەیی تێدا خراونەته ڕوو به زمانێکی ساکار و ساده کۆمەڵێك وێنەو دەستەواژەی پەند ئامێز ئاوێته کردوون تاوەکو بەزوویی خەڵکی لەبەری بکەن و له ئەزموونی ڕۆژانەیاندا وانەی لێ وەربگرن.

ڕۆستەم بەشێکی چوارینەکانی بەپەندو قسەی نەستەق دەوڵەمەند دەکات چونکه چاك دەزانێ کەپەندی پێشینان فەلسەفەی ژیانەو له ئەزموونی دوورو و درێژی ژیانەوه لەدایك بوون بۆیه لەم چوارینەدا ئاماژه به دوو پەندی کوردی دەکات، وەکو قسه کەوته زارێ ئەکەوێته شارێ یاخود هەر ئاهێ له ئاگاهێ، شاعیر فێرمان دەکات که دەبێ هەتا پێمان دەکرێت نەهێنیەکانمان بپارێزین و مرۆڤی عاقڵیش هەر یەك جار دەسخەڕۆ دەکرێت زوو ئەزموونی لێ وەردەگرێت:-

هەڵناگیرێ بەدەستێ دوو گندۆره بەجارێ
قسه بکەوته زارێ پەرتەی دەکا له شارێ
فێڵی لێ ناکرێ عاقڵ تەنها زیاتر لەجارێ
پێشینان گووتیانه هەر عەقڵه له خەسارێ

له چوارینەکانی تری فەلسەفیدا شاعیر دەیەوێ بڵێ که گیان، گەرمایی دەگۆڕێ جا بدیترێ یا ندیترێ، تیشکی ڕۆژیش ماددەیه که ئەنشتاین، بەتاقیکردنەوه ڕوونی کردۆتەوه، هەموو شتێ ماددەیه و

دیاره ماددەش دەگۆڕێ بەدەنگ و ڕوو شێوە یانی مرۆڤ بە دوو شێوە لێکتر جیادەکرێتەوە ئەگینا هەمووی هەر لەماددەی دروست بوون.

گـەرمایی ڕادەگوشرێ گیانێکی بۆ دەرسکێ
بدیترێ یانەدیترێ هەتا ڕۆناکی تیشکێ
هەرە چەندە پێگەیشتێ ئەویش داوێ پرپشکێ
بەدەنگ و ڕوو و شێوەی دەگۆڕێ یەك بەیەکێ

شاعیر دەڵێ هەندێ کەس هەر بەتەنگ خۆیانەوەن ئاگایان لەکەسی تر نییە، هەر خەریکی گیرفان پڕ کردنن، جا بەهەر جۆرێ بەلایەنەوە گرنگ نییە.

هەر پێویستییەکی هەیتی ئینسان دەکرێ و بەکرپینە
ئەوانەی ئیشێ دەکەن لەخۆشی بێ بەرینە
ڕێگای خەرج کردنی پارەی پان و بەرینە
ڕێگای وە دەست کەوتنی پارەی بەقوڵ بڕینە.

* * *

سەرچاوەکان:

١ - د.محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي، القاهرە، ١٩٧٦، ص٢٣٦.

٢ - دلزار گەنجینە، بەغداد، ل١٣.

٣ - عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٦٨.

## کارەساتی کۆیە لە شیعری رۆستەم حەویزیدا

بەراستی کارەسات و رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣،کارەساتێکی کوشندەو جەرگ بڕبوو، چونکە بەعسیەکان سیاسەتی قڕ کردنی گەلی کوردیان پیادە دەکرد، بۆیە لە ١٩٦٣/٦/٩دا سوپای عیراق و حەرەس قەومیە بەعسیەکان هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر شارەکانی کوردستان و بەدەیان کەسی بێ گوناهیان گوللە باران کردن، تەنانەت لەشاری کۆیە زیاتر لە (٢٥)کەسیان شەهید کردن، لە ١٠ی تەمووزی ١٩٦٣دا، رادیۆی

بەغدا بڵاوی دەکردەوە، کەلە هەر شوێنێکی کوردستان تەقە لە سەربازەکانی بکرێت ئەوا ئەو شوێنە وێران و خاپوور دەکرێت، هەر لەمانگی تەمووزدا تورکیا و ئێران لە کۆبوونەوەی نهێنی خۆیاندا، بڕیاریان دا کە شۆڕشی باشوور بەهەموولایەکیانەوە دایدەمرکێننەوە، بۆ ئەمەش ئێران ڕێگای بە بەعسیەکاندا کە بچنە خاکی ئێرانەوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە ڕاو بکەن هەروەها زۆر بە توندی سنورەکانی خۆی بەهێزکرد تا ڕێگای کێشانەوەیان نەبێ لەکاتێك کە جەیشی عیراقی هێرشیان بۆ دەهێنێ، هەروەها عیراقیش ڕێگا بە فڕۆکەکانی ئێران دەدا کەبەسەر ناوچەکانی سەرسەنگ و ئاکرێو ڕەواندز بفڕن و کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە بکەن، لە ١٩ی حوزەیراندا تورکیاش بڕیاری یارمەتی دانی سوپای عیراقی ڕاگەیاند، لەلایەکی ترەوە ڕژێمی بەعسی سوریاش بڕیاری هاریکاری بەعسیەکانی عیراقی کردو بۆ ئەم مەبەستەش هێزی یەرموکی نارده کوردستان، شوکر هێزی پێشمەرگە دەرسێکی باشی دانێ و بەشکست و زەرەرێکی زۆرەوە گەڕانەوە. دەوڵەتە هێز زلەکانیش وەکو ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا درێغیان نەکرد، بەریتانیا (٢٥٠)فڕۆکەو سەد ئوتومبێلی زریپۆشی بە بەعسی فرۆشت، ئەمریکاش تەقەمەنیەکی زۆری بۆ عیراق هەنارد، ئەڵمانیای ڕۆژئاواش قەرزێکی زۆری بەعیراقدا بەم شێوەیە هەموو لایەك بەشدارییان کرد بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشەکەمان، تەنیا شورەوی نەبێ کەهەڵوێستی مەردانەی هەبوو، ئەوەش بەلای منەوە بۆ سیاسەتی عیراق دەگەڕایەوە، چونکە عیراق سیاسەتێکی دوژمنکارانەی بەرامبەر شیوعیەکانی عیراق و یەکێتی سۆڤیەت هەبوو، بۆ ئەمەش یەکێتی سۆڤیەت لە ٩ی تەمووزی ١٩٦٣دا وڵاتە دراوسێکانی عیراقی ئاگادار کردەوە، کە دەست نەخەنە

کاروباری کوردەکانەوە، تارادەیەك کارێکی باش بوو، بەتایبەتی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ڕوونی کردەوە کە فڕکردنی کوردەکان لەعێراقدا بارێکی ئاڵۆز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چێ دەکات وئاسایش و ئارامی لەناوچەکە تێکدەداو دەیخاتە بارێکی پڕمەترسیەوە.

ڕۆستەمی شاعیریش بەر شاڵاوی گرتن و لێدانی بەعسیەکان دەکەوێ و بەم جۆرە لەگەڵ بەشێکی زۆر فەرمانبەرانی کۆیە دەست گیر دەکرێن و ڕەوانەی شاری کەرکوکیان دەکەن، جا شاعیر لە ١٩٦٣/٦/٢٨، ئەم شیعرە درێژەی لە گرتووخانی کەرکوك دەنووسێ بۆ شاری کۆیەی دەنێرێتەوە، شاعیر زۆر بەوردی باسی جوانی و قەشەنگی شارە خنجیلانەکەی حاجی دەکات، لەدیاردە بچووکەکانەوە بەرەو شتە گشتییەکان دەچێ و شیعرەکە لەسەر شێوازی فۆلکلۆری کوردی نووسراوە، کێشێکی سووکی هەیە کەکێشی دە بڕگەیی یە، کە بەکێشی نەتەوەیی ناسراوە.

بە زمانێکی زۆر ساکارو سادەو پەتی داڕێژراوە، چی ڕووی داوە، بەشێوەیەکی ئەدەبی بۆمان دەگێڕێتەوە، بەتایبەتی ئەو سیاسەتە چەپەڵەی بەعسیەکان کەلە شەستەکاندا لە گرتووخانەکاندا پەیڕەویان دەکرد،

بەسەرهاتی کۆیە

هەی داد هەی بێداد هاوار هەی هاوار
بۆ شاری حاجی قادری نازدار
بمرم بۆ حاڵی دەربەدەرانی
بۆ گرتووەکانی بەندی زیندانی
بۆ باغەکانی شیوی ڕەزانی

بۆ دارەکانی سەر گۆڕستانی
بۆ خەستەخانەی پڕ لەدەرمانی
بۆ بانگ و سەلای مزگەوتەکانی
بۆ لاوەکانی کوردی دڵ گەرمی
بۆ کیژەکانی مەردی بە شەرمی
بۆ خانوبەرەی ماڵی حەماغەی
قەسەرە جوانەکەی بەر ئاشی ساغەی
قەسری رەحابی کاك عوسمان عەونی
هەر چەندی پێدەی دەهێندەی دەینی
قەسەرە جوانەکەی تاهیر عەزیزی
بۆ دار و بار و گوڵ و فریزی
بۆ بنەماڵەی ماڵی مام خدری
بۆ ئەو لاوانەی نەخرانە قەبری
بۆ چایخانەکەی فەتاح حەکیمی
کەلێنە گەورەی مەلا مەعسومی
بۆ کەبابەکەی وەستا عەبدوڵلای
بۆ میوەجاتی کاك صابر حەلوای
بۆ گەراجەکەی بەرامبەر ڕێنگەی
بۆ لاوەکانی بەستران لەدینگەی
لەبۆ مەخزەنی کاك بەکری بەنا
هەرچی داواکەی بەکەس ناڵێ نا
لەبۆ کۆگاکەی جوانی بابەکەی
هەر چی داواکەی قەت ناڵێ نەکەی

لـەبـۆ مـەخـزەنی حاجی جەمالی
بـۆ کـۆشـك و سـەرای کـاکـە کـەمـالی
لـەبـۆ مـامڵـەتـی حـاجـی سکتـانی
بـۆ بنـەمـاڵـەی کـاکـی شێخـانـی
بـۆ خـزمـەکـانـی ئـالـی حەوێزی
مـأمـورەکـانـی گـەورەو بـەرێـزی
بـۆ تـەکیـەو بەرەی کاك شێخ حوسامێ
بـۆ قسـەی خـۆش و چـایـەی بـەتامی
بـۆ دارو بـاری مـەیـدانـی خـوارێ
بـۆ مـاسـت و کاردی فەصلی بەهارێ
بـۆ کۆشکـە قـوڕی خاڵ مستەفاغەی
هێنـایـانـە دەر بـەردی بنـاغـەی
بـە زەبـری پـاج و نـەوت و بـاڕوتی
تـۆزی نـەمـاوە لـەبـۆ بـڕموتێ
بـۆ مـەڕ و مـاڵـی گـونـدی کـورداوە
بـۆ خـانـوبـەرەی ئـاغـای تـۆبـزاوە
بـۆ تـاڵان کـرای گـونـدی هـەرمـۆتـە
بـۆ شـەهیـدانـی دێـی مـزگـەوتۆکە
ئـەم دی رووبـدا وەك کـۆ لـەشـارێ
مـەئمـورەکـانـی بگـرن بـەجـارێ
خـڕکـرانـەوە لـە حـەوشـی سـەرا
سـەرتـا بـەخـوارێ گـێسکـی لـێ درا
قـائمقـامـی نـوێ عـەبـاسی خەڵەف

هەر گەیشتە جێ دەستی کردە گەف
بەبێ سەلام و کەلام و حیلە
ئەوانی خستە ژووری تەویلە
لەلای عارەبان چەند بەنرخە کورد
لەجێی دە ولاغان صەد کەسی تێکرد
بەقرچەی هاوین جێگاش وەها تەنگ
دەرگا دادەخرا دەبووە شەوە زەنگ
هەرچی دەمان خوارد دەبووە ئارەقە
خۆزگە بەو شەوەی کە دەکرا تەقە
قەدەغە دەکرا رۆژێ سەراسەر
بۆسەر پێشاویش هەتا چوونە دەر
لەگەڵ زەمانەی ئینسان بڵێ چی
نا مەردێ وەها وەکو تەها شەکرچی
لەسەر گرتیەکان دەیخوڕی و دەیبڕی
بە ئاسمانی کورد هەتا دەوەڕی
خۆی هەڵدەکێشا دەی گوت بێ شەرم
انا انا ثورت وەحدی عەبدولکریم
زورنای فیشالی دەکوتا بەبێ پێك
ماموستا زەکیش ووتی هەلەبیك
بەدرۆو دەلەسە بردینە مەعسکەر
نێزیکی مانگی وایان بردە سەر
هەتا کوو دانراوە لوجنەی تەحقیق

زۆر کــەس وەخــت بوو بگرێ سیل و دیق

قــائمقــامــەکــەی عــەبــاســی بەد فەڕ

شـــەوەکــی نـــاردی ئــەو بــەدوای مەزهەر

ووتــی پێــم بڵــێ لێـــرەکــێ پـــارتــــە

دەنـــا دەتکــوژم ئێستـــا لـــەو کـــاتـــە

مــەزهــەریــش ووتــی ئــەمــن نــاتــوانم

خــۆم حیــزبــی نیمــەو نــاوان نـــازانــم

ئــەورقــی هــەستــا خێــرا دەم و دەســـت

کــاکــە مــەزهــەریان توند لەداری بەست

پێیـــان بــڕی بــوو تــەواو لــە ئــەرزی

ئـــەوەی دەتـــرســـا وەك وی دەلـــەرزی

ئینســـان نـــەیــدیــوە لێــدان بــەو جۆرە

خـــۆیـــان مـــانـــدوو بوون کــردیانە نۆرە

بــەچـــار دەستــەکـــی هـــەر لــە دوورەوە

کــاکــە مــەزهــەریــان هــەڵــدا ژوورەوە

لــەبــۆ بــەیــانــی کــە چووینــە کــەرکوك

ڕۆژی نــەمــان خــوارد نــەنــان نە ئەستوك

ئێمــەیـــان بـــردە مــەوقیفـــی ســـەرا

لـــەوێ نـــابینـــی بـــە ڕۆژ بـــێ چـــرا

هـــەر وەك شێلمـــی ئینســـان دەگـــۆڕێ

بـــە زستـــانـــانیـــش پــانکــە دەسوڕێ

زیـــاتـــر لـــە پـــەنجـــا هـــەر شێتی لێ یە

جــەهــەنــدەم هــەبــێ بــێ شك ئەوێ یە

لــەبۆ بــەیــانــی چــووینــە موعتــەقەل
هــۆڵێکــی زلـــەو دەگـــرێ دە مێگـــەل
جێگـــایــەکــەشمـــان لـــەنـــاو ئۆردووە
هـــەر بێــرە بڵێیـــن قــەبــری زینــدووە
کــەونـــە مـــەخـــزەنـــی ئەرزاقی جەیشە
هــەر چــوار قــاوشــی لەسەریەك حەوشە
ســەرمـــان تــەنــەکــەو بنمـــان چیمەنتۆ
دەبــێ چـەنــد ســار بــێ بــە تەخمینی تۆ
رۆژێ ســـێ جـــاران دەچیـــنــە ســـەراو
هـــەر بــە هـــانــەکــە هانك بەغارو بەتاو
مـــاوەی هـــەر جــارەی دە دەقیــقەیـــە
لــەپــاش ئــەو مـــاوە ئـــەو جــا فیقەیــە
لـــەدوای یــەکتــری دەکــەیــن شــریتــە
دەنگـــی تــرانیــش فیشــەکــە شێتـــە
شــۆربــەیــە نیسکـــە تـــێ شــووی بــەیـــانی
دانـــی تێــدا نـــییــە لـــە بـــۆ دەرمـــانی
لــەبـــۆ نیـــوەڕۆ کـــولـــەکـــە زەردە
بـــڕوا بفـــەرمـــوو میقـــرۆبـــی دەردە
لــەبـۆ ئێـــواران شـــۆربـــای شێلـم
بـــاســـی خـــواردنـــی بــەجــێ دەهێڵـم
تــەنــەکــەی ئــەوتــێ کــورســی تــەراشە
لێـــرانــە هـــەر ئـــاو بـۆمـــان بــەلاشە
چـــایــەش لێ دەنێـیـــن هـــەر لـــەمەنجەڕێ

لــــه رووی نــاچــاریـش مەجبوری دەکرێ
مــانگــی دووجــاران مــواجــه هــەیــه
مــــواجــەهــەی چــی هــەر بــەناو هەیه
لــــه ئێمــه غــارو لــەوانــیــش هــاوار
وەك تــێــك بــەر دەدرێ بــەهار بەرخ و كار
نــاگــەینــه یــەكــدی سیمــــان نێــوانــه
وەك رۆژی حـــەشـــره ئــەو دەشتــه پــانه
لای ئێمـــه جــونــدی و لای وانیش ئەمنه
تــەنهـــا مــونــەیــد قســەی زۆر تــرِنــه
كــارێكـــی وایـــان بــه كــۆ كــرد عەرەب
هێنــدەی تــریشیــان نــاردنه مــوسەیەب
شیعــرەكــەی لــه ئەرشیفی نووسەر وەرگیراوە......

## هەندێ بیرەوەریم لەگەڵ شاعیری شەعبی ناوچەی كۆیه مامۆستا رۆستەم حەوێزیدا

له هەفتاكاندا لەگەڵ مامۆستا رۆستەم حەوێزی شاعیر ئاشنایەتیم پەیدا كرد هەر چەندە كاك رۆستەم زۆر بەتەمەن لەمن گەورە تربوو، ئەوەی لە یەكتری نزیك كردبووینەوە شیعر و ئەدەب بوو مامۆستا شاعیرێكی قسه خۆش و نوكته باز و قسه لـه ڕوو زۆرزان بـوو، شیعرەكانی له ڕووی ڕووخسارەوە ساكارو سادەبوون بەلاَم له ڕووی ناوەرۆكەوە بەبیری پێشكەوتن خوازانەوە دارێژرابوون كاك رۆستەم هەموو شیعرەكانی خۆی

ئەز بەرکردبوو گەلێ شیعری بڵاونەکراوی حاجی قادرو فایقی شاعیری لەبەر بوو کاتی خۆی بەشێك لە شیعری بڵاونەکراوەکانم لە رۆشنبیری نوێ و عیراق بە کوردی بڵاوکردونەتەوە زۆرجار عەسران بەرەو باسکی عەرەبیان و گردی رێزەتوان پیاسەمان دەکرد کاك رۆستەم هەر شیعرێکی تازەی نووسیبا بۆی دەخوێندمەوە ١٩٧٦/٢/٢٤ بەرەو گردی رێزە توان دەرچووین کاك ڕۆستەم ئەم چوارینەیەی بۆ خوێندمەوە:-

لەناو وڵاتی بابە گورگوڕ بی
عەیبە دانیشتوی لەسەرمان سڕبی
خانوو بەرمیان لەخشت و قوڕ بی
لەبەر دەست غەیرەی بێ دەنگ و کڕبی

ئاگزوری کۆمەڵایەتیمان و دواکەوتووی میللەتەکەمان لە زۆربەی زۆری شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگیان دابۆوە، بۆیە زوو دیاردەو ئاستەنگەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە چوارینە بۆ دەخوێندمەوە:-

روسیش کەژاوەی ناردە ناو مەریخ
ئەپۆڵۆشمان دیت لەناو مانگ بوو یخ
لێیان هێنا خوار بەرد و شاخ و زیخ
کوردیش نان دەکەن بەتەپاڵەو ڕیخ.

لە ١٩٧٦/٣/٩ لە گازینۆی کەریم سەلیم شیعرێکی دڵداری خۆم بۆ کاك رۆستەم خوێندەوە سەرەتاکەی بەم شێوەیە بوو:-

کوانێ خاڵی دەسکردی سەر کوڵمەکانت؟
کوانێ کراسی زەرد و شینی یادەکانت؟

کوانێ نیگای چاوی شیعره جوانەکانت؟
کوایی نەشمیلەکەم خۆت کوانی
بۆ هیچ کەسێ پێت نازانی
کاك رۆستەمیش وتی:-
منیش بەم چوارینە وەلامت دەدەمەوە بەهیوام سوودی لێ وەربگریت:-
مەم تۆقێنە بەتۆقەی
مەم ترسێنە بە تەوقەی
لەیاد مەکە ئەو زەوقەی
تا لەدەست دەکەی هەلقەی
پاش چەند رۆژێك کاك رۆستەم وتی تۆ نازانی وەسفی کچ بکەی سەیرکە بزانە من چۆن وەسفی دەکەم:-

شەرمە بلێم جوانە بەدیمەن و سەرو پرچ
مەمکو گولمی ڕابگوشم ماچی بکەم مرچە مرچ
دلی خۆمی پێخۆش بکەم لە سمتی بگرم نقورچ
بە پێکەنینی بێنم بەچەند گۆتەی پڕو پووچ
گوتم کاك رۆستەم لەبەر ناخۆشی ژیان هەموو رۆژێك پەلاماری مەی دەدەی ئەدی بۆچی شیعرێکی جوانت لەسەر مەی نەنووسیوە لەوەلامدا ووتی:-
من و پێك بووینە ئێك

ئێوارەی ۱۹۷٦/۲/۲۸ بۆ ماڵی کاک ڕۆستەم چووم کاک ڕۆستەم ووتی چوارینەیەکم بۆ وەسیەت نامەکەم نووسیوە:-

بەجێی دێڵی ئەتۆش وەك من بەجێم هێشت
ئـەوەنـدەی مـام گـەلێکم غـەم بـرا چێشت
بـە مـەرگـم بـاری خـۆم سوك کرد دەزانی
گــرانــی ئــەرکــی ژیــانم پێوە هەر ڕشت

* * *

## لە یەکەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ڕۆستەم حەوێزیدا.

ڕۆستەم حەوێزی کە شاعیرێکی میللی ناوچەی کۆیـە یـە، بەشـێکی زۆری بەرهەمەکانی بابەتی رامیارین و زیاتر ئامانجی خستنە رووی بـیر بووە، بۆیە زۆر گوێی بەهونەری شیعری نەداوە، جگە لەشیعری رامیاری، هەنـدێ بابـەتی دڵـداری‌و وەسفی نووسـیون، بەتایبـەتی ئـەم شـیعرەی کەبەناوی شاری کۆیەیە شاعیر وەسفێکی ورد و جوانی شوێنە سازگار و دڵرفێنەکانی شارە خنجیلانەکەی حاجی قادر دەکات و دەڵێ:-

دەڕوا عومری لە کیســی کــەسێ دەمـی بەهــاران

لــه گــردی مــام جــەرجیسی دانــەنیشیٚ ئێواران
دیــار بــه دیــاری کــه کۆنی قشڵەی سۆرانی کۆنی
گــوڵــزاری گــۆنــاو گــۆنــی شــەقامی خوێندەواران
نــازانی بنــوارپــه کـــویٚ بــاواجی و حــەمــامۆکیٚ
میــر ســەیــد و چنـــارۆکــیٚ ڕەزو بــاغی هەنـــاران
دەنــوارییــه ئــەو بــەرەی گــردی سێوکەو چەمبەرەی
مێر گوڵەی کانیــه قەرەی سەیرانگەی گویٚ بە گاوران
لــەولای ســەلکـــی کـــافــری تــا ڕووبــاری گــازری
کــەرکــوك دیـــاره ئـــاگــری مەیدانی شۆڕه سواران
لــەولای گـــردی ڕێــزه تــوان پــانتــایی کانیه بسکان
سـەیــرانگــای ئۆمـەر خوچان سەر شەقامی دڵداران
روو لـــــه هــەیبــه ســولتــانـی دیمــەنــی دارستــانی
گومبەت و کانی جوانی هەوارگەی چاو بە خومــاران
لــەســـەر ســـەری ســـەرایــه تــەمــاشاکەی دنیـــایه
چیــای قــەنــدیلی لــه لایه لــەلای کێوی خــاڵخالان
رووکــه چیـــای حـــەمــرینــی تــی چاوت ده سەفینی
بـــەولای پیــره مــەگــرونــی چــەم و زیٚ و رووباران
شـــاری عیلــم و پیــاوەتــی ســەرچاوەی کوردایــەتی
مـــەڵبەنــدی مـەردایــەتی کۆی ئـــاواتــی هــەژاران(١)

١) شیعرەکه له ئەرشیفی نووسەر وەرگیراوە.

## زەكی هەناری شاعیرو وەرگێڕ

زەكی هەناری لە كۆشی خێزانێكی رۆشنبیر چاوی كردۆتەوە، گولستان و بوستانی خوێندووە، دایكی خوێندەوارێكی باش بووە، سوختەخانەی لە كۆیە كردۆتەوە، منداڵانی گەڕەكی فێر خوێندن و نووسین كردووە، ماوەیەكیش لەلای (مەلای رەش)دەرسی خوێندوە، پاشان چۆتە قوتابخانەو ساڵی ١٩٢٦ قوتابخانەی سەرەتایی لەكۆیە تەواو دەكات، لە ساڵی ١٩٢٨ (دارالمعلمین) لە بەغدا بە پلەی زۆرباش دەبڕێ، بۆ قوتابخانەكانی كۆیە دەگەڕێتەوە و بەردەوام دەبێ لەوانە ووتنەوە لەكۆیەو رانیە و هەولێردا.

مامۆستا زەکی رووخۆش و خۆشەویست بووە، زۆر ساکار و سادەبوو لەلایەن قوتابیەکانەوە زیاد لەپێویست رێزی لێ گیراوە و قوتابیەکان گوێ رایەڵی قسە بەنرخەکانی بوونە، لەگەڵ فەرمانبەر و ئەشرافی کۆیە پەیوەندی باشی بووە، رۆلێکی باشی بینیوە لە پەرەسەندنی قوتابخانەو پەرەپێدانی قوتابیان، هەر چەندە ئەو کات لەلایەن هەندێ لە مەلا کۆنە پەرستەکانەوە دژایەتی کراوە، مامۆستا زەکی لە قوتابخانەدا سرودەکانی خۆی بە قوتابیان دەوتەوە، بەم جۆرە ناوبانگی لەناو قوتابیان و خەڵکی شاردا بلاوبۆوە، زۆر چالاك و وریا بووە توانایەکی باشی لەدانانی شیعر و چیرۆکدا هەبووە، جگە لە وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی دا.

هەناری لە چیەوە هاتووە؟

دەربارەی هەناری چەند بیروڕایەك هەیە، بە کورتی ئەمانەن:-

١. هەندێك دەڵێن باوکی خەڵکی گوندی هەنارەی خەلان بووە، باوکی لە شێخەکانی وێ بووە هاتۆتە شاری کۆیە، ئەگەر خەڵکی گوندی هەنارەی بونایە، پێویست بوو بوترێ (هەنارەیی).
٢. ناوی ئەکیان هەنار دەبێ خەڵکی پێیان وتووە (هەناری) چونکە ئافرەت ئەگەر مێردی زوو بمرێ، منداڵەکان بەناوی ئەوەوە ناو دەبرێن واتە بەناوی دایکیان، ئەمە لە کۆیە باوە.

٢. هەر چەندی خۆیان واتە مامۆستا زەکی وای دەردەخەن کەلە (هەنارەوە) هاتوون، (هەنارە) گوندێکە لای دەربەندی گۆمە سپان. هەندێکی تر دەڵێن خانووەکەیان لە تەك ماڵی ئەمین ئاغای ئەختەربووە، ماڵی مامۆستا زەکی پڕ دەبێ لەدار هەناری بەرز و لەماڵی مامۆستا زەکییەوە ئاو بۆ ماڵی ئەمین ئاغای ئەختەر چووە، کاتێ ماڵی ئەمین ئاغای ئەختەر ئاویان دەبڕێ، دەڵێن ((لەهەناری یان نایە ماڵی هەناری)) واتە ئاوەکەیان بەرداوەتەوە سەر دار هەنارەکان.

زۆر تر ئەم ڕایە پەسند دەکرێ، مامۆستا عبدالرحمان برای مامۆستا زەکییە ئەم ڕایە بە پەسند دەزانێ بەلام ئەویش زۆر متمانەی پێ نییە.

لە ساڵی ١٩٣٦ بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕانیە بووە، ئەم شیعرە دڵدارییەی داناوە کە سەرەتاکەی بەم شێوەیە.

توخوا بۆ نەگریم بۆ بەختی ڕەشی خۆم
پەروەردەیی دڵ بووی ئێستێ دەڵێ چی تۆم
ئەی سەرووی سنەوبەر بۆنت وەکو عەنبەر
گەر وەسڵی بفەرمووی فیدات بێ ماڵ و سەر
ئەی ڕووت وەکو ماهە سینەت گوڵە باغە
گەردەنت وەکو پشکۆ جەرگم پڕ لە داغە
ئاگری دڵی من کڵپەی وەکو تەندور
گەر وەسڵێ نەفەرمووی و جودت دەکا خاپوور

کاتێ راپەڕینەکەی شێخ مەحمود شکست دەهێنێ، مامۆستا زەکی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم ڕووداوە مێژووییە دەردەبڕێ و هاواری لێ هەڵدەستێ و لە (٢٣)ی مایسی ١٩٣١ ئەم قەسیدەیەی بۆ دادەنێ:-

عــەزیـــزانــم وەرن کــوردان بکــەن شیــوەن بەیەکجاری
لەبـۆ ئـەحـواڵمـــان ئیمـــڕۆ بکـەیـن تـەدبیـروە یاچاری
لـە بـۆ حەقمان هەڵستابوو ڕەئیسمان یەعنی شێخ مەحمود
لـە مـەیدانـی وەغـای هەرلا کە ڕووی تـێ کردو دای ماری
هـەتـا شـل بـوو شەڕی کرد و شڕی کرد دوژمنی بەدفەڕ
کەچی کوردان هەموو مات بوون نەبوون سابۆی بەغەمخواری
درێـغ و حـەیفــە بــۆ کوردان لەمەولا ئیدعای حەق کەن
نــەیــان دا یــاریـدەی فـرسـەت لـەبۆ تەحقیقی ئەفکاری
هــەزار رەحمــەت لـــە کــوژراوی شــەڕی میللـەتی کورد بێ
لــە بـــۆ بـەرزی وەتــەن خــوێـن یان لە مەیدانا بووە جاری
ئـەتـۆ شێخم مـەخـۆ غـەم بـەس کەتۆ مەحموودە ئەفعالت
وەکـو سکـە لـەدڵ مـــانــدا مـونـەقەقـەش بـوو لە کرد گاری
ئەتۆی مـورشیـد لـە بـۆ کوردان دەلیلی سەربەخۆیی بووی
مـەحامی بووی لە بۆ حەق یان لەگەڵ غەم یان بەغەمباری
نموونــەی گـوردی کـوردانـی وەکـو شێـری لـە مـەیدانـا
نـەوەك حـەیـدەر نـەوەك خـالید لە دوژمن وا بە کوشتاری
لــە مـەیـدانـی شـەڕا وەك شێـر چریکەت عالەمی هەڵساند
هـەمـوو کـوردان لــە غـەفلەتدا هەڵستان کەوتنە هۆشیاری
لـەبـۆ سەرکەوتنی کـوردان گـەلێ جوهد و جیهادت کرد
لـە بـەر بێ بەختی کوردان بوو کە بەختی تۆش نەبوو باری

لـــه رۆژی چـواردەمـی مـــایس کـــه رۆژێـکـی رەشی کـوردە
کـه دەورەدرا لـــه گــــەورەی کـــورد و گیــــرا بـــه غــــەدداری
بنــــۆشن بــەرگـی رەش کـوردان بکـەن مـاتــەم له ئـەم ڕۆژە
کــە نــەعشو شووم بوو بۆ کوردان مەحوی کرد چاکی ئاثاری
هــەزار جــاران بــه نــەعـلـەت بن وەکــو شیری هــەتـا مـاون
نــەبـوو شـەرمـێ لـەگــەڵ دوژمــن دەدەن دەوره له شاسواری
بلێنـه ئـەم ڕەئیـســانـــه کـــه رۆژی خــــۆشیـــان فــەوتـــان
نـــەفـــوز و قـــەدر و قیـمـەتیـان فـەرق ناکرێ له جووتیاری

**هەندێ له نوکتەکانی مامۆستا زەکی هەناری**

باپیری زەکی هەناری کەناوی وەسمان بووە، زۆر نوکتـه بازو قسـه خۆش بووە، دەڵێن کاتێ ئـەمین ئاغا (ئەختـەر)ی شاعیر کۆچی دوایی دەکات لەبەر دەرکی ماڵی (ئەختەر)ی شاعیر قورگیرابۆوە، کە خەڵکی لـه گوندەکانەوە دەهاتن قوڕەکانیان دەخستە سەرسەریان، باپیری زەکی زۆر قۆشمەچی و سوحبەتباز بووە، بێڵێکی بەدەستەوە گرتووە، ئـەوەی هاتووە بێڵێکی قوڕی خستۆتە سەری،

- جارێ له ئاهەنگی ساڵانەی وەرزشی کۆیە کە له ئەرزی میری کراوە، هەموو ئەشراف و دەوڵەمەندەکانی کۆیـە تێدا بەشداربوونە، زەکی هەناری بەکاکە زیادی ووتوە کەمن دەزانم ئەوانەی دێنـه ئاهەنگ سەروەتیان چەندە (کاکە زیاد ئاغا) لێی پرسیوە چۆن، ئـەویش ووتویەتی بە قونی ئەوێ هێ دەزانم، چونکە هەر کەسێ دەوڵەمەند تربێ، ئەوە زیاتر لەبەری هەڵدەستێ .

- کابرایەکی شەل هەبووە، مامۆستا زەکی ووتویەتی لەسایەی ئەوزاتەوە سەگ لە گەڕەکەمان نەماوە، چونکە دەڕۆیشت دەستی شۆڕ دەکردەوە، لەسەگەکان وابێ دەست بۆ بەرد دەبات.
- جارێکیان لە ژوورەوە دانیشتووە منداڵەکانی بێ عاریان کردووە، ژنەکەی پێ ووتوە (مالۆس) بۆچی نایەی تەمبێ یان بکەی، ئەویش دەڵێ ئافرەت مەڵێ مالۆس (بڵێ (یەکانە).
- رۆستەم حەوێزی شاعیر بۆی گێڕامەوە، کە مامۆستا زەکی نوکتەی لەسەر کردووە، کاك رۆستەم لەسەر گردی مام جەردیس دادەنیشێ، زەکی هەناری بەوێدا تێ دەپەڕێ و دەچێتە لای مامۆستا رۆستەمی و دەفتەرێکی گەورەی دەداتێ، پێی دەڵێ شیعری تێدا بنووسەوە، ئەو شیعرەشی تێدا بنووسە کە هەجوی منە، پاشان کاك رۆستەم ووتی شیعرەکەم دڕاند و بلاوم نەکردەوە....

## لە شیعرە بلاو نەکراوەکانی زەکی ئەحمەد هەناری

ئەگەر چی ئەدەبەکەمان هەنگاوی فرە مەزن وپێشکەوتووانەی بە خۆیەوە دیوەو قوتابخانەی کلاسیکی ماوەێیکە جێهێشتووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی کلاسیکی نرخ وپلەی خۆی دیارە وهەرگیز بە نەمری دەمینێتەوە ورۆژ بەرۆژیش بەرهەمی بلاونەکراوی تری دەچێتە سەرو بلندو بالاتری دەکات، لەژمارە (٤٩)ی بەیانی بەرێزدا هەندێ لەهونراوە بلاونەکراوکانی مامۆستا زەکی هەناریم خستە بەرچاو کە بۆ منداڵانی کوردستانی دانابوو، ئەمجارەش لایەنێکی‌تر لە هۆنراوە کلاسیکیەکانی

شاعیر دەخەمە ڕوو، بەهیوای دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کلاسیکی مان وپەرەپێدانی.

مامۆستا زەکی لە هەرەتی لاوێتیدا وەکو زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکان ئەوین وجوانی ژن دەبێتە سەرچاوەی هۆنراوەکانی و دەکەوێتە جیهانی دڵداریو عیشقەوە، بۆیە لەهۆنراوەی (جوانی) دا ئەم سۆزە دەردەبرێ ودەڵێ:-

جوانیت هەردەم هەر لەهەبوون بێ
ڕووت درێژی ساڵ وەك لالەگوون بێ
خەیاڵی عیشقت لەسەری ئێمە
هەموو ڕۆژ هەبێ هەر لەزۆر بوون بێ
هەر سەروێ بڕوێ لەناو چەمەندا
لەئاستی باڵات سەری نخوون بێ
چاوێك بە خراپە تەماشای تۆ کات
وەك گەوهەری سوور غەریقی خوون بێ
چاوت لە ڕێگای دڵ فڕاندنا
بۆ جادووکردن خاوەن فنوون بێ
لەهەر کوێ دڵ بێ لەغەمی تۆدا
بژێو بێ ئارام لە هات وچوون بێ
باڵای گشت دولبەر لەهەموو جیهان
لە پێش بەژنی تۆ هەروەکو نوون بێ
دڵێ لە عیشقی تۆدا خالی بێ
لە حەلقەی وەصڵت ڕوو زەرد زەبوون بێ
ئەم لەعلەی لێوت گیانی (زەکی) یە

دوور لــه لێـوانـی پیـاوانی دوون بـێ

بـەڵام زۆری بـێ ناچـێ گـوڵی بـاغی هیـوای شـاعیر سـیس دەبـێ و بەئاواتی دڵی ناگاو بەدڵ تەنگی وناسۆرییەوە دەڵێ:-

دڵـم غـەمگینـە خـەو نـاچێـتـە چـاوان
کـە هێـور نـابـێ چـاوی پـڕ لـە هێشـان
ئەگەر گشت کەس هەمـووی دڵخۆش وشاد بێ
لــەلای مــن بــەنــدە ژیــن دنیـایـە زیندان
ئــەگــەر شـابـم لــە دنیـادا بـە پـوولێك
دڵــم مــەحــزون بـێ چـاوم پـڕ لە گریان
بڵێسەی نــاو هــەنـاسـەم مـەهجەری دڵ
لــەچـاو ئـەڕژێتـە خـوارێ ئـاو بە تۆفان
دڵـی غـونچـەم لـە گـوڵشەن هەرکە پشکوت
غـەمـی پـایــز وەرانــدی دای بــە دۆڕان
کــە بــاڵای ڕاسـتـەکـەی مـن وا بـە گەنجی
لــەژێــر بــاری غـەمـانـد بـوو بـە کۆچان
لــە بـۆ زانـینـی تــاڵ وخـۆشـی دنـیــا
هــەزار نــادان وزەکـی مــاوە حــەیــران

مامۆستا زەکی زیاد لە پێویست وێل وعەوداڵی زانست وزانین بووە وەکو مۆمێك بۆ ڕەناك کردنەوەی تاریکی گەلەکەی سووتاوە وهانیداون کـە دوای زانست وزانیـاری بکـەون، کـە بنچینەی شارسـتانیەت وپـێش کەوتنی کۆمەڵە، بۆیە لە هۆنراوەی کە بە نێوی (زانین) دایناوە دەڵێ:-

زەمیـن پـێویستی چەند بە بارانە
زانیـن بـەم پـێیـە ویـستـی گیـانە

بــەتـینـە ئـەمــەی دانـایە وپیاو
زانـیـن دڵـی پیـر ئـەکـاتـن بە لاو
نـەزان تــاریکی یە، چرای زان پێکە
کــێ دەڵـــێ زانــا ونەزان وەك یێکە
ئــەتـوێ بە باشی خۆت وگەل بژین
ولأت ببێتــە باغ بۆی بکەی پەرژین
ژیــان خــۆش بکرێ ئێکتــر بناسین
ئــەمەت بۆ پێك دێ بە زانین زانین
لــە کــۆهــەڵـکـرا چــرای زانستی
ڕێ ڕاستــی وهەستی بۆ دیار خستی
کتێبخانەی گشت بەهەشتی مێشکە
مــەلـی گیـــانـت لـەزانیـن خۆشکە

## مەلا عاصی شاعیر دوا دەنگی کلاسیك بوو لە کۆیەدا

کۆیەی مەڵبەندی شیعر و هونـەر، بـەدەیان شاعیر و هونەرمەنـدو ئـەدیبی ناسـراوی پـێ گەیانـدوون، دیوەخـان و تەکیـەو مزگەوتـەکانی شــوێنی بەیــەك گەیشـتنی شـاعیران و ڕۆشـنبیران بـووە، لــە هــەموو سوچـێکەوە ڕوویـان تـێ کـردووە، مـەلا عاصـی شاعیریش لـە مزگـەوتی گەرموکـدا لەتـەك ئـەرکی ئـاینیدا، خـەریکی شـیعر نووسـین بـووە، لـە شیعردا پەیڕەوی شاعیرانی کلاسیکی نالی و سالم و کوردی کردووە،

شیعرەکانی لە ڕووی کێش و سەرواوە سەر بەڕێبازی کلاسیکن، ووشەی عەرەبی و فارسی زۆری لە شیعرەکانیدا بەکاربردوون، ناوەڕۆکی شیعرەکانی بە زۆری بابەتی ئاینی‌یە، جگە لە شیعری نیشتمانی و وەسفی سروشت‌و دڵداری هەیە. خادیم کە شاعیرێکی ناوچەی کۆیە بووە، لە قەسیدەیەکی دا کە لە یادی شاعیرانی کوردی هۆنیوەتەوە، بەم جۆرە باس لە مەلا عاصی دەکات‌و دەڵێ:-

یەکێکی تر لەقەب (عاصی) کە ئەو عاسی لە شەیتان بوو
بە فیعل و قەول و ئەشعاری موتیعی ئەمری ڕەحمان بوو>>(۱)

عاصی کەناوی مستەفایە کوڕی بابە ڕەسولی ئەبوبکرە لە ساڵی ۱۸۸۵ میلادی لە گوندی خراپەی سەر بە ناوچەی کۆیە لەدایك بووە بۆ خوێندنی وانەی ئاینی خێزانەکەی بۆ سورداش گوێزاوەتەوە، پاشان بەرەو شاری کۆیە هاتوون، بووتە مەلای مزگەوتی قامیش و گەرموك لەسەرەتای شاعیرێتی دا وەکو شاعیرانی کلاسیکی بە شیعری دڵداری دەستی پێ کردووە،

دڵت بردم بەیەکجاری بە نەشئەی خەتی ڕەنگینت
سامی عەقڵ و هۆشت بردم بە خونچەی لێوی شیرینت
دڵت خستوومە ناو چاهی زەنخدان و ئەسیرت کرد
پەریشانە بە زنجیری دوو [illegible]ۆی زوڵفی چین چینت
زیارەتگاهی عوشقانە ئەم شەوە حەمری خاڵت
فیدای کەعبەی ڕووی تۆ بم ئەوا هاتوومە سەر دینت
لە هیجرانت ئەوا مردم کەوا پەشمینە، ڕووم تێکە

تــەمــاشــای گـوڵـشەنی ڕووت کەم ببینم گوڵی لە علینت
لــە هــەر لایــەك ئــەوا هــاتــوون سەڤ عاشق لە بۆ دیتنت
منیش هــاتــووم نیشـارەت کەم بە گۆشەی چاوی شاهێنت
فـەتــوای کــوشتـنم بـدە قــوربــان بڵـێ جەلادی چاوت بێ
بکــا بــا تیــرە بــارانــم، بـە ڕووی ئـەبـرۆی قـەوسینـت
ســوجــادم لـــە پـــاشی مردن ، وەرە سەر قەبرەکەم جارێك
منیـش کـوشتــەی لێـوی تـۆم و بەیـادی عەشقی دێرینت
بڵـێ واهــاتــە پـابـوسم شـەهیـدی تـیـغـی عـەشقـی من
بفـەرمــوون بــا خــەڵاتی کەن، لە گەنجینەی سین سینت
لــەوێش گـەر بڵێن عــاصـی نیشـانـەت گـوا شـەهیـدی تۆ؟
لە جێی دوور ڕادەبوورم ، نیشــارەت بۆ پەنجەکـانی خوێنینت[٢]

دیمەنە دڵ ڕفێنەکانی کۆیە ، چیا سەرکەشەکانی هەیبەت سوڵتان و باواجی ، کـانی و کانیاوەکـانی حـەمامۆك و ئۆمـەر خوچـان ، بـاغ و باغەکانی سەرچاوەی ئیلهام و ئەفرانـدن، سـەرنج و هەستی خـەڵکی بۆ ئـەو شـارە ڕاکێشـاوە، لـە یادمـە مامۆسـتا شـەماڵ صـائب یـادی بـەخێر لەسەردانێکی بۆ شـاری حـاجی قـادری کۆیی، ووتـی پێویسـتە ئـەم کۆیـە قەشەنگە دەورە بگیرێت و ناوی لێ بنرێت سەیرانگەی کۆیە:-

عاصی شاعیریش وەسفێکی پڕ لە سیحر و هونـەر و زانستی ئـەم شارە خنجیلانە دەکات، لەگەڵ ئەوروپا و بەیروت دا بەرامبەری دەکات ، بە نموونەی بەرزی دەچوێنێت.

عــاصمــەی ســوڵتــانــی زەوقـە شـاری کۆ بوو هەم نشین
بـۆ علـوم و عــەقـڵ و عـرفــان بـۆتـە یـەکەم شانوشین
حـەمـدو شــوکـری پـێ دەوێـتـن لازمـە غـافـل نەبین

شوکری لوتفی خوا بکەین و قەت لە ئەمری دەر نەچین
ئەم مەقامەی دا بە ئێمە گوڵشەنە بۆ عیلم و دین
ئاوی وەك ئاوی حەیاتە وەك بەهەشتە بۆ حەیات
هەر وەکو شاران زەمانە خزمەتێکی گەر بکات
تاجی فەخرە شاری کۆیە بۆ جنوب و رۆژهەڵات
باغ و میوەی شوبهی جەنەت گیایەکانی بۆن ئەدات
نێرگز و لالەو بنەوشە صف بە صف هەم چین بە چین
زۆر مەراقمە تاکو ماوم سەیری ئەورووپا بکەم
تا لە خۆشی وەزعی شاران دیقەتێکی چا بکەم
ئایا وەك کۆیە دەبینم تا ئەوەیش ئەفشا بکەم
گەر بەچاوی خۆم نەبینم زەحمەتە بڕوا بکەم
وەسفی جوگرافی دەلیلە شاری کۆیە یەکەمین
هەر فنونێ لێ ی دەپرسی ئەهلی ئەو لێ بوونەوە
یەك بە یەك لەم شومی جەهلە خاص و عام جوێ بوونەوە
وەك قەدیم گوڵزاری عیلمی زۆر گوڵی گرتونەوە
هەر وەکو غلیمان و حۆری نەوجەوان کۆبوونەوە
وا لەناو باغاتی عیرفان بۆ علوم و گوڵ چنین
شوکروڵلا ئەهلی [illegible]ە بوونە یەکەم بەهرەوەر
لایەقی [illegible] نەعەوعە مەدحن شارو چیاو دەشت و دەر
ئەهلی [illegible] ئەهلی غیرەت [illegible] پەرست و باخەبەر
شێری مەستن بۆ شەجاعەت چاو نەترس و پڕ هونەر
مەزرەعەی ئەوصاف و زەوقیان لایەقە بۆ خۆشە چین
گەر نیهایەت خواهی وەصفی زەحمەتە قەت نادرێ

چونکە مەدحی شارو ئەهلی قەت بەهیچ کەس ناکرێ
ئەهلی دیقەت بێتە کۆیە فیکری خۆی باش ڕاگرێ
تا بە چەرخی غیرەت و غەم جەرگ و ڕیشەی بادرێ
جێی وەهای چونکە نەدیوە قەت لە ئەفتاری زەمین
گەر جبل لوبنان ببینم بێ شك ئەیاغی ئەکەم
هەر بە سەرچاوەی حەماموك جەرگی ئەم من داغ ئەکەم
سوبح و شام بۆ کەیف وشادی سەیری ناو باغی ئەکەم
زۆر مەدحی لێوەشاوە بەرز و پرلافی ئەکەم
لایەقە بۆ شاری کۆیە پێی بلێن خولدی بەرین
من کە کۆیەم سەیری من کەن قەسەرو باغ و مەنزەرەم
سەیری کەن لەم لالە زار و ئەم هەوا ڕوح پەروەرەم
بێت و لوبنان من ببینێ بێ شکە دەگرێ وەرەم
من موخازەی زەوقو خۆشی ئەو دەبێتە دێوەرەم
بابەتێ زەوقی دەوێتن تاکو بفرۆشێ لە چین
فەصلی زستان کۆچی کردوو خێوەتی هەڵدا بەهار
مەنزەرەی شادیو سرورە دەشت و چیاو دێمەکار
وەك بەهەشت ڕازانەوە هەر چار تەرەفمان لەلا زار
(عاصی)یە بێرە تەماشاو نووکی خامەت بێنە کار
هەر لە صەد یەك وەسفی دەرخە بێ وەفا بادەرنەچین

لە کۆتاییدا

مەلا عاصی وەکو شاعیرێکی نەناسراو ماوەتەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعرەکانی بەکەمی بلاوکراونەتەوە، بەهیوام نەوەکانی

دیوانە تۆز لێنشتوەکەی بەچاپ بگەیەنن یاخود شیعرەکانی بەکەسانی دڵسۆز بسپێرن تاکو لە فەوتاون و لەناو چوون رزگار بێت و بەردێکی تر بچێتە سەر کۆشك و تەلاری ڕازاوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیمان.

**سەرچاوەو پەراوێز:**

١. جەمال محمدامین ، دیوانی خادم، دار الحریە ، بغداد ١٩٨١ ، ل ١٥٥.

٢. ئەم شیعرەم بەهۆی کاك کەریم دەشتی شاعیرەوە بەدەست گەیشت و هەمان شیعر لە ژمارە (٢٦٧)ی هاوکاری ساڵی ١٩٧٥ بلاّوکراوەتەوە.

## شیعرەکانی جۆبار گۆرانی کوردین

شیعرەکانی (جۆبار) کەمۆرکێکی فۆلکلۆرییان بەخۆوە گرتووە، بوونەتە وێردی سەرزاری خەڵکی کۆیە، تیپی مۆسیقای باواجی و گۆرانی بێژانی شارە خنجیلانەکەمان شیعرەکانیان کردۆتە گۆرانی و بەسرود بەقوتابیان دەیلێنەوە. بەتایبەتی هۆنراوەی (راز لە کورد) بەهیوات، بۆم بڵێ تۆزە تۆ...، یارم پەرێشانە. بابچینە کوێستان، کوردستان،...هتد.

(جۆبار) ناوی جەلالە کوڕی مەلا سەعید عەبدوڵلایە ساڵی ١٩٢٩ لەشاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە، هەرهێندە لەقوتابخانە خوێندویەتی تاکو بەچاکی فێری خوێندن و نووسین بووە، پاشان بەهۆی موتاڵەکردنەوە

خۆی پێ گەیاندووەو پەروەردە کردووە، بەهەژاری پێ گەیشتووە، بە پیشەی دوکانداری بژێوی رۆژانەی بەڕێوە بردووە، خاوەنی چوار کچ و سێ کوڕە، هەموویان خێزانی خۆیان هەیە لە ساڵی ١٩٤٩دا دەستی بەشیعر نووسین کردووە، بەتەوژمی دڵداری هەوێنی شیعری کراوەتەوە، چەند شیعرێکی پڕ لە ئەوین و عیشقی نووسیوە، بەشێوازێکی ساکار و سادە لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی و سەروای هەمەرەنگ و بە ئاوازی سووك و ئاسان دایڕێژاون، کەخاسیەت و سیمای فۆلکلۆری کوردیان بەئاشکرا پێوە دیارە.

ئەمەش وای کردووە کەشیعرەکان لەلایەن خەڵکەوە ئەزبەر بکرێت، هۆنراوەی (بەهیوات) لەسەر کێشی شەش بڕگەیی هۆنیودەتەوە، کەبەم جۆرە دەست پێ ئەکات.

بەهیوات گیانە
حاڵم پەرێشانە
دڵم واحەیرانە
عاشقی لێوانە
ئەی گوڵی گوڵزارم
بەس بدە ئازارم
رەحمێ بەهاوارم
من کەبریندارم
کوشتەی خاڵی تۆم

عـەشقی جەمالی تۆم
شـەو لە خەیاڵی تۆم
شێتـی ویصـالی تۆم
ئـەی گـەلی دۆستانم
گـوێ بـدە داستـانـم
مـن کـە پـەرێشـانم
بـەم گـوڵـە حەیرانم
گـەردنـی بـلـووری
کـوڵمـەی لاسـوری
وێڵـم دەکـا دووری
دەم خـەنـە نـاسۆری
پـەرچەمی وەك سایە
روومەتی شەو چرایە
هـەلگـری بـالآیـە
جـوابـی چ بـالآیـە
دیـدەی ئـەم یـارە
نـاسـك و نـازدارە
مـەرهـەمی زامدارە
قـیبلـەیـی جۆبـارە

لـەهۆنراوەی (کیـژە کۆچـەری)دا، شـاعیر هەسـتی خـۆی بەرامبـەر بەکیژێکی قەشەنگ و نەشمیلی کوێستان دەردەبڕێ، کە بە لەنجەی وەکو مۆسیقای و چاوی نێرگزینی شاعیر شێت و شـەیدا بووە، بـەتیری نـازی جەرگی لەتلەت و پارە پارە کردووە، لەم ڕووەوە دەڵێ:-

ئـەی کیـژە کـۆچەری
بـــالآ سنـــەوبـــەری
ئـەی بوکەکەی کوێستان
تـۆ پـەری کـوێنـدەری
دەرۆی هـــەوار هـــەوار
بـەمێـرگ و مێرگوزار
بۆ بەهەشتی کوێستان
لـەپێش کۆچ و کۆچبار
بـەرەنگـی خـورەنکـی
چەند جوان و قەشەنگی
لـەپێشـەوەی قـەتـار
ســەر کێشـی پێشەنگی
زرەی لـولـەو هـەیـاس
لـەگـەڵ بـازنو قرتـاس
مـۆسیقـای رێگـاتــە
تـانـاو بەفرو رێواس
بـەدیـدەی کـلـدارت
بـەونـیگـای لـەکارت
جـا چـۆن ئـارام بگرم
بـوەستـم بـەدیـارت
بـە رووی جوانی شازت
کـەوتـمـە رێـبـازت
جـەرگ و دڵ پێکـراوە

بەدەم نیێزەی نازت

ئەی ڕەوت کارمامز

سەر کوڵم و لێو قرمز

دڵمت باتاڵان برد

بەدوو دیدەی نێرگز

جۆبار وەسفی یارەکەی دەکات کە بەجل و بەرگی جوانی کوردییەوە، پەرچەم و بسك و ئەگریجەی بەسەر شان و گەردنی پەرش و بلاوکردونەتەوە:-

یارم بێ شانە

پرچی پەخشانە

بەسەر کۆڵوانە

شاڵی سەرشانە

مەزەی چاوانە

قیبلەی لاوانە

کارمامزەکەی دەم

چۆم و ئاوانە

گیانی سووك و ناسك

چەند خنجیلانە

قولنگی پێشەنگی

قافلەی مەلانە

خەرمانی گولانە

مەلبەندی دلانە

قەشەنگ ڕسکاوی

نەخشی یەزدانە
وێنەی بێ گەردی
پڕخاڵی وردی
لەگەڵ ملوانەکە
گەردەنی زەردی
کەسەیر دەکەی
بە بەرگی کوردی
نازانی دڵت
کامیان بۆ بردی

جۆبار چەند شیعرێکی بۆ وەسفی جوانی کوردستان نەخشاندووە، بەتایبەتی لەوەرزی بەهاراندا کە سروشت بەرگی هەمەرەنگە دەپۆشێ هەر چەندە سروشت و دیاردەکانی سروشت مایەی خۆشی و شادین، بەلام شاعیر ناشادەو لەداخی گەل و نیشتمانەکەی هەردەم غەمبار و دڵ پڕ لەزامە. لەهۆنراوەی (هەڵسە شۆڕێ)دا دەڵێ:-

هەڵسە شۆڕێ بڕوانە
جوانی ئەم کوردستانە
روو دەکەیتە هەر لایێ
بەزم و شایی و سەیرانە
ئەمڕۆ وەرزی بەهارە
جەژنی یار و دڵدارە
بولبول ئومێدەوارە
بۆ باغ بڕوا مەستانە
گوڵشەن سەوزو ڕەنگینە

گشت بـەلالـەو نەسرینە
خـونچـەی لـەپـێ گەنینە
دەوری شتـڵـە ڕەیحـــانـــە
هـــاژەی جۆگەو ڕووباران
جـریـوەی مەل و هۆزاران
لـەرزەی درەخت و چناران
مـرۆڤ شـادو حـەیـرانە
کـۆمـەڵ کـۆمـەڵ ڕازاون
لـەبـەرگـی بـووك و زاوان
کـەوتنـە دەم چۆم و ئاوان
چـەپڵـە و سەماو سوڕدانە
دەهـۆڵ و زوڕنـاو ئاهەنگ
ڕەش بەڵەکی شۆخ و شەنگ
لـەنـاو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ
کـەوتنـە کـار لەم باغانە
جیهـان مەست و مەدهۆشە
تەنهـا جۆبـار خـامۆشە
زامـی دڵـی لـە جـۆشـە
هـەمیشـە لـە گـریـانە

شـاعیر وەسـفی کوێسـتانی کوردسـتان دەکـات کەلـەهاوین دا چـیا سەرکەشەکانی کوردستان بەرگی سپی فرێ نـەداوەو لـەدامێنی چیاکاندا کۆچـەرەکان هۆبەهۆبـە دەواریـان لـێ هەڵـداوە، کەدیمـەنێکی یـەکجار دڵ ڕفێنە.

بـابچينه كوێستان بۆ گەشتی ئەم ناوە
جوانی جیهانی خوا بەم شوێنەی داوە
لـە چلـەی هـاوینـە نەوبەهار ببینە
قـەندیـل مەندیلـی هەر فڕێ نەداوە
ئەم شوێنە جوانە جێگەی کۆچەریـانە
هـۆبـە بـەهۆبە ڕەشماڵیان هەڵداوە
تـا چـاو لێی دیارە چیمەن و گوڵزارە
پـڕ جۆگـەو كانی و ڕووباری بەفراوە
بلـوێـری شوانـی، لـەبـەرزی تەلانی
کیـژ لـەسـەر کـانی دێنێتە سەماوە

شـاعیری لـەهۆنراوەی (کوردسـتان)دا ڕۆڵـی گرنگـی کوردسـتان لـە ڕووی ئابوریـیەوە دەردەخا کە چ سامان و بەهایەكی پـڕ بـەنرخی هەیـە نـەك لەکوردسـتاندا بـەڵکو لەهـەموو جیهانـدا بیـێ وێنـەیـە لـەم ڕووەوە دەڵێت:

کـوردستـان چەنـد شیرینە
جەنـەتـی ڕووی زەمیـنـە
قـەومـی دڵ صاف و پاکە
لـەنـاو عـالـەمـدا تاکە
کـوردستـان چەند شیرینە
گـەنجـی کوردی پڕ هونەر
هـەمووی لایـەقی سەروەر
لـەم خـاکە هاتوونە بەر
کـوردستـان چەنـد شیرینە

لاوانـــی خـــوێـنـــدەوارن
بـۆ ئـــەم خـاکە غەمخوارن
رەحـــم بـــەری هـــەژارن
کـــوردستـــان چەند شیرینە
خـــوایـــە هـــەر پایەدار بێ
ئـــەم قـەومە بەر قەرار بێ
نـــاحـــەزی شـەرمـەزار بێ
کـوردستـــان چەنـد شیرینە
خـــاکـــی مـەردی مـەردانە
پیشـــەی شێـــری زەمـــانـە
مـــەنبـــەعـی شـادومـانــە
کــوردستـــان چەند شیرینە
مـستـــەحـــەقـە بـــێ ژمـــار
مەدحی بکە تۆ ئەی جۆبـار
بـۆ خـــاکـــی وا زیـــڕ نیگار
کـوردستـــان چـەند شیـرینە

جۆبـار لـەهۆنراوەی (راز لـە کـورد)دا باسـی گەڵـە هـەژار و بـێ دەرەتانەکەی دەکات لەنێو خۆدا خەریکی دووبەرەکی و نـاکۆکین داوایـان لـێ دەکـات کـەیـەکبگرن و راپـەڕن و هەڵمـەت بەرنـە سـەر داگیرکـەران و لەژێر چنگی ناحەزان رزگاربن.

میـلـلـەتـانـی رووی زەمین روویان بەرەو رووناکی‌یە
میـلـلـەتـی ئێمـەش لـەتـاریکـی، کـەسـادی تاکی‌یە
غۆلی ناو دەشت و چیاکان بوون بەخاوەن عیلم و فەن

دەردی بێ هۆشی لەناو کوردان دەڵێی زگ ماکییە
هەر خەریکی بوغزو قین و فتنە بازی ناوەخۆن
تا وەهابن هەر ژیانتان ژانو پڕ غەمناکییە
ڕۆستەمن بۆ خۆ بەخۆی و کوشتنی یەکتر بەلام
مێگەلی دەست دوژمنن بەم مردەنی و هیلاکییە
پشت لەیەکو بەر لە بێگانا لەسەریان بوویتەو خوو
وادەزانن گەر وەها بن کردەوەی وا چاکییە
بەسییە با هەڵمەت بەرین ئەم نالەبارەیە لابەرین
نیشتیمانی بەش خوارومان چاوڕێی چالاکییە
کەی دەبێ ئەم جۆرە ناپاکییە لەناو پاك بێتەوە
زەحمەتە (جۆبار) مەگەر ئەم ئاخە بۆ ژێر خاکییە

**تێبینی**

بەشێکی شیعرەکان لە ئەرشیفی بەندەو بەشێکی تری لەدەستنووسی شاعیر وەرگیراون.

## (کەڵەشێر)ی جۆباری شاعیر

جیهانی منالان جیهانێکی پڕ سەیر و سەمەرەیە، پڕ تەمتومان و ئالۆزە، جیهانێکە نەسەرەتاو نە کۆتایی دیار نییە، جیهانێکە چەند مەزنە ئەوەندەش چووکەڵەیە، ئەفسووناوی و خەون و خەیالاتە، ولاتە پێشکەوتوەکانی ئەوروپا زیاد لە پێویست ئاوڕیان لەم جیهانە جەنجاڵە داوەتەوە، بەشێوەیەکی زانستی و مەوزوعیانە لەگەڵ ئەم نەوەیە مامەڵە دەکەن و هەموو دەرگاو پەنجەرەیەکیان بەڕوویان داوالا کردۆتەوە.

بەشێوەیەکی پەروەردەیی هەڵس و کەوت و ڕەفتار دەکەن ویست و ئارەزووەکانیان بەسانایی جێبەجێ دەکەن، بەوپەڕی دڵسۆزی و

لەخۆبردنــەوە ڕێزیــان دەگــرن و پلەوپایــەی تایبــەتی یــان دەردەخــەن، قوتابخانــەو خێــزان درێغــی ناکــەن لەبەرزکردنــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری منداڵاندا، بەدەیان کتێبخانەو یاریگای منداڵانیان چێ کـردوون، ئـەوانە لەماڵــەوە بــەدەیان چــیرۆكو ئەفســانەیان بــۆ دەگێڕنــەوە، بەســینگ فراوانییــەوە وەڵامــی هــەموو پرســیارێکیان دەدەنــەوەو لــە تــاوتۆکردنی دیاردەکـانی سروشــت و کۆمــەڵ و کەونــدا هاریکاریــان دەکــەن، شـاعیری تایبەتی و کتێبخانەی تایبەتی‌یان بۆ ڕەخساندووون، ڕۆشنبیرانی کوردیش لـە ئـاوارەیی دا قۆڵیــان لــێ هــەڵمالیوەو لــەم بــوارەدا بــەدەیان نامیلکــەو کتــێبی منــداڵانیان وەرگێــڕاون لــەدوای ڕاپــەڕین لەکوردســتانی باشووردا چەندین گۆڤار و نامیلکەیان بەچاپ گەیانـدووون، کەمایـەی خۆشـحاڵییە، بەڵام هێشتاش وەکو پێویست نی‌یە، چونکە جۆری مامەڵەکردنیان چ لـە قوتابخانەو چ لەماڵەوە پێویستی بەگۆڕان و پەرەپێدانە.

جەلال جۆبار کـە شـاعیرێکی شـەعبی دەفـەری کۆیەیـە شـیعرەکانی مۆرکی فۆلکلۆریان بەخۆوە گرتوون لەمیانی شیعری منـداڵانیشـدا چـەند شیعرێکی بە زمانێکی ساکارو بەکێش و سـەرواى خۆمـاڵی بـۆ نووسـیون، بەزمانی پەلەوەر منداڵانی کوردستان هۆشـیار دەکاتـەوە کەلەخـەوی بـێ ئاگایی وریا بینەوەو خۆیان بە چەکی زانست و زانیاری پـەروەردە بکـەن و لـە خـەبات و کۆششـی کـردن بـەردەوام بـن تـاکو کوردسـتان ئـازاد و سەربەست بێ.

کەڵەشێر

ئـــەی کەڵـەشێری پۆپنـە لار و جوان

ئەی هاو دەنگیەکەی بێ دەنگی شەوان

ئـەی هـاوڕێی تەنیا و شەوگار درێژان

ئەی کاتژمێری خولیاو بێ خەوان
لەشەوە زەنگی تەنیا و بێ دەنگی
منی ئاوارە هەرتۆم هاودەنگی
لەداخی کوردی نوستوو بەجێ ماو
لە قافڵەی گەلان بە بار لاسەنگی
بەدەنگی بەرزت دەسا بخوێنە
ئەم گەلەم لە خەو بۆ ڕاپەڕێنە
بڵێ با هەڵسن ئەوا ڕۆژهەڵات
خۆ ئامادەکەن هەتا کەڵێنە
گەلێ مافی خۆی بۆ خۆی نەستێنێ
مافی پێ نادرێ با دانەمێنێ
بڵێ بە کوردی بێ حاڵ و ماڵم
با هەڵسێ ماڵێك بۆ خۆی پێك بێنێ

هەر لە خۆرهەڵات هەتا خۆر ئاوا
هەرکورد بەش بەش و وابەش خوراوە
بۆ خواستی تایبەت لەهەندێ لایەن
دەرگای ئازادی لێ داخراوە
کوردستان وەکو کچێکی بووکە
جوانیەکەی نەوتی کەرکووکە
چاو برسی چاویان زۆر تێ بڕیوە
گەر نەیپارێزین بۆ ئێمە سووکە
هێزی یەك بوون و یەك دەست و مەبەست

قــەلای هۆشیاری و بەرگری بەهەست
یــەك چــارە پێــویستــە لەم قۆناغەدا
لــەگــەڵ خــەبــاتــی درێژ و نەوەست
هــەمــوو سەربازی یەك فەرماندە بن
لــە ڕێی یەك ئامانج هەموو بەندە بن
جیــاوازی نــەبێ لــەنــاو ئەم و ئەو
لــە بیــروڕادا یــەك مــەزنــــدە بــن
ڕێـــز لــە دەستی پیس پاك بكرێتەوە
نیــازی چــەوت لــە ڕا دوور بخرێتەوە
هەموو هەوڵێك بەس بۆ كوردستان بێ
بــۆ دوور و نیــزیــك كــۆبكــرێتـــەوە

لــە ڕێـوی‌و كەڵەشـێردا، شـاعیر ئامۆژگـاری منـداڵانمان دەكـات كـە لەژیانــدا وریــا بــن‌و كەســانی فێڵبــاز فریویــان نــەدەن‌و، شــاعیر ڕێـوی بەڕەمزی فێڵباز لەقەڵەم دەدات كە هەردەم خەریكی داو نانەوەیە.

## ڕێوی‌و كەڵەشێر

لــە گــونــدێكــا كــە چۆڵ كرابوو
ســەگ‌و كــەڵــەشێرێــك مــابوو
سەگ لەحەوشەو ئەو لـەسەردار
بــانگــی دەدا بــەچـوار كەنـار
ڕێــویــەكــی بــرســی لــەم ناوە

گـوێـی بـەم دەنگـە زرنگـاوە
گـوتـی خودا دای با بۆی بڕۆم
بـەڵکـو جەمێکی خۆش دەخۆم
بـەپـارێـز هـات بـەلایـەوە
تـا گـەیشتـە بـن پـایـەوە
گـوتـی ئـەی مـامـۆستای تەمام
هـاتـووم کـە بـۆم ببیـە ئیمـام
ئـەوا بـەم دەنگـە خـۆشـەوە
بـەم بـانگـە پـڕ لـەجۆشەوە
وا بـانگـت داو لـێبوویتـەوە
لای خـوا قـەت وون نـابێ ئەوە
وەرە خـــوارێ لـەســـەرداری
هـەتــاکــو نـوێژ ماوە جارێ
پێـش نـوێـژیـەکـەشم بۆ بکە
خێـرە بـەقـەد چوونە مەکە
کـەڵـەشێـر گـوتـی ئـەی ڕێوی
دەتــۆش لەوحەوشەی ئەودیوی
یـەکێـکـی لێیـە هـاورێـمـە
بـا ئـەویـش بێت بۆلای ئێمە
ڕێـوی کـە سـەری بـردە ژوور
سـەگێکی گەورەی دیت لەدوور
لـەوحـەوشـەدا پـاڵکـەوتـووە
بـەخـەو خـەریکەو نووستووە

بـەبـێ هـەسـت بـۆی کشایەوە
هـەڵات ئـــاوڕی نـــەدایـــەوە
ئـەنـجـامـی ئـەم شـەشو بێشە
مـسـت گـەڕایـەوە لـەدرێـشـە(*)

(*)پەندی کوردی دەڵێ: مست لە درێشەی دەگەڕێتەوە

## تاوێك لەگەڵ شەپۆلی غەمی ڕێبواردا

ڕێبوار هـەر وەکـو لەنازناوەکەیـدا بـەدەر دەکـەوێ، کەسـێکی دوورە بـەڕێزو لاتەریکـە لـەبواری شـیعرو ئەدەبـدا، وەکـو پێویسـت خـۆی بـە خوێنەران ئاشنانەکردووە، هەر چەندە ماوەیەکی زۆرە شیعر دەنووسێ، بـەڵام وەکـو سـەربازێکی نەناسـراو ماوەتـەوە، ماوەیـەکی زۆرە دەیناسـم، کەچی بەڕێکـەوت بـۆم دەرکـەوت کـە شـیعر دەنووسـێ، جـا منـیش لای خۆمـەوە دەنگی ئـەم شاعیرە ئاسکە بـە خوێنـەران دەگـەێنم بـەهیوای ئەوەی کەلە فەرامۆش کردن رزگاری بکەم و بەعاشقاتی شیعرو ئـەدەبی بناسێنم.

(ڕێبوار) ناوی (صابر)ە، کوڕی حەمەد عەلی ئەحمەدە لە گوندی سووسەی سەر بە قەزای کۆیە، لە بنەماڵەیەکی جووتیاری هەژار و کورد پەروەر لە ساڵی ١٩٥٧ چاوی بە دونیای دا جوانی دا هەڵهێناوە، باپیری خەڵکی گوندی (باقڵین)ی نێوان ئالیان و ئەشکەوت سەقایە سەر بەناحیەی شۆڕشەو لە عەشیرەتی (گەرد)ینە،، تەمەنی پێنج ساڵان بووە کەباوکی لەناوچەی هیران گیراوە دوای ئازار و سزدانێکی زۆر لە ١٩٦٢ کۆچی دوایی دەکات، ڕێبوار لەتەمەنی دە ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی سووسەی سەرەتایی پۆلی شەشەمی تەواو کردووە، لەپاش نسکۆی ١٩٧٤دا ئاوارەی ئێران بووە، لەوێدا فێری زمانی فارسی بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ کوردستانی باشوور گەڕاوەتەوە، تا پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە قوتابخانەی شەوانی هەولێر بەردەوام بووە.

نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات چونکە بۆ خزمەتی سەربازی راپێچ کراوە، لەساڵی ١٩٨٣وە لە کۆلێژی ئاداب وەکو فەرمانبەرێك دامەزراوە، تاڵی و سوێری زۆر چەشتووە، لە شیعرەکانیدا رەنگیان داونەتەوە، بابەتی شیعرەکانی دڵداری و جوانی سروشت و نیشتمان پەروەرییان بەخۆوە گرتوون، لەسەر کێشی خۆماڵی داڕێژراون، بەشێکی زۆری شیعرەکانی نەتەوایەتین دژی دەرەبەگ و داگیرکەرانی کوردستان نوسراون، لەپاش راپەرینی ١٩٩١دا زەنگی ئازادی بەرز دەکاتەوە بەناوی (منیش گەلێکی چەوساوەم) دەڵێ:-

منیش گەلێکی چەوساوەم
خاوەن خاك و خاوەن مێژوو
کوردی ئازا و نەوەی کاوەم

ساڵە ھا بوو تاکو دوێنێ
لەناو مەرگە ساتا ئەژیام
ئۆخەی ئەمرۆکە ئازادم
سارێژ بوو گیانی پڕ زام

ڕێبوار کاریگەری شیعرە شۆڕشگێڕەکانی حاجی و بێکەسی شاعیری بەسەرەوەیە، بۆیە ھاتووە شیعرێکی بێکەسی شاعیری تێ ھەڵکێش کردووە:-

لاوانی وەتەن غیرەتێ بکەن
(بەرەو پێشکەوتن تاکو پێ بگەن)
دەی ھەستن لەخەوا وا بەسەر چوو شەو
(بۆ گەل و وولات ببن بە پێشڕەو)
ئەما زەمانی جەھل و نەزانی
خامە ھەڵگرن بۆ کامەرانی)
ئەمرۆ فرسەتە رۆژی ھیمەتە
(ساتی پچڕانی زنجیر و پەتە)
بەعیلم و سەنعەت بەرز ئەبێ میللەت
(چونکە زانستە لائەبا زیللەت)
عالەم ھەمیشە خەریکی ئیشە
(ئێوەش وەك ئەوان بیکەن بە پیشە)
ئیش کەن بەمەردی بەدەست و بردی)
جیاوازی نەبێ درشت ووردی
یەك دڵ و دەم بن تا رۆژی مردن
(دژی بێگانە و دۆستی یەکتر بن)

لاوانـــی وەتـــەن غیـــرەتـــێ بکـــەن

(بـــاش هەڵکەوتووە لـەدەستی مەدەن)

لـەهۆنراوەی (بـەیان)دا وەسـفێکی جـوانی سروشـت و دیاردەکـانی دەکـات و لەگـەڵ بابـەتی نیشـتمان پەروەریـدا ئـامێزی دەکـات لـەم گواستنەوەیدا لاسایی پیرەمێردی شاعیری پێوە دیارە:-

ئـەستێـرەی بـەیـان ئەدرەوشێتەوە

لـق و پـۆی گـوڵان ئـەلـەرزێتـەوە

خـونـــاوی بـــاران ئـەچکێتـەوە

دەنگـی بـولبـولان ئـەزرینگێتـەوە

شـەفـەق و زەردەی ئـەدا لەسەر کەل

ئـەدا لـە درەخت و ئەیکا بە هەیکەل

نـاونیـشـانـە بـۆ هـەستـانی گەل

تـا بکـا خـەبـات لـەدەست نەدا هەل

خـۆشـە بـەیانیـان شنەی بای شەماڵ

بـدا لـەداری نێـوان حـەوشەی مـاڵ

پـەرچـەم لابـدا لـەسـەر ووردەخاڵ

چـەنـد خۆشە خەوی نزار و قەدپاڵ

ئـەستێـرەی بـەیـان کـاتێ دێتە دەر

لەسەر لووتکەی کەل ئەبەستێ لەنگەر

ئـەدرەوشێتـەوە وەك دوڕ و گـەوهـەر

منـیـش لـە ڕێگـادا دائەنێم سـەنگەر

تـەنهـا لـە ڕێگـا کـەمینـم نـاوە

پـەرێشـانـم و هـۆشـم نـەمـاوە